زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# ئەزموونی شیعری كوردی ڕۆژهەڵاتی كوردستان
# كرمانجی ناوەڕاست (١٩٨٠-٢٠١٤)

نامەیەكە
پێشكەشی ئەنجومەنی كۆلێژی پەروەردە كراوە لە زانكۆی سەلاحەدین- هەولێر
وەك بەشێك لە پێداویستیەكانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی كوردیدا

لەلایەن
## گوڵەباخ حوسێن ئەحمەد
بەكالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی كوردی – زانكۆی سلێمانی - ٢٠١٠

بەسەرپەرشتی
## پ.د.هیمداد حوسێن بەكر

أربیل- كوردستان
تشرینی یەكەم ٢٠١٦

## بەڵێننامە

من بەڵێن دەدەم ئەم ماستەرنامەیە کە ناونیشانەکەی بریتییە لە (ئەزموونی شیعری کوردیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان –کرمانجی ناوەڕاست ١٩٨٠-٢٠١٤ ) هەمووی کاری ڕەسەنی تاکەکەسی خۆمە، جگە لەو جێگایانەی کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردووە، هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێوەرگرم. بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەک شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.

واژوو:

ناوی قوتابی: گوڵەباخ حوسێن ئەحمەد

بەروار : / ٩ / ٢٠١٦

# پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرەشتیار

ئەم نامەیە لە ژێر سەرپەرەشتیاری من ئامادەکراوە  و نوسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕی ئەدەبی کوردیدا ، من پشتگیری دەکەم و ڕازیم کە بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەش لیژنەی تاقیکردنەوە بکرێت .

ناو  : پ.د. هیمداد حوسێن بەکر                                        واژوو:

بەروار:   /   /٢٠١٦

هەوڵنامەی کتێب

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستییەکانی جێبەجێ کراوە و هەروەها ئاماژە بە پشگری و ڕەزامەندی سەرپەرەشتیار، من ئەم نامە دەنێرم بۆ گفتوگۆ.

واژوو:

ناو: نەوزاد وەقاس سەعید

سەرۆکی بەشی : کوردی

بەروار :   /  /  ٢٠١٦

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستییەکانی جێبەجێ کراوە ، بۆیە ڕازیم کە ئەو نامە بنێردرێت بۆ گفتوگۆ.

بەرپرسی خوێندنی باڵا :

واژوو :

ناو : پ. د. محمەد قادر خورشید

بەروار  :    /    / ٢٠١٦

## بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە

ئێمە وەکو لیژنەی تاقیکردنەوە، ئەو ماستەرنامەیەمان کە ناونیشانی بریتی بوو لە : (ئەزموونی شیعری کوردیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان –کرمانجی ناوەڕاست ١٩٨٠-٢٠١٤) خوێندەوەو قوتابییەکەمان کە ناوی (گوڵەباخ حوسێن ئەحمەد) بوو، لە ناوەرۆکەکەی تاقیکردەوە. ئێمە بڕیار دەدەین کە پێداویستییەکانی بڕوانامەی ماستەری لە پسپۆڕی ئەدەبی کوردی تێدایە.

واژوو:
ناو:
ئەندام :
بەروار :

واژوو:
ناو :
ئەندام :
بەروار:

واژوو :
ناو  :
ئەندام :
بەروار :

واژوو :
ناو:
سە رۆکی لیژنە :
بەروار :

واژوو:
ناو :
ڕاگری کۆلێژ :
بەروار  :

هەواڵنامەی کتێب

## پێشکەشکردن

**ئەم نامەیە پێشکەشە بە گیانی ئاهۆرایی هاوڕرێ و هاوسەری خۆشەویستم (شەهید چۆمان) ، کە بە دەستی تاریک پەرەستانی داعش خوێنی پاکی ڕژا و مۆمی ئازادی وبەختەوەری داگیرساند .**

هەواڵنامەی کتێب

## سوپاس و پێزانین


- سوپاس و ستایشی بێپایانم بۆ (پ.د. هیمداد حوسێن بەکر)، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەی گرتە ئەستۆ و بە تێبینی و سەرنجە وردەکانی ڕێنمونی کردم.
- سوپاسی بێپایانم بۆ هەموو مامۆستایانی خوێندنی باڵا لە بەشی کوردی کۆلیژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین.
- سوپاس و ستایش و پێزانینم بۆ (د.عوسمان دەشتی، د.سەباح ڕەشید، کاروان عوسمان خەیات، م.عەبدولخالق یەعقوبی "شاهۆ"، م.سەنگەر ناضم حوسێن)، چ بە تێبینی و سەرنجەکانیان، چ بە دابینکردنی سەرچاوە هاوکارییان کردووم.
- سوپاسی زۆر و بێپایانم بۆ پورم (د.فاتیمە ڕەشید باجەلانی) هاوسەرەکەی (د.عومەرئیبراهیم پەتی) کە سەرەرای یارمەتیدانم لە وەرگێڕان و سەرچاوە بەنرخەکانیان و هاوکار و هاندەری سەرەکیم بوون لە تەواوکردنی نامەکەمدا.
- سوپاسی بێپایانم بۆ هەموو نووسەران و شاعیران و ئەدەب دۆستانی ڕۆژهەلات، کە هاوکاریان کردووم.
- سوپاس و ستایشی بێپایانم بۆ هەموو ئەندامانی خێزانەکەم و هاوڕێ و دۆستانم، کە هەمیشە ئارامی دەروونییان پێبەخشیوم.
- هەموو ئەوانەی وشەیەکیان لێوە فێربووم.

## پوختەی لێکۆڵینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە (ئەزموونی شیعریی کوردیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرمانجی ناوەڕاست ١٩٨٠-٢٠١٤) لێکۆلینەوەیەکی مێژوویی وەسفی شیکاری (التكاملي)یە بە ئاوڕدانەوە لە مێژووی شیعری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دیاریکردنی قۆناغە مێژووییەکانی و خستنەڕووی خاسیەتە هاوبەش و جیاوازەکانی شیعری نوێ و هاوچەرخ لە ڕووی ڕووخسار و ناوەڕۆکەوە، هەروەها دەرخستنی لایەنە ستاتیکی و ڕەخنەیی و دید و ڕوانینی شاعیران بۆ ژیان و کەتواری کۆمەلایەتی ڕوویەکی گرنگی باسەکەیە، هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانی بابەتەکەش بۆ نەبوونی لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی ئەکادیمی و زانستییە لەم بوارەدا، بەتایبەت لە شیعری نوێ و هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتدا.

بنیادی لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکی و سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە، هەریەک لەو بەشانەش دابەش کراونەتە سەر سێ تەوەر، بەشی یەکەم تایبەتە بە (قۆناغەکانی شیعری ڕۆژهەڵات) بەپێی مێژووی دەسپێکی شیعر لە ڕۆژهەڵاتدا، تەوەری یەکەم تایبەتە بە باسکردن لە (شیعری کۆن "کلاسیک")، تەوەری دووەم (قۆناغی گواستنەوە) لە شیعری کوردیدا بە گشتی و بەتایبەتییش قۆناغی گواستنەوە لە شیعری ڕۆژهەڵاتدا هۆکار و سەرهەڵدان و هاتنە کایەی ئەم قۆناغە و هۆکار و خاسیەت و تایبەتمەندییەکانی لەگەڵ نموونەی شیعریی شاعیران خراونەتەڕوو. تەوەری سێیەمیش (شیعری نوێ و هاوچەرخ) لەخۆدەگرێ، کە قۆناغێکی نوێیە و دەتوانین بڵێین ڕێنسانسی شیعریی ڕۆژهەڵات لێرەوە دەست پێدەکات. مێژووی سەرهەڵدانی ئەم قۆناغە لە شیعری کوردی بە گشتی و شیعری ڕۆژهەڵات و شیعری هاوچەرخی فارسی بەهۆی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر شیعری ڕۆژهەڵات باسکراوە.

بەشی دووەم و سێیەم زیاتر پراکتیکیین، لە بەشی دووەمدا (خاسیەت و تایبەتمەندییە شیعرییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان) خراونەتەڕوو، لە تەوەری یەکەمدا باس لە (زمانی شیعریی) لە شیعری ڕۆژهەڵاتدا کراوە و زیاتر جەخت کراوەتە سەر (لادانی زمانی). لە تەوەری دووەمدا چەمک و زاراوە و جۆرەکانی (وێنەی شیعریی) لە شیعری کوردیدا و دواتر لە شیعری ڕۆژهەڵاتدا خراوەتەڕوو. لە تەوەری سێیەمیشدا (ئاوازی شیعریی)، وەکو ڕەگەزێکی دیکەی هونەریی شیعر، پراکتیکیانە ئاماژەمان بە لایەنە هونەری و مۆسیقییە شیعرییەکان کردووە.

بەشی سێیەم بریتییە لە پراکتیزەکردنی (ناسنامەی نەتەوەیی لە شیعریی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا)، لە تەوەری یەکەمدا ( ئایدۆلۆژیا و شیعری سیاسی) وەکو ناسنامەی نەتەوەیی، کە

خۆی لە (شیعری سیاسیی و نەتەوەیی و نیشتمانی و بەرگریی)دا دەبینێتەوە. لە تەوەری دووەمدا (کێشەی ناسنامە و زمانی نەتەوایەتی) ، وەکو گوتاری زاڵی شیعریی، کە ڕووبەرێکی فراوانی شیعری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتۆتەوە ، باسکراوە. تەوەری سێیەم تەرخانکراوە بۆ (بزووتنەوەی فیمینیستی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا)، کە تیایدا باس لە جووڵانەوە فیمینیستییەکان بە گشتی و ڕۆژهەڵات بەتایبەتی کراوە.

لە کۆتاییشدا بە چەند خاڵێک ئەنجامەکان دیاریکراون و دواتریش سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

هەواڵنامەی کتێب

# پێڕست


| ناوەرۆک | لاپەڕە |
|---|---|
| بەڵێننامە | ii |
| پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرەشتیار | iii |
| بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە | iv |
| پێشکەشکردن | v |
| سوپاس و پێزانین | vi |
| پوختەی لێکۆڵینەوەکە | vii |
| پێشەکی | ١ |
| **بەشی یەکەم : قۆناغەکانی شیعری کوردیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان** | ٣-٤٦ |
| ١-١ تەوەری یەکەم: : قۆناغی یەکەم/ شیعریی کۆن (کلاسیک) | ٣ |
| ١-١-١ سەرەتاو سەرهەڵدانی شیعری کۆن لە ئەدەبیاتی کوردیدا | ٣ |
| ١-١-٢ شیعری کلاسیکی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا | ٤ |
| ١-١-٣ خاسیەت و تایبەتمەندییەکانی شیعری کلاسیکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان | ١٢ |
| ١-٢ تەوەری دووەم : قۆناغی دووەم/ قۆناغی گواستنەوە | ١٤ |
| ١-٢-١ قۆناغی گواستنەوە لە شیعریی کوردیدا | ١٤ |
| ١-٢-٢ هۆکارەکانی سەرهەڵدان و هاتنەکایەی ئەم قۆناغە لە شیعری کوردیدا | ١٥ |
| ١-٢-٣ قۆناغی گواستنەوە لە باشوری کوردستاندا | ١٦ |
| ١-٢-٤ قۆناغی گواستنەوە لە شیعری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا | ١٩ |
| ١-٢-٤-١ هۆکار و زەمینە و سەرهەڵدان | ١٩ |
| ١-٢-٤-٢ قۆناغی گواستنەوە لە شیعری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا | ٢٢ |
| -٢-٤-٣ تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە لە ڕووی ڕووخسار و ناوەرۆکەوە | ٢٨ |
| ١-٣ تەوەری سێیەم : قۆناغی سێیەم/ شیعری نوێ و هاوچەرخ | ٢٩ |
| ١-٣-١سەرهەڵدانی شیعری نوێ لە ئەدەبیاتی کوردیدا | ٢٩ |
| ١-٣-٢ ئەدەبی نوێی کوردی لە باشوری کوردستاندا (قوتابخانەی گۆران) | ٢٩ |
| ١-٣-٣ شیعریی نوێ و هاوچەرخ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا | ٣٢ |
| ١-٣-٣-١ شیعریی هاوچەرخی فارسی | ٣٣ |
| ١-٣-٣-٢ شیعریی هاوچەرخی کوردی | ٣٥ |
| ١-٣-٣-٢-١ شەپۆل و ڕەوتە شیعرییە نوێیەکانی ڕۆژهەڵات | ٣٦ |

| | |
|---|---|
| **بەشی دووەم: خاسیەت و تایبەتمەندییە شیعرییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان** | **٤٧-٨٨** |
| ٢-١ تەوەری یەکەم : زمانی شیعریی | ٤٧ |
| ٢-١-١ کورتەیەک لە بارەی زمانی شیعرییەوە | ٤٧ |
| ٢-١-٢ زمانی شیعریی لە شیعری نوێی ڕۆژهەڵاتدا | ٥٠ |
| ٢-١-٢-١ لادانی زمانی | ٥٠ |
| ٢-١-٢-١-٢ لە ئاستی دەنگسازیدا | ٥١ |
| ٢-١-٢-١-١ لە ئاستی وشەسازیدا | ٥٣ |
| ٢-١-٢-١-٢ لە ئاستی ڕستەسازیدا | ٥٦ |
| ٢-١-٢-٢ سوودوەرگرتن لە زمانی ئەدەبی و میللیی و فۆلکلۆر و داستان و حەکایەتی کوردی و داب و نەریتە باوەکان | ٥٩ |
| ٢-٢ تەوەری دووەم : وێنەی شیعریی | ٦٠ |
| ٢-٢-١ وێنەی شیعریی چەمک و زاراوە | ٦٠ |
| ٢-٢-٢ جۆرەکانی وێنەی شیعریی لە شیعری کوردیدا | ٦٤ |
| ٢-٢-٣ جۆرەکانی وێنەی شیعریی لە شیعری ڕۆژهەڵاتدا | ٦٦ |
| ٢-٣ تەوەری سێیەم : ئاوازی شیعریی | ٧٣ |
| ٢-٣-١ سەرەتایەک لە بارەی ئاوازی شیعریی و جۆرەکانییەوە | ٧٣ |
| ٢-٣-٢ جۆرەکانی ئاوازی شیعریی | ٧٥ |
| ٢-٣-٢-١ کێش | ٧٦ |
| ٢-٣-٢-٢سەروا (ئاوازی لایەکان) | ٨٠ |
| ٢-٣-٢-٣ ڕیتم | ٨٣ |
| **بەشی سێیەم : ناسنامەی نەتەوەیی لە شیعری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا** | **٨٩-١٣١** |
| ٣-١ تەوەری یەکەم : ئایدۆلۆژیا و شیعری سیاسی | ٨٩ |
| ٣-١-١ چەمک و زاراوەی ئایدۆلۆژیا | ٨٩ |
| ٣-١-٢ شیعری سیاسی (نیشتمانی، نەتەوەیی) چەمک و زاراوە | ٩٢ |
| ٣-١-٣ شیعری بەرگری لە ڕۆژهەڵاتدا | ١٠١ |
| ٣-١-٤ جەڤەنگ لە شیعری ڕۆژهەڵاتدا | ١٠٤ |
| ٣-٢ تەوەری دووەم: کێشەی ناسنامە و زمانی نەتەوایەتی | ١٠٦ |
| ٣-٢-١ چەمک و زاراوەی ناسنامە | ١٠٦ |
| ٣-٢-٢ پێوەندی ناسنامە و زمانی نەتەوایەتی | ١٠٩ |
| ٣-٢-٣ کێشەی ناسنامە و زمانی نەتەوایەتی لە شیعری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا | ١١١ |
| ٣-٣ تەوەری سێیەم : بزووتنەوەی فیمینیزم لە ڕۆژهەڵاتدا | ١١٦ |


هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| ٣-٣-١ فیمینیزم چەمک و پێناسە و سەرهەڵدان | ١١٦ |
| ٣-٣-٢ بزووتنەوەی فیمینیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا | ١١٩ |
| ٣-٣-٣ فیمینیزم لە شیعریی ژنانی ڕۆژهەڵاتدا | ١٢٢ |
| ٣-٣-٤ چەمکی ئیرۆتیک و ڕەنگدانەوەی لە شیعری ژنانی ڕۆژهەڵاتدا | ١٢٨ |
| **ئەنجام** | **١٣٢** |
| **سەرچاوەکان** | R١٤٩– R ١٣٤ |
| ABSTRAC | |


–

هەواڵنامەی کتێب

# هێما کورتکراوەکان

| وشە | کورتکراوە |
|---|---|
| بەرگ | ب |
| ژمارەی چاپ | چ |
| دکتۆر | د |
| ڕۆژنامە | ڕ |
| زاینی | ز |
| گۆڤار | گ |
| لاپەرە | ل |
| مامۆستا | م |
| هەتاوی | هـ |
| وەرگێران | و |

کتێبی دەوڵەمەندی

## پێشەکی

ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکێکە لە چوار پارچە دابەشکراوەکەی کوردستان، هەرچەندە ئێمە لەگەڵ دابەشکردنی ئەدەب و شیعری کوردیدا نین، بەڵام ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، کە هەر بەشێک لەو چوار بەشەی کوردستان کەوتووەتە ژێر کاریگەری زمان و کولتوور و فەرهەنگ و ئەدەبیاتی وڵاتە داگیرکەرەکانەوە. ئەدەب بەتایبەت شیعر، کە زادەی هەست و سۆز و هەڵقوڵاوی دەروونی مرۆڤەکانە، ڕەنگدانەوەی باری کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و کەتواری کۆمەڵە، بۆیە لە بەرهەمی شیعری شاعیرانی ڕۆژهەڵاتدا تایبەتمەندی و خاسیەتی جیاکەرەوەی لە بەشەکانی دیکەی کوردستانی تێدایە بەتایبەت لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە، واتە لەپاش قۆناغی کلاسیزمی شیعری ڕۆژهەڵات، بە پێویستمان زانی ناونیشانی توێژینەوەکەمان بکەین بە (ئەزموونی شیعری کوردیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرمانجی ناوەڕاست١٩٨٠-٢٠١٤) وەکو بابەتێکی نوێ، ناساندن و پیشاندانی ئەزموونی شاعیران و ئاشنابوون بە شیعری ڕۆژهەڵات و پێوەندی و یەکانگیری لەگەڵ ئەدەبیاتی هەر چوار پارچەی کوردستان بە مەبەستی گەیاندنی پەیامی نەتەوەیی کورد یەک نەتەوە یەک زمان و یەک ئەدەب، کە ئەدەبی گشتییە (ئەدەبی کوردی) لەناویدا شیعری کوردی دەگرێتەخۆ.

مەبەست لە ئەزموونی شیعرییش جیهانبینی شاعیرە بۆ تاقیکردنەوەکانی لە بواری شعرییەتی ئەدەبدا، بەو واتایەی کە هەوڵدانە بۆ بەکارهێنانی هەندێ ئامرازی هونەری بۆ بەرهەمهێنانی دەقێکی ئەدەبی جیاوار لە دەقێکی ئاسایی. کەواتە ئەزموونی شیعریی جیاواز لە وشە فەرهەنگییەکەی ئەو ڕۆشنبیرییە کەڵەکە بووەیە، کە لە ڕێگای بینین و بیستن و خەیاڵەوە بۆتە ڕێپیشاندەر بۆ ئەدەبییەتی شیعر. ئەگەر بە تێڕوانینێکی گشتی لە ئەزموونی ئەزموونی شیعری کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڕوانیین، ئەوا هەموو ئەو تاقیکردنەوانە دەگرێتەوە، کە شاعیران لەم ماوەیەدا لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە ئەزموونیان کردووە.

**لە میتۆدی ئەم توێژینەوەیەدا** ڕێبازی مێژوویی وەسفی شیکاری (التكامل)یمان بەکارهێناوە، بۆیە بە ناچارییەوە زنجیرەی ڕووداوی مێژووییمان لەبەرچاوگرتووە.

**بنیاتی توێژینەوەکە** لە پێشەکییەک و سێ بەش و ئەنجامەکان پێکهاتووە. بەشی یەکەم باس لە (قۆناغەکانی شیعری کوردیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان) کراوە و لە سێ تەوەری (شیعری کۆن (کلاسیک)، قۆناغی گواستنەوە، شیعری هاوچەرخ و نوێ) پێکهاتووە، زیاتر بایەخ بە لایەنی تیۆری و مێژووی سەرهەڵدانی قۆناغەکانی شیعری ڕۆژهەڵات دراوە. لە

بەشی دووەمدا شیکارییەکی پراکتیکی (خاسیەت و تایبەتمەندییە شیعرییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان) خراوەتە بەرباس، لە سێ تەوەردا بابەتەکانی (زمانی شیعریی، وێنەی شیعریی، ئاوازی شیعریی) پراکتیزەکراوە. لە بەشی سێیەمدا (ناسنامەی نەتەوەیی لە شیعری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا) لە سێ تەوەردا (ئایدۆلۆژیا و شیعری سیاسی، کێشەی ناسنامە و زمانی نەتەوایەتی، بزووتنەوەی فیمینیزم لە ڕۆژهەڵاتدا) بە پراکتیکی لە ئەزموونی شیعری شاعیراندا باسکراوە.

**سنووری توێژینەوەکەمان** لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران (١٩٧٩)ەوە دەست پێدەکات شیعری نوێ و هاوچەرخ و نوێخوازی و ڕەوتە جیاوازەکانی شیعری ڕۆژهەڵات تا ساڵی (٢٠١٤) دەگرێتەوە.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە** بەهۆی نەبوونی باسێکی ئەکادیمی بەو ناونیشانە (ئەزموونی شیعری کوردیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرمانجی ناوەڕاست١٩٨٠-٢٠١٤) بوونی چەند زار و شێوەزاری جیاواز لە ڕۆژهەڵاتدا بەوێنە (کەلهوڕ، لەکی، بەختیاری، هەورامی...) تەنها زاری کرمانجی ناوەڕاستمان وەرگرتووە، هەروەها بەدەستنیشانکراوی تەنها (شیعری کوردی)مان دەسنیشان کردووە، چونکە چەندین شاعیری کورد هەن، کە بە زمانی فارسی دەنووسن لە دەرەوەی سنووری باسەکەماندان ئاماژەمان پێنەکردوون.

**گرفتی لێکۆڵینەوەکە** لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەهۆی فشاری دەسەڵاتەوە شاعیران ڕێگەیان پێ نەدراوە بەرهەمەکانیان لە کاتی خۆیدا بڵاوبکەنەوە یان بڵاونەکراوەتەوە، بۆیە ناچار ماوەیەکی زەمەنی (١٩٨٠- ٢٠١٤) درێژمان دەستنیشان کردووە بۆ بە دەستخستنی زۆرێک لە بەرهەمی شاعیران، ئەمەش گرفتێکی گەورە بوو لە کەمی سەرچاوە و کتێبی چاپکراو، بۆیە زۆر جار پەنامان بۆ سایت و وێبلاگی نووسەر و شاعیران و کتێبی (PDF) بردووە.

**سوود و گرنگی لێکۆڵینەوەکەمان** لەوەدایە هەنگاوێکی سەرەتا و ئەزموونێکی نوێی شیعری هاوچەرخ و نوێی ڕۆژهەڵاتە، کە وەک پێویست ئاوڕی لێنەدراوەتەوە، نامەی ئەکادیمی و بابەتی زانستی لەسەر نەنووسراوە. ئامانج ناساندنی ئەزموون و بەرهەمی شاعیرانی ئەم قۆناغەیە.

**لە کۆتاییشدا** ئەو ئەنجامانەی لە ئاکامی لێکۆڵینەوەکەدا بەدەست هاتوون بە کورتی و بە پوختی خراوەتەڕوو.

# بەشی یەکەم:

## قۆناغەکانی شیعری کوردیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

تەوەری یەکەم: قۆناغی یەکەم/ شیعری کۆن (کلاسیک)

تەوەری دووەم :قۆناغی دووەم/ قۆناغی گواستنەوە

تەوەری سێیەم : قۆناغی سێیەم/ شیعری نوێ و هاوچەرخ

هەولامەی کتێب

## بەشی یەکەم:  قۆناغەکانی شیعری کوردیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

شیعریی کوردیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیووە، دەتوانین لە سەرەتا و دەسپێکی شیعریی کۆنی کوردییەوە تا ئەمڕۆ بەم جۆرە پۆلێنبەندی بکەین:

### ١.١ تەوەری یەکەم:  قۆناغی یەکەم/ شیعری کۆن (کلاسیک):

#### ١.١.١ سەرەتا و سەرهەڵدانی شیعری کۆن (کلاسیک) لە ئەدەبیاتی کوردیدا:

مەبەست لە ئەدەبی کۆن ئەو جۆرە ئەدەبەیە لە کات و سەردەمێکی کۆندا لە ڕووی مێژوویییەوە نووسرابێت، یان لە قۆناغێکی مێژووییدا گوترابێت، ئەدەب کایەیەکی مەعریفی و هزرییە بە پێی کات و سەردەم دەگۆڕێت و شێواز و خەسڵەت و تایبەتمەندیی جیاواز و نوێ وەردەگرێت.

سەرەتاکانی ئەدەبیاتی کوردی بە شیعر دەستی پێکردووە، مێژووی چەوسانەوە و ژێردەستەیی و نالەباری کوردستان و نەبوونی قەوارەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەمیشە کۆسپ و تەگەرە بووە لە دروست بوونی زمانی ستاندارد و یەکگرتوویی کورد لە سەدەکانی ڕابردوودا، بەرهەمی ئەدەبی کوردیمان فۆلکلۆر و ئەدەبی میللیی و دواتریش ئەدەبیاتی نووسراو بە دیالێکتی ناوچە جیاوازەکان نووسراونەتەوە، ئەم جوداخوازییە لە زار و شێوەزارەکانی ناوچە جیاوازەکاندا، سامانێکی ئەدەبی و نەتەوەیی و بەرهەمی ئەدەبی جیاوازی پێبەخشیووین، شاعیران بە زاری ناوچەیی خۆیان دەستیان داوەتە نووسین، بە وێنە (باباتاهیر) بە زاری (لوڕ)ی و (مەولەوی) بە زاری (گۆران) و (جەزیری) بە (کرمانجی ژوروو) و (نالی) و هاوسەردەمەکانی بە زاری (کرمانجی ناوەڕاست).

بەگشتی سەرەتاکانی سەرهەڵدانی شیعری کوردی، ((کە دەکرێ بە قۆناغی شیعری کلاسیکی کوردی (ئەدەبی کۆنی کوردی) ناوبنرێ)) (ئیبراهیم ئەحمەد شوان،٢٠١٢، ل١٢)، میرنشینەکان ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە لە پەیدابوون و پێشخستنی لە سەردەمە جیاوازەکاندا، هەوڵیان داوە زمان و دیالێکتی میرنشینەکان زمانی گشتی ناوچەکە و زمانی نووسین بێت.

ڕێنسانسی شیعری کوردی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە لە سەردەمی میرنشینی باباندا، لە سلێمانی دەرکەوت و (نالی) بە دامەزرێنەر و سەرئامەدی شیعری کلاسیکی کوردی باشووری کوردستان دادەنرێت. لەپاش ڕووخانی میرنیشینە کوردییەکان ئەم بزووتنەوە ئەدەبییە بەردەوام بوو و زیاتر گەشەی سەند. پێش (نالی) شیعری فۆلکلۆر و میللیی بە شێوە زاری (بابان) هەبوون، بەڵام نالی و سالم ئەو ڕەچەیەیان شکاند و شێوە باوی ئەو سەردەمە، کە بە زاری (گۆران)ی بوو گواستەوە بۆ شێوەیەک، کە بەهۆی هاتوچۆ

و پێوەندی شاعیران و مەلا و مامۆستاکانەوە هاتبووە کایەوە ناوەرۆکەکەی شێوەی بابان و شارەزوور بوو، دەتوانین پێی بڵێین ((شێوەی زمانی شیعری (نالی)، ئەو شێوەیە لەژێر باڵی ئیمارەتی (بابان)دا نەشونمای کرد تا وای لێهات بتوانرێ وەکو زمانێکی ئەدەبی پێگەیشتوو شیعری پێ بووترێت)) (ئەمین عەلی موتاپچی، ١٩٨٥، ل٧٣).

بەهۆی ئەو زمانە نوێیە بەهێزەی، کە بوو بە زمانی نووسین، وەکو دیاردەیەکی نوێ و لەدایکبوونی شیعری لیریکی کوردی و گواستنەوەی لە شێوازی فۆلکلۆر و میللیی نێو لادێیەکانەوە بۆ نێو شارستانییەتی میرنیشینی بابان (سلێمانی) لەسەر دەستی نالی، ئەمە ئەوی گەیاندە لوتکە، ئەو زمانەش بوو بە زمانێکی ڕەسمی کرمانجی ناوەڕاست لە ناوچە گەورەکانی کوردستانی عێراق و ئێراندا (بڕوانە: شاهو سعید، ٢٠١١، ل٢٢)، لە ناوچەکانی (ئەردەڵان و موکریان و گەرمیان و سۆران) ڕەنگی دایەوە و کاریگەری لەسەر نووسەر و شاعیران دروستکرد، کە لاسایی ئەم قوتابخانە ئەدەبییە ڕەسەنە بکەنەوە. ((ئەم ڕێنسانسە مەزن و گرنگە لە دواییدا بوو بە سەرچاوەیەک بۆ گۆڕان و پێشکەوتنی ئەدەبی کوردی لە هەموو کوردستانی باشووردا)) (مارف خەزنەدار، ٢٠١٠، ل٥٦ –ب٣)، لەم بوارەشدا چەند شاعیرێک وەکو بەرەی دووەمی قوتابخانەی بابان لەناوچە جیاوازەکاندا دەرکەوتن، لەوانەش(( (شێخ ڕەزا) لە( گەرمیان)، (مەحوی) لە (سلێمانی)، (حاجی قادر) لە (کۆیە)، (سالمی سنە) لە (ئەردەڵان)، (وەفایی) لە (موکریان) )) (عوسمان دەشتی، ٢٠٠٩، ل ٣٢-أ) بەردەوامییان بەم بزووتنەوە ئەدەبییە داوە.

### ١-١-٢ شیعری کلاسیکی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا:

قۆناغی یەکەمی شیعری کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە لاساییکردنەوەی قوتابخانەی (بابان) لە ناوچەی موکریان دەست پێدەکات، کە شیعری عەرووزی وەکو نۆرم و شێوازێکی نوێی ئەدەبی کلاسیکی کوردی لە باشوور و ڕۆژهەڵاتدا لەژێر کاریگەری ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبیدا دەرکەوت. (وەفایی) دواتر (ئەدەب و حەریق) بە نوێنەری قوتابخانەی شیعری بابان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و ناوچەی موکریان دادەنرێن. لەسەر دەستی وەفایی ((پێکهاتەی شیعری فارسی- عەرەبی بەپێی لۆجیکی پێوەندی نێوان دەقی لە ئێران ڕا بە دەستی (نالی) دەچێتە کوردستانی باشوور دواتر لەسەر دەستی (میرزا عەبدول ڕەحیمی سابڵاغی (وەفایی ١٨٤٤-١٩١٤) (مصباح الدیوانی ئەدەب ١٨٥٩-١٩١٢) بە شێوەی داڕشتنی شیعری نالی لە ڕووی پێکهاتن و تەنانەت تەکنیکە ئەدەبییەکانەوە دەگەڕێنەوە بۆ ناوچەی موکریان هەروەها، (وەفایی و ئەدەب) دوو قوتابی یەکەم بەرەی بە ئەمەکی (نالی) بوونە لە

موکریاندا هەر ئەوانیش قوتابخانە شیعرییەکەی بابان کە چڵە و پۆپەی نالی بوو ڕاگواستووە بۆ موکریان)) (شەریف فەلاح، ٢٠١٣، ل٥٧) ئەم شاعیرانە بوون بە سەردەستە و دەسپێکی ئەو قۆناغە.

هۆی پەڕینەوە و ڕەنگدانەوەی ئەم بزووتنەوە شیعرییەی کلاسیکی کوردی کرمانجی ناوەڕاست لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و ناوچەی موکریاندا بەتایبەتی، دەتوانین لە چەند سۆنگەیەکەوە لێی بڕوانین بە وێنە، ئەو پێوەندییە مێژووییە کۆنەی، کە لە نێوان باشوور(سلێمانی) ڕۆژهەلات(موکریان)دا هەبووە ((هەندێ نەریتی کۆمەلایەتی و ئەدگاری ئەتنۆگرافیان لە یەکتردەکات. هۆی ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خەڵکی هەردوو ناوچەکە لەیەک تیرە و عەشیرەتن پێویستە ئەوە بزانرێ بابانەکانیش لەبنجدا لە موکریان سەریان هەڵداوە) (مارف خەزنەدار،٢٠١٠، ل٣١-ب٤). هەروەها زمانی نووسینی هەردوو ناوچەکە لە یەکەوە نزیکن و لەپێشدا تێکەلاو بووە لە زاری گۆرانی و کرمانجی ناوەڕاست، کە دواتر زاری کرمانجی جێگەی بە زاری گۆرانی لەقکرد، لەگەڵ پەیدابوونی قوتابخانەی بابان (نالی) شێوە زمانێکی ڕەسمی وەرگرت و پەلی هاویشت بۆ ناوچەی موکریان لە ڕێگەی (وەفایی)ییەوە، کە یەکەم شاگردی قوتابخانەی (نالی و سالم و کوردی) بوو لە موکریان.

پێوەندی ناوچەی بابان (سلێمانی) بە ناوچەی موکریان لە ناوچەکانی دیکەی کوردستانی ڕۆژهەلات و باشوور بەهێزتربوو، بەهۆی پێوەندی کۆمەلایەتی هاوبەشی (زمان، داب و نەریت، دیالێکت، خزمایەتی ژن و ژنخوازی، تێکەلاوی) لە هەردوو ناوچەکەدا، بۆیە ئەم بزووتنەوە نوێیە زۆر بە ئاسانی و بە ڕوونی لە ناوچەی موکریان ڕەنگیدایەوە و شاعیرانی بەرەی یەکەمی ڕۆژهەلات بە تەواوکەر و بەرەی دووەمی قوتابخانەی بابان دادەنرێن. پێویستە ئاماژە بەوە بکەین پێش ئەو مێژووە، واتا پێش (وەفایی) شیعری کلاسیکی کوردیمان لە ڕۆژهەلاتدا نەبووە، ئەوەی هەیە (مەهدینامە)ەکەی (ئیبن حاج)ە، کە پێکهاتووە لە (١٥٧) چوارین، لە ساڵی (١٧٦٢) تەواوی کردووە، لە ساکاریدا لە شیعری میللیی کوردییەوە نزیکە، چوارینەیە و بە کێشی بڕگەیی هۆنراوەتەوە، (ئبن حاج و بێتوشی) دوو زانا و کەسایەتی ناوچەی (سەردەشت)ی موکریان بوون (بڕوانە: عەلائەدین سجادی،١٩٨٧، ل ٧٢-٧٥)، نمونەیەک لە چوارینەکانی:

**یارەب تۆیی ساحب هودای**

**وەقتێ دەبین فیتنە بە دای**

**حیفزن بکەی یا (ذالندا)ی**

**بە ئیسمی تۆ بیدایەتێ** (محەمەد عەلی قەرەداغی، ١٩٧٥، ل٢١-٢٢)

هەروەها (مەلا عەبدوڵڵا بێتوشی) (١٧٤٧-١٨٠٦)، کە شاگرد و فەقێی (ئبن حاج) بووە، تاکە بەیتێکی لەبەردەستایە، بە کێشی عەرووزی نووسراوە:

**لە دیباجەی کیتابی حوسنی عالەم هەر وەرەق لادەم**
**دەبینم مەبحەس وەسفت لە هەر فەسڵێ لە هەر بابێ** (مستەفای سەید مینە، ٢٠٠٧، ل ٣٠)

دەکرێت (بێتوشی) بە سەرئامەدی شیعری کلاسیکی ڕۆژهەڵات و یەکەم گۆڕان و پێشکەوتنی شێوازی شیعری کوردی (شیعری میللیی و فۆلکلۆر) و سەرەتایەک بۆ دەرکەوتنی شیعری کلاسیکی (عەرووز) دابنرێت.

شاعیرانی موکریان توانیان ڕێچکەی شیعری کوردی لە ڕووی ناوەرۆک و ڕووخسارەوە بگۆڕن، سەرەتا ڕوویانکردە بەکارهێنانی زمانی کوردی، چونکە پێش ئەو مێژووە لە ڕۆژهەڵاتدا زمانی فارسی زمانی نووسینی شیعر بووە. شاعیرانی کوردیش بە زمانی فارسی شیعریان هۆنیوەتەوە، بەم پێیەش ئەو بەرهەمانە هیچ خزمەتێکیان بە ئەدەبی نەتەوایەتیمان نەکردووە و ناچنە نێو خانەی ئەدەبی کوردییەوە.

ناوچەی موکریان مەڵبەند و هەلایسانی شیعری کلاسیکی کوردییە. (وەفایی و ئەدەب و حەریق)، کە ڕابەرانی شیعری کلاسیکی کوردین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لەوێ لەدایکبوون و ژیاون.

وەفایی وەکو ڕابەری ڕەوتی شیعری کلاسیکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ناوچەی موکریان) دوای ئەویش شاعیرانی هاوسەردەم و هاوقۆناغی وەفایی، پاشخانێکی ئەدەبی بەهێزتریان هەبوو. لەوانەش شیعر و ئەدەبیاتی فارسی بەتایبەت شاعیرە ناودارەکان وەکو(حافز، سەعدی، جامی) و شارەزاییان لە زمان و ئەدەبیاتی فارسی، کە زمانی یەکەم و زمانی ئاخاوتن و نووسین و خوێندن لەو بەشەی کوردستان بووە. هەروەها زانینی زمانی عەرەبی، کە لە حوجرە و مزگەوتەکاندا خوێنراوە، وەکو زمانی ئاینی ئیسلامی ئەمە لە لایەک، لەلایەکی دیکەشەوە سامانێکی نەتەوەیی لە شیعری فۆلکلۆر و میللیی بە زاری موکریی و گۆرانی لە ناوەوە بووە، کە بە کێشی برگەیی نووسراوە و شیعری کرمانجی ژوورو (مەلای جەزیری، خانی) و شیعری کلاسیکی کرمانجی ناوەڕاست (نالی، سالم، کوردی)، کە (وەفایی و شێخ ئەحمەدی کۆر) بەتایبەت ڕۆڵێکی گرنگیان لە ڕاگواستنی شێوازی شیعری کرمانجی ژوروو هەبووە، (ئەحمەدی کۆر) هەوڵی ڕاگواستنی ئەزموونی شیعری باکوور بۆ نێو زاری کرمانجی ناوەڕاست داوە بەتایبەت بە شێوازی (جەزیری، فەقێی تەیران) کاریگەر بووە، (وەفایی)ش لە دوو قۆناغی جیادا هەوڵی ڕاگواستنی ئەزموونی ئەدەبیاتی باکوور و باشوور داوە. کاریگەربوونیان بە شاعیرانی باکوور بەتایبەت لە تۆخ

بوونی مۆسیقای ناوەکی و توند و گرژبوونی ڕیتمی شیعر و تۆخبوونەوەی بابەتی ئاینی و عیرفانی و شوێن وەرگرتن لە ئەدەبی فۆلکلۆردا دەردەکەوێت، ئەم شێوازە هەموو شیعرەکانی (ئەحمەدی کۆر) دەگرێتەوە، بەڵام هەر بە تەنیا بەشێک لە ئەزموونی وەفایی دەگرێتەوە (بڕوانە: ڕەهبەر مەحمود زادە، ٢٠١٣،ل٢٨-٣٠ ،هەروەها بڕوانە: www.xewat.blogfa.com). کاریگەری (مەلای جەزیری) لە شیعری (ئەحمەدی کۆر) بە ڕوونی دەردەکەوێت لە غەزەلە بەناوبانگەکەیدا:

**شای غەزالان، شۆخ و شەنگان، زوڵف چەلەنگان، ڕاست و چەپ**

**دل چو سەنگان خو پەلەنگان دای لە قەلبم ڕاست و چەپ**

**دای لە قەلبی من حەزینە چەند خەندەگی سەر بە خوینە**

**ئەو لە من کرد چەند برینە خوێن بەخوڕ دێ ڕاست و چەپ**

(عەزیز محەمەد پور"داشبەندێ"، ١٣٧٨،ل ١٦٩)

هەروەها یەکێ لە شاکارەکانی (وەفایی) شیعری (شیرین تەشی دەڕێسێ)یە، دیارە شاعیر لە بەکارهێنانی ئاواز و ڕیتمی ناوەکی و ئیقاع و مۆسیقا و کێش، کە شێوازێکە لە کێشی بڕگەیی، ئەم چەشنە شیعرە لای (وەفایی و ئەحمەدی کۆر) جۆرە مۆسیقایەکی پێ بەخشیوە ئەتوانین بە شیعری گۆرانی ناوبنێن، ئەمەش وای کردووە بکەوێتە سەرزاران و بەها و چێژ بە وەرگر و بەردەنگەکانی ببەخشێت:

**پەردەی کراسی لاچوو پژکووت بە هەردوو لێوان**

**گوڵ و شەکەر دەباری لە کووچەی باغی سێوان**

**زوڵف ڕژان و کوڵمی وەدەرکەوت لە نێوان**

**شەمس و قەمەر هەڵاتن دوێنێ بە نوێژی شێوان**

**(وەفایی) کەوتە کێوان ، شیرین تەشی دەڕێسێ** (عوسمان دەشتی، ٢٠١٢، ل٣٤٩)

گەلێک شاعیر بە ئاگا یان نابەئاگا و بێ پلان لە بارەی زمان و فۆرم و ناوەڕۆکەوە هەوڵیان داوە، بە وێنە (ئەحمەدی کۆر) هەوڵی ساکارکردنەوەی زمانی ئەدەبی و نزیک بوونەوە لە زمانی خەڵکی داوە و لەگەڵ (حاجی)ش هاوچەرخ بووە، (ئەدەب)یش هەوڵی داهێنەرانەی بۆ دەربازبوون لە فۆرم و ناوەڕۆکی شیعری باوی ئەو سەردەمە داوە و شیعری جیاواز و داهێنەرانەی هەیە (بڕوانە: عەلی ئیسماعیل زادە،١٣٩١، ل١٨-٢١):

**بهاران چە محزون ئەناڵێنێ بولبول**

**هەتا کەی لە عەشقت بناڵم ئەی گوڵ**

**ئەی گوڵی من سنبولی من**

**ئاگرت خستە دڵی من** (بەشیر مشیر،١٩٣٩،ل ١٢٧)

(ئەدەب) هەوڵی داوە لە زمانی فۆلکلۆر نزیک بێتەوە و شیعری لە شێوەی سروود هۆنیوەتەوە کە بۆ گۆرانی دانراون، ئەمەش وایکردووە شیعری ئەم ناوچەیە پڕ بێت لە وشە و دەربڕینی ڕەسەنی کوردی و کاریگەری ئەدەبی سەرزار و فۆلکلۆری لەنێو شیعری کلاسیکدا ڕەنگبداتەوە. (بڕوانە: مستەفای سەید مینە، ٢٠٠٧، ل١٤٨)، جگە لەمانەش لێهاتوویی و سەنعەتکاری و دەست ڕەنگینی شاعیرانی خۆیان گیانی زیندوویەتی و نەمریی بە بەرگی شیعری شاعیراندا کردووە.

سەبارەت بە قۆناغ و بەرەی یەکەمی شیعری کلاسیکی کوردی ڕۆژهەڵات، کە (وەفایی و ئەدەب و ئەدیب و حەیدەری و سەید ڕەشید و ئەحمەدی کۆر و حەریق...) دەگرێتەوە. ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە، لە دیاریکردن و ناونانی ئەم قۆناغەی شیعری موکریان. تا ئێستا کۆدەنگییەکی تیۆریزەکراو و ئەنجامداری بۆ نەکراوە و تایبەتمەندییەکان و خەسڵەت و شێوازی زمانی و ئەدەبی (شێوازی شیعری موکریان) (قوتابخانەی شیعری موکریان) بە تەواوی ساغ نەکراوەتەوە، سنوری ڕەوتە شیعرییەکە بە پێی ڕێباز و میتۆدێکی لۆژیکی (پۆلێن کردنی قوتابخانە شیعرییەکان) دیاری نەکراوە، وەک ئەوەی لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا ((پۆلێنکردنی ڕێبازە ئەدەبییەکان لەدوای سەردەمی ڕۆشنگەری (ڕێنسانس) و لە کۆتایی سەدەی حەڤدەهەمدا دەستپێکرد)) (فەرهاد پیربال،٢٠٠٩،ل١٠)، بەڵام لە ئەدەبیاتی کوردیدا تا ئێستا یەکلانەکراوەتەوە، تەنانەت هەندێک لە لێکۆڵەران و ڕەخنەگران، لەسەر ناونانی قۆناغێکی شیعریی بە قوتابخانە (مەکتەب) لە ئەدەبی کوردیدا کۆک نین و ناوهێنانی قوتابخانە ڕەتدەکەنەوە لە شیعردا، بەڵکو ئەوەی هەیە (سەبک) شێوازی شیعرییە نەک قوتابخانە ((شیعر هەڵگری قوتابخانە نییە، ئەو شتەی لە شیعری فارسی و هەروەها لە شیعری کوردی هەمانە سەبکە نەک مەکتەب و ئیدعای ئەو شاعیرانەی، کە لە بەستێنێکی جیاوازدا شیعر دەڵێن ناتوانین لە قەوارەی مەکتەبێکدا پۆلێنبەندی بۆ بکەین)) (بڕوانە: **ئەنجومەنی ئەدەبی**....edebi-mha.blogfa.com).

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە لێکۆڵەران سەرەتای قوتابخانەی شیعری موکریان دەبەنەوە بۆ (وەفایی و ئەدەب و حەریق...) و بە ڕابەر و بەرەی یەکەمی قوتابخانەی شیعری موکریانی دادەنێن، بەرەی دووەمی ئەم قوتابخانەیەش (سەیف، کۆکەیی، شەوقی)ن، کە لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا دەردەکەوتن، لەسەر دەستی ئەم شاعیرانە قوتابخانەکە خەسڵەت و تایبەتمەندی وەرگرتووە، کۆتایی قوتابخانە ئەدەبییەکەش لەگەڵ کۆتایی جەنگی

دووەمی جیهانی و ڕۆژانی دوای ڕووخانی کۆماری مهاباد بەرەو نەمان دەچێت. (بڕوانە: عوسمان دەشتی، ٢٠٠٩، ل٢٢ - ب). لەم بارەیەوە (س.چ.هێرش) دەڵێت: ((قوتابخانەی موکریان سەرچاوەکەی هەمان قوتابخانەی بابانە و لە وەفاییەوە دەست پێدەکات تا سەردەمی کۆماری کوردستان ١٩٤٦)) (س.چ.هێرش، https//derdekurd.word press.com).

هەروەها (عەلی ئیسماعیل زادە) لە وتارێکدا لە (گۆڤاری مهاباد)دا بە ناوی (قوتابخانەی سەیف بەشێکە لە قوتابخانەی موکریان) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە (سەیف) و شاگردەکانی لەڕاستیدا لقێکی بەهێزی قوتابخانەی موکریانن. مەبەست لە قوتابخانەی موکریانیش ئەو قوتابخانەیەیە، کە (هێمن) لە وتاری (مامۆستای شاعیرانی موکریان)دا (بڕوانە: بەدران ئەحمەد-عوسمان دەشتی،٢٠٠٣،ل٣٥-ا) دەڵێت: (("سەیفی قازی" خۆی قوتابخانەیەکی نوێی لە ئەدەبی کوردیدا کردۆتەوە، (سەیف) بە مامۆستای شاعیرانی موکریان ناوزەد کردووە، دان بەوەشدا دەنێ، کە ناونانی قوتابخانەی موکریان تا ئێستاش کۆدەنگی لەسەر نییە)) (بڕوانە: عەلی ئیسماعیل زادە، ٢٠١٣، ل١٠-١٤).

(ڕەهبەر مەحمود زادە)ش پێیوایە کۆدەنگییەکی ڕێژەیی لەبارەی سەرەتای قوتابخانەی شیعری موکریان هەیە و سەرەتای قوتابخانەکەش دەگەڕێنێتەوە بۆ (سەیفی قازی و مەلا مارفی کۆکەیی)، دەڵێت: ((هەندێک توێژەر ئەم سەرەتاییە دەبەنەوە هەتا (وەفایی و مسباح دیوانی ئەدەب) پێیوایە شێوازی شیعری (وەفایی) و (ئەدەب) جیاوازە لە (سەیف) و (کۆکەیی)، ناکرێ لەیەک قوتابخانەدا جێیان بکەینەوە و پێویستە خودی بەرهەمی شاعیران بکەین بە پێوەری جیاکردنەوەی قۆناغەکان، نەک شوێنی جوگرافی و مێژوویی)) (بڕوانە: ڕەهبەر مەحمودزادە، http://xewat.blogfa.com/post-59.aspx، هەروەها بڕوانە: شەریف فەلاح،٢٠١٣، ل٣٥-٣٦)، هەروەها لە وتارێکی دیکەیدا بەناوی (بەراییەک بۆ ناسینی بنەمای توێژێکی پۆلێنکردنی شێوازە شیعرییەکان) هەوڵیداوە لەسەر بنەمای شێوازناسی (شێوازی شیعری موکریان) (قوتابخانەی موکریان) پۆلێن بکات و دەڵێت: ((ڕاستە (مسباح و وەفایی و حەریق و عەلی بەگ و حەیدەری و سەید ڕەشید) موکریانین، بەڵام هیچ کامیان سەر بە قوتابخانەی موکریان نیین، شێوازی شیعری موکریان ئەو کاتە گۆڕا و خەمڵا بە خۆیدا هات، کە بەرەبەرە لە نۆرمگەلی شێوازناسانەی قوتابخانەی شیعری بابان لایدا و کۆمەڵە نۆرمێکی تری بە تاقیکردەوە)) (ڕەهبەر محمود زادە، ١٣٩٢، ل٢٥-٣١)، هەرچەندە گومان لەوەدا نییە (لە پێکهاتنی شێواز و سەبکی تایبەتی و گشتیدا هۆکاری گرنگی وەکو (مێژوویی و جوگرافی و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و داب و نەریت و بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی

و ژینگه و زانسته باوەکان) له هەر دەوره و زەمانێک، بینای زمان و سروشتی زمان و تایبەتمەندییەکانی (نەژادی و قەومی و فەردی و کۆمەڵایەتی) کاریگەرییان دەبێت) (عەلی روخزادی، ١٣٧٦، ل٢٣)، بەڵام نابێت تەنها ئەو هۆکارانە بکرێنە پێوەر بۆ ناونان و دەسنیشانکردنی قوتابخانە شیعرییەکان، بەڵکو دەبێت خودی بەرهەمە شیعرییەکانی شاعیرانیش بخرێنە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

هەر سەبارەت بە قوتابخانەی موکریان، (هیمداد حوسێن، جوان بۆکانی) هەمان بۆچوونی (ڕەهبەر مەحمود زادە)یان هەیە، پێیان وایە سەرەتای قوتابخانەی موکریان دەگەڕێتەوە بۆ (سەیف)، ناکرێ (وەفایی و ئەدەب...) بە قوتابخانەیەکی سەربەخۆ و جیاواز لە قوتابخانەی بابان دابنێین، هەرچەند هەندێ خەسڵەت لە شێوازی شیعری شاعیراندا بەدی دەکرێت، کە کاریگەری زار و کاریگەری ناوچەییە، بەڵام هەر بە بەرەی دووەم و لاسایی کەرەوەی قوتابخانەی بابان دادەنرێن، قوتابخانەی (سەیف) تا ڕووخانی کۆماری دیموکراتی کوردستان شاعیرانی (هەژار، هێمن، هێدی خاڵەمین، زەبیحی، محەمەد گلۆلانی عەتری...) دەگرێتەوە (بڕوان:هیمداد حوسێن، ٢٠٠٨، ل١٧٥-١٧٦ ،هەروەها جوان بۆکانی، ١٩٩٧، ل١٣). واتە دەستەی دووەم سەرەتای قوتابخانەی موکریان دەبەنەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم و ماوەی نێوان هەردوو جەنگ تا کۆتایی کۆماری کوردستان درێژەی کێشاوە، ڕابەری ئەم قوتابخانەیەش (سەیف)ە.

جێی ئاماژەیە ناونان و دیاریکردنی ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییەکان لە ئەدەبی کوردیدا لەسەر بنەمای زانستی و میتۆدێکی لۆژیکی تیۆریزەکراو بەیان نەکراوە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا ئەوەی تا ئیستا هەیە وتارێکی (ڕەهبەر مەحمود زادە)یە بەناوی (بەراییەک بۆ ناسینی بنەمای تیۆریکی پۆلێنکردنی شیوازە شیعرییەکان)، هەندێک لە نووسەران بۆ بەرزکردنەوە و پیاهەڵدانی شاعیران بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بێ ئەوەی مەبەست لە ڕێبازێکی ئەدەبی و لۆژیکی بێت، خاسیەتێک یان داهێنانی شاعیرێک بە قوتابخانەیەک ناودەبەن، وەک (قوتابخانەی حاجی، قوتابخانەی بێسارانی، قوتابخانەی مەولەوی،...هتد)، ئەگەر لەو سۆنگەیەوە بڕوانین، کە هەر نووسەر و لێکۆڵەرێک ڕای تایبەتی خۆی دەربڕێت، دیاردەیەکی ئاساییە، بەڵام نابێتە ڕێباز و قوتابخانەیەکی نوێ لە ئەدەبیاتدا. ئەمانەش دەمانگەیەنن بەوەی، کە بەشێوەیەکی گشتی ڕوناکبیران و نووسەران و شاعیران کۆکن لەسەر ئەوەی بەرەی یەکەمی شاعیرانی موکریان لاسایی کەرەوە و درێژەپێدەری ئەو بزووتنەوە ئەدەبییەیە، کە بە قوتابخانەی بابان ناسراوە، هیچ گومانی تێدانییە ئەگەر لە ڕووی زمان و قاڵبە شیعرییەکانەوە لە بەرهەمی شاعیرەکانمان بڕوانین هەمان خەسڵەت و

تایبەتمەندییەکانی قوتابخانەی (بابان)ی لە ڕووی فۆرم و ناوەرۆک و قاڵبەوە هەیە، سەرەڕای هەوڵدانی شاعیران بۆ دەربازبوون لە قاڵبە باوەکانی شیعری کلاسیکی، هەروەها بەهۆی شاعیرانی بەرەی یەکەمی موکریان (وەفایی، ئەدەب...)ەوە قوتابخانەی بابان ڕاگوێزرایەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچەی موکریان، لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیدا ئەم ڕەوتە شیعرییە کز دەبێت و وردە وردە بەرەو نەمان دەچێت. بەپێی ناوچە جیاوازەکان هەندێ جیاوازی هەرێمی لە بەرهەمی شاعیراندا بەدیدەکەین، ئەویش دەرکەوتەیەکی ئاساییە و ڕەنگدانەوەی کەتوار و ژیانی شاعیرانە، کە بەگشتی بەرهەمی شاعیرانی کلاسیکمان شیعری لیریکە، کاریگەری بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ناوچەیی و زمان و زار و دابونەریتە جیاوازەکان تێیدا زەقدەبنەوە.

هەرچەندە دیاریکردنی دەقاودەقی ساڵی کۆتاییهاتنی ڕێبازێکی ئەدەبی لە ئەدەبیاتی کوردیماندا سەختە و ناتوانین بڕیارێکی یەکلاکەرەوە و ڕەها بدەین، چونکە هیچ بۆچونێکی ڕەها لە ئەدەبیاتدا ناسەپێنرێت، بەڵکو تا ئێستاش ڕێبازی کلاسیکی کوردی درێژەی هەیە، بەڵام وەکو ڕێباز سەردەمەکەی بەسەر چووە و نەماوە. لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانی لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و فیکری خەڵک گۆڕانی بە سەردا هات بزووتنەوە و بیر و هزری نوێ دەرکەوتن، گۆڕان و پێشکەوتنی بیرو ئەندێشەی نووسەر و شاعیرانی بە دوادا هات. بەرهەمی شاعیران لە ڕووی ڕووخسار و ناوەرۆکەوە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی کەتواری کۆمەڵایەتی سەردەمەکەی پیشان دەدا.

بەهەمان چەشن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش نێوان هەردوو جەنگ دەسپێکی قۆناغێکی نوێیە، کە بە (کلاسیزمی نوێ) ناسراوە و سەردەمی دەرکەوتنی ڕێبازی ڕۆمانسیزمی کوردییە، بە قۆناغی (گواستنەوە) ناوبراوە. بەڵام دانانی بەرەی یەکەمی شاعیرانی موکریان (کلاسیک) بە قوتابخانەیەکی سەربەخۆ (قوتابخانەی شیعری موکریان) جودا لە (قوتابخانەی بابان) تا ئێستا ساغ نەبۆتەوە، ئەمەش بە دیاریکردنێکی ڕێژەیی قۆناغە ئەدەبییەکان بەو شێوەیەی تا ئیستا ئاماژەی پێکراوە و دەستنیشانکراوە لە ئەدەبیاتی کوردیماندا.

ئەمانە و چەندین ڕای جیاوازی تر، کە ئێمە پێمان وایە لە پۆلێنبەندیی قۆناغ و ڕەوتە شیعرییەکان و ناونانی قوتابخانە و ڕێبازە ئەدەبییەکان، هەروەها دیاریکردن و دەسنیشانکردنی شێواز و خاسیەت و ئەدگارەکانی قۆناغە جیاوازەکان، پێویستی بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەکادیمی و زانستی هەیە، تایبەت بە دیاریکردنی شێوازی قۆناغە

شیعرییەکان، ئایا تا ئێستا لە سەر چ بنەمایەک قوتابخانە شعرییەکان لە ئەدەبیاتی کوردیدا پۆلێن کراوە ؟ دەتوانین بنەما و پێوەرێکی ئەکادیمی لەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا بەکاربهێنین.

ئەم بابەتە چەندین وتوویژ و لێکۆڵینەوەی سەلمێنراو هەڵدەگرێت، بەهۆی هەژاری و کەمی بەرهەم و لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانمان لە دۆزینەوە و وردبوونەوە و شیکردنەوە و ساغکردنەوەی ژیان و بەرهەمی شاعیرانی کلاسیکیمان، کە وەکو گەوهەرێکی لەبن نەهاتوون، تا زیاتر لێی وردبینەوە شیکردنەوە و لێکدانەوەی زیاتر هەڵدەگرێت. ئەدەبیاتمان دەوڵەمەندتر دەکات، پێویستیمان بە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت بەم بوارە هەیە، (کە لە سنووری بابەتەکەی ئێمەدا نییە).

**١-١-٣ خاسیەت و تایبەتمەندییەکانی شیعری کلاسیکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان:**

دابەشبوون و دابڕانی بەشەکانی کوردستان نووسانی بە دەوڵەتانی دراوسێوە، وای کردووە کولتوور و ئەدەبیاتی هەر بەشێک لە بەشەکانی کوردستان ڕاستەوخۆ بکەوێتە ژێر کاریگەری کولتوور و ئەدەبی ئەو وڵاتانەوە. بەمەش (بەرهەم هێنانی ئەدەبیاتی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی گشتی پەیوەست بوو بەوەی، کە چەند ئازادی بە کەمینەی کورد دەدرێ) (فیلیپ کرینبروک-کریستییەن ئاڵیسۆن، ٢٠٠٨، ل١١١) لە بەشە جیاوازەکانی کوردستاندا.

لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا، کاریگەری ڕاستەوخۆی زمان و ئەدەبی فارسی دەبینرێت، کە لە حوجرە و مزگەوتەکاندا دەخوێنرا، بەتایبەت بەرهەمە بەناوبانگەکانی (حافز، سەعدی، جامی، گەنجەوی). بەهۆی ئەوەی زمانی کوردی بە نووسراو و زارەکی قەدەغە بووە، شاعیران بەشێک لە شیعرەکانیان بە زمانی فارسی هۆنیوەتەوە. ئەم پارچە پارچە بوون و دابەشبوونەی کوردستان، بووە هۆی دەرکەوتنی هەندێ خاسیەت و تایبەتمەندیی ناوچەیی و هەرێمیی جیاواز ئەگەرچی لە بنەڕەتدا هەمووی یەک ئەدەبە (مارف خەزنەدار، ٢٠١٠،ل ١٩-ب٥). کاریگەری زمانی ناوچەیی و هەرێمی و زمانی فارسی لە شیعری شاعیراندا بە ڕوونی بەدی دەکرێت و ڕەنگیداوەتەوە، کە ئەمەش خاڵی زەقی جیاکردنەوەی ئەدەبیاتی بەشە جیاوازەکانی کوردستانە.

شیعری شاعیران لەم قۆناغەدا بەگشتی لە ڕووی ناوەرۆک و ڕووخسار و شێوازی شیعرییەوە درێژە پێدەر و لاسایی کەرەوەی قوتابخانەی بابانە، لە بەکارهێنانی فەرهەنگ و زمان و زاراوە و ستراکتۆری تەکنیکی داڕشتن و واتا و مەبەستی شیعر، هاوچەشنی

قوتابخانەی بابان بووە (بڕوانە: عوسمان دەشتی، ٢٠٠٩، ل١٠-ب) (بڕوانە: عوسمان دەشتی، ٢٠٠٩،ل ٣٤-أ).

ئەگەر بڕوانینە شیعری شاعیرانێکی لە چەشنی (وەفایی، ئەدەب، حەریق)، دەبینین هەموو تایبەتمەندییەکانی شیعری کلاسیکی کوردی کرمانجی ناوەڕاست، لە ڕووی ڕووخسارەوە لە بەکارهێنانی کێشی عەرووز و هونەرەکانی ڕەوانبێژی و بەکارهێنانی زمانی تێکەڵ لە وشەی فارسی و عەرەبی و تورکی و وشەکاری و ڕازاندنەوە(سەنعەتکاری) و زێدەوەسف بە ڕوونی لە بەرهەمەکاندا دەبینرێت.

لە ڕووی هونەر و ستراکتۆری داڕشتن و فۆرم و تەکنیکەوە بەهەمان شێوەی قوتابخانەی بابان بووە، بەڵام لە غەزەل و قەسیدەکانیاندا زیاتر بایەخیان بە (پێنج خشتەکی و پێنجێن و تەرجیع بەند) داوە، ئەمەش جۆرێک لە تازەگەری هێناوەتە نێو شیعری شاعیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەژێر کاریگەری قاڵبە شیعرییەکانی ئەدەبیاتی فارسی بەتایبەت بەرهەمی شاعیرە بەناوبانگەکانی وەکو (گەنجەوی، سەعدی، حافز، خاقانی)، قاڵبەکانی (مولەمەع، مەسنەوی، ڕوباعی، تەرجیع بەند، تەشتیر، تەرکیب بەند، تەزمین)یان زیاتر پێڕەو کردووە (بڕوانە: **اعظم** السادات حسین، ١٣٨٥، ل١٧-٣٨ هەروەها بڕوانە: عوسمان دەشتی، ٢٠١٣، ل٦٩).

لە ڕووی بابەت و مەبەست و ناوەرۆکەوە بەزۆری بابەتی شیعری شاعیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شیعری لیریکە، لە ڕووی ناوەرۆکەوە هاوچەشنی کرمانجی ناوەڕاست لە دەوری چەند بابەت و مەبەستێک دەخولێتەوە، واتە بەگشتی شیعری ((ئاینی، موناجات، نەعت، سۆفیزم، ئەوینداری، وەسف، ستایش، ماتەمنامە، فەلسەفەی کۆمەڵایەتی)) (عوسمان دەشتی، ٢٠٠٩، ل٣٦-أ) ناوەرۆکی شیعری کلاسیکی کوردی ڕۆژهەڵات پێکدێنن. بەم شێوەیە کاروانی شیعری کۆنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکو بناغە و ئەزموون و تاقیکردنەوەیەکی نوێ، لە موکریانەوە دەستی پێکرد و قۆناغ بە قۆناغ لە گۆڕان و پێشکەوتنی بەردەوامدایە، لەگەڵ ڕەوتی ژیان و باری سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵک گەشەی کرد و بەردەوامی بەخشییە ڕەوتە شیعرییەکە و بە قۆناغی جیا جیا بەردەوامی هەیە.

**١-٢ تەوەری دووەم: قۆناغی دووەم/ قۆناغی گواستنەوە**

**١-٢-١ قۆناغی گواستنەوە لە شیعری کوردیدا:**

لە ئەدەبیاتی کوردیدا قۆناغێکی پڕ لە گۆڕانکاری هەیە بە قۆناغی گواستنەوە ناودەبرێت، ئەم قۆناغە مەودای نێوان کۆن و نوێ دەگرێتەوە سەرەتا و دەستپێکی گۆڕانکارییەکانە لە کۆنەوە بۆ نوێ، واتە کۆتاییەکانی ئەدەبی کلاسیک و سەرهەڵدانی ئەدەبی نوێ (ڕۆمانتیک) و ڕێبازێکی نوێیە، بەگشتی قۆناغی گواستنەوە ئەو ماوە زەمەنییە دەگرێتەوە کە ئەدەبیات (شیعر) هیچ ناوێک هەڵناگرێت، شێواز و ڕووخسار و ناوەرۆکێکی تایبەت و دیاری نییە، ئەدەبیاتێکی تێکەڵە و ناتوانرێت سنوور و مەودای دیارییبکرێت، بەڵکو سەرەتایەکی جوڵان و ڕاچەنین و گۆڕانکارییە لە کۆنەوە بۆ نوێ بە قۆناغی گواستنەوە (انتیقالی) ناسراوە، سەرهەڵدانی ئەم ڕەوتە شیعرییە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم و ماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانی.

وەکو زاراوە چەندین زاراوەی جۆراوجۆر بەکاردەهێنرێت، لەوانەش (کلاسیکی نوێ)، نیوکلاسیک، نیمچە کلاسیک، (نەکۆن و نەنوێ)، شیعری تەنویریی (ڕۆشنگەریی)، شیعری سیاسی...) بەڵام لە ناوەرۆکدا هەمان شتە، واتا نوێبوونەوە لە ناوەرۆکی شیعری کلاسیکدا دەگەیەنێت. لەڕووی قاڵب و ڕووخسارەوە بەهەمان کێشی عەرووزی کلاسیکی نووسراوە تەنها گۆڕان لە ناوەرۆکدا بەدی دەکرێت.

(فەرهاد پیربال) ئەم قۆناغەی بەسەر دوو دەستە شاعیردا دابەشکردووە و جیایکردۆتەوە، دەستەی یەکەم کلاسیکە نوێیەکان (نیوکلاسیک)، دەستەی دووەمی بە (نەکۆن و نەتازەکان) ناوبردووە (فەرهاد پیربال، ٢٠٠٥، ل١٩٦)، مەبەست لە نیوکلاسیک بەرەی دووەمی قوتابخانەی بابانە کە هەندێک لادان و جیاوازی دەبینرێت، بەڵام لە هەمان فۆرم و قاڵبی کلاسیکیدا، ئەمەش زیاتر کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتایی سەدەی بیستەم دەگرێتەوە، کە ڕێگەیان بۆ شاعیرانی نوێ خۆشکرد گۆڕانکاری بنەڕەتی لە شیعری کوردیدا بکەن، هەروەها دەستەی دووەم گۆڕانکارییەکانیان پەرەپێدا زیاتر ئەو شاعیرانەن پاش جەنگی یەکەمی جیهانی و (کۆتایی چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم)دا دەرکەوتن، ئەو بارودۆخەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لە ناوەرۆکی بەرهەمی شاعیراندا کرد، بەڵام نەیانتوانی قاڵبی کلاسیکی بشکێنن، بەڵکو لە نێوان کۆن و نوێدا مانەوە و بەتەواوی خۆیان یەکلانەکردەوە و دەستبەرداری قاڵبە کۆنەکان نەدەبوون، لە شاعیرە ناودارەکانی ئەو دەورەش (قانیع، زێوەر، سەیفی قازی، هەژار، پیرەمێرد، شێخ نوری شێخ ساڵح،...).

هەولێرنامەی کتێب

سەبارەت بە قۆناغی گواستنەوە و (کلاسیکی نوێ)، بە تێڕامان و وردبوونەوە لە شێوازی شیعری شاعیران، دەبینین بە شێوەیەکی گشتی لە ڕووی ڕووخسارەوە هەمان شێوازی شاعیرانی کلاسیکیان بەکارهێناوە، بەڵام لە ڕووی ناوەرۆکەوە گۆڕانکاری بەدی دەکرێت، لە ڕووی زمان و واژە و تێکەڵکردنی بەرهەمی فۆلکلۆر و میللیی، هەروەها ناوەرۆکی نوێ وەکو کێشە کۆمەڵایەتییەکان و شیعری نەتەوەیی و شیعری سیاسی و هاندان و وشیارکردنەوە، ئافرەت و کێشەی ئافرەت، بەگژداچونەوەی دابونەریتە کۆنەکان، کە ڕێگرن لە پێشکەوتن و وشیاربونەوە و ڕزگاری گەلی کورد، گەڕانەوە بۆ ناو خەڵک و بە بەردەنگ دانانی خەڵک و ئامادەبوونی گەل و نەتەوە لە بەرهەمەکاندا، بابەتی ڕۆمانتیکی و ڕیالیزمی لە قاڵبی کلاسیکدا. ئەم شێوازە شیعرییە ناوەرۆکێکی نوێی لەخۆگرتبوو بریتیبوو لە ((شیعری کۆمەڵایەتی و نیشتمانی (شیعری سیاسی) و شیعری ڕۆمانتیکی، کە لەژێر کاریگەری ڕۆمانتیکی ئەوروپی سەری هەڵدابوو)) (مارف خەزنەدار، ٢٠١٠،ل ٢١-ب٥) ماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانی شێواز و فۆرمێکی تازەی شیعر داهات، پێش قۆناغی ڕۆمانتیکی لە ناوجەرگەی شیعری کلاسیکییەوە سەری دەرهێنا و ڕێگەخۆشکەر و فاکتەری سەرەکی قۆناغی ڕۆمانتیکی بوو لە شیعری کوردیدا.

### ١-٢-٢ هۆکارەکانی سەرهەڵدان و هاتنەکایەی ئەم قۆناغە لە شیعری کوردیدا:

بەگشتی ئەم قۆناغە ڕەنگدانەوەی قۆناغی گۆڕانکارییەکانە، کە سەرەتا لە ئەوروپا سەریهەڵداوە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی هەژدەیەم و نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم کاتێک، کە سەرەتاکانی بزووتنەوەی سیاسی و ئاینی و ئەدەبی و بیری نەتەوەیی لەناو چینی بورجوازیدا سەریهەڵدا، بە هەموو ئەوروپادا بڵاوبووەوە (بڕوانە: ئازاد عبدلواحید کەریم،٢٠١٠ ،ل١١-١٢) دواتریش لە نێو هەردوو ئیمپریالیزمی عوسمانی-ئێرانی و نەتەوەکانی ژێردەستیان سەریهەڵدا.

ئەستەمبوڵ وەکو پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی و پێگە جوگرافییەکەی لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، بووە پردی پەڕینەوەی گۆڕانکارییەکانی ئەوروپا و ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتدا. هەروەها لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا دوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی جۆرە ئازادییەک بۆ نەتەوەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی خوڵقا، ئەمەش وایکرد ببێتە شوێنی کۆبوونەوەی ڕۆشنبیر و ئازادیخوازانی نەتەوە جیاوازەکان و چەندین کۆڕ و کۆڕبەند و گروپ و کۆمەڵەی نهێنی دامەزران. هەروەها چاپ و چاپەمەنی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەوروپا بە ئاسانی دەگەشتنە ئەستەمبوڵ، ڕاچەنینە نەتەوەییە جیاوازەکانی

لێکەوتەوە و چەندین گۆڤار و ڕۆژنامە بە زمانە جیاوازەکان دەردەچوون. (بڕوانە: ئومێد ئاشنا،٢٠٠١، ل٥٢-٥٣). لەو ماوەیەشدا کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان دامەزران (بڕوانە: عەبدولستار تاهر شەریف، ١٩٨٨،ل ٢٨٣ -٢٨٧)، ئەمەش بووە دەسپێکی قۆناغێکی مێژوویی و ئەدەبی و نوێ.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، هەندێک لە شاعیران و ڕۆشنبیرانی کورد لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستانەوە ڕوویان لە ئەستەمبوڵ کرد (بڕوانە: فەرهاد پیرباڵ،٢٠٠٢، ل١١٥)، لەم ڕووەشەوە چەندین نووسەر و شاعیر لێرەوە خۆیان پێگەیاند و گۆڕانکارییان لە فۆرم و ناوەرۆکی شیعری کوردیدا کرد.

### ١-٢-٣ قۆناغی گواستنەوە لە باشووری کوردستاندا:

گۆڕانکارییەکانی ئەوروپا و ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتدا لەوانەش لە ئەدەبیاتی کوردیدا بە هۆکاری جیا جیا دەبینرێت، سەرەتای گۆڕانکارییەکان دەگەڕێتەوە بۆ دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی (١٨٩٨)، بەناوی (کوردستان) لە قاهیرە بەهۆی بنەماڵەی بەدرخانییەکانەوە ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەیشەوە کۆچکردنی شاعیران و نووسەرانی کورد بۆ ئەستەمبوڵ و تێکەڵاوبوونیان بە ڕۆشنبیریی و کولتوور و ئەدەبیاتی تورکی، وەکو (حاجی، پیرەمێرد، مستەفا شەوقی، محەمەد میهری، ڕەحیم هەکاری...) فاکتەرێکی گرنگ بوون لە زەمینە و بەستێنی سەرهەڵدانی ئەم قۆناغە لە شیعری کوردیدا.

شیعری ئەم قۆناغە لە باشووری کوردستاندا بەگشتی لە ڕووی ناوەرۆکەوە، شیعری نیشتیمانپەروەری (سیاسی) و کۆمەڵایەتی بوون، هەرچەندە دەسنیشانکردنی سەرهەڵدانی شیعری سیاسی و نەتەوەیی ڕای جیاواز هەڵدەگرێت سەرەتاکەی ڕوون نییە، بەڵام ((زۆرێک لە نووسەران ئەم سەرەتایە دەبەنەوە بۆ شیعرەکانی (حاجی قادری کۆیی) بە دامەزرێنەری قوتابخانەی شیعری تەنویری- ڕۆشنبیری دادەنرێت)) (سەردار حمید وکەریم شارەزا، ٢٧٠٧، ل٣١) بەتایبەت لە شیعرە نیشتمانییەکانیدا، کە بە شێوەیەکی ساکار و ڕووت دەربڕیووە (بڕوانە: خورشید ڕەشید، ١٩٨٩، ل٥٧).

لە پێش (حاجی)یش شیعری نیشتمانیمان هەبووە، (مەم و زین)ەکەی (خانی) (١٦٥٠-١٧٠٦)، دواتریش (سالمی ساحبقڕان) قەسیدەیەکی پڕ سۆزی بۆ ڕووخانی میرنیشینی بابان وتووە، بەڵام نەبوون بە شێوازی شیعری شاعیران، تەنها قەسیدەیەک شاعرێک ناکات بە ڕابەری بزووتنەوەیەکی شیعریی.

(حاجی) یەکێک بوو لەو شاعیرە ڕۆشنبیرانەی، کە دوای سەفەری بۆ ئەستەمبوڵ ئەزمونێکی نوێی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا هێنایە پێشەوە و جۆرە شیعرێکی داهێنا، کە پێشتر بەکارنەبرابوو ((بۆ یەکەم جار توانی جڵەوی شیعری کوردی وەرچەرخێنێ و بەکاریبێنێت بۆ بزاوتنی هەستی نەتەوایەتی و گرتنی ڕێگایەکی تازە)) (محەمەدی مەلا کەریم،؟ ،ل٢٣). مۆتیڤی نیشتمانی زووتر لە ئەدەبیاتی کرمانجی ژوورو لای (خانی) دەرکەوت، وەک لە کرمانجی ناوەڕاستدا، (حاجی) لە شیعری نیشتمانیدا شاگردی خانی بووە (مەم و زین)ی خوێندۆتەوە و پێی کاریگەر بووە، لە کاتێکدا لە ئەستەمبوڵ مامۆستای نەوەکانی بەدرخانییەکان بووە، لەمەوە شیعری نیشتمانی لای حاجی دەستی پێکردووە (بڕوانە: رشید فندی، ٢٠٠٨،ل ١٢٤-١٢٦) و بۆ یەکەم جار (هەڵبەستی (زەمانە) لە ڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە (٣ ساڵی ١٨٩٨) بڵاوکردۆتەوە:

**ئەمان قەدری بزان ئەم کتێبە**

**لە دنیا ئێستەکی هەمتای نەماوە**

**لە ئەیامی حەیاتی شێخی**

**لەسەر نووسخەی خەتی ئەو نووسراوە)** (سەردار حەمید-کەریم شارەزا، ٢٧٠٧،ل٩٩، ١٧٧)

(حاجی) لەژێر کاریگەری شاعیران و ڕۆشنبیرانی تورکی عوسمانی توانی بە باشی ئەو گۆڕان و نوێبوونەوەیە هەرسبکات، لەوانەش گەڕانەوە بۆ زمانی سادەی خەڵک و چارەسەرکردنی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان، وشیارکردنەوەی کۆمەڵ لە بەکارهێنانی ئاین بۆ بەرژەوەندی تایبەتی و ڕێگرتن لە پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکان لەلایەن مەلا و شێخ و ئاغا و دەرەبەگ و نادادپەروەری و نایەکسانی، هەروەها بەکارهێنانی زمانی کوردی و دوورکەوتنەوە لە زمانی بێگانە و داهێنانی نۆرم و شێوازێکی نوێ لە ناوەرۆکی شیعردا، کە ڕەنگدانەوەی بارودۆخ و ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی کەتواری کۆمەڵی کوردی ئەو سەردەمە بوو، پێویستی بە هاتنەکایەی شێوازێکی نوێ بوو لەگەڵ بارودۆخەکەدا بگوونجێت.

پاش ئەوەش لە ساڵانی (١٩٢٠-١٩٣٠) کۆمەڵێ شاعیر و ڕۆشنبیری بەتوانا وەکو (شێخ نوری و گۆران و پیرەمێرد و ڕەشید نەجیب) درێژەیان بەم شێوازە نوێیەدا، چونکە لەو بارودۆخەدا شیعری کلاسیکی بەهەمان ناوەرۆکەوە نەیدەتوانی تینوێتی شاعیران و وەرگرەکانیان بشکێنێت چینێکی نوێ دەرکەوتن، کە تامەزرۆی گۆڕان ونوێبوونەوە بوون لەگەڵ تەوژمە نوێیەکانی ئەو سەردەمەی وڵاتە دراوسێیەکان و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەگشتی، شاعیران گەڕانەوە بۆ ئەدەبی فۆلکلۆر و میللی و بەکارهێنانی فەرهەنگی زمانی کوردی و هاندان و بزواندنی هەستی نەتەوایەتی و سۆزی نیشتمانپەروەری وەکو

پێویستییەکی سەردەم گۆڕانکارییەکی بنچینەییان لە زمانی شیعری ئەم قۆناغەدا کرد، لەم ڕووەشەوە دوو ئەستێرەی دیاری ئەدەبی کوردیمان دەردەکەون ئەوانیش (پیرەمێرد و گۆران )ن، کە((دوو نیشانەی گەشی سەردەمی گواستنەوەن لە ئەدەبی پەیڕەوییەوە بەرەو ئەدەبی ڕۆمانتیکی)) (خورشید ڕەشید، ١٩٨٩،ل١١٢). (شێخ نوری)یش لەگەڵ (پیرەمێرد و گۆران) لەم قۆناغەدا کاریگەر دەبن بە ئەدەبیاتی تورکی، شێوازی شیعری ئەم شاعیرانە بە سێ قۆناغدا تێپەڕ دەبێت:

١- قۆناغی لاسایی کەرەوەی زمانی شاعیرانی کلاسیکی کوردی.

٢- قۆناغی کاریگەربوون بە ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری کوردی.

٣- قۆناغی بەکارهێنانی کوردی پەتی[١].

وەکو باسمان کرد ئەم قۆناغە قۆناغێکی تێکەڵاو بوو، جگە لە شیعری کلاسیکی و ڕۆمانتیکی سەرەتاکانی شیعری ڕیالیزمیش لە شیعری هەندێ لە شاعیراندا دەرکەوت، هەرچەندە ڕەگ و ڕیشەی ڕیالیزم لە شیعرەکانی (خانی و حاجی) هەندێ لە شاعیرانی تر دەبینرێن، بەڵام وەکو قوتابخانەیەکی فیکری بەهۆی سەرکەوتنی بەرەی سۆشیالیزم لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی جێگەی خۆی گرت، بەتایبەت لە شیعری شاعیرانی (گۆران، بێکەس، دیلان، کامەران موکری، ع.ح. ب،....هتد)دا (بڕوانە: هیمداد حوسێن، ٢٠١٤، ل١٨٧-١٨٨). ئەو سەردەمەی کە (مارف خەزنەدار) بە شیعری سیاسی ناوی بردووە لە هەمان کاتدا ڕەخنە گرتنە لە باری کۆمەڵایەتی و دواکەوتویی، ناکۆکی، ناتەبایی،... هەموو ئەو بارودۆخە ناهەموارەی کوردستان لە پاش جەنگەکانی گێتییەوە هاتبوونە ئاراوە.

شیعری ئەم قۆناغە ناوێکی دیکەش لەخۆدەگرێت ئەویش سەردەم و هاتنە ئارای شیعری بەرهەڵستکارییە، ناوەرۆکی شیعریی چەکێک بوو دژی دەسەڵاتە سەپێنراوەکانی داگیرکەران و دواکەوتوویی کۆمەڵ و مافی یەکسانی و دادپەروەری و بە گژداچوونەوەی نەخوێندەواری....، کە باڵی بەسەر کۆمەڵی کوردەواریدا کێشابوو، بە وێنە لە شیعرەکانی (فایەق بێکەس)دا شێوازێکی نوێ لە شیعری (ڕیالیستی و ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە، ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە) بەدەرکەوتن، کە دەتوانین بڵێین (بێکەس) ((یەکێکە لە ڕابەرانی بیری ڕیالیستی

---

[١]- لەقۆناغی یەکەمدا سەرەتای دەستپێکی شیعری ئەو شاعیرانەیە و بەهۆی کاریگەری شیعری کلاسیکییەوە ئەم شێوازەیان تاقیکردۆتەوە، بەڵام لە قۆناغی دووەمدا، کەماوەی قۆناغی گواستنەوەیە گۆڕانکاری لە ناوەرۆک و شێوازی شیعرییدا دەکەن، لە بەکارهێنانی زمانی سادە و گەڕانەوە بۆ فەرهەنگ و فۆلکلۆری کوردی، هەروەها بەکارهێنانی جووت سەروا و کێشە سوکەکان، کە لە شیعری کلاسیکدا کەمتر بەکاردەهاتن، لە قۆناغی سێیەمدا قۆناغی شیعری نوێیە، کە (گۆران) بە ڕابەری ئەم ڕەوتە دادەنرێت. (بڕوانە: ئاسۆ عومەر مستەفا، ٢٠٠٦ ،ل٨٣ ).

شیعری کوردی، خاوەن بیری ڕیالیستی نەتەوەیی بووە)) (گۆران کاوانی، ٢٠١١، ل١٧،١٣)، لە نموونە دیارەکانی شیعری (بێکەس) شیعری (ئەی وەتەن)ە، کە بۆ کارەساتی ڕەشی (٦)ی ئەیلوولی (١٩٣٠) لە زینداندا وتوویەتی:

**ئەی وەتەن مەفتونی تۆم و شێوەتم بیر کەوتەوە**

**وەختی بەندی و ئەسارەت،پێ تەوق و کۆتەوە**

**من لە زیکر و فیکری تۆ غافڵ نەبووم، وا تینەگەی**

**حەپس و تێهەڵدان و زیللەت تۆی لە بیر بردۆتەوە** ( ئومێد ئاشنا، ٢٠٠٨، ل٦٠)

ئەم شێوازە شیعرییە لای هەندێک لە شاعیران تا پەنجاکان درێژەی هەبووە، بەتایبەت لای (سەلام)ی شاعیر، لە شیعری (کزەی جوتیار) لە شێواز و قاڵبدا کلاسیکە، بەڵام لەڕووی ناوەرۆکەوە ڕیالیزمییە (بڕوانە: ا.ب. هەوری،١٩٧٤، ل٨٥).

بەگشتی لەم قۆناغەدا هەرچەندە شیعر لە فۆرمدا کلاسیکییە، بەڵام لە ناوەرۆکدا تێکەڵە لە شیعری کلاسیکی و ڕۆمانتیکی و ڕیالیزمی، بۆیە هیچ ناوێک لەخۆ ناگرێت تەنها سەردەمی گوێزانەوەیە.

## ١-٢-٤ قۆناغی گواستنەوە لە شیعری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا:

### ١-٢-٤-١ هۆکار و زەمینە و سەرهەڵدان:

سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا قۆناغی پێشکەوتن و گۆڕانکاری و بەرهەڵستی و ڕاچەنین بوو، ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات (ئێران) لەژێر دەسەڵاتی هێز و حوکمڕانی ئێراندا و ناوچەکانی باکوور و باشووری کوردستانیش لەژێر دەسەڵاتی ئمپڕیالیزمی عوسمانییەکاندا بوون، ئەو گۆڕانکاری و ڕاچەنینانەی لە سەرەتای سەدەی بیستەم لەژێر دەسەڵاتی هەردوو هێزە تەقلیدییەکەی ڕۆژهەڵاتدا (ئێرانی-عوسمانی) بەرپابوو، شۆڕشی(١٩٠٨) و شۆڕشی (مەشروتە) (١٩٠٥-١٩١١) و بەتایبەت شۆڕشی تورکە گەنجەکانی ئەستەمبۆڵ، بووە هۆی گۆڕانی بنەڕەتی و گشتی لە ڕووی ڕۆشنبیری و هۆشیاری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی بۆ نەتەوە ژێردەستەکان، بەم هۆیەشەوە کوردە ناسیۆنالیستەکان توانیان چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەک لە شارەکانی (ئەستەمبوڵ، بەغدا، ورمێ، مهاباد) بڵاوبکەنەوە (بڕوانە:فیلیپ کرینبروک-کریستییەن ئاڵیسۆن،٢٠٠٨، ل٣٥).

لە سەردەمی گۆڕانکارییەکانی ئێران و قۆناغی (مەشروتە)دا نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران (عەرەب، تورک و ئازەر،... هتد) جۆرە ئازادییەکیان وەرگرت، کوردەکان بەشدارییان لەو شۆڕشەدا کرد و ((پێش جەنگی یەکەمی جیهانی (کۆمەڵەی ئستخلاسی کوردستان) و

کۆمەڵەی (جیهاندان)ی دامەزراند دروشمی سەربەخۆیی و یەکگرتنی کوردستانیان بەرزکردەوە، هەروەها (خەلیل خەیالی) لەگەڵ کۆمەڵێک ڕوناکبیری تری کۆمەڵەی (کورد، تەعمیم، مەعاریفی، جەمعییەتی) دامەزراند زمانی کوردیشیان لەنێو ئەو کۆمەڵەیەدا کرد بە زمانی ڕەسمی، لە سەرەتای (١٩١٣) (عەبدولڕەزاق بەدرخان) لە شاری (خۆی) قوتابخانەیەکی بە زمانی کوردی کردەوە)) (بڕوانە: مەحمود زامدار، ١٩٨٩، ل١٤-١٥).

لە سەردەمی (مەشروتە)دا کۆمەڵێک چاپ و چاپەمەنی ڕۆژنامە و گۆڤار بە زمانی فارسی بڵاوکرانەوە، ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵات هەستیان بە پێویستی و کاریگەری بڵاوکراوەکان، بۆ هاندان و پێشکەوتنی بیری نەتەوایەتی و ئازادیخوازی کرد، ((کوردانی ڕۆژهەڵاتیش لەژێر کاریگەری دەسکەوتەکانی (مەشروتە) بۆ یەکەم جار ڕۆژنامەیەک بە زمانی کوردی لە ورمێ بەناوی (کورد) لە (١٩٢١) بڵاوکرایەوە و ماوەی دووساڵ بەردەوام بوو)) (نەوشیروان مستەفا ئەمین، ٢٠٠٧،ل٤٣٣). ئەمەش زۆری نەخایاند دەتوانین بڵێین (مەشروتە) هیچ ڕەنگدانەوەیەکی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا نەبوو، بەڵکو زیاتر کوردان دەچەوسێنرانەوە و زمانی کوردی قەدەغە کرا و ڕێگەیان بە بڵاوکراوەی کوردی نەدەدا، سەرەڕای ئەوەی ئێران وڵاتێکی فرە مەزهەب و فرە ئاین و فرە زمانە، بەڵام دەسەڵاتدارانی ئێرانی دانیان بە نەتەوە جیاوازەکاندا نەدەنا و ناویان نابوو (دەوڵەتی ئێرانی)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هیچ نەتەوەیەک بوونی نییە، لەوانەش (کورد) وەکو بەشێک لە نەتەوە ئێرانییەکان سەیردەکرا (بڕوانە: نەوشیروان مستەفا ئەمین،٢٠٠٧، ل٤٤٩).

ئەم بارودۆخەش کوردانی ڕۆژهەڵاتی زیاتر تووشی نائومێدی کرد و کاردانەوەی زیاتریان هەبوو بەرامبەر دەسەڵاتی ئێرانی، لەماوەی دەسپێکی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤- ١٩١٨) لە هەموو کوردستاندا ڕێکخراو و بزووتنەوە سیاسییەکان دەستیان بە جووڵانەوە کرد، دەسپێکی ئەم جووڵانەوەش سەرهەڵدانی (ناسیۆنالیزمی کوردی، ڕاپەڕینە نیشتیمانییەکانی کورد، دامەزراندنی حزبی (ئیتیحاد و تەرەقی) لەلایەن (عەبدوللا جەودەت، ئیحسان سکوتی، ڕاپەڕینی سمکۆی شکاک (١٩١٣-١٩٤٥) شۆڕشی شێخ عەبدولسەلام بارزانی (١٩٠٧-١٩١٤) شێخ مەحمود (١٩١٩)) سەرهەڵدانی بیری ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی، دروستبونی کۆمەڵێک ڕێکخراوی سیاسی و ڕۆشنبیری و ئەدەبی و دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپخانە) (بروانە: فەرهاد پیرباڵ، ٢٠٠٢، ل١٨).

هەرچەندە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕێکخراو و گروپ و کۆمەڵەی سیاسی و ڕۆشنبیری بواری ڕۆژنامەگەری و چاپ و خوێندن بە زمانی کوردی زۆر درەنگ دەرکەوتوون، ((یەکەم ڕۆژنامە ڕۆژنامەی (کورد) لە (ورمێ) ساڵی (١٩٢١) دەرچوو، بەچەند

ناوێکی جیاواز (رۆژی کورد-شەوی عەجەم) دواتر بوو بە (ڕۆژی کورد) ئینجا (کورد)، ئۆرگانی ڕەسمی بزووتنەوەی (سمایل ئاغای شکاک) بووە)) (بڕوانە: نەوشیروان مستەفا ئەمین،٢٠٠٥،ل ٤٣٢ هەروەها بڕوانە: بەدران ئەحمەد-عوسمان دەشتی، ٢٠٠٣،ل١٥-ا). بەڵام نابێت ئەوەش لەبیربکەین لە ناوچەی موکریاندا بنەماڵەی قازی ڕۆڵێکی بەرچاویان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی و فەرهەنگی و نیشتمانی و ئەدەبییەوە هەبووە، لە ساڵی (١٩٣٠)دا ڕێکخراوێکی نەتەوەیی نهێنییان بەناوی (بزووتنەوەی محەمەد) لە مەهاباد دامەزراند (بڕوانە: کریس کۆچێرا، ٢٠٠٦ ، ل١٩٨).

لەم نێوەندەشدا ناوچەی موکریان مەڵبەندی هەڵایسان و بنیاتنەر و پێشەنگی ئەو هەوڵ و گۆڕانکارییانە بوو. بەهۆی ((پەرەسەندنی هەست و هۆشی نەتەوایەتی و پەیدابوونی کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی و ڕۆشنبیری و بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەری و چاپ و قوتابخانە)) (عوسمان دەشتی،٢٠٠٩،ل٤٣-٥٢-أ). هەر ئەمەش وای کرد لە ناوچەیەکی بەرفراوانی موکریان، کۆمەڵەی (ژ.ک) دابمەزرێت و پاش چەند ساڵێک پێشەوا (قازی محمد) توانی (کۆماری کوردستان) ڕابگەیەنێت. قۆناغی زێڕینی شیعری کوردی لەم پارچەیەی کوردستاندا لە سەردەمی کۆماری تەمەن کورتی کوردستان (کۆماری مهاباد) (١٩٤٦)دا بوو. ڕۆژنامە و گۆڤار و وەرزنامەی تایبەت بە منداڵان و بەرنامەی ڕادیۆیی و کتێب چاپکران، زمانی کوردی لە نووسین و ئاخاوتندا بەکاردەهات.

لە ساڵی (١٩٤٢)دا کۆمەڵەی (ژیانەوەی کورد-ژ.ک) گۆڤارێکی بەناوی (نیشتمان) دەرکرد، کە زمانحاڵی کۆمەڵەکە بوو لەپاش پێوەندیکردنی (قازی محمد) بە کۆمەڵەکەوە لە هەندێ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاوبووە دواتر (حیزبی دیموکراتی کوردستان)یان لە مهاباد دامەزراند و ڕۆژنامەی (کوردستان)یان دەرکرد، لە شاری (بۆکان)یش گۆڤاری (هەڵاڵە) و هەروەها (هاواری نیشتمان) دەرچوون (بڕوانە: هیمداد حوسێن، ٢٠٠٨، ل٤٩ ،٥٤).

ئەمانە و چەندین جوڵانەوە و بزاوتن و کۆڕ و کۆڕبەندی سیاسی و ڕۆشنبیری ئەدەبی لە شوێن و کاتە جیاوازەکاندا بەتایبەت ناوچەی موکریان، کە مەڵبەند و پێگەیاندنی چەندین شۆڕشگێڕ و ڕۆشنبیر و نووسەر و شاعیر بووە لە ڕۆژهەڵاتدا، هەموو ئەو ڕوداوە گرنگ و مێژوویانە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ڕەنگدانەوەیەکی بنچینەیی هەبووە بەسەر ژیانی کۆمەڵ و وشیاری و بێداربوونەوە و چەکەرەکردنی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری و بایەخدان بە زمان و کولتوور و فەرهەنگ و بڵاوکراوەی کوردی.

### ١-٢-٤-٢ قۆناغی گواستنەوە لە شیعری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا:

شیعری کوردی لەپاش قۆناغی ئەدەبیاتی کلاسیکی ڕۆژهەڵات و ناوچەی موکریان بەتایبەتی، بە پێی گۆڕانی سەردەم و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئەدەبیات بەگشتی و شیعر بەتایبەتی چووە قۆناغێکی نوێوە. نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم و نێوان هەردوو جەنگی گێتی بە قۆناغی گواستنەوەی شیعری ڕۆژهەڵات دادەنرێت.

قۆناغی گواستنەوە، یان سەردەمی ڕووناکبیری لە ڕۆژهەڵاتدا، سەرەتا و دەسپێکی لەلایەن شاعیرانی موکریان (سەیفی قازی، شەوقی، مەلا مارف)ەوە بوو، کە بوونە ڕەچەشکێنی قۆناغی پێش خۆیان (قۆناغی کلاسیک) دوای ئەمانیش نەوەیەکی تر لە شاعیران لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لەسەر دەستی ئەم شاعیرانە پەروەردەبوون و بوون بە درێژە پێدەری ئەم شێوازە شیعرییە نوێیە و تا کۆتایی پەنجاکانی سەدەی بیستەم درێژەی کێشا. کەواتە دەتوانین بڵێین ماوەی قۆناغی گواستنەوە لە ڕۆژهەڵاتدا لە سەرەتای سەدەی بیستەم تا کۆتایی پەنجاکان دەگرێتەوە.

ئەم قۆناغە شیعرییە قۆناغێکی تێکەڵاو و ئاڵۆز و ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییەکانی سەردەم بوو، لەوانەش هاتنە ئارای چەندین ڕێبازی جیاواز لە ئەدەبیاتی ئەوروپا، وەکو ڕۆمانسیزم و ڕیالیزم... هەروەها سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سیاسی و ئازادیخوازانەی گەلانی ئێران و شۆڕشەکانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان، بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بڵاوبوونەوەی بیری ناسیۆنالیسی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و ئازادی لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر (١٩١٧)، کاریگەری شاعیرانی قۆناغی گواستنەوە لە باشوور بەتایبەت (حاجی)، دامەزراندنی کۆمەڵەی (ژ.ک) و کۆماری کوردستان، هەروەها دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، ئەمانە و چەندین گۆڕانکاری دیکە بوون بە هەوێنی شیعری ئەم قۆناغە و بەرهەمی شاعیران وێنەیەکی ڕاستەقینەی ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان دەکێشا، تایبەتمەندی ڕیالیستی فۆتۆگرافی و شۆڕشگێری ڕەخنەگرانەی پێ بەخشیوە. شاعیران هەستیان بەوە کرد، ناتوانن بەهەمان شێواز و فۆرم و قاڵبی شیعری کلاسیک گوزارشت لەم قۆناغە نوێیە بکەن، وەکو چۆن هەمیشە پێویستی سەردەم ناوەرۆکی نوێ دێنێتە کایەوە.

شیعری ئەم قۆناغە گۆڕانێکی زۆری بە سەردا نەهاتووە، لە ڕووی ڕووخسارەوە لە چوارچێوەی سیستەمی عەرووز و قاڵب و کەرەستەی شیعری کلاسیکدا خولاوەتەوە زیاتر لە ڕووی ناوەرۆکەوە گۆڕان و نوێبوونەوەی بە خۆیەوە بینیوە و شەقڵ و ئەدگارێکی خەملیو و بەرجەستەکراوی نەبووە، بەڵکو لە قۆناغی دواتردا شەقڵی تایبەتی لەسەر دەستی کۆمەڵێک شاعیر، کە ڕێخۆشکەر بوون بۆ سەرهەڵدان و نوێبوونەوەی شیعری نوێ

وەرگرت. یەکێ لە خاسیەتە دیار و جیاکەرەوەکانی شیعری ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەدەبی بەرهەڵستکارییە بەتایبەت لەم قۆناغەوە دەستپێدەکات، ئەگەر سەیری مێژووی شیعری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین، وێنەی ئەم جۆرە شیعرە لە شیعری میللیدا بە وێنەی (قەڵای دمدم)ی (خانی لەپزێرین) بەدی دەکرێت. بەو واتایەی ((ئەدەبی بەرهەڵستکار بەمانا فراوانەکەی لە کوردستانی ئێراندا بەشێکە لە کەلەپووری شۆڕشگێڕانەی گەلەکەی دژی زوڵم و دەست درێژی و توانەوە)) (مەحمود زامدار، ١٩٨٩، ل٧)، ئەدەبی بەرهەڵستکاری و فکری شۆڕشگێڕی و سیاسی و مرۆڤایەتی ماکی شێوازی شیعری ئەم دەڤەرەیە، ئەویش بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسییەی، کە هەمیشە ژێردەستە بووە هیچ کات نەیتوانیوە بە ئازادی بژی هەمیشە لە خەبات و شۆڕش و ڕاپەڕیندایە.

سەبارەت بە سەرەتای سەرهەڵدانی شیعری بەرهەڵستکاری و نیشتمانی و سیاسی لە ڕۆژهەڵات، (هێرش) پێیوایە ((لە کوردستانی موکریان سەرەتای شیعری نیشتمانی و سیاسی لە پێناو ئامانج و هەستی نەتەوایەتی، هاوکات لەگەڵ داگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە بەهۆی دکتۆر مستەفا شەوقی "مستەفا قازی" ناسراو بە "قازی زادە"(١٨٩٦-١٩٥٠) دەستیپێکردووە)) (س.چ.هێرش، ١٩٩٦، ل٦٤).

ژیان و بەرهەمی (شەوقی) تا ئێستا لە چەند وتار و لێکۆڵینەوەیەک بەولاوە شتێکی ئەوتۆ لە بارەیەوە نەزانراوە، (عەلی ئیسماعیل زادە) لە وتارێکدا بە ناوی (شەوقی گۆڕ غەریب) لە چوار ژمارەی (گۆڤاری مهاباد)دا[1] گەلێک لایەنی ژیانی شاعیری بە بەڵگەوە دەرخستووە، ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە (شەوقی) لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی دەچێتە ئەستەمبوڵ لەگەڵ باوکی (قازی لەتیف) و (محمد میهری) لەپاڵ خەباتی سیاسی و ڕۆشنبیریدا لە گۆڤاری (ژین)ی ئەستەمبووڵ (١٩١٨-١٩١٩) بە زمانی کوردی و تورکی شیعریان بڵاوکردۆتەوە. لە یەکەم ژمارەی گۆڤاری (ژین)ی ئەستەمبوڵ بە پەخشان و غەزەلێکی زۆر ڕۆمانتیکی تێکەڵ بە ناوەرۆکێکی نیشتمانی و گیانی نەتەوەپەرەستی (هاواری دایکێ) دەست پێدەکات:

**لە تەئسیری فسونی ڕۆژی تابان عالەمێ شووری**
**مەگەر تۆ چاوەکانم، مێری کوردان، هێشتێ مەخمووری**

---

[1]-شەوقی بەرهەمی زۆر نەبووە، بە زۆری ئەو بەرهەمانەی ماونەتەوە ئەوانەن لە گۆڤاری (ژین) و (کوردستان)ی ئەستەمبوڵدا بڵاویکردۆتەوە، چەند لێکۆڵینەوەیەک لە سەر ژیان و بەرهەمی شەوقی کراوە، لە هەندێ لێکۆڵینەوە تیشک خراوەتە سەر ژیان و بەرهەمی، دیارترینیان وتارەکەی (عەلی ئیسماعیل زادە)یە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (عەلی ئیسماعیل زادە ،٢٠١١ ب١ ، ٢٠١١ب٢ ، ٢-١٢ب٣، ٢٠١٢ب٤) و (مومتاز حەیدەری ،١٩٨٥) و(س. چ. هێرش ، ١٩٩٦ ، ١٩٩٧) و (گ گزنگ, www.gzeng.org).

**لەناز باڵنجی خەو، ساتێ هەڵێنە سەر تەماشاکە**

**لە مێرگوڵان دەخوێنن بولبولی شەیدا بە ڕەنجووری** (عەلی ئیسماعیل زادە، ٢٠١٢، ل٩)

شەوقی گۆڕانکاری لە ناوەرۆکی شیعردا کردووە، ناوەرۆکی شیعرەکانی تێکچڕژاوە، لە نێوان خۆشەویستی ئافرەت و خۆشەویستی نیشتمانەکەی، بە تێکەڵکردنی خۆشەویستی نیشتمان و ئافرەت لەژێر کاریگەری ئەدەبیاتی تورکیدا داهێنانی لە شیعری کوردیدا کردووە، لەم بارەیەوە (مارف خەزنەدار) دەڵێت: ((شیعری ڕەنگدانەوەی فەرهەنگی زمانی شیعری ناوچەی موکریان و بزووتنەوەی شیعری نوێی عوسمانی بوو. بێگومان ئەمەیان لەژێر کاریگەری ڕۆمانتیکی ئەوروپا دروست بوو کۆواری (سەروەتی فنوون = ثروت فنون) مەیدانی بڵاوکردنەوەی بەرهەمی نوێخوازانی تورک بوو، ئیتر هەندێ شیعری مستەفا شەوقی وەک لاسایی شیعری عوسمانی دەکەونە بەرچاو، ئەوەی ماوەی هەردوو جەنگی گێتی سەدەی بیستەم لە کوردستانی باشوور نوری شێخ ساڵح و عەبدوڵا گۆران ناویان نابوو (شیعری لاسایی عوسمانی )) (مارف خەزنەدار ، ٢٠١٠، ل١٦٤ –ب٥).

بەم شێوەیە شەوقی یەکێکە لە شاعیرە ناودار و بەرچاوەکانی ئەم قۆناغە لە غەزەل و لیریکی نیشتمانی و شێوازی زمان و شێوەزاری موکریی تێکەڵاو بە زارەکانی تر و بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە شێوازی کێش و مۆسیقای ناوەکی ئاوازدار و ڕۆمانتیکییانە و ناوەرۆکی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە ڕووخسار و ناوەرۆکی شیعرەکانی دەگرێتەوە. ((یەکێکە لە ئاڵاهەڵگرانی قۆناغی ڕۆشنگەری، کە زوڵم و زۆری داگیرکەران و دوژمنانی کورد لەلایێک و ژێردەستەیی و پاشکەوتووی و نەخوێندەواری کۆمەڵگەکەی لە لایێکی دیکەوە کاریان تێکردووە و هەستیان وروژاندووە، بۆیە بنەمای بیروبۆچوونی نەتەوە خوازی لە تەواوی شیعرەکانیدا هەست پێدەکرێ)) (س.چ.هێرش، ١٩٩٦، ل٦٦).

یەکێکی دیکە لە شاعیرە دیارەکانی ئەم دەورە (مەلا مارفی کۆکەیی)ە سەرەڕای ئەوەی لە گوتنی شیعری کۆمەڵایەتی و ڕەخنەییدا دەستێکی باڵای هەبووە، کۆمەڵی کوردەواریشی باش ناسیوە و هۆی پاشکەوتوویی و نەخوێندەواری گەلی کوردی شارەزایانە دەستنیشان کردووە. لە پارچە شیعرێکیدا ئەو مەبەستانە بەڕوونی دەردەبڕێت و دەڵێت:

**بۆ بێ خەبەرن دەوری جەهاڵەت سپەری بوو**

**بێ نوور و چرای جامیعەیی بادە پەرستان**

**ئەوڕۆ کە لە فەن و هونەر و عیلم و سەنایع**

**هەر کوردە کە بێ حیسەیە، باقی هەموو وەستان** (مەلا مارفی کۆکەیی،١٩٤٢،ل ٢٠)

یەکێک لەو شاعیرانەی پێشەنگی شیعری نیشتمانی و سیاسی موکریانە و نازناوی (مامۆستای شاعیرانی موکریان)ی پێبەخشراوە (سەیفی قازی)یە، کە شوێن پێی لەسەر شاعیرانی دواتری موکریان بە ڕوونی دیارە، (هێمن موکریانی) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((ئەم شاعیرە بە مامۆستای شاعیرانی نیوەی یەکەمی کوردستانی ئێران دەزانم. شاعیرەکانی پێش ئێمەی موکریان وەک شێخ ئەحمەدی سریلاوا و دوکتۆر شەوقی و خاڵەمین و سەید کامیل ئەگەر نەشڵێن بیری نەتەوایەتی لەو فێربوون دیارە ئوسلوبی بەکارهێنانی وشەی ڕەسەنی کوردی و زمانی شوان و سەپان و جوتیارییان لەو وەرگرتووە، ئیمەش شاعیرەکانی پاش ئەوان وەک هەژار و عەتری گلۆلانی پەیڕەوی ئەوانمان کردووە و دیارە شاعیرەکانی لاویش وەک سوارە و هاوار و مەحمودی و مەلا غەفوور ئەم ڕێڕەوەیان بەرنەداوە)) (بەدران ئەحمەد-عوسمان دەشتی،٢٠٠٣، ل٣٥-ا).

(سەیفی قازی) وەکو شاگردێکی بیری نەتەوەیی (ئەحمەدی خانی) و (حاجی قادری کۆیی)، جگەلە بەکارهێنانی وشەی ساکار و زمانی ئاخاوتنی نێو لادێ و دێهاتەکان، لەباری داهێنانی کێشی برگەییش لە دەربڕین و شێوازی داڕشتندا، شیعرەکانی لە شێوازی شیعری میللیی دەچێت بەتایبەت لەو شیعرانەی بە شێوەی نامەی شیعریی بۆ هاوڕێ و دۆستانی نووسیوە:

**یادم بۆ ناکەی یادت بەخێر بێ**

**وەعدەی زوو هاتنت وەختە زۆر دێر بێ**

**هێندە تەماشای ڕێی هاتنت کرد**

**چاو خێل بوون لەسەر سەربان و سەرگرد** (ئەنوەر سوڵتانی-حەسەن قازی، ٢٠٠٨، ل١٢٩)

هەرچەندە تەمەنی (سەیف) لەگەڵ ڕووخانی کۆمار ئاوا ئەبێت، بەڵام بەرهەمەکانی دەرگایەکی مەزن بۆ شاعیرانی دوای خۆی والآدەکات.

خاسیەتێکی دیاری ئەم قۆناغە تێکەڵاوی بابەتە کلاسیزمی و ڕۆمانتیکی و ڕیالیزمییەکانە لە ناوەرۆکی شیعری شاعیراندا، لەم ڕووەشەوە بابەتی ڕۆمانتیکی بەشێکی زۆری شیعرەکانی (هێمن) و (محەمەد نوری گلۆلانی "عەتری") دەگرێتەوە لەوانەش بەهای جوانی و ئازادی و جوانی سروشت و خود، سروشتی کوردستان و ئەندێشە و خەون و خەیاڵ، ڕەشبینی و گەشبینی، خۆشەویستی و سادەیی و ڕەوانی لە دەربڕیندا، شێوازی زمان و ئیماژ و وێنە و مۆسیقای شیعری...). (محەمەد نوری) (لەگەڵ شەو بە شێوەیەکی ڕۆمانسییانە دەکەوێتە گفتوگۆ و دەڵێت:

**شەوی تاریک وەرە بکشێ بە سەرما**
**کە ئامێزت پەنای ڕۆژگار ڕەشانە**
**وەکو ژێنەی چرای ئەستێرەکانت**
**کە ڕووو زەردیم لەبەر تالیع گەشانە** (رزگار عومەر فەتاح،٢٠١٣، ل ٧٢-٧٣ )

هەروەها (هێمن) بە هەستێکی ڕۆمانتیکیانە لە دەقی (ڕۆژگاری ڕەش)دا، بە ئاهو حەسرەت و خەمی بۆ ڕۆژگاری شکۆمەندی کۆماری مهاباد و دەسەڵاتی پێشەوا کە ڕاستەوخۆ دوای ڕوداوەکە وتویەتی:

**ڕۆڵەی وەفاداری کورد**
**پێشەوای ئارام و ورد**
**بۆ کورد ژیا، بۆ کورد مرد**
**گیانی فیدای گەلی کرد** (بەدران ئەحمەد- عوسمان دەشتی ،٢٠٠٣،ل٩٥-ب)

هەر لەم ماوەیەشدا (هێمن) بە ئاوێتەکردنی (ئەوین و سیاسەت) گۆڕانکاریی لە ناوەرۆکی غەزەلدا کرد و بەجۆرێک (غەزەلی سیاسی) هێنا ئاراوە، کە پێشتر غەزەل لەدەوری ناوەرۆکێکی (عاشقانە-عارفانە) دەخولایەوە و قالبی گرتبوو. ئەمەش لەژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی غەزەلی نوێی فارسی (ئەو قالبەی کە بە غەزەلی نوێ ناوی دەرکردووە، فارسەکان پێی دەڵێن نیوکلاسیک) (یوونس ڕەزایی، http://eebokan.com/2016/4/%9)، غەزەلی نوێ لەسەر دەستی (هێمن) بووبە ڕەوتێکی نوێ و شاعیرانی هاوزەمانی (هێمن) لەوانەش (هێدی)[١] و شاعیرە نوێخوازەکان درێژەیان بەم ڕەوتە داوە.

لەگەڵ هاتنە سەر حوکمی "ڕەزاشا"ی پەهلەوی (١٩٢٥) باری کۆمەڵایەتی و سیاسی بەرەو ئاڵۆزبوون دەڕوات، بەهۆی زوڵم و زۆری دەسەڵاتی شاوە و قەدەغەکردنی زمان و کەلەپووری کوردی و پەلاماردانی عەشیرەتە ناودارەکان و سەرکوتکردنی ڕاپەڕین و بزووتنەوە سیاسی و نیشتمانییەکان، هەستی نیشتمانپەروەری زیاتر پەرەدەسێنێ و شاعیرانیش شیعرەکانیان وەکو چەکێک دژی دەسەڵات بەکاردێنن، (لەم قۆناغە شیعر پێ دەنێتە قۆناغێکی ڕیالیستی کۆمەڵخوازی و نەتەوەخوازی تایبەت بێژانە و یەک لایەنە، کە هەم باری نەتەوایەتی تیا بەرجەستە دەبێتەوە هەم باری چینایەتی) (س.چ.هێرش، ١٩٩٦،

---

[١]- هێدی تەنها شاعیری قۆناغی گواستنەوەیە کە تا ئێستا لە ژیاندا ماوە، دوو بەرهەمی بە ناوی (کاروانی خەیاڵ و ئاوێنەی شکاو یان بیرەوەرییەکانی هێدی)یەوە هەیە، بڕوانە: (خالیدی حیسامی "هێدی" ،١٩٩٧)و(خالید ئاغای حیسامی "هێدی"، ٢٠٠٨).

ل٦٧). (سەیف) وەکو شاعیرێکی وشیار، ئازایانە دێتە دەنگ و هاوار دەکا و ڕەخنە لە دەسەڵاتی ڕژێمی پەهلەوی دەگرێت:

**بۆچی زوبانی دایکی لە ئێمە مەنع کرا ؟**

**بۆ هێندە زوڵم و زەحمەت و فەرقو جودائییە؟**

**یا دەرکراوی مەوتەنە یا حەبسی بێ گوناه**

**کوردێکی ئاقڵ و مەردی حسابییە** (ئەنوەر سوڵتانی- حەسەن قازی، ٢٠٠٨،ل٢٥٣)

هەروەها لەگەڵ دامەزراندنی کۆمار و دەرچوونی ڕۆژنامەکان، شاعیران هەلیان بۆ دەڕەخسێت لاپەرەی گۆڤارەکانیان دەکەنە مەیدانی بەرگری و بەرهەڵستکاری هەموو لایەنە نالەبارەکانی ژیان، یەکێ لە هەڵبەستە جوان و پڕ تین و گوڕەکانی گۆڤاری (کوردستان) هەڵبەستی (یاوەتەن یامردنم)ی (محەمەد گلۆڵانی "عەتری")یە:

**دوژمنی بەدخوو ئەگەر تۆ بمدەیەی زێڕی وڵات**

**دار و بەردی خۆڵ و خاکم بۆ بکەیتە حاسیلات**

**بمکەیە سەر داری دونیا تاجی شاهیم کەی خەڵات**

**شەرتە تێهەڵدەم لە تاجت بیگەینمە ڕۆژهەڵات**

**چۆن دەبێ، مەحکوومی تۆ بم، کەچ بکەم بۆت گەردنم**

**نامەوێ ئەو ژینە تاڵە، یا وەتەن یا مردنم** (محەمەد گلۆڵانی "عەتری"،١٩٤٦، ل ٣١)

بەم شێوەیە قۆناغی کلاسیزمی نوێ لە ڕۆژهەڵاتدا (بە درێژایی بیست ساڵ (١٩٢٠-١٩٤٠) زەبر و زۆری دیکتاتۆر و سەرەڕای زمانئامان و کوردی قەدەغەکرانی دەورەی سەڵتەنەتی ڕەزاشای پەهلەوی بە هەوڵ و هیمەتی ئەدیبی زانا و شاعیری نیشتمانپەروەر حەسەن سەیف (سەیفولقوزات)ەوە ڕچەی بۆشکا و بەهۆی شاعیرانی مەزن و مەشهووری ئەم مەکتەبە (هەژار) و (هێمن) لە گشت کوردستانی گەورەدا نوێنەری کرا و لەلایەن هەموو ئەو شاعیرانەی لە سەرەتای دەسپێکرانی شەڕی دووەمی جیهانی لەگەڵ دامەزران و گەشەکردنی کۆمەڵەی (ژ.ک)دا سەریان هەڵدا وەک (خاڵەمین، سەید کامیل، حەقیقی) و باقی بوێژانی دەورەی جومهووری کوردستانەوە پەیڕەوی کرا) (محەمەد بەهرەوەر، ٢٠١١، ل٦٨). ئەموونی ئەم شاعیرانە ڕێپیشاندەر و ڕێگە خۆشکەر بوو، بۆ نەوەی دوای خۆیان شێوازێکی نوێیان لە شیعری ڕۆژهەڵاتدا داهێنا.

### ١-٢-٤-٣ تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە لە ڕووی ڕووخسار و ناوەڕۆکەوە[١]:

ڕووخسار و ناوەڕۆکی شیعریی لەم قۆناغەدا بەگشتی، شێوازێکی قاڵب گرتووی چەسپاو و دیاریکراوی نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ کلاسیکدا جیاوازی هەبووە، لەوانەش:

١- زمانی شیعریی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، شاعیران هەوڵیانداوە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە و ئەدەبی زارەکی و میلیی و فۆلکلۆر تێکەڵ بە زمانی شیعری بکەن، هەروەها دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی ئەو زمانە دەق گرتووەی شیعری کلاسیک، کە زمانێکی ئاڵۆز و تێکەڵاو لە وشەی عەرەبی و فارسی و تورکی بوو، بەکارهێنانی وشە و واژەی کوردی. زمانی نووسین ئەو زمانە بوو، کە زۆرینەی میللەت تێبگات، شێوازێکی ئاسان و ساکار بێت بۆ هەموو خەڵک، نەک تەنها چینێکی دیاریکراو، بۆیە هەندێک لە شیعرەکان سادە و ساکار دێنە پێش چاو، خاسیەتی شیعری میلیی و شاعیری میلیی بە شاعیران بەخشیوە.

٢- بەگشتی بەکارهێنانی کێش هەمان کێشی شیعری کلاسیکی (عەرووز) بوو، لە بری یەکێتی سەروا (سەروای یەکگرتوو)، هەندێ جار (جووت سەروا) بەکارهاتووە، بەڵام لەپاڵ ئەمەشدا هەندێک شاعیر هەوڵی دەرچوونیانداوە لە قاڵبە باوەکانی کلاسیکی و کێشی بڕگەییان تێکەڵ کردووە، بەتایبەت ئەم دیاردەیە لە شیعرەکانی (سەیف)دا دەبینرێت.

٣- لە ڕووی بەکارهێنانی قاڵبی شیعرییەوە قاڵبی هەمەڕەنگ و جۆراوجۆر بەکارهاتوون، ئەو قاڵبە شیعرییانەی لەم شێوازەدا تاقی دەکرێتەوە لەچاو شێوازەکانی پێشوو بەرچاوبوو، بۆ نموونە هەر لە (تاریک و ڕوون)ی (هێمن)دا هەموو ئەو قاڵبانەی خوارەوە بەرچاوە، (مەسنەوی-جووت قافیە، غەزەل، قەتعە، تەرجیع بەند، تەرکیب بەند، دوو بەیتی، پەیوەستە و موسەمەت)، جگەلە کێشی عەرووز و کێشی بڕگەیی.

٤- هاتنە ناوەوەی ڕەگەزی نوێی ژانری چیرۆک، دراما، لەنێو شیعردا، وەکو، دیالۆگ، گێڕانەوە، وێنەی درامی... تاد.

٥- ڕێبازی زاڵی ئەدەبی لە شیعری ئەم قۆناغەدا ڕیالیزمە، بۆ یەکەم جار لای شاعیران(سەیف) و (کۆکەیی) شیعری کۆمەڵایەتی و سیاسی دەرکەوت. دواتر لەگەڵ دەرکەوتنی ڕیالیزمی سۆسیالیستی لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا و دامەزراندنی کۆمار و دەرکەوتنی شاعیرانی وەکو (هێمن و هەژار...) ڕیالیزمی سۆسیالیستی باڵی بەسەر شیعری ئەم قۆناغەدا کێشا.

---

[١]- بەگشتی لە دیاریکردن و دەستنیشانکردنی خاسیەت و تایبەتمەندیی ئەم قۆناغە سودمان لەو خاڵانە بینیوە، کە (ڕەهبەر مەحمود زادە) بە تایبەتمەندیی شێوازی شیعری موکریانی داناوە و دەستنیشانی کردوە، ئەو قۆناغەی (ڕەهبەر مەحمود زادە) بە قوتابخانەی شیعری موکریانی ناوبردووە، هەمان قۆناغی (نیوکلاسیک = کلاسیزمی نوێ)ی بابەتەکەی ئێمە دەگرێتەوە (بڕوانە: ڕەهبەر مەحمود زادە، ٢٠١٣ ، ل ٢٨).

٦- شیعری شاعیرانی قۆناغی گواستنەوە لەڕووی ناوەرۆکەوە لە شێوازە کۆنەکانی کلاسیزم لایانداوە، بە شێوازێکی نوێ و گۆڕانکارییەوە ناوەرۆکی شیعری نەتەوایەتی و هەستی نیشتیمانپەروەری و پێشکەوتنی کۆمەلایەتی و وشیاربوون و بێداربوونەوەی کۆمەڵ و هەوڵدان بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان...، لەخۆگرتووە.

٧- ئەم قۆناغە لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا دوایین قۆناغی شیعری نەریتی کوردییە، بۆیە سەیر نییە ئەگەر سەنتێزێک لە هەموو شێواز و ئەزمونەکانی پێشووی تێدا بەدی بکرێ، دیارترین سەنتێزیش غەزەلی نوێیە بەهەمان قاڵبی غەزەلی کۆن، بەلام لە زمان و شێوازی دەربڕین نوێیە.

**١-٣ تەوەری سێیەم: قۆناغی سێیەم/ شیعری هاوچەرخ و نوێ**

**١-٣-١ سەرهەڵدانی شیعری نوێ لە ئەدەبیاتی کوردیدا:**

شیعری کوردی بە شێوەیەکی گشتی لەدوای هاتنی ئینگلیزەکانەوە گۆڕانکاری بەسەردا هات، یاسا جێگیرەکانی پێشووتری کلاسیک لە ڕووی فۆرم و ناوەرۆکەوە لە باشووری کوردستاندا لەباربران، بەلام ئەوە نەگەیشتە ئەو ڕادەیەی پێی بگوترێت نەوەیەکی نوێی پێگەیشتوو، شاعیرانی کورد لە باکووری کوردستاندا بەتایبەتی (عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری)، بەسەرئامەدی نوێبوونەوەی شیعری کوردی ناسراوە (بڕوانە: فەرهاد پیرباڵ، ٢٠٠٢). ئەو ڕەوتە شیعرییەی، کە (هەکاری) لەسەری ڕۆیشتووە بریتیبووە لە ئەدەبی ڕۆمانسی فەڕەنسی و ئەڵمانی، کە شاعیرانی ئەوسا بە شێوەی وەرگێران و ڕاستەوخۆ پێی کاریگەر بوون، هەر ئەو چەشنە نوێبوونەوەی تورکەکانیش بووە، کە کاریگەری کردە سەر نەوەی نوێی کوردی لە باشووری کوردستاندا.

**١-٣-٢ ئەدەبی نوێی کوردی لە باشووری کوردستاندا (قوتابخانەی گۆران):**

پێشینەی نوێگەری لە کوردستانی باشووردا ڕەگێکی سەرەتایی هەبووە، چونکە پێش ئەوەی نوێگەرییەکە بەو شێوەیە بێتەکایەوە، ناوەرۆکی شێوەگەری لای هەندێ شاعیر وەک (حاجی قادری کۆیی) گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە لە غەزەلێکی ئەڤینییەوە بۆ غەزەلێکی کۆمەلایەتی و سیاسی گۆڕاوە.

دوا بە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی شاعیرانی باشووری کوردستان لە دوو ڕێگەوە کەوتبوونە ژێر کاریگەری تورکەکان، شاعیرانی وەکو (پیرەمێرد) و (ئەوڕەحمان بەگی بابان) و (مستەفا شەوقی) بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەر بوون، ئەوان لە ئیستەمبوڵ لە ڕێگەی

بڵاوکراوه و ڕۆژنامه و گۆڤارەکانەوە ئاگاداری جموجوڵی شەپۆلی نوێگەری (ئودەبای فەجری ئاتی و سەروەتی فنوون) بوون، کە دوای گەڕانەوەشیان (جگە لە شەوقی) هەر بەردەوام بوون لەسەر ئەو ڕەوتە.

دووەم شاعیرانێک بوون لە وێنەی (شێخ نووری شێخ ساڵح) و (ڕەشید نەجیب) و (گۆران)، کە پاش نەوەی یەکەم دەستیان دایە نوێکردنەوەی شیعری کوردی بە شێوەیەکی لاساییکەرەوە شیعریان دەنووسی لەو بارەیەوە (گۆران) دەڵێت: ((شاعیران و نووسەرانی ئەوسا بە تایبەتی شێخ نووری و ڕەشید نەجیب و من، کە پێکەوە بە ئەدەبی تورکی موتەئەسیر بووین)) (عەبدولڕەزاق بیمار، ١٩٧٠، ل٣).

(ڕەشید نەجیب) و (شێخ نووری) ماوەی چەند ساڵێکی کەم لەسەر ئەو ڕەوشە بەردەوام بوون، دواتر پاشەکشەیان کرد و (شێخ نووری) گەڕایەوە سەر شیعری کلاسیکی و (ڕەشید نەجیب)یش وازی لە نووسین هێنا، بەڵام (گۆران) وردە وردە لەسەر ڕەوتەکە بەردەوام بوو، شیعری گۆران بە سێ قۆناغی گرنگدا تێپەڕیوە و تا گەیشتوەتە ئەوەی لە ڕووی ناوەڕۆک و ڕووخسارەوە نوێبووەتەوە بووە بە قوتابخانەی شیعری نوێ، ئەو قۆناغانەش دەتوانین بەم شێوەیە دەستنیشانی بکەین:

١- قۆناغی ڕۆمانتیکی (١٩٢٠-١٩٣٠).            ٢- قۆناغی ڕیالیزمی (١٩٣٠ -١٩٤٥).

٣-گۆران و دەرکەوتنی بیری ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە (١٩٤٥ -١٩٦٢) (حسين على شانوف، ١٩٧٥،ل ٢٨).

بەم شێوەیە قۆناغەکانی شیعری (گۆران) لە ڕۆمانسییەتەوە بەرزتر ڕۆیشت بۆ ڕیالیزم و سیمبۆلیزم تا وای لێهات شیعر و بەرهەمی (گۆران) بە قوتابخانەیەکی نوێگەری ناسرا، کە ئەمڕۆ لەنێو ئەدەبی کوردیدا بە قوتابخانەی شیعری گۆران ناسراوە و ماوەکەی نزیکەی سی وحەوت ساڵێک دەبێت، واتە بەشێوەیەکی گشتی ماوەی ئەوساڵانە لە ئەدەبی کوردی کرمانجی ناوەڕاست بە شیعری نوێ ناسراوە، نوێکردنەوەی ئەدەبی قوتابخانەی (گۆران) زیاتر لە شیعردا بووە و ژانرەکانی دیکەی وەکو چیرۆک و ڕۆمانی بە هیچ شێوەیەک لە پرۆژەی نوێگەری قوتابخانەکەدا شوێنی بۆ دابین نەکراوە.

لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا کۆمەڵێ گروپ دەرکەوتن، کە کاریگەرییەکی بەرچاویان لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا هەبوو، لە ساڵانی (١٩٦٧-١٩٦٨)دا گرووپی (کەرکوک-کفری) لەلایەن کۆمەڵە ئەدیبێکەوە، کە پێکهاتبوون لە (لەتیف هەڵمەت، لەتیف حامید، فەرهاد شاکەلی، ئەحمەد شاکەلی) لەژێر کاریگەری شیعری نوێی عەرەبی، بەیاننامەیەکیان بەناوی (شێتەکان، سەرنج، هەڵوێست، پرۆژە) لە مانگی (٧)ی ساڵی (١٩٧١)

دەرکرد (بڕوانە: عەلی تاهیر بەرزنجی، ٢٠٠٨، ل٦١-٦٤). هەروەها لە پایتەختی عێراق (بەغدا) کۆمەڵێک نووسەر و شاعیر (شێرکۆ بێکەس، جەلالی میرزا کەریم، جەمال شارباژێڕی، کاکە مەم بۆتانی) لە دەوری یەکتر گردبوونەوە و بانگەوازی ئەدەبێکی نوێیان کرد بەناوی (ڕوانگە)، ئەو شاعیر و نووسەرانە مانفێستێکیان دەرکرد بەناوی (لە ڕوانگەی ئەدەبی نوێی کوردیمانەوە) (بڕوانە: گ ڕوانگە، ١٩٧٠،ل١٠). تیایدا داوای دەرچوون لە یاسا و ڕێسا کۆنەکانی قوتابخانەی شیعری (گۆران) و ئەدەبی نیمچەکلاسیکی دەکرد و زەمینەیان خۆش کرد بۆ دەرکەوتن و سەرهەڵدانی بزووتنەوە نوێخوازە هاوچەرخەکان.

بانگەوازی (ڕوانگە) گفتوگۆ و دەمەتەقێیەکی زۆری دروستکرد و ڕۆشنبیر و ڕەخنەگران دابەشبوون بەسەر دوو گروپدا، هەندێکیان پاڵپشتیان لە بزووتنەوەکە دەکرد، هەندێکیشیان بەپێچەوانەوە نەیاری بوون[١]، زۆربەی ڕەخنەگرانی مێژووی ئەدەبی کوردی (ڕوانگە) بەسەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبی هاوچەرخی کوردی دەزانن. هاوزەمانی ئەمەش پاش ماوەیەک لە بڵاوبوونەوەی بەیاننامەی (ڕوانگە)، گرووپی (کەرکوک-کفری) بە ئیمزای (لەتیف هەڵمەت) و (فەرهاد شاکەلی) لە کۆنگرەی (یەکێتی نووسەرانی کورد) لە هەولێر بەیاننامەکەیان لە (١٤ گەلاوێژی ١٩٧١)دا بەسەر ئامادەبوواندا دابەش کرد (بڕوانە: ئەبوعوبەید عەبدوڵلا زیاب، ٢٠٠٥،ل٤٧). پاش ئەم قۆناغەش لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا گرووپی( پێشڕەوەکان)[٢] لە هەولێر کار و چالاکیان نواندووە و هەندێک ڕەخنەگر بە تەواوکەر و هەندێکیش بە ڕێچکەیەکی نوێی شیعری جیاوازی دوای (ڕوانگە)ی دادەنێن.

(لەساڵانی (١٩٨٣- ١٩٨٤) (فەرهاد پیرباڵ) لەگەڵ کۆمەڵە ئەدیبێکی تر لەوانە (هاشم سەراج، ئەنوەر مەسیفی، عەباس عەبدوڵلا یوسف، سەلاح عومەر، نەوزاد ڕەفعەت)، گۆڤارێکیان دەرکرد بەناوی (هاودەنگ)، کە دوو ژمارەی لێدەرچوو. هەر لەو سەردەمەدا (عەباس عەبدوڵلا و جەلال بەرزنجی و دڵشاد عەبدوڵلا) هەوڵیاندا پێکەوە لە نامیلکەیەکی شیعرییدا هزری نوێخوازی بڵاوبکەنەوە و ناوی بنێن (سێ)). (زاهیر ئیسماعیل سەعید، ٢٠١٤، ل٣). (عەباس عەبدوڵلا یوسف) ئەم سەردەمەی شیعری حەفتاکان و قۆناغی دواتری

---

[١]- (حوسێن عارف) هەموو ئەو وتار و گفتوگۆیانەی لە کتێبێکدا کۆکردەوە و لەژێر ناونیشانی (ڕوانگە، یاران و نەیارانی) لە چاپداوە (بڕوانە: حوسێن عارف ، ٢٠٠٥).

[٢]-گروپی پێشڕەوییەکان لە ساڵانی هەشتاکانەوە، کە پێکهاتبوون لە شاعیران (سەباح ڕەنجدەر، جەلال بەرزنجی، هاشم سەڕاج، ئەنوەر مەسیفی، عەباس عەبدوڵلا یوسف، دڵشاد عەبدوڵلا)، گۆرانێکی بنەرەتییان لە فۆرم و شێوازی شیعرییدا کرد، لەوانەش (داهێنانی وێنەی شیعریی، ڕوونبێژی، زمانی شیعریی، هێمای شیعریی، بابەتی نوێ، فۆرمی گران...تاد) (بڕوانە: حوسێن غازی گەلاڵەیی ،٢٠١٠، ل١٠).

خستۆته نێو سێ قوتابخانەی شیعرییەوە: (قوتابخانەی کفری، قوتابخانەی ڕوانگە، قوتابخانەی هەولێر) (هیمداد حوسێن،٢٠١١، ل ٤٩).

هەروەها (ئەنوەر مەسیف)یش (مانفێستی) شیعری (فۆرمی گران)ی هەر لەدوای ڕاپەڕین بڵاوکردۆتەوە، لە (ساڵی ١٩٩٤ گرووپێکی نووسەران لە وێنەی (فەرهاد پیرباڵ، کەژاڵ ئەحمەد، ئەحمەدی مەلا، ڕزگار شێخانی، نەزەند بەگی خانی، مەهاباد قەرەداغی، ئازاد حەمە شەریف) لە دەوری یەک کۆبونەوە (مانفێستی وێران)یان بڵاوکردەوە لە گۆڤاری (وێران) (بڕوانە: گ وێران،١٩٩٤)، کە زمانحاڵی بزووتنەوەکە بوو، ئەدەبیاتی (وێران) بەهۆی باری لەناکاو و ناخۆشی گەلی کورد لەوسەردەمەدا هاتەکایەوە، ئەدەبیاتێک بوو پڕاوپڕ لە بایەخدان بە ڕێبازی سوریالیستی و فۆرم گەرایی و تێکشاندنی زمان و قاڵبەکان و تێکەڵاو بوون لەگەڵ باری دەروونی مرۆڤدا.

بەم شێوەیە ئەدەبیاتی نوێی کوردی و هاوچەرخەکەش تەمەنیان ناگاتە سەدەیەک، هەروەها لە ڕووی زاراوەشەوە گەلێ جار گرفت دروست دەبێت، بەتایبەت لەبەر ئەوەی لە ئەدەبی کوردی و عەرەبیدا زاراوەی (نوێ) جیاوازە لە (هاوچەرخ)، واتە لە ماوەی زەمەنی و فۆرم و شێوازیشەوە جیاوازیان هەیە، بەڵام لە ئەدەبیاتی فارسیدا تا ئێستاش زاراوەی (معاصر) بۆ ئەم دوو جۆرەی شیعر بەکاردەبرێت، واتە فارسەکان بە ئەدەبیاتێک دەڵێن (معاصر)، کە لە سەدەیەک تێپەڕی نەکردبێت بە هەردوو جۆری نوێ و هاوچەرخەکەیشەوە[١]، بۆیە ئاماژەمان بەو خاڵە گرنگە کرد ئەدەبی نوێ و هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بمانەوێ و نەمانەوێ سەرەتا لەژێر کاریگەری ئەدەبیاتی هاوچەرخی فارسیدا هاتۆتە کایەوە و ڕەنگە لە زۆر شوێنیشدا تا ئێستا نوێگەری و هاوچەرخەکەش لە ئەدەبیاتی کوردی ڕۆژهەڵاتدا بەیەکەوە بەکارهاتبێت، بۆیە ئێمە هەردووکیان بەیەکەوە بەکاردەبەین و پێکەوە باسیان دەکەین.

### ١-٣-٣ شیعری نوێ و هاوچەرخ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا:

سەرەتاکانی نوێبوونەوەی شیعریی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێوەندی ڕاستەوخۆی بە نوێبوونەوەی ئەدەبیاتی فارسییەوە هەیە، هەر چەشنە گۆڕانکارییەک لە ئەدەبیاتی فارسیدا ڕووی دابێت لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتیشدا زوو یان درەنگ ڕەنگیداوەتەوە.

---

[١]- زاراوەی هاوچەرخ واتا (هاوسەردەم-هاوسەدە) زیاتر مەبەست لە هێڵێکی زەمەنییە، بە واتای دیاریکردنی شاعیرانی سەدەیەک لە ڕووی کاتەوە، (شاهۆ) لەبارەی شیعری هاوچەرخەوە دەڵێت: ((هاوچەرخ پێناسەیەکی گشتییە و شیعری هاوچەرخ دەربڕینی ستایل و شێواز و جیهانبینی و فەلسەفەی شیعریی نییە ، بەڵکو تەرمێکی گشتییە و هەموو شیعرێکی نوێ هاوچەرخە، بەڵام هەموو شیعرێکی هاوچەرخ نوێ نییە)) (عەبدولخالق یەعقوبی "شاهۆ"،٢٠١٦، ل؟).بەم پێیەش شیعری هاوچەرخی فارسی لە (نیما)وە دەست پێدەکات و تا ئێستا، بەهەمان شێوەش شیعری هاوچەرخی ڕۆژهەڵات لە شاعیرانی قۆناغی گواستنەوەوە و هەوڵەکانی (سەیف)ەوە دەست پێدەکات تا ئێستا.

**١-٣-٣-١ شیعری هاوچەرخی فارسی:**

سەرەتاكانی سەرهەڵدانی شیعری فارسی بۆ سەدەی دووەمی كۆچی دەگەڕێتەوە سێ شێواز و سەبكی شیعری (خۆڕاسانی، عێراقی، هیندی) لە شیعری كلاسیكدا بەدی دەكرێت، هەموو یاسا و بنەماكانی شیعری كلاسیكی لە بەكارهێنانی كێش و قافیەدا، هەموو هونەرەكانی ڕەوانبێژی و زمانی ئاڵۆز و تێكەڵاوی بە درێژایی چەندین سەدەی شیعری كلاسیكی فارسی درێژەی هەبووە (بڕوانە: ئامر تاهر،٢٠٠٦،ل١٥).

مێژووی شیعری هاوچەرخی فارسی دەگەڕێتەوە بۆ كۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم ((لێكۆڵەرانی ئەدەبی هاوچەرخی فارسی بەشێوەیەكی هەمەكی كۆكن لەسەر ناوهێنانی قۆناغێكی نەوەد ساڵە بە ئەدەبیاتی هاوچەرخ، واتە هەرچی بەرهەمی نوێگەری سەدەی ڕابردوو، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی یەكەم شیعری (نیما) بە هاوچەرخ دادەنرێت، تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ)) (سەنگەر ناضم حوسێن،٢٠١٥،ل٥٥)، لەم ڕووەشەوە چەند ڕەوت و دابەشكردنێكیان دەستنیشاكردوە، كە تارادەیەك لەیەك نزیكن، لەوانەش (محەمەد ڕەزا شەفیعی كەدكەنی، پەروین شەكیبا، محەمەد جەعفەر یاحەقی...)[١]، بەوێنە (كەدكەنی) خولەكانی بەم جۆرە دابەشكردووە: (پێش مەشروتە، سەردەمی مەشروتە(١٩٠٥-١٩١١)، سەردەمی ڕەزا شا (١٩٢٠-١٩٤٠)، ساڵانی(١٩٤٠-١٩٥٢) و (١٩٥٢-١٩٦٠) و (١٩٦٠-١٩٦٩) بە سێ قۆناغ دیاریكردووە.

هەندێكیش لەدوای شۆرشی گەلانی ئێران (١٩٧٩)ەوە تا ئەمڕۆ وەكو دواقۆناغی شیعری هاوچەرخ ئاماژەیان پێكردووە (سیدحسین امین، ١٣٨٤، ل١٠٨).

كۆتایی دەسەڵاتی قاجارەكان لە ئێران و سەرهەڵدانی شۆڕشی مەشروتە و شەڕی یەكەمی جیهانی، بارودۆخێكی لەبار و گونجاوبوو بۆ لەدایكبوونی شیعری هاوچەرخی فارسی. ئەدەبی هاوچەرخی فارسی و شاعیران بەتایبەت بەقووڵی كەوتبوونە ژێر كاریگەری ئەدەبیاتی فەڕەنسییەوە، لە كۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم فۆرمی شیعری ئازاد لە ئەوروپا سەری هەڵدا، شاعیرانی فەرەنسا دژی كۆت و بەندی كێش و سەروا هەستان و داوایان كرد شاعیران ئازادانە هەستەكانیان دەرببڕن و كێش و سەروای شیعر تەنها ئەوەندە بێ لە پەخشانی جیا بكاتەوە (بڕوانە: فەرشید شەریفی، ١٣٧٧،ل٢٠).

ئەم گۆڕان و پێشكەوتنانە بەتایبەت ئەدەبیاتی ڕۆمانتیكی فەرەنسی، كاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئەدەبیاتی فارسی هەبوو. یەكێ لە شاگردانی ئەم بوارەش (نیما) بوو،

[١] -بڕوانە: (محمد رضا شفیعی كدكنی، ١٣٨٠،ل١٨) و (پروین شكیبا، ١٣٧٣، ل ٢٢٥) و (محمد جعفر یاحقی، ١٣٨٢، ل٣٥). و( شنۆ محەمەد مەحمود ،٢٠٠٧، ل٢٧).

بەم شێوەیە شیعری هاوچەرخی فارسی دەستپێکرد و لە سەرەتادا گۆڕانکاری لە ناوەرۆک ڕوویدا، بابەتی نوێی وەکو (نیشتمانی، دەستوور (ئازادی، یاسا)، ڕۆشنبیری و پەروەردەی نوێ، بەسەروەری سەیرکردنی زانستە نوێکان، ژن و یەکسانی لەگەڵ پیاو ڕەخنە گرتن لە داب و نەریتی کۆن، دژایەتیکردنی ئەفسانەی ناو ئاینەکان هەندێ جار خودی ئاینەکانیش، بایەخدان بە زمانی ناوخۆیی و هێنانە ناوەوەی زاراوەی ئەوروپایی، لەسەر قاڵبێکی دیاریکراوی شیعر نەدەوەستان و زۆر شێوازیان پێڕەوکرد وەک: (مەسنەوی، موستەزاد، قەسیدە...هتد). دیارترین شاعیرەکانیان (مەحەمەد تەقی بەهار ١٨٨٣-١٩٥١، ئیرەجی میرزا ١٨٧٠-١٩٢٣، ئەدیبی مەمالیک ١٨٥٦-١٩١٥، میرزادەی عەشقی ١٨٩١-١٩٢٤، نیما یوشج ١٨٩٧-١٩٥٩... بوون) (بڕوانە: هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین، ٢٠١٠،ل٨٤).

دواتر لەسەر دەستی چەند شاعیرێک، کە ڕۆشنبیری فەڕەنسییان هەبووە گۆڕانکارییان لە قاڵب و کێشی شیعرییدا کرد، بەڵام عەقڵی دۆگماپەرەستی کلاسیکخوازان ڕێگربوو لە بەردەم ئەو جۆرە نوێبوونەوەیە، تا دەرکەوتنی (نیما یوشج) ئەم قۆناغە بەم شێوەیە مایەوە، کە لە ئەدەبیاتی کوردیدا (قۆناغی گواستنەوە) دەگرێتەوە.

لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەشدا چەند شاعیرێک بەتایبەت: (نیما، شاملۆ، فروغی فروخزاد) فۆرم و شێوازێکی نوێی شیعرییان داهێنا و بوون بە ماکی شیعری هاوچەرخی فارسی و شاعیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش زۆرێک لەو فۆرمە نوێیانەیان بەکاربردووە، تەنانەت هەندێکیان تا ئێستاش بەکاریدەهێنن، بەگشتی چەند جۆرێک لە سەبکی جۆراوجۆری شیعری هاوچەرخ (نوێ) دەرکەوتن لەوانەش: (نیمایی، سپی، ئازاد، شەپۆلی نوێ (موج نو)) بناغەدانەری شیعری نیمایی (عەلی ئەسفەندیاری)یە و شیعری سپی (ئەحمەد شاملۆ)یە بە شیعری (شاملۆ)یش ناسراوە، شەپۆلی نوێ (موج نو)ش (ئەحمەد ڕەزا ئەحمەدی)یە (بڕوانە: فەرشید شەریفی،١٣٧٧، ل٢١).

ئەوەی تێبینی دەکرێ شەپۆلی نوێ زیاتر لە ڕەوتەکانی دیکە کاریگەری لەسەر ئەدەبیاتی فارسی و ڕۆژهەڵاتیش داناوە، شەپۆلی نوێ بزووتنەوەیەکی ئیماژیستی بوو گرنگییان بە بواری وێنەی فرە ڕەهەندی دەدا، لەپاشان شیعری پلاستیک (تەشکیلی) وشیعری (حجم) (سپاسمانتالیسم) و شیعری (ناب)... لێ جیادەبێتەوە. بەیاننامەی شیعری (حجم) لە (١٩٦٩)دا لەلایەن چەند نووسەرێکەوە، کە هەندێکیان هەمان نووسەرانی ڕەوتەکانی پێشوو بوون وەکو: (یدالله ڕویایی، پرویز ئیسلام پوور، محمود شجاعی....... بە (حجم گرایی) لەنێو شیعری فارسیدا ناسرا. (حجم) جەخت لەسەر ئایدۆلۆژیا و پێوەندی ئەدیب بە کۆمەڵ و نەتەوەوە دەکات، لەم ڕوانگەشەوە زیاتر جەخت لەسەر ئەدەبیەتی

ئەدەب دەکەن، هەروەکو لە بەیاننامەکەدا هاتووە دەڵێن: ((کاری شیعر وتن نییە، شیعر دەبێ خۆی بابەتی خۆی بێ)) (بڕوانە: عەلی تاهیر بەرزنجی، ٢٠٠٨، ل٧٠-٧٥ هەروەها بڕوانە: مریم امامی،.http://www.tebyan.net/newindex.aspx?pid=81970 )

دوای شۆڕشی گەلانی ئێران (١٩٧٩) گۆڕانێکی بنچینەیی لە ڕەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەدەبی ئێراندا خوڵقا، بۆ یەکەم جار کۆتایی بە دەسەڵاتی شانشینی هات و دەسەڵاتی کۆماری (کۆماری ئیسلامی ئێران) دامەزرا.

**١-٣-٣-٢ شیعری هاوچەرخی کوردی:**

بزووتنەوەی شیعری نوێ لەم بەشەی کوردستان هاوچەشنی بەشەکانی دیکە هەنگاوی باشی ناوە، بەتایبەت دوای جەنگی جیهانی دووەم گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە کۆمەڵگەی ئێرانیدا ڕوویدا، لە کۆمەڵگەیەکی کوشتوکاڵییەوە گۆڕا بۆ کۆمەڵگەیەکی پیشەسازی، بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواری و ڕۆشنبیری و دەرچوونی گۆڤار و ڕۆژنامەکان، فاکتەری بەهێزی شیعری نوێی ئەم قۆناغە بوون، بەگشتی (کۆمەڵگەی ئێرانی لە کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی میلادییەوە ڕووی کردە گۆڕان، کۆمەڵگەی ئێرانی لە کۆمەڵگەیەکی عەشایەری ئەرباب و ڕەعیەت زیاتر پشت ئەستوور بە بەرهەمی کشتوکاڵییەوە گۆڕا بۆ کۆمەڵگەیەکی شارستانی زیادبوونی ژمارەی خوێندەوار و خوێندکار) (محەمەدی بەهرەوەر، ٢٠٠٥، ل٢٥٥).

ئەو بارودۆخەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر شیعر و ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵات هەبووە، ئەو گۆڕانانە قۆناغ بە قۆناغ لەگەڵ ڕەوتی ژیان و بارودۆخی کۆمەڵ پێش کەوتووە و شیعری نوێش بەرهەمی ئەو هەنگاوانەیە. ئەدەب و شیعر بەتایبەتی لە ئەدەبیاتی کوردیدا لەپاش کلاسیزم لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا، وێنەکێشانی سەردەم و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی گەلی کورد بووە.

سەرەتا و دەسپێکی بزاڤی شیعری نوێی ڕۆژهەڵات لە سەردەمی درووستبوونی کۆمەڵەی (ژ.ک) و دامەزراندنی کۆماری کوردستان بوو، لەم سەردەمەدا کۆمەڵێ تیمە و ناوەرۆکی نوێ پانتایی شیعری شاعیرانی گرتەوە، شیعری نیشتمانی و بەرهەڵستکاری دروشمی سەربەخۆیی و ڕزگاری ئازادی کوردستان لە دروشمە دیارەکانی ئەو سەردەمە بوون، چەند شاعیرێک کە بە شاعیرانی سەردەمی کۆمار ناسراون ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان هەبوو لە بڵاوکردنەوە و نوێکردنەوەی شیعر و دەرچوون لە قاڵبی کلاسیکی بەتایبەت لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەردەمی کۆماردا، دوابەدوای ئەوانیش کۆمەڵێک

شاعیری دیکە لەژێر کاریگەری شیعر و ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا بەتایبەت شیعری ڕۆمانتیکی فەڕەنسی شیعری نوێی فارسی و شیعری نوێی کوردی باشوور (گۆران) سەرەڕای ئەدەبێکی دەوڵەمەندی فۆلکلۆر و میللیی درێژەیان بەو ڕەوتە نوێیە داوە.

شیعری نوێی ڕۆژهەڵات لە ماوەی ئەم سی و چوار ساڵەی دواییدا (١٩٨٠-٢٠١٤)، قۆناغێکی پڕ لە گۆڕانکاری و ڕەوتێکی خێرای هەبووە، چەندین نۆرم شێوازی نوێی شیعریی بەهۆی کاریگەری شەپۆلە نوێیەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات لەدایکبوون. ناونانی قۆناغ و ڕەوتە شیعرییەکان لەسەر بنەمای پۆلێنێکی ئەکادیمی دابەش نەکراوە، بەڵکو شاعیران و نووسەران بە پێی گۆڕانکاری بزاڤە شعرییەکان لە سەردەمە جیاوازەکاندا، ڕەوتە شیعرییەکانیان پۆلێنکردووە، بەم شێوەیەش هاودەنگ و هاوکۆک نین، تەنانەت هەندێک لە نووسەران لەگەڵ پۆلێنکردن و ناونانێکی لەو جۆرەشدا نین، (شەریف فەلاح، حەمەی کەریم، ئەیاز خونسیاوشان) ئەم قۆناغە بەسەر چوار ڕەوت یان شەپۆلی شیعرییدا دابەش دەکەن بەم شێوەیە:

١- ڕەوتی یەکەم: دەیەی (١٣٤٠ هـ -١٩٦٠ز)، تا شۆڕشی گەلانی ئێران (١٩٧٩ز).

٢-ڕەوتی دووەم: لە سەرەتای دەیەی (١٣٦٠هـ-١٩٨٠ز) دەست پێدەکات تا ناوڕاستی نەوەدەکان.

٣-ڕەوتی سێیەم: لە ناوەڕاستی دەیەی(١٣٧٠هـ-١٩٩٠ز) و بڵاوبوونەوەی بەیاننامەی داکار (١٩٩٨ز)ەوە دەست پێدەکات تا کۆتایی نەوەدەکان.

٤-ڕەوتی چوارەم: لە کۆتایی نەوەدەکانەوە (١٣٨٠ هـ) دەست پێدەکات تا ئێستا (شەریف فەلاح، ٢٠١٦،؟) (شەریف فەلاح، ٢٠١٣، ل٤٠٣- ٤٠٧، ل٢٧٦-٢٨٢).

**١-٣-٣-٢-١ شەپۆل و ڕەوتە شیعرییە نوێیەکانی ڕۆژهەڵات:**

شیعری نوێ و مۆدیرن و پۆست مۆدێرنیتەی ڕۆژهەڵات لەژێر کاریگەری ڕاستەوخۆی پرۆژەی مۆدێرنیزاسیۆنی ڕۆژئاوا، گۆرانێکی بنەڕەتی لە باری ساختار و ناوەرۆکدا بەدیهات. بەپێی ئەو پولێنبەندییەی کە پیشتر ئاماژەمان پێدا، ئێمەش هەوڵدەدەین بۆ سنوردارکردن و زنجیرەیی باسەکەمان و بەپێی دەرکەوتنی شێوازە شیعرییە نوێیەکان یەک بەیەک باسیان بکەین:

**أ- ڕەوتی یەکەم:**

هەرکە باس لە شیعری نوێی ڕۆژهەڵات دەکرێت ناوی (سوارەی ئێلخانی زادە) لە گوێماندا دەزڕنگێتەوە، (سوارە) توانی ئایدیا و هزری مۆدێرنیسم بێنێتە نێو شیعری کوردی

ڕۆژهەڵات، (سوارە) یەکەم کەس نەبوو، کە شیعری نوێی بڵاوکردۆتەوە، بەڵام لەسەر دەستی (سوارە) پێکهاتەی شیعری نوێ گەیشتە لوتکە بەتایبەت لە (خەوە بەردینە)دا. سوارە کە بە (گۆران)ی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەناسرێت، (بڕوانە: جوان بۆکانی، ١٩٩٧ ،ل٢٠) لە (کچی بەیان)ەکەیدا دەڵێت:

**من ئەڵێم**

**پەپولەیەک فڕی بە باڵی سەوز و سوورەوە**

**من ئەڵێم**

**گوڵێ بەدەم شنەی شەماڵەوە**

**بزەی بزووت.**

**تۆ ئەڵێی**

**چ بوو پەپوولەیەک فڕی**

**یانە، سوورە گوڵ**

**زەردە کەوتە لێوی ناسکی** (سوارەی ئیلخانی زادە، ١٣٧٢، ل٣٠)

هاوزەمانی ئەویش (فاتیح شێخ ئسلامی "چاوە ") و (عەلی حەسەنییانی "هاوار")، (سێ کوچکەی شیعری نوێی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان لە ساڵانی پەنجاکاندا پێکەوەنا. دەوری گرنگی ئەو سێ کەسە لە پڕۆسەی سەرهەڵدان و سەقامگیربوونی شیعری نوێدا گەلێک بنەڕەتی بوو، کارێکی ئەوتۆی کرد پرۆسەی لەدایکبوون و پەرەسەندنی شیعری نوێ گەلێک خێرا و بەبێ بەربەرەکانی جیددی لەلایەن داکۆکیکەرانی شیعری کۆنەوە بەڕێوە بچێت) (بڕوانە: جوان بۆکانی، ١٩٩٦، ل ٧٧).

"هاوار" یەکەم پارچە شیعری خۆی (جەلاد) لە (١٩٥٩)دا نووسیوە، یەکێکە لە سێ کوچکەی شیعری نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شیعرەکەشی بە یەکەم شیعری نوێی ڕۆژهەڵات دەناسرێت (جوان بۆکانی، ١٩٩٧، ل١٥):

**وەرە جەللاد !**

**وەرە گیانم هەموو لەت لەت بکە**

**تاکوو بزانی چۆنە ئیمانم.**

**ئەتۆ جەللاد !**

**ئەگەر دەربێنی ئێسکانم،**

**ئەگەر بێنی لەبەر چاوم بکووژی**

**گشت ئەزیزانم**

**بە وەڵڵاهی،**

**بە خاکی پاکی کوردستان.**

**ئەمن کوردم،**

**قەتیش ناڵێم پەشیمانم** (کەریم دانشیار-أ، www.aveenebook.blogfa.com)

هەروەها هەندێک شیعرەکانی (عومەر سوڵتانی "وەفا") بە یەکەم شیعری نوێی ڕۆژهەڵات دادەنێن، "وەفا" سەرەتا بە زمانی فارسی شیعری نووسیوە، شیعرە کوردییەکانی لە دوای (هاوار) و (سوارە)وە بڵاوبوونەتەوە، خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: ((لەپێش ئەواندا چەمکی نوێخوازم هێنایە ناوچەکەوە. دیارە زمانی قسەکردن فارسی بوو، بەڵام زمان قاڵب و فۆڕم نەبێ هیچ نییە و بیر و چەمکە، کە ناوەڕۆک و گەوهەرن. من یەکەم کوردێکی ڕۆژهەڵات بووم، کە شیعری نوێی فارسیم گوت و بڵاوم کردەوە هەرگیز نەمزانی یەکەم شیعری نوێی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کامە بوو کێ گوتی؟ بەڵام هیچ دژایەتییەکیشم لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نییە، کە یەکەم شیعری کوردی ڕۆژهەڵات "جەلاد"ی نەمر عەلی حەسەنیانی بووبێت)) (کاروان عوسمان، ٢٠٠٩،ل ١١).

هەر لەو ماوەیەدا (چاوە)ش یەکەم جار لە ڕۆژنامەی (کوردستان) چاپی تاران (١٩٥٩) شیعری خۆی بڵاوکردەوە، شارەزاییەکی باشی لە شیعری فارسی کلاسیک و هاوچەرخدا هەبوو، قورسی و قایمی فۆرم، ناوەڕۆکی پتەوی کۆمەڵایەتی و سیاسی و سیمبۆلیزم سێ تایبەتمەندی بەهێزی نموونەی سەرەکی شیعری (چاوە)ن (بڕوانە: جوان بۆکانی، ١٩٩٧، ل٢٠). یەکەم شیعری نوێی بەناوی (بوکی کۆست کەوتوو) لە (١٩٦١) تاران نووسیوە، نموونەیەک لە هۆنراوەکەی:

**سروەی بەرەبەیان**

**کاتێک خەڵکی دێ**

**تاقە تاقە یێ**

**لە خەو هەڵئەسان**

**تەماشایان کرد**

**دارێ ڕوواوە**

**دارێ بەرز و وڕ**

**بێ خونچە و گەڵا** (کەریم دانشیار -ب،www.aveenebook.blogfa.com )

(موئەیەد تەیب زادە "هەڵۆ") یەکێکی ترە لە شاعیرە دیارەکانی ئەم بەرەیە کۆمەڵێک هۆنراوەی بەپێزی پڕ ئاواز و دڵهەژێنی هەیە، بە وێنەیەکی خەیاڵی و دەربڕینێکی جوان و ساکارانە دەدوێت:

**یارە ژیکەڵانەکەم !**

**یارە ژیکەڵانەکەم !**

**گوڵم !**

**بە هەر نیگایێ مەوجی چاوە مەستە جوانەکەت،**

**دەچێتە ناو دڵم !**

**هەر بەگوێی دڵم !**

**گوێ دەگرمە گرفە گرفی شیعرە ئاگرینەکەت**

(کەریم دانشیار–ت، www.aveenebook.blogfa.com)

شاعیرانی ئەم ڕەوتە (سوارە و عەلی حەسەنییانی "هاوار" و فاتیح شێخولئسلامی "چاوە"، عومەر سوڵتانی "وەفا"، موسڵح شێخولئیسلامی "ڕێبوار"، دکتۆر عابد سراجەدین "هێژا")، ئاڵای نوێخوازییان ڕاگرتووە و بە ناوەرۆکێکی ڕیالیزمی ئەدەبیاتی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتیان ڕەنگڕێژکردووە.

**ب–ڕەوتی دووەم:**

ئەو قۆناغەی کە بە شەپۆلی دووەم ناودەبرێت، پاش ساڵی (١٩٧٩)ی شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە دەست پێدەکات، لەو ماوەیەشدا جۆرە ئازادییەک بۆ کوردانی ڕۆژهەڵات هاتە ئاراوە، هەرچەندە ماوەیەکی کەمی خایاند، بەڵام کاریگەری زۆری لە گۆڕانی ڕەوتی شیعری نوێی ڕۆژهەڵاتدا هەبوو، ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەری شیعری نوێی فارسی، کە ئەویش لەژێر کاریگەری تەوژمی شیعری نوێی ڕۆژئاوا بەناوی (مۆدێرینتە)دا بوو، هەروەها سەرهەڵدانی گرووپی شیعری نوێی (حجم) لە ئێران و (ڕوانگە) لە باشوور و شەپۆلە نوێخوازییەکانی قوتابخانە ئەورووپییەکان بەوێنەی (سوریالیزم، دادایزم، سمبولیزم) هۆکاری دیکەی گۆڕانکارییەکانی ئەم قۆناغە بوون.

ئەگەر سەیری ڕواڵەت و ساختار و گوشراوی شیعریی شاعیرانی ئەم قۆناغە بکەین، دەبینین هەر یەکەیان هەوڵدەدا شێوازێک بۆخۆی بدۆزێتەوە، زۆرێک لە شاعیران نەیانتوانیوە لە هەوڵەکانیان سەرکەوتن بەدەست بێنن، هەندێکیان بە لاساییکردنەوەی یەکتر، یان شاعیرە لوتکەکانی فارس (شاملۆ، فروغی فروخزاد، سپهری... )، یان لە پانتایی شیعری

بەرگریدا رۆچووبوون، یان گیرۆدەی شاعیرانی نوێی باشوور (پەشێو، بێکەس،ڕەفیق سابیر...) بوون، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا چەند شاعیرێک توانییان ببنە خاوەنی زمان و شێواز و جیهانبینی و تەکنیکی تایبەتی خۆیان، لەوانەش (ژیلای حوسێنی) یەکێکە لە دەنگە دیار و ڕچەشکێنەکانی شیعری نوێی ژنانی ڕۆژهەڵات (بە کەڵک وەرگرتن لە (جسارەت) و تابۆشکێنی فروغی فروخزاد و سەمیمیەت و سادەیی شیعری عەبدوڵڵا پەشێو و پشوو درێژی خەیاڵی شێرکۆ بێکەس، جیهانێکی شیعری ژنانەی وا خوڵقاندووە کە مۆرک و ناسنامەی تایبەتی خۆی پێوە دیارە) (شەریف فەلاح،٢٠١٣، ل٢٧٨)، لە شیعری (پرسیار)دا هەست بە دەنگ و فۆرم و وێنەی ڕیالیزمی ژنی کورد و خستنە پێش چاوی دیاردە زەق و باوەکانی نێو کۆمەڵی باوکسالاری کوردەواری و چەندین واتای دیکە، کە دەنگ و ڕەنگی ژنێکی کورد پیشان دەدات دەبینرێت:

**پرسیار**

**سەرپۆشە شڕەکەی دایکم**

**دەستبەرداری سەرم نابێ و**

**ئەڵێ، من هی داپیرەتم**

**ڕەنگە ئەویش لە داپیرەی خۆیەوە بۆی بەجێ مابێ** (ژیلای حوسێنی، ٢٠١٣، ل١٥)

(مارف ئاغایی) یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە تا ڕادەیەکی بەرچاو تایبەتمەندیی مەکتەبی ڕییالیزمی بە ڕووخسارەوە دیارە، مارف لە وێنەیەکی جوانی شیعرییدا خۆشەویستی خۆی بەرامبەر بە خاک و نەتەوە و نیشتمانەکەی پیشان دەدات:

**کاتێک شیعری خۆشەویستی تۆ دەنووسم**

**-دەست بە تکا -**

**وشە دوای وشە چاوەڕێین**

**دە پێم بڵێ، ئەمن کامیان هەڵبژێرم**

**خاک، نیشتمان، وڵات یا زێد؟** (هادی حەبیبی، ٢٠٠٩، ل٣٤)

(جەلال مەلەکشا) دەنگێکی دیاری شیعری بەرگرییە، لە شیعری (من قەقنەسم)دا خۆی بە (قەقنەس) چواندووە، وەکو نمادی هەرمان و بەردەوامبوون و ژیانەوە:

**من قەقنەسم**

**لە ئەفسانە و لە مێژوودا ناوم هەیە**

**گەر بمکوژن هەزاران جار**

**من خۆڵەمیش ئەکەم بە هێلانەی هاوار** (جەلال مەلەکشا، ١٣٩٣، ل١٣٧)

**ت-ڕەوتی سێیەم:**

پاش ئەو قۆناغە لە دوایین ساڵەکانی دەیەی (٦٠هـ -١٩٩٠ز) و ناوەڕاستی دەیەی (٧٠هـ-١٩٩٥ز) هەندێ تێکستی تایبەتی لە ڕۆژهەڵات سەریان هەڵدا، لە ڕووی شێواز و دەربڕین و مەعریفە و جیهانبینی و فەلسەفەی شیعرییەوە لەگەڵ ڕەوتەکانی پێش خۆیان جیاوازبوون، هەرچەند زۆرێک لە شاعیرانی ئەم ڕەوتە هەمان شاعیرانی ڕەوتەکانی پێشوون، کە هەمیشە خوازیاری گۆڕان و نوێبوونەوە و جیاوازی دەقی شیعریی بوون، دەیانەویست جۆرە شیعرێک دابهێنن، کە بە تەواوەتی لە شیعری پێش خۆیان دابڕێن و جیاواز بێت. کۆدەنگییەک لە بواری شیعردا دروستبوو، کە جەختیان لەسەر بنەما و پێکهاتەی دەقی شیعریی دەکردەوە. ئەنجامی ئەو هەوڵانەش بەیاننامەی (داکار)ی لێکەوتەوە، سەبارەت بە بەیاننامەکەش (ئیبراهیم ئەحمەدی نیا) ، کە یەکێکە لە دەستەی نووسەرانی بەیاننامەکە لەم بارەیەوە دەڵێت: ((لە ١٩٩٧/١١/١٧ دا بەیاننامەی سەرەتایی داکارمان نووسی و چوار کەس واژۆمانکرد (ئازاد رۆستەمی، ئیبراهیم ئەحمەدی نیا، بێهزاد کوردستانی، پەرویز ئەحمەد- کە دوای چەند مانگێک گەڕایەوە بۆ سلێمانی). شەش مانگ دوای ئەوە بەیاننامەی داکار نووسرا)) (ئیبراهیم ئەحمەدی نیا، ٢٠١٦، ل ٤).

بۆ یەکەم جار لە (١٩٩٨)دا بەیاننامەی داکار بەمانشێتی (بەیاننامەی شیعری پێشڕەوی کوردی «داکار») لە (هەفتەنامەی سیروان)دا بەناوی (نۆ) کەسەوە بڵاوکرایەوە. بەیاننامەکە بریتیبوو لە دوو بەشی سەرەکی، بەشی یەکەمی لە هەشت بەند پێکهاتووە، تایبەتە بە بنەما فکری و فەلسەفی و جیهانبینی و ئەدەبییەکانی سەردەم، کە جەخت لەسەر پشتیوانیکردن لە جووڵانەوە ئەدەبی و هونەرییەکان بۆ گەیشتن بە دنیایەکی نوێ لە بارەی فۆرم و ناوەرۆکەوە دەرکردەوە، بەشی دووەمی بەیاننامەکەش تایبەتە بە شیعر و لە (دە) برگە پێکهاتووە، گرنگترین ئەو خاڵانەش بریتیبوو لە پێکهێنانی زمانی جیاواز و گەیشتن بە مۆسیقای وشە و دەرچوون لە کێشی بڕگەیی و بزووتنەوە و جووڵانەوە و ئەزموونی بەردەوام (بڕوانە: حەفتەنامەی سیروان،١٣٧٧، ل٦).

**ـ شیعری چرکانە:**

چرکانە فورمێکی نوێ بوو لە بەیاننامەی (داکار) پێشنیارکرا و وەکو جۆرێک لە کورتە شیعر، یان برووسکە شیعر بە هەندێ خەسڵەت و تایبەتمەندی جیاوازەوە قاڵبی گرت، سەربەخۆیی وشە و ڕستەکان و جەختکردنە سەر مۆسیقای دەروونی وشەکان، هەروەها قوڵی دیدگای شاعیر و وێنەی شیعریی تایبەتمەندییە دیارەکانی چرکانەن، هەر لەو کاتەشدا

کۆمەڵێک شاعیر کە دەستەی نووسەرانی داکار بوون بەرهەمیان بڵاوکردەوە، لەوانەش: (ئیبراهیم ئەحمەدی نیا، بهزاد کوردستانی) دوو نموونەی دیاری ئەم جۆرە شیعرەن:

| | |
|---|---|
| **١-چیا** | **٢-دایکم** |
| **خۆی لە کراسی بەفر و گومان پێچاوە** | **جانتای سەفەری** |
| **بڵێی کۆتایی ئەو ڕێگا سوورە** | **هەزار ساڵە.** |
| **نەگاتە چەقەڵێکی زامدار؟!** | **ماف** |
| | **کەشتییەکی بێ دەریا!** |

(ئیبراهیم ئەحمەدی نیا،٢٠١٦،ل ١٠-١١)

(عەزیز ناسری) لە کۆمەڵە شیعرێکی کورتدا بەناوی (چرکانە)، جەخت لەسەر موسیقای وشە و وێنەی گوشراوی شیعریی دەکاتەوە، هەریەک لە دێڕەکان سەربەخۆن:

**گومان**

**زستانە بەفرێک**

**پەلکشاو**

**لە بزەدا!!.** (عەزیز ناسری، ١٣٨١، ل ٤٤)

**بەرەی چوارەم:**

لەدوای بڵاوبوونەوەی (داکار) بەرەیەکی تر، کە هەندێ لە نووسەران و شاعیران بە قۆناغێکی دیکە، یان بەرەی چوارەم ناوی دەبەن، جۆرە فۆرمێکێکی دی هاتە ئاراوە ناویان لێنابوو شیعری (پێوەر-جیاواز) بە شاعیرانیشیان دەوت (جیاوازنووسان)، ئامانج لەم جۆرە شیعرەش داهێنانی شیعرێکی جیاواز یان تەوەرییە، لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆک و ڕووخسارەوە لە شێوازی شیعری پێشووی خۆی جیایبکاتەوە و بەیەکجاری لێیی دابڕێت. (شیعری (جیاواز-پێوەر) وەکو پڕۆژەیەکی کردەیی بۆ یەکەم جار لەلایەن ڕەخنەگر (فەرزاد میر ئەحمەدی) پڕۆڤەکرا. (میر ئەحمەدی) ناوێکی نوێی بۆ دەنگە نوێیەکان هەڵبژارد لە کاتێکدا، کە شیکاری ڕەخنەیی لەسەر شیعری شاعیران: (ساڵح سووزەنی، ئیبراهیم نیا، ڕەئوف مەحەمەد پوور، بهزاد کوردستانی، یونس ڕەزایی، ڕەزا عەلی پوور) ئەنجامدا و بە دەنگە جیاوازەکانی ناوبرد، لە ساڵی (١٣٨١) لە مەریوان یەکەم مانفێستی ئەو پڕۆژەیە و تایبەتییەکانی شیعری جیاواز هاتە پۆلێنکردن، پڕۆژەی (پێوەر-جیاواز) بە پێچەوانەی ڕوانگە و داکار و کفری لەلایەن ڕەخنەگرێکەوە جاڕی بۆ درا، کەچی ئەوانی تر خودی شاعیرەکان

خۆیان بوون. شیعری جیاواز خاوەن تایبەتمەندییەکی جیاوازبوون لە دوو هێڵی مێژوویی و هاوزەمەنیدا) (بڕوانە: شەریف فەلاح، ٢٠١٣، ل ١١٩).

ئەم گروپە جگەلەوەی، کە شیعری جیاوازیان دەهۆنییەوە خودی شاعیرانیش لەم بەستێنەدا لە یەکتر جیاوازبوون، هەریەکەیان فۆرم و تایبەتمەندیی خۆی هەبووە و شێوازی شاعیرێک تەنانەت لەنێو خودی دەقە شیعرییەکانی لە یەک جیاواز بوون.

بەگشتی هەندێ خەسڵەت و تایبەتمەندیی و ناوەرۆکی هونەریی نوێ لەدایکبوون، هەرچەند نەیان توانییوە لە جیهانبینی شیعری بەرگری خۆیان دەرباز بکەن، ((بڕواهێنان بە فرە ڕەهەندی و لادان لە خۆشەویستی و ئەڤینی ئوستورەیی و گەڕانەوە بۆ جوانی ڕاستەقینەی لەش ولاری خودی مرۆڤ، گرنگیدان بە ناسنامەی کەسێتی تاک، وەکو سەنتەر و خولقێنەری ڕووداو دورکەوتنەوە لە سۆنگەی حیزبایەتی و گرنگیدان بە ڕۆحی نەتەوەیی و گواستنەوەی ئەزموونی ژیانی شار بۆ ناو تێکست و هۆنراوەی ئەدەبی. لە ڕووی ڕووخسار و فۆرمی شیعرییەوە چەندین فۆرم سەبکی نوێیان خولقاند)) (شەریف فەلاح،٢٠١٣، ل ٢٨٠-٢٨١). لەوانەش فۆرمی شیعریی (وتار "گفتار"، زمان، شیعری شانۆیی، شیعری شێت، نوێخوازان) بەدی دەکرێت.

- **شیعری گوتار (گفتار):** ئەم جۆرە شیعرە زیاتر کەڵک لە زمانی قسەکردن و راوێژی ئاسایی ڕۆژانە وەردەگرێت. پێشتر لە شیعرەکانی (وەفایی، ئەدەب، سەیف، شەوقی) هەندێ لە شاعیرانی تر بەدی دەکرێت، لە ئەدەبیاتی فارسیشدا ڕەچەڵەکی دەگەڕێتەوە بۆشیعرەکانی (فروغی فروخزاد) چڵە و پۆپەشی لە شیعری (سەید عەلی ساڵح) دەبینرێت (شەریف فەلاح، ٢٠١٣، ل٤٦). "ساماڵ" لە شیعری (هەراسانی)دا دەڵێت:

**خۆم لە تۆزی خەون و**
**باوێشک**
**دە/ تە / کێ / ن / م**
**ڕکەی مێژوو**
**لە گرێژەنەی دزێوی دەبەم و**
**پەرەوازەی جوانی دەبم**
**هە را سا نم** ("ساماڵ"ئەحمەدی محەمەدی ١٣٨٠،ل ٧-٨)

شیعری شانۆییش ڕەگەزە سەرەکییەکانی فەزای شانۆ دەگوازێتەوە بۆ نێو شیعر، لەگەڵ ڕەگەزە شیعرییەکاندا تێکەڵ دەبن.

- **شیعری زمان:** ئەو شاعیرانەی پێڕەوی ئەم جۆرە شیعرە دەکەن، زمان دەکەن بە گەوهەری شیعر، گەمە زمانییەکان ئاراستەی شیعر دەکرێن و شاعیر ئارەزوومەندانە گەمە زمانییەکانی ئەنجام دەدات:

**زمان**

**حەزەکانم**

**لە جامێکی لێو باریکی ئەفسانەیی...**

**ئازارەکانم**

**حەزترین بوون**

**لەناو باریکە ئاسمانی ژینی ژێری...** (سالْح سووزەنی، ۱۳۷۸،ل۱۱)

-**شیعری شێت:** هەر لەم ماوەیەشدا دوو شێوازی شیعری دیکەش دەرکەوتن، لەوانەش شیعری (شێت)ی (یونس ڕەزایی) و (ئانارشیزمی زمانی سالْح سووزەنی)یە، لە شیعری شێتدا وێنەی شیعریی وێنەیەکی جوولاو و فرەڕەهەندە، واتا لە دەرەوەی شیعر دەگوازنەوە بۆ ناو دەق، پێکهاتە و وێنەی خەیاڵ و کێش و واتا ئاماژەیان بە دەرەوەی زمانی شیعرە. شیعری (منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان)ی (یونس رەزایی) نموونەیەکی شیعریی (شێت)ە:

**تینوو**

**ڕەوە عاشقێک لە دەریادا قاقڕ**

**پەڵە گریانێک لە ئەویندا / باریو...**

**پۆل پۆل... بە سێبەری دەریاوە شەتڵە جەنگەڵ**

**هەتا / تاکە دارێک لە دەمارما چەماوە.** (یونس ڕەزایی، ۲۰۰۷،ل ۹۲)

- **نوێخوازان:** ئەم شێوازە شعرییە جیاوازتر لە شیعری چرکانە و جیاواز و شێت، مانا چرتر و قوڵترە، ڕەوتێکی ئاڵۆزە و خوێنەر یان وەرگر تانوانێ ڕاستەوخۆ تێکەڵ بە دەق ببێت، هەروەها هەندێ جار پێکهاتە و بونیادی دەق و یاسا سینتاکسییەکان تێک دەشکێنێت، زمان و کارکردەکانی لە دەقدا باڵادەست دەبن و دەبێتە پێکهاتەیەکی نامۆ لای خوێنەر، (سووزەنی) یەکێکە لە شاعیرە بەتواناکانی ئەم رەوتە لە کۆپلە شیعرێکدا ئاماژە بە گەمە زمانییەکان دەدات و دەڵێت:

**-جیکە جیکە جیک ئەکەم**

**فرتە فرتە فرت ئەکەم**

**جریوە جریو ئەکەم**

**چرکە چرک**
**چریکە چریکە ئەکەم**
**بەمانە:**
**زمان زمانێن ئەکەم** (ساڵح سووزەنی، ١٣٨١، ل١٦)

**- غەزەلی نوێ:**

غەزەل وەکو فۆرمێکی شیعریی لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتدا مێژوویەکی کۆنی هەیە، لە ئەدەبیاتی کوردیشدا ڕووبەرێکی فراوانی شیعری کلاسیکی کوردی گرتۆتەوە. لەگەڵ قۆناغ و ڕەوتە جیاوازەکانی شیعری ڕۆژهەڵاتدا هاوشانی گۆڕانکارییەکان و هاتنەئارای ژانر و بیر و ڕەهەند و شێواز و سەبکی نوێ ڕۆیشتووە و بووە بە نمادی شیعری نوێ، کۆمەڵێک شاعیر (ئەمین گەردیگلانی، ڕەسووڵ سوڵتانی، عەزیز ناسری، سەعید نەجاڕی "ئاسۆ"، ناندری نیرومەند"بۆران"، هادی حەبیبی"هاوڕێ"، ئەحمەد یاسینی"پشکۆ"، زاهید حاجی زادە، سۆران حوسێنی، ئەمجەد وەیسی، میلاد ئەمانولاهی"یادگار"، ئیبراهیم پور"شەماڵ"، قادر عەلیخا، حەقیقی، ڕامیار،...) ((نەیان هێشتووە تروسکایی غەزەل لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا جیا لە هەموو شوێنێکی دیکەی کوردستان بکوژێتەوە)) (هەڤاڵ ئەبوبەکر حسێن، ٢٠١٢، ل ١٥٢-١٥٣). (ئەمین گەردیگلانی) وەکو یەکێ لە غەزەلنووسە نوێیەکانی ڕۆژهەڵات دەستێکی باڵای هەیە لە نووسینی غەزەلدا، لە غەزەلی (زامی چیا)دا دەڵێت:

**دەنگی کسپەی زامی قووڵی کێوی بێ هەتوان وا،**
**دەهەژێنێت و قەڵەم ڕادەچەڵەکێ بەو ژانە وا !**
**لێرە وەک جەرگی زڵەیخا لەت لەتن جەرگی چیا**
**بۆیە دۆڵی پڕ چەمەی خوێن و زنەی گریانە وا !**
**گەر پشووی بۆ بسکی نەرمی ئاو بکاتە شانە- با**
**خەونی کانی کوانێ هەر زەلکاوی بێ جووڵانە وا !** (ئەمین گەردیگلانی،١٣٨٠،ل٧)

(موستەفا پۆڵا دەرک)یش کۆمەڵە بەرهەمێکی بە ناوی (کانیاوی غەزەل)ەوە هەیە، لە(تەوژمی ژین)ەکەیدا دەڵێت:

**دەرونم پڕ لە ناسۆرە بە زەختی زەربەتی ژین**
**دەناڵێنم لە بۆ هەتوان لە گۆشەی غوربەتی ژین**
**کە دڵ وابۆتە هەمبانەی پەژارە و ئاخ و دەردان**
**دەبەم هانا لە بۆ مردن لە داخی مەینەتی ژین**

**خدر گەر شێت و شەیدا بوو لە بۆ ئاوی حەیاتێ**

**شەرابم بێ، قەتم ناوێ دڵۆپێ شەربەتی ژین** (موستەفا پۆڵادەرک "رامیار"، ؟، ل ٢٧)

جگە لە غەزەل قاڵبی (چوارینە) وەکو قاڵبی شیعری کلاسیکی لای شاعیرانی نوێ و هاوچەرخ و نوێخوازاندا دەبینرێت، بەتایبەت لای شاعیرانی پۆست مودێرن گۆڤاریکی ئەلکترۆنی تایبەت بە چوارینەیان هەیە، بە ناوی (گۆڤاری چوارینە- چواردێڕی، دووبەیتی) (بڕوانە: گ، http://chwarina.blogfa.com)، بەوێنە (فەردین ڕەشیدی) شیعری (هەناسە) لە قاڵبی چوارینە و سەروایەکی هەمەڕەنگی (AB-CB)دا دارشتووە:

**کە سێوی سورم لەتکرد**

**هەناسەتم کەوتە بیر**

**ئەو کاتەی وا کە لێوت**

**لە سەر لێوم بوبوو گیر** (فەردین ڕەشیدی، گ http://chwarina.blogfa.com)

فۆرمێکی دیکە و جیاواز، کە دنیابینی و دەسەڵاتی شاعیر لە کورتکردنەوەی واتا و زمانی شیعرییدا دەردەخات، فۆرمی کورتە شیعرە، شاعیرە نوێخوازەکان بە جۆرێک ئاوریان لەم جۆرەشیعرە داوەتەوە، کە دەتوانین بڵێن لە کورتی و چری مانا و دەسەڵاتی زمان و بەخشینی واتا و گەیاندنی پەیامی شاعیرانە توانا و دەسەڵاتی شاعیر بەسەر زماندا دەسەلمێنێت، (زانکۆخەلیفە) لە کورتە شیعری (سنور)دا دەڵێت:

**سنوور**

**دڵی من زێدەتر بریندار دەکا**

**جا چ کچە جیران بێ و**

**چ تێل دروو !** (زانکۆ خەلیفە، http://zanko.blogfa.com)

هەروەها فۆرمی (هایکۆ)، کە جۆرێکە لە کورتە شیعر (قالبێکی دیاریکراوی شیعرییە، وەک کۆنترین جۆری شیعر لە جیهاندا ناسراوە) (هەوار خزرزادە "شەڤگەش"، ٢٠١٣، ل ٢٢). شاعیرانی ئەم دەورە توانیویانە توانا و چربوونەوەی زمانی کوردی لە چوارچێوەی قاڵبێکی جیهانیدا پیشانبدەن، (شەویار گولابی ئازەر) یەک لەو شاعیرە بە تواناییانەیە، کە کۆمەڵە شیعرێکی کورتی لەژێر ناوی (هایکۆ)دا هەیە:

**من تورە**

**لە گریانی بەفر و**

**تۆش لە پێکەنینی باران** (شەویار گولابی ئازەر، ٢٠١٣، ل ١٦٦)

# بەشی دووەم:

## خاسیەت و تایبەتمەندییە شیعرییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

### تەوەری یەکەم : زمانی شیعریی

### تەوەری دووەم : وێنەی شیعریی

### تەوەری سێیەم : ئاوازی شیعریی

## بەشی دووەم: خاسیەت و تایبەتمەندییە شیعرییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

### ٢-١ تەوەری یەکەم: زمانی شیعریی

#### ٢-١-١ کورتەیەک لە بارەی زمانی شیعرییەوە:

زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە هەر لە سەردەمی گریک و ڕۆمانەکانەوە بۆتە جێی سەرنج و بایەخی فەیلەسوف و ئەدیبان، شیعر و زمان پێوەندییەکی دانەبڕاویان پێکەوە هەیە، شیعر وەکو ژانرێکی ئەدەبی لە چەند کەرەستە و ڕەگەزێکی هونەری پێکدێت، کە بناغە و ستراکتۆری شیعر پێکدێنن. زمانی شیعریش یەکێ لە کەرەستە بنەڕەتییەکانی شیعرە و لە کۆنەوە گریک و ڕۆمانییەکان هەستیان بە کاریگەری لەسەر تاک و کۆمەڵ کردووە، هەر ئەوەش وای لە (ئەفلاتۆن) کرد، کە شاعیران لە کۆمارەکەی بە دەربنێت، چونکە پێی وابوو شیعر هەست و سۆزی خەڵک دەوروژێنێت و کاریگەری لەسەر هەست و ژیرییان دەکات.

ئەم بایەخدانەش گەیشتە ئەوەی زمان وەک و زانستێک بناسرێت، (سۆسێر) بۆ یەکەم جار لە زانستی زمانی کۆڵیوەتەوە و دابەشی کردووە بۆ دوو جۆری سەرەکی (زمانی ئاخاوتن، گوتن)، زمان وەک دیاردەیەکی سیستەماتیکی کۆمەڵایەتی گشتی ناسێنرا، بەدوای ئەمەشدا زمان وەک بابەتێکی مرۆڤایەتی گشتگیر لەگەڵ هاتنە ئارای قوتابخانە و ڕێبازە ئەدەبییەکان و ڕەخنەی نوێدا، کەوتە بەر شاڵاوی لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی نوێ، فۆرمالیستەکان بەگرنگییەوە لە زمانیان ڕوانیوە و ((دوو پرۆسەی زمانیان هێنایە ئاراوە، پرۆسەی زمانی (خودکاری) (cautonatisation) و پرۆسەی زمانی زەقکردنەوە (بەرجەستەسازی) (forgrounding) ))(عبدولخالق یەعقوبی، ٢٠٠٨، ل١٤٤). مەبەست لە (خودکار) زمانی ئاسایی و ئاخاوتن و ڕۆژانەی خەڵک و ئەو زمانەی، کە لە شیعر و ئەدەبیاتدا بەکاردەبرێت، زمانێکی لاوازە و سەرنجی خوێنەر ڕاناکێشێ، بەڵام (زەقکردنەوە) هەر وەکو لە واتاکەیدا دیارە، پرۆسەیەکی شیعرییە و لایەنە نادیار و شاراوەکان و دەربڕینە نوێیەکان و پیشاندانی دنیایەکی تازە بە دەنگ و ڕەنگی جیاوازەوە و داهێنانی شێوازێکی نوێ و ناساندنی بە خوێنەر(وەرگر) دەگرێتەوە، کە سەرنجی خوێنەر(وەرگر) ڕابکێشێ، هەموو ئەمانەش لە چۆنێتی بەکارهێنانی زمانی شیعردا بەدیدێت، هەروەکو یەکێ لە فۆرمالیستەکان (ماکارۆفسکی) پێی وایە ((زمانی شیعریی خاوەنی ئەو پەڕی تایبەتمەندیی و زەقکردنەوەیە، زەقکردنەوە واتا لادان لە پێوەرە باو و ئاساییەکانی زمان، لادان لەو یاسایانەی کە تۆزی عادەتیان بەسەر نیشتووە)) (عبدولخالق یەعقوبی، ٢٠٠٨،ل ١٤٥).

زمانی شیعریی خاوەنی چەند خەسڵەت و تایبەتمەندییەکی تایبەتییە، زمانی شیعریی ((زمانێکی هونەرییە، دەبێ بەرگێکی هێما بۆکراوی هەبێ ئەو هێمایانە واتای تایبەتی پێ

دەبەخشێت، کەواتە زمانی شیعری دەبێ کۆمەڵێ خەسڵەتی زمانەوانی هەبێت، ئەو کۆمەڵە خەسڵەتە لە هەموو قۆناغ و سەردەمێکدا لەزمانی شیعریدا بەدی دەکرێت)) (شەرمین ئیبراهیم عزیز، ٢٠٠٦، ل١١٦). هەروەها (پەرێز صابر) لەبارەی زمانی شیعرییەوە دەڵێت: ((زمانی شیعر جۆرە دەربڕینێکی تایبەتییە، لەئەنجامی بەکارهێنانی تایبەتی زمانەوە دروست دەبێ بۆدۆزینەوەی مانای نوێ، دورکەوتنەوە بەپێی توانا و دەسەڵاتی شیعریی شاعیر لە شێوازی دەربڕینی ڕاستەوخۆ و گەیاندنی مانا فەرهەنگییە ڕووتەکان)) (پەرێز صابر محمد، ١٩٩٨، ل٣٠٦ -٣٠٧ ).

لەو پێناسانەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، چەمکی زمانی شیعریی جیاوازە لە زمانی ئاسایی ئاخاوتن و نووسین، زمانی شیعریی ئەو جۆرە زمانەیە، کە شاعیر بەهۆیەوە ڕەگەزەکانی دیکەی شیعری لێ دەخولقێنێت، بۆیە زۆرجار خودی شیعر بە زمان ناودەبرێت و مەبەست لە زمانی شیعرییە، زۆرجاریش دەوترێت (شیعر زمانە) (فازیل شەوڕۆ، ٢٠١٣، ل٨٦)، لێرەدا پێویستە هەڵوێستەیەک لەسەر چەمکی (زمانی شیعر) و (زمانی شیعریی) بکەین، هەندێ لە نووسەران و لێکۆڵەران بەهەڵە زاراوەی (زمانی شیعر) لەجیاتی (زمانی شیعریی) بەکاردەهێنن، ئەوەی ئاشکرایە ((شیعر زمانێکی تایبەت بەخۆی نییە وەک زمانی مۆسیقا، ڕێزمانێکی شیعری بوونی نییە وەک ڕێزمانی مۆسیقا، بەڵکو ئەمە زمانی قسەکردنی ئۆتۆماتیکییە و شاعیر بە ناوەندی بە شیعربووندا دەیگوازێتەوە و بەرهەمەکەی دەبێتە شیعر، ئەم دیاردەیەش لەزماندا پێی دەوترێت (شیعریەت)،... دەستەواژەی زمانی شیعریی زانستی ترە، لە لێکۆڵینەوەدا دەکەوێتە ژێر تیشکی یاسا زمانییەکان)) (محەمەد عبدولکەریم ئیبراهیم، ٢٠١٢،ل١٩).

زمانی شیعریی زمانێکی جیاواز نییە لە زمانی ئاسایی، بەڵکو بەکاربردنێکی تایبەتی زمانە لەلایەن شاعیرانەوە، بەپێی بونیادێکی تایبەتی و ئارەزوومەندانە و پێویستی شیعریی بۆ خولقاندنی شیعرییەت، لە ڕێگەی زمانی شیعرییەوە شاعیر کەرەستە زمانییەکان ڕێکدەخات، ئەمەش تەنها فاکتەرێکی جیاوازی زمانی ئاسایی و زمانی شیعرییە، شیعریەتیش (Poetics) بەمانا فراوانەکەی بریتییە لە تایبەتمەندی ژانر و جۆرە ئەدەبی و شەپۆل و شێوازە شیعرییەکان و میتۆدی ئەدەبی و پێوەندییە ناوەکییەکانی دەق و گونجان یان چۆنێتی ڕێکخستنەوەی هونەری و شێوازی کەرەستە زمانییەکان....هتد، شیعریەت هەموو ئەو تایبەتمەندییانە دەگرێتەوە، کە وادەکات دەقێکی شیعریی لە دەقێکی ناشیعریی، یان بەگشتی دەقێکی ئەدەبی لە دەقێکی نائەدەبی جیابکاتەوە. ئەو تایبەتمەندییانە لە هەموو زمانێکدا هەن و تایبەت نین بە یەک زمان و سەردەم و قۆناغ.

(شیعرییەت کاردەکات بۆ دەستنیشانکردنی یاسا و سەلماندنی تایبەتمەندییەکانی پەیامی شیعریی، پەیامەکەی دەکات بە پەیامێکی ئەدەبی، فۆمالیستەکان ناویان ناوە (ئەدەبییەت)، شیعرییەت تێگەیشتنێکی گشتییە و بابەتەکەی ئەدەبییەتە) (بڕوانە: عسمەت مەحمود محەمەد، ۲۰۰۹، ل۳۱-۳۲). واتە ئەدەبییەت بابەتی شیعرییەتە و دوو زاراوەی جیاوازن[1]، ئەدەبییەت تایبەتمەندی و خاسیەتەکانی شیعرییەت دروست دەکات و دوو بابەتی خوڵقێنەری شیعرن.

زمانی شیعریی وەکو زمانی ئاسایی تەنها ئەرکی گەیاندنی پەیام لە قسەکەرەوە بۆ وەرگر نییە، بەڵکو ئەرکی گەیاندنی پەیامی شاعیرە بۆ گوێگر و خوێنەر بەشێوەیەکی تایبەت، کە مانا و مەبەستێکی دەلالی و ڕەمزی بە وشە و دەستەواژەکان دەبەخشێت، تەنیا (ئامرازێک نییە بۆ بەجێهێنانی شتێک، بەڵکو خۆی لەخۆیدا ئامانجە) (جەبار ئەحمەد حسێن، ۲۰۰۵، ل٥٦). لە شیعری نوێدا زمان لە دەستوور و یاساکانی زمان لادەدات، یاسا سینتاکسییەکان تێکدەشکێنێت، ستریز و کاریگەری شیعر بەهۆی شێوازی بەکارهێنانی زمانە، بۆیە زمانی شیعریی کاریگەرییەکی بەهێزی لە پێکهاتە و دروستبوونی داهێنانی شیعرییدا هەیە.

زمانی شیعریی زمانێکی ئاڵۆز و قووڵە، ڕاستەوخۆ واتا بەدەستەوە نادات، واتایەکی شاراوە، کە شاعیر دایدەمەزرێنێ، لەپشت واژە و دەستەواژەکانەوە خۆی حەشارداوە. زمانی شیعریی دوو واتا هەڵدەگرێت یەکێکیان ئەو واتایەیە، کە ڕاستەوخۆ وەرگر و بەردەنگەکانی دەتوانن لەواتای وشەکان بگەن، وەکو ئەوەی لە واتا فەرهەنگییەکاندا هەیە وێنەیەکی ئاسایی لای وەرگر دروست دەکات، بەڵام واتای دووەم ئەو واتایانەن بەهۆی ئەندێشە و خەیاڵ و هونەرە شیعرییەکان و گەمە زمانییەکانەوە، بە لابردن و زیادکردن و لێکدانی وشە و دەنگەکان و کارکردنی شاعیر لەنێو زماندا دروست دەبێت.

زمانی شیعریی لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگۆڕێت، لە هەمان چەرخیشدا بەکارهێنانی زمانی شیعریی لای شاعیرانی هاوچەرخ دەگۆڕێت و جیاوازە ((شاعیران لە سەردەمێکدا ئەگەرچی لەیەکچوون لە زمان و بیر و شێوازیاندا هەبێت، بەڵام شێوازی دەربڕینیان مۆرکی کەسی شاعیری پێوە دیارە، هەرچەند کاریگەری هەمان دۆخی

---

[1]—زاراوەی شیعرییەت بۆ یەکەمجار لە (ئەمریکا) دەستنیشانکراوە، بۆ ئەدەبییەتی بەرهەمی ئەدەبی، لە ساڵانی (۱۹۱۵—۱۹۳۰) لەسەر دەستی توێریزەکەرەکانی قوتابخانەی فۆرمالیستی بووبە زانستێکی پراکتیکی سەربەخۆ لە ئەدەبیاتدا، زاراوەی ئەدەبییەت (litratunost) بۆ یەکەمجار (یاکۆبسن) لە (۱۹۱۹)دا بەکاریهێناوە، لە وشەی (literator)ی گریکییەکانەوە هاتووە، بەواتای ئەدەب دێت. زاراوەکە لای عەرەب (الادبیة) و لای کوردیش بە (ئەدەبیەت) ڕۆیشتووە، بڕوانە (عسمەت مەحمود محەمەد، ۲۰۰۹ ، ل۲٤-۲۷) و (هێمن عومەر خۆشناو،۲۰۱۰، ل ۲۱-۲٤) و (ئەمین عبدولقادر عومەر, ۲۰۰۸,ل۲۲-۲٤).

کۆمەڵایەتین و ڕەنگدانەوەی هەمان واقیعن)) (سەلیم ڕەشید ساڵح، ٢٠٠٥،ل ١٣) هەر ئەمەش شاعیر دەکات بە داهێنەر، بێگومان هەموو شاعیرێک داهێنان ناکات، تەنها بەوانە دەوترێت، کە دەتوانن داهێنان لە زمانی شیعرییدا بکەن و ((زمانی شیعریی داینەمۆی گرنگی پێکهاتن و شێوازی شیعرە)) ( ئازاد ئەحمەد مەحمود، ٢٠١٢،ل ١٤) هەندێک جار زمانی شیعریی دەبێتە ناسنامەی شاعیر بەهۆی شێوازی بەکارهێنانی زمانی شیعرییەوە، شاعیرەکەی پێ دەناسرێتەوە. ئەمەش یەکێکە لەتایبەتمەندییە گرنگ و دیارەکانی زمانی شیعریی و نەک تەنها شیعر جودادەکاتەوە لە ژانرەکانی تر، بەڵکو شێوازی نووسینی شیعری شاعیرانیش دەستنیشان دەکات، ((ئەو بابەتانەی کۆمەڵێک نووسەر کاری لەسەر دەکەن زمان دەبێتە ناوەندی جیابوونەوەی شێواز و کاریگەری بەسەر خوێنەراندا دەبێت)) (هەڵمەت بایز، ٢٠١٣، ل١٤٣) و مۆرک و ناسنامەی شیعریی بە شاعیر دەبەخشێت.

لە ئەدەبیاتی کوردیشدا زمان مۆرک و ناسنامەی گەل و نەتەوەی کوردی هەڵگرتووە، زۆرێک لە نووسەران زمانیان بە فاکتەری گرنگی مانەوەی گەلی کورد داناوە، بێگومان ئەدەبیات بەتایبەت شیعر دەچێتە ژێر باری ئەو پێناسەیە و نموونەی دیاری ئەمەش زمانی شیعری (نالی)یە، کە بوو بە زمانی ئەدەبی ڕەسەنی باشووری کوردستان و دەوروبەری، لەپاش ئەوەش لە سەدەی بیستەم و لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا لەگەڵ ڕەوتە نوێیەکاندا، زمانی شیعری گۆڕانی بەخۆوە بینیوە و بەتایبەت لەسەر دەستی (سوریالی و دادایزمەکان)دا، زمانی شیعریی فۆرم و شێوازی خۆی وەرگرت، پاشان گواستنەوەی ئەم شێوازە بۆ ناو ئەدەبیاتی کوردی و بەتایبەت لە شیعردا، لای شاعیرانی هەشتاکانی هەولێر ڕەنگیدایەوە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە دوای بزووتنەوەی (داکار)ەوە (١٩٩٨) ئەم شێوازە لە بەکارهێنانی زمانی شیعریی و شێوازی تێکشاندنی تۆپۆگرافی شیعر و لادان و گەمە زمانییەکان و ئانارشیزمی زمانی....بەدی دەکرێت.

**٢-١-٢ زمانی شیعریی لە شیعری نوێی ڕۆژهەڵاتدا:**

زمانی شیعریی شاعیرانی ڕۆژهەڵات گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووە، بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیووە، لەو قۆناغانەدا چەندین گۆڕانکاری و شێواز و فۆرمی نوێ لە زمانی شیعری شاعیراندا بەدی دەکرێت، کە هەندێکیان بوون بە مۆرکی شیعری شاعیر بە وێنەی ئانارشیزمی زمانی (ساڵح سووزەنی) فۆرمی شیعری (شێت)ی (یونس ڕەزایی) لەناوە دیارەکانی ئەم قۆناغەن. لەم تەوەرەدا هەوڵدەدەین لە چەند ئاستێکی زمانیی جیادا، لادانی زمانی شیعریی شاعیران بخەینەڕوو:

### ٢-١-٢-١ لادانی زمانی:

لادانی زمانی هونەرێکی شیعرییە، بەهۆی زمانی شیعرەوە دروست دەبێت، لە هۆنراوەی کۆن و نوێشدا هەیە، بەتایبەت لای شاعیرە نوێخوازەکان لە دروستکردنی ئاواز و ڕیتمی دەرەوە و ناوەوە و شیعریەتی شیعردا، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە، لادانی زمانی (دەرچوون و لادانە لە پێوەر و یاسا و دەستوورە ڕێزمانی و باوەکانی زمان و هێنانی مانای دەلالی نوێ بۆ وشەکان و تێکشاندنی ڕێسای زمانییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، کە ڕێزمان تێکدەشکێنێ دووبارە بەهۆی  یاسای نوێوە دروستی دەکاتەوە) (ناز ئەحمەد سەعید، ٢٠١٠، ل٤٢)، واتا لادان هەموو نۆرم و یاسا باوەکانی زمان پێشێل دەکات و ڕێسایەکی نوێ دادەمەزرێنێت. لادانی زمانی چەندین ئاستی زمانی دەگرێتەوە، لەوانەش لادان لە ئاستی (دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی، شێواز، واتایی (واتاسازی)، دیالێکتی و نووسین...).

### ٢-١-٢-١-١ لە ئاستی دەنگسازیدا:

**أ- دوبارەکردنەوەی دەنگ (پیت) و دەنگە سروشتییەکان:**

دیاردەی دووبارەکردنەوە لای شاعیران بۆ گەلێک مەبەستی جیاواز بەکاردێت، هەندێ جار گوزارشتە لە هەڵچوون و توڕەبوونی شاعیر و دەربڕینی هەستێکی توندوتیژانە، یان بۆ چەسپاندن و پاتکردنەوە و جەختکردنەوە و سەرنج ڕاکێشانی وەرگرە، سەرەڕای بەها و ڕۆڵی ئیستاتیکی و چێژ بەخشین. لەم بارەیەوە (ڕامان) لە شیعرێکدا، بە دووبارەکردنەوەی دەنگی (خ) لە وشەی (خەریک بووم) سرنجی وەرگر بۆ خۆی ڕادەکێشێت و وای لێدەکات بە تاسەوە بۆ دێڕی دواتر بڕوانێت و بزانێت مەبەستی شاعیر چییە؟:

**بۆ بێدەنگ بوی !!!؟**

**... خخخخخەریک بووم**

**ئاوارەیی گەڵایەکم دەخوێندەوە** (ڕەسووڵ سۆفی سوڵتانی"ڕامان"، ١٣٨٠،ل٥٩)

شاعیر گرنگییەکی زۆری بەم دیاردەیە داوە و لە شیعرێکی دیکەدا گوزارشتی لە دەنگی پێکەنینی (ئەو) کردووە، بە دووبارەکردنەوەی (قا)، ئاوازێکی خۆش و ئێستاتیکی بە شیعرەکە بەخشیوە:

**من تەنیا باسی دڵشکاوی خۆمی بۆ دەگێڕمەوە**

**ئەو – پێدەکەنێ قا  قا  قا  قا**

هەروەها لە دێڕێکی دیکەدا بە دووبارەکردنەوەی دەنگی (ا) سەرنجی وەرگر ڕادەکێشێ و بەشداری پێدەکات:

**ئا ا ا ا ی**

**ئەمە سەرەتایە یان کۆتایی** (ڕەسووڵ سۆفی سوڵتانی "ڕامان"، ١٣٨، ل٦٥)

(ساڵح سووزەنی)یش بە شێوەیەکی فراوان گرنگی بە دووبارەکردنەوە داوە و لە شیعرێکدا لە ڕێگای دوبارەکردنەوەوە سرنجی بەردەنگەکانی بۆ ئەو برین و ناسۆرە زۆرەی لە ناخی کۆبۆتەوە ڕادەکێشێت، دووبارەکردنەوەی (زووخاو) ئاماژەیە بە ڕێژەی ئازار و ناسۆری ناخی شاعیر، کە ڕەهەندێکی نیشتمانی هەیە:

**زووخاو...**

**زوووخاوو...**

**زووووووخاووو...**

**زووووخاوووو...**

**لێم زیز مەبن**

**ئەتانەوێ**

**لە ئاوێنەی شیعرێکەوە**

**شارۆچکەیەکتان پیشان بەم** (ساڵح سووزەنی، ١٩٩٥،ل٣٤)

**ب-سوککردن یان لابردنی دەنگ و پیت:**

ئەم دیاردەیەش لە شیعری زۆرێک لە شاعیرانی ڕۆژهەڵات دەبینرێت، شاعیر بۆ مەبەستی سوککردن یان بۆ سازدانی ئاوازی شیعریی پەنای بۆ دەبات، (عەلی گوڵی) لە شیعری (ژووان)دا، لە کاری (دەبا، دەکا) پیتی (ت) لابردوە، بە مەبەستی گونجاندنی سەروای شیعرەکە، کە وشەی (ڕەشەبا، خەیاڵمدا) بە پیتی (ا) کۆتاییان هاتووە:

**شەوێکی ئەنگوستە چاو**

**تۆف و بەندە**

**لەبەر تەوژمی ڕەشەبا**

**شوڕەبی بەژنم بۆ زەوی**

**کڕنوش دەب**

**ئەسپی زریان**

**تورە و یاخی پەپۆکان دەکا**

**لە مەزرای سام لێنیشتووی خەیاڵمدا** (عەلی گوڵی، ١٣٨٤،ل ٩)

**ت- دابڕین و لێکردنەوە:**

دابڕین و لێکردنەوە وەکو دیاردەیەکی شیعری نوێ، زیاتر لای شاعیرە نوێخوازەکان دەبینرێت، بە مەبەستی داهێنانی فۆرم و شێوازێکی نوێ و زیاتر سەرنجدانی وەرگر بەو وشانەی، کە پیتەکانی لەیەک دابراون لێکراونەتەوە، (نەجاڕی) لە شیعرێکدا دەیەوێ بڵێ هەموو وشە و شیعرەکانی بۆ خۆشەویستەکەی (نیشتمان)ەکەیەتی، بە شێوەی وەسیەتنامە پەیامەکەی دەگەیەنێت، پیتەکانی (وشەکانم) لەیەک دادەبڕێت بۆ زیاتر جەختکردنەوە و گرنگی پێدان و سەرنجراکێشانی گوێگر و بەڕدەنگ و گەیاندنی پەیامەکەی:

**وەسیەت بێ**

**((بۆ تۆن ئەی گیانی شیرینم))**

**/ و شـ ـە کـ ـا نـ ـم /** (جەماڵ نەجاڕی،٢٠٠٥، ل٥-٦)

(سووزەنی) لە شیعرێکدا دەیەوێ پێوانەی ئازارەکانیمان بۆ بپێوێت و پیشانمانی بدات، پیتەکانی وشەی (ئازار) لەیەک دادەبڕێت، بۆ زیاتر پاتکردنەوە و سەرنجڕاکێشانی بەردەنگەکانی، دووجار وشەی (ئازار) بە دابڕینی پیتەکانی لەیەکتر دووبارەدەکاتەوە:

**ئازار**

**پێوانەی ئازار چەند گەورەیە ؟**

**ئـ. ا.. زا... ر..**

**هیچ ئاسمانێ نایگرێ**

**ئا... زا... ر** (ساڵح سووزەنی، ١٩٩٥، ل٢٣)

**٢-١-٢-١-٢ لەئـاستی وشەســـازیدا:**

**أ-دووبارەکردنەوەی بڕگە و وشە و دەستەواژە:**

شاعیران هەندێ جار وشەیەک یان چەند وشەیەک لەنێو شیعرەکەدا دووبارەدەکەنەوە بەهەمان مەبەستی دووبارەکردنەوەی دەنگ و پیتەکان، شاعیر دەیەوێت شتێک بچەسپێنێت یان بۆ زیاتر جەختکردنەوەیە، یان بۆ دەسپێکردنی شیعر، یان بۆ سازانی ئاوازی شیعریی بەکاردێت. (بەهمەن حەبیبی) لە شیعری (زەمینیی بیمار)دا بۆ جەختکردنەوە و پێداگرتن لەسەر وشەی (بۆن) و (تام) پێنج جار وشەکان دووبارە دەکاتەوە:

**ئەو**

**دەستی بە لەشیا دەهێنا و کاتێ بە بەرزاییەکاندا دەگەشت**

**هەڵسا**

**هەنگاوی هەڵدەگرت**

**هەنگاو بە هەنگاو**

**لە پەڕچین و بۆنی قاخەکراو**

**بۆن...**

**بۆن.....**

**بۆن**

**تەنیا بۆنی قاخەکراو.**

**لەپەرچین وتامی ئەم ساتە**

**تام...**

**تام....**

**تام**

**تەنیا تامی ئەم ساتە**

**نزیک ئەبووەوە.** (بەهمەن حەبیبی، ٢٠١٣، ل٨-٩)

(ڕامان)یش سێ جار وشەی (هیچ) لە نیوەدێرێکدا بە مەبەستی جەختکردنەوە، دووبارە دەکاتەوە:

**کەچی دەبێ بە خەونێکی سەربڕاوی**

**بەردەم ئەم ڕەشەبایە و**

**هیچ هیچ هیچی تر.** (ڕەسووڵ سۆفی سوڵتانی "ڕامان"، ل١٣٨٠، ١١)

(سروە شەریف زادە)ش لە شیعرێدا سێ جار ئامرازی نەرێ (نا) بە مەبەستی جەختکردنەوە و سازانی ئاوازی شیعریی دووبارە دەکاتەوە:

**هەڵفڕین.. نا**

**گەردەلول.. نا**

**نەچیرەوان.. نا**

**ڕوئیای حەسودی بەختەوەری**

**لەگەڵ خۆیدا بردی** (سروە شەریف زادە،٢٠٠٦،ل ١١)

**ب-بەکارهێنانی وشەی کۆن (کۆنگەرایی) و بیانی و ئەفراندنی وشەی نوێ:**

لە بەرهەمی شاعیراندا هەندێک وشەی کۆن، یان ئەو وشانەی لە زمانی ئاخاوتنی ئاسایی بەکاردەهێنرێن و بریتین لە وشەی عەرەبی، یان وشەی فارسی، شاعیر بە بەرگێکی نوێوە لە شیعرەکەیدا دەیمەزرێنێت، (عومەر مەعرووفی) لە شیعری (شەو)دا وشەی

(زەعیفوالنەفس)، کە وشەیەکی عەرەبییە و ڕەهەندێکی ئاینی هەیە و کاریگەری و مانەوەی و بەکارهێنانی دیسانەوە لەبەر لایەنە ئاینییەکەیتی، بە بەرگێکی کوردانەوە دایڕشتووە:

**شەوە دیسان تەنی حەسرەت دڵی پڕ دەرد و دێوانەم**

**زەعیفوالنفسە چ بکەم ئەو ملی گێر بوو لەمەیخانە** (ناوەندی بڵاوکردنەوەی...، ١٣٧٩،ل٦٩)

(عەلی ئیسماعیل زادە "ڕێبوار") لە شیعری (شار)دا، وشەی (ماشین)ی بەکارهێناوە، کە وشەیەکی فارسیە و لە ئاخاوتنی ئاسایی و ڕۆژانەی خەڵکی ڕۆژهەڵات بۆ(ئۆتۆمبێل) بەکاردەهێنرێت:

**شۆفێرەکان ماشینیان لە کۆڵیان داوە**

**بە فیزەوە خۆڕادەنێن** (ناوەندی بڵاوکردنەوەی...، ١٣٧٩،ل ٦٩)

لای هەندێکی دی لە شاعیران چەندین دەستەواژە و وشەی نوێ بەکارهاتوون، لادانی زمانی شیعریی لای شاعیران دەخوڵقێنن، ئەو وشانە نامۆن بەزمانی شیعریی، بەڵام شاعیران لێرەدا وشەی نوێ ئاوێتەی دنیای شیعر دەکەن، بۆئەوەی ڕووبەری شیعریی هەموو لایەنەکانی ژیان بگرێتەوە و نامۆ نەبێت بەهیچ وشەیەک، بەوێنە (نارین) لە کۆمەڵە شیعرێکدا بەناوی (پاڵەوانە کارتۆنییەکە)، کە ناونیشانی شیعرەکە خۆی لەخۆیدا ئاماژەیە بەدونیای مۆدێرین و سەردەمی تەکنەلۆژیا، لەم کۆمەڵە شیعرەدا شاعیر چەندین وشەی نوێ و کەرەستەی ناشیعریی و لادان لە بەکارهێنانە باو و ئاساییەکانی وشە و زمانی شیعریی بەکارخستووە و شیعراندویەتی بووە بەبەشێک لە زمانی شیعریی، لەوانەش (کیلۆمەتر، بەلەم، بازنە، چوارگۆشە، چوارچێوە، سێگۆشە، جاسووس، دەریاچە، پێڵاو، ئیبلیس، ڤودگا، قاوەخانە، کورسی، پاکەتی چگەرە، میل و بەرماڵ، گالیسکە، ڕێزمان، هۆڵ، زبڵ، هۆرن، دۆلاب، گۆرەوی، نۆتە، مۆنامۆ، پلاکی کارەبا، پیانۆژەن، گیتارژەن، چەقۆ، ڕیش، جزدانی پارە، کافتریا، ڕەشاش، چوکلێت، ئیکسپایەر، پێشانگا، سەموون، قومار، تیمساح، دیو، تاقیکردنەوە، پاس، جێخەو، ناسنامە، فیلم، پشیلە، پانتۆڵ، شێرپەنجە، فرۆکە، بنێشت، بەرد. کامیرا، میزڵدان، جل شۆر، کڵاوسور، تەلەفۆن، ڕادیۆ، پۆلیسی هاتووچۆ...).

نموونەیەک لە شیعرەکانی:

**جێخەوەکەت دەدرزم**

**خەونی سپی دەبینم**

**اوەکانم ڕەشکردوون**

**تۆخ... تۆخ**

**هەر سپیت.** (نارین، ٢٠١٣،ل٥٥)

(فەوزیە سوڵتان بەگی) وشەکانی (حەشر، حەقیقەت، ئومەت)، کە وشەی عەرەبین و ڕەهەندێکی ئاینیان هەیە، لە بەرگێکی نوێدا داڕشتووە:

**سەدان ساڵە لە دوایین جاری مردنم**

**تێپەڕدەبێ**

**کەچی نە حەشرم دەکەن**

**نە لەم گۆڕیچە تەنگەش دەرمدێنن**

**ئاخۆ کەنگێ**

**ئایەی حەقیقەت نازڵ دەبێ !؟**

**کام پێغەمبەر...**

**کام ئومەت وەری دەگرێ** (فەوزییە سوڵتان بەگی، ١٣٨٢، ل٢١)

**٢-١-٢-١-٣ لە ئاستی ڕستەسازیدا:**

لادانی زمانی لە ئاستی ڕستەسازیدا، بەهۆی پێڕەونەکردنی یاسا سینتاکسییەکان لە پێش و پاش خستنی کەرەستەکانی ڕستە و تێکدانی بنیاتی ڕستە و بەلوتکەکردن، لادان لە یاسا و ڕێسا ڕێزمانییەکان و دووبارەکردنەوە... دەبینرێت.

**أ-دووبارەکردنەوەی ڕستە:**

دووبارەکردنەوەی ڕستە یان فرێز جۆرە بێزارییەک دروستدەکات و خوێنەر یان وەرگر ئارەزووی خوێندنەوەی ڕستەکانی دیکەی نامێنێت، هەست دەکات کە دووبارەن و پێویست بە خوێندنەوە، یان بیستنیان ناکات، بەڵام لە شیعردا شاعیران بە شارەزاییەوە دیاردەی دووبارەکردنەوە بەکاردەبەن، بە شێوەیەک کاریگەریەکی پێچەوانە دروست بکات، (بەهمەن حەبیبی) لە شیعرێکدا بەدووبارەکردنەوەی نیوە دێری (بۆ خاک دەگەڕێتەوە) بە مەبەستی جەختکردنەوە شاعیر ناوەرۆکێکی نیشتیمانی، کە خۆشەویستی خۆی بۆ خاک پیشان دەدات، وا لە وەرگر دەکات بێزار نەبیت لە دووبارەکردنەوەی ڕستەکە:

**هەموو شتێک بۆخاک دەگەڕێتەوە**

**لەش**

**بۆخاک دەگەڕێتەوە**

**ئاگر**

**بۆخاک دەگەڕێتەوە**

**ئاو**

**بۆخاک دەگەڕێتەوە...** (بەهمەن حەبیبی، ٢٠١٣،ل ٢-٣)

(سروە شەریف زادە) لە شیعری (یەڵدای من و مانگ)دا ڕستەی (ناتسوتێنم)، کە ڕستەیەکی کورتکراوەییە (مۆرفۆسینتاکس)، سێ جار بە مەبەستی جەختکردنەوە و دەسپێکردنی شیعر و مۆسیقای شیعریی دووبارەی دەکاتەوە، شاعیر شارەزاییانە ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی مەبەستەکەی بە کورتی دەرببڕێت و وەرگر بێزار نەبێ لە دووبارەبوونەوەیدا:

**ناتسوتێنم**

**ناتسوتێنم**

**ناتسوتێنم**

**ئەمشەو یەڵدای من و مانگە** (سروە شەریف زادە، ٢٠٠٦، ل٢٧)

**ب-تێکدانی بنیاتی پێکهاتەی ڕستە:**

لادان لە یاسا ڕیزمانییەکان دەبێتە هۆی تێکدانی واتای ڕستە، شاعیران بۆ مەبەستی سەرنجدان و ڕامانی وەرگر پێکهاتەی ڕستەکە تێکدەشکێنن و دووبارە بونیادی دەنێنەوە، (شنۆ جەوانروودی) لە شیعرێکەدا دەڵێت:

**کێ سەیرم کا ؟**

**دەستم زۆر ئەکات و نایەت**

**تازە شۆردوومە پارەکە**

لەنیوە دێڕی (تازە شۆردومە پارەکە) دەبینین بەپێی ڕێسا ڕێزمانیەکان و ڕیزبوونی کەرەستەکان، بنیاتی ڕستەکەی تێکداوە لە ڕووی ڕێزمان و واتاوە هاتنی وشەی (تازە) (پارەکە) نەگونجاون لەگەڵ یەکتر، هەر لە درێژەی ئەم شیعرەدا شاعیر دەڵێت:

**گوێم ئەڵێم دکتۆر ؟**

**بینووسە !**

**نەهاتم بۆ بنووسە یان**

**بیخۆمەوە ؟** (فاتیح مستەفایی، ١٣٩٠، ل٣٠٤-٣٠٥)

دیسان هاتنی کاری (ئەڵێم) لە ڕستەکەدا نەگونجاوە و لادانە لە یاسا سینتاکسیەکانی زمانی کوردی، هەروەها کار لە سەرەتای ڕستەدا نایەت بەپێی یاسا ڕێزمانیەکان (بکەر+

تەواوکەر+کار) دێت، لێرەدا شاعیر بەهۆی گەمە زمانییەکەوە یاسا ڕێزمانییەکەی شکاندووە، واتای ڕستە بەندە بە چۆنێتی ڕیزکردنی کەرەستەکانی ڕستەوە.

**ت-لابردن یان هەڵگرتنی کەرەستە بنەڕەتییەکانی ڕستە:**

هەڵگرتن یان لابردنی کەڕەستەیەک لە کەڕەستە بنەرەتییەکانی ڕستە هەندێ جار هاوسەنگی و واتای ڕستەکە تێکدەدات، شاعیران ئەم هونەرە زۆر بە شارەزاییەوە بەکاردەبەن بێ ئەوەی وەرگر هەست بە نەبوونی کەڕەستەکان بکات، (قوبادی) لە شیعرێکدا لە چەند وشەیەکی دژە واتا وشەیەکی لێکدراو دروست دەکات، وشەکان بەهۆی ئامرازی بەستنەوە (و) بەیەکەوە بەستوەتەوە و وەک نیوە دێڕێک بەکاریبردووە و بەردەوامی بە شیعرەکە بەخشیوە، وا لە وەرگر دەکات بە تاسەوە بۆ کۆتایی شیعرەکە بڕوانێت، دەبێتە بەشێک لە شیعرەکە و بەشدار دەبێت لە تەواوکردنی واتای ڕستەکە:

**ڕەش و سپی**

**ئاو وخاک**

**شەو و ڕۆژ**

**ژن و مێرد**

**گەورەو بچووک**

**شار و دێ**

**ئەی من و تۆ..** (سارا "بەهار" قوبادی، ١٣٩١،ل ٢٠٣)

لەم کۆپلە شیعرەی (سکاڵا)ی (نەجاری)دا لە هەر سێ نیوە دێرەکەدا (کار) دەرنەکەوتووە، بە مەبەستی سوککردن و ئاسانی لە دەربڕیندا:

**ئای سەیر کەن، سەیر**

**ئەم هەرێمە کپ و مات وهاوار؟**

**بێدەنگی خەون و تارمایی ئەشق /تێکەڵ/ ؟** (جەماڵ نەجاری،٢٠٠٥،ل ٣)

(سۆران حوسێنی) لە شیعرێکدا لە یاسا باوەکانی زمانی ئۆتۆماتیک و زمانی باوی نووسین لادەدات، زاراوەی نوێی تەکنەلۆژیا بە زمانی ئینگلیزی ئاوێتەی زمانی شیعریی وەکو داهێنانێکی نوێ و سەرنجدانی خوێنەر و بەردەنگ بەکارهێناوە:

**خووت بە ئێس ئێم ئێس (sms) گرتووە؟**

**یا مەسیجە شێتەکانم؟**

لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێت:

**چەند جار**

**ئەم دێڕەت وە خوێنم**

**I SEE YOU LAT** (محەمەد سەعید و سۆران حوسێنی،٢٧٠٧،ل ١٣)

**پ-بەلوتکە کردن:**

دیاردەی بەلوتکەکردن دیاردەیەکی ڕێزمانییە، بریتییە لە پێشخستنی کەرەستە بنەڕەتییەکانی (تەواوکەر، کار)ی ڕستە، شاعیر بۆ مەبەستی ئیستاتیکی و جوانکاری و جەختکردنەوە پەنا بۆ ئەم جۆرە لادانە دەبات، (نەجاڕی) لە شیعری (کارەسات)دا کاری (گڕئەدەم، گەرم ئەبم، هەڵئەمژم، بۆن ئەکەم، ئەسوتێم) لە سەرەتای نیوە دێڕەکاندا هێناوە، کە پێچەوانەی یاسا ڕێزمانیەکانی زمانی کوردییە:

**گڕ ئەدەم؛ زستانی مەرگ و خوێن.**

**گەرم ئەبم بە تینی خاک و خۆڵ،**

**هەڵئەمژم؛ شنەی با و ڕۆباری هەناسە.**

**بۆن ئەکەم ؛ شکۆفەو مرۆڤ و باخی بوون**

**ئەسوتێم؛ بە چەشنی ئاگرو ئەوین و گوناهی**

**شەوانە و تەنیایی و ژیلەمۆ!** (جەماڵ نەجاڕی، ٢٠٠٥،ل ١٤)

**٢-١-٢-٢ سوود وەرگرتن لە زمانی ئەدەبی میللیی و فۆلکلۆر و داستان و حکایەتی کوردی و دابونەریتە باوەکان:**

ئەم دیاردەیە لە بەرهەمی زۆرێک لە شاعیرانی ڕۆژهەڵات دەبینرێت، بەهۆی دەوڵەمەندی فۆلکلۆر و ئەدەبی سەرزارەکی و کاریگەریی لەسەر شاعیرانی نوێ ماوەتەوە، شاعیرانی نوێ نەیانویستووە پشت لە کەلەپوور و سامانی ئەدەبی فۆلکلۆر بکەن، هەوڵیانداوە بابەتە فۆلکلۆرییەکان بە بەرگێکی نوێوە لە قاڵبی شیعریی نوێدا بمەزرێنن.

(بەهمەن حەبیبی) لە کۆمەڵە شیعری (پشیلەکان)دا گۆرانییەکی فۆلکلۆری (لایە لایەی دایک)، زیندوودەکاتەوە و بە شێوازێکی سەردەمیانە لە بەرگ و و فۆرمێکی نوێدا دایدەڕێژێتەوە:

**لایە لایی**

**کۆرپەم لایی**

**پێم بڵێ بۆ خەوت نایێ ؟**

**لەکام باوشدا**

**کام هەلۆرکەدا**

**چاوانۆ ماندوو ئەبن**

**خەوییان تێئەزرێت و خەو**

**بە پسکە پسک تۆ لەگەل خۆیا ئەبات ؟** (بەهمەن حەبیبی، ؟،ل ٥١)

سوود وەرگرتن لە (ئەفسانەی کۆن) تەوزیفکردنی لە قالبی نوێدا، لەشیعری (سارا "بەهار" قوبادی)دا دەبینرێت:

**نا مانگ زەردێنەی هێلکەی دەینەسۆر نییە**

**تۆپەڵەی چاوی منە**

**وا ســـــپی بووە** (سارا "بەهاری" قوبادی، ١٣٩١،ل ١٨٠)

(هەژان بابامیری)، لە قالبی چوارینەدا، پەندێکی کوردی تێهەڵکێش دەکات و شێوازێکی سادە، کە لە سادەییدا لە ئەدەبی میللییەوە نزیکە، بەمەش چەند تایبەتمەندییەکی جیاوازی شیعر لە سەردەم و قۆناغە جیاوازەکاندا کۆدەکاتەوە و لە بەرگێکی نوێدا دایدەڕێژێت:

**مەڕۆ، مەڕۆ، جیهان بۆشە**

**بەوادەیەکم مەفرۆشە**

**دوێنێ پیاوێکی پیر ئەیوت،**

**دەنگی دەهۆڵ لە دوور خۆشە !** (هەژان بابامیری، ١٣٧٩،ل ٦)

لە شیعرێکی دیکەدا داستانی (پیرەژنی فەرهاد کوژە)مان بیردێتەوە، کە داستانێکی کۆنی فۆلکللۆری کوردییە، هەروەها باس لە (شمشاڵ) دەکات وەک ئالەتێکی مۆسیقای میللیی، هەموو ئەمانە کەرەستەی فۆلکلۆری میللیی کوردیین، لە شیعرێکدا پیشانی خوێنەرانی دەدات:

**خاک برینداره و ئاسمانیش**

**پیرێژنی**

**فەرهاد کوژەیە و بەفێڵە**

**ئەوە سۆزی شمشاڵ نییە ڕات ئەکێشێ**

**مووچرکەی تێک چوون و فێ یە !** (هەژان بابا میری، ١٣٧٩، ل٢٠)

**٢-٢ تـــەوەری دووەم: وێنەی شیعریی**

**٢-٢-١ وێنەی شیعریی چەمک و زاراوە:**

یەکێکی دی لە بنەما گرنگ و پێکهێنەرەکانی شیعر، وێنەی شیعرییە، وێنەی شیعریی لەگەڵ پەیدابوونی شیعردا بوونی هەیە ((زاراوەی وێنە (image) لە وشەی (imagination) وەرگیراوە، کە مانای ئەندێشە[١] دەگەیەنێت، ئەندێشەش وێنە لە شیعردا بەرجەستە دەکات)) (کەمال مەعروف، ٢٠٠٧، ل١٣٥). وەکو زاراوەش لە زمانی کوردیدا (وێنەی شیعریی) و (وێنەی هونەریی) بەکاردەهێنرێت، ئێمە زاراوەی وێنەی شیعرییمان بەکارهێناوە، زاراوەی (وێنەی هونەری) فراوانترە و هەموو هونەرەکان دەگرێتەوە. وێنە لە شیعردا شیعرییەتی شیعر دەسازێنێت ((لەکاتی داهێنانی شیعرییدا وێنەکان سیمای تایبەتی شیعریی وەردەگرن، لەگەڵ بنەمای شیعرییدا ئاوێتەی یەکتر ئەبن و جیانابنەوە بۆیە زاراوەی (وێنەی شیعریی)مان لا پەسەندترە)) (دڵشاد عەلی محمد، ٢٠٠٧،ل ١٦٩).

وێنەی شیعریی لە شیعریی کۆن و نوێدا ڕۆڵێکی گرنگی لە جوانکاری و ئێستاتیکای دەقی شیعردا بینیوە، بەهۆی وێنەی وشەیی و واژەیی زمانییەوە تابلۆیەکی ڕەنگین لە هزر و ئەندێشەی خوێنەردا دروست دەکات، ((وێنەی شیعریی پێکهاتەیەکی گرنگی بنیاتی شیعرییە و لە شێوەی تابلۆیەکی شێوەکارییە، کەرەستەکانی ڕستەی جوان و خەیاڵی دەروونی شاعیرن، بەهۆیەوە شاعیر ئەزموونی خۆی و تێڕوانینی بۆ دیاردەکانی دەوروبەری دەخاتە ناو چوارچێوەی دەقە شیعرییەکەی)) (دەریا جمال حەویزی، ٢٠٠٩، ل٤٣). شاعیر بەشێوەی تابلۆیەک یان فۆتۆگرافەرێک وێنەی دیاردەیەک، یان ڕووداوێک، یان هەڵچونێک و خەونێکی شاعیرانە و خەیاڵێکی ئیستاتیکی، یان واقیعێکی بینراو و سروشتی و جیهانی، یان کاریگەری داب ونەریت و کۆمەڵ و کەلەپوور و دیاردە نامۆ و شاراوەکان... لەتابلۆیەکی شێوەکاریدا دەنەخشێنێت. ((بەگشتی وێنەی شیعریی دەبێتە ئامرازێک، بۆئەوەی شاعیر پەیامەکەی لە چوارچێوەی دەقێکدا بۆ خوێنەر (وەرگر) و گوێگران بگوازێتەوە، تا ئەو بارودۆخ و دیمەنە سەرنج ڕاکێشانەی ئەو هەستی پێدەکات و لە دڵ و دەروونیدا دەخولێتەوە بگەیەنێتە خوێنەر)) (شاخەوان فەرهاد محەمەد، ٢٠١٥،ل٤٧).

چۆنێتی بەکارهێنان و دروستکردن و دامەزراندنی وێنەی شیعریی، داهێنان و دەسەڵاتی شاعیر و زاڵ بوونی بەسەر کەرەستەکانی زمانی شیعرییدا پیشان دەدات ((وێنە هەم واتا چڕوپڕ دەکات، هەم هەست و هۆشی خوێنەر دێنێتە جۆش دەیبزوێنێ، هەمیش هونەر و دەسەڵات و دەست ڕەنگینی شاعیر پیشان دەدات، لە چۆنێتی ڕازاندنەوە و

[١] –(imagination) واتای خەیاڵ یان وێنەی خەیاڵی دەگەیەنێت نەک ئەندێشە.

پێشکەش کردنی بیرۆکەکان، بەهۆی ئەو گەمە زمانییانەی کە لە تێکستەکەدا دەیسازێنێت)) (عوسمان دەشتی، ٢٠١٠،ل١٨٠). شاعیرە نوێخوازەکان، لە بەکارهێنانی وێنەی شیعریدا، ئەرکی وێنەی شیعریی زیاتر دەکەن، بەوەی بەشدار دەبێت لە پێکهاتنی واتای گشتی شیعرەکەدا، وەرگر دەتوانێت بەدرکپێکردنی واتا شاراوەکان و قووڵبوونەوە و ئاشکراکردنی لایەنە نادیارەکانی پەیامی شاعیر، لە ڕێگەی وێنە شیعرییەکانەوە بدۆزێتەوە، بۆیە ((ئەو واتایەی، کە لە پێکهاتەی گشتگیری وێنەکانەوە دروست دەبێت، مانای سەرەکی هەڵبەستەکەمان بۆ ئاشکرا دەکات)) (ئاهەنگ شەفیق محەمەد، ٢٠٠٧،ل ٤٥)، واتە وێنەی شیعریی یارمەتیدەری شاعیرە بۆ گەیاندنی پەیامەکەی بە وەرگر و بەردەنگەکانی.

لە ڕەخنەی نوێدا بەتایبەت لەسەر دەستی فۆرمالیستەکان وێنەی شیعریی چووە قۆناغێکی نوێوە ((فۆرمی شیعریی لای فۆڕمالیستەکانی ڕووسی پاشان لای سوریالییەکان و داداییەکان گۆڕانێکی زیاتریان بەسەردا دێت، تا بەوە بگات، کە وێنە بە وشە بکێشن و پێوەندییەکی بەهێز دروست بکەن لە نێوان فۆرم و ناوەرۆکدا، ئەو پاشخانە وردەوردە لە زانستی تایپۆگرافیادا  پەرەی پێدرا)) (زانا خلیل، ٢٠١٣،ل ١٠٨). ئەم شێوازە شیعرییە لەلای شاعیرانی هەشتاکانی هەولێردا وەک لە شیعرەکانی (فەرهاد پیرباڵ) و هەروەها لای (بەختیار عەلی،... ) بەدی دەکرێت، لە شیعری ڕۆژهەڵاتیشدا کەم تا زۆر ئەم شێوازە شیعرییە لای شاعیرە نوێخوازەکان دەبینرێت.

پێوەندی فۆرم و ناوەرۆک بەهۆی وێنەی شیعرییەوە بوو بە پێوەندییەکی دوالیزمی، ناتوانرێت لەیەک جیابکرێنەوە، هەندێ لە ڕەخنەگرانی نوێ لەگەڵ ئەوەدا نین لەتوێژینەوەکاندا باس لە فۆرم و ناوەرۆک بکرێت و لە یەک جیابکرێنەوە. لە شیعری نوێدا زمانی شیعریی بوو بە زمانێکی ئیماژیستی، کۆپلە و بەند و دێڕە شیعرییەکان وێنەی لەناویەکی زنجیرەیی پیشان دەدات، بۆیە وێنەی شیعریی تەنها ڕەگەزێکی  شیعریی نییە لە شیعری نوێدا، لەم بارەیەوە (ڕۆبرت ئەندۆز) ڕۆڵێکی گرنگ بە وێنە دەبەخشێت و دەڵێت: ((ڕاست نیە، کە وێنە کۆڵەگەیەکی شیعرە، بەڵکو کرۆک و گیان و جەستەی شیعرە)) (کەمال مەعروف، ٢٠٠٧، ل١٣٥-١٣٦). وێنەی شیعریی لە ڕەخنەی نوێدا ئامرازێکی یاریدەدەری شیکردنەوەی دەقی شیعرییە لای ڕەخنەگر، بۆ دەرخستنی لایەنە شاراوە و نادیارەکانی تێکستی شیعرەکە و ئاستی داهێنانی شیعری شاعیر دەردەخات، (هەندێک لە ڕەخنەگرانی ئەدەبی هاوچەرخ، وێنەی شیعری لە هۆنراوەدا دەکەن بە بنچینەیەک بۆ ڕەخنەی شیعریی و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی وێنە هەمە جۆرەکانی هۆنراوەدا دەتوانن بگەنە

بەهرەو دەسەڵاتی شاعیر لە خوڵقاندنی هونراوەی سەرکەوتوودا) (کەریم مستەفا شارەزا،١٩٨٩، ل٢٠).

پێوەندی و یەکێتی ئۆرگانی نێوان وێنە شیعرییەکان وەکو بنەمایەکی زیندووی وروژێنەر لە بینای شیعری نوێدا دەردەکەوێت، پێوەندی بە ئەزموون و لێهاتوویی و شارەزایی شاعیرەوە هەیە، بەڵام لە شیعری کۆندا وێنە لە سروشت وەردەگرێت و لە یادگەی شاعیردا کۆدەبێتەوە و پێوەندی بە ئەزموونی شاعیرەوە نییە، لە شیعری نوێدا وێنەکان یەکدەگرن بۆ سازانی وێنەیەکی گشتی بەپێی دەربڕین و وەسفی شاعیر لە هەستکردن و بینینی دیمەنەکاندا (بڕوانە: محمد غنیمی هیلال، ؟، ل٣٧٧).

لە شیعری نوێدا (وێنە) ڕۆڵی (وشە) دەبینێت، وشە تەنها ئاماژەکردن بە شتە هێمابۆکراوەکان نییە و پێوەندی وشە و وێنە بە تەنها پێوەندی دال و مەدلول نییە، وێنەی شیعری ناسینی شتەکان نییە، بەڵکو تێڕوانین و ئاماژەیەکی نوێیە بۆ شتەکان و فرەواتایی و دەوڵەمەندیی زمانەکە پیشان دەدات، شاعیرانی کۆن بە وشە گوزارشتیان لە شتەکان دەکرد، بەڵام شاعیرانی نوێ وێنە دەکەن بە کەرەستەی گوزارشتەکانیان و دیمەنی زیندوو و ڕاستەوخۆ دەگوازێتەوە و ئەزموونی مرۆڤایەتی کورت دەکاتەوە (بڕوانە: جەبار ئەحمەد حوسێن، ٢٠٠٥،ل ٥٩).

(هاوژین سلێوە)ش ڕۆڵێکی گرنگی وێنە لە شیعری نوێدا دیاری دەکات، ئەرکی وێنەی شیعری لە شیعری نوێدا بەرانبەر بە ئەرکی سەروا لە شیعری کۆندا دادەنێت و دەڵێت: ((وێنەی هونەری هەر چەندە لە کۆندا هەبووە، بەڵام ئێستا ڕۆڵی تر دەبینێت لەدوای نەمانی قافیە، کە سەروای شیعرەکەی بەیەکەوە دەبەستایەوە، ئێستا وێنەی شیعری ئەم ئەرکە بەخۆیەوە دەبینێت، شیعرەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەویش بەوەی، کە وێنەی تاک و لێکدراوەکان لەنێو خۆیان بەیەک دەگەن و بە هەموویان وێنەیەکی گشتی دروست دەکەن)) (هاوژین سلێوە عیسا، ٢٠٠٩،ل٨٠).

لە شیعری هاوچەرخدا بەتایبەت لە شیعری مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیتەدا، ڕۆڵ و کاریگەریی وێنەی شیعریی زیاتر دەبینرێت، سەرەتای ئەم بایەخدان و زەقکردنەوەیە بەوێنەی شیعریی، دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی شیعری ئازاد، شاعیران زیاتر گرنگیان بەم ڕەگەزە هونەرییەی شیعر دەدا، چونکە لەپاش ئازادکردنی شیعر لە سەروا، بۆ هاوسەنگی هونەرەکانی شیعر و مەزراندنی شیعرییەتی شیعریی، شاعیر پەنا دەباتە بەر وێنەی گشتی و لە ڕێگەی وێنەی شیعریی و جۆرەکانییەوە، مۆسیقا و ئاواز و ڕیتمێکی ئێستاتیکی ناوەکی و

دەرەکی دەسازێنێت، وا دەکات وێنەی شیعریی شوێنی سەروا  بگرێتەوە و وەرگر هەست بە نەبوونی یان پشتگوێخستنی سەروا لە دەقەکەدا نەکات.

(عادل محەمەد پور) (عادل محەمەد پوور،٢٠١٠، ل١٥٥) بە شێوەیەکی گشتی چەند شێوازێکی وێنە لە ڕووی بنیات و پێکهاتنەوە دیاری دەکات:

١- وێنەی تاک ڕەهەند: وێنەی تاک هەمان چەشنی سەرەتای سەرهەڵدانی وێنەیە، قۆناغی یەکەمی ڕەوتی خەیاڵی شاعیرانەیە لە کارگەی شیعریدا.

٢- وێنەی لێکدراو، کاتێک کە توخمی خەیاڵ لە ڕووخساری شیعرەکەدا دەچەسپێ و وێنەکی دوو ڕەهەند پەیادەکات واتایەکی تری مەجازی (میتافۆر) لەدایک دەبێ، کە توخمەکە دیالێکتی دوولایەنە دەگرێتە خۆی.

٣- وێنەی کۆڕەهەند و بارست (حجم): ئەویش کاتێک شاعیر وێڕای دوولایەنی وێنەی پێشوو، لایەنێکی تر لە هەوێنی خەیاڵ بە وێنەکەوە موتوربە دەکات و لەنێو دڵی هەمان وێنەدا وێنەیەکی دیکە لەپێناو هەمان مەبەست و چەمکی شیعرەکەدا دەخولقێنێ، کە دەبێتە کۆمەڵە وێنەیەک، لە بارەی کارەساتێکەوە، یان وێناکردنی تابلۆیەک لە ڕووبەری کۆمەڵگە.

سەبارەت بە جۆری سێیەم شێواز و نۆرمێکی نوێیە و لە شیعریی کلاسیکیدا کەمتر بەرچاودەکەوێت، وێنەی گشتی یان وێنەی فرە ڕەهەندی زیاتر لە شیعری نوێ و ئازاد دا دەبینرێت ((وێنەی گشتی بەبێ بوونی یەکێتییەکی ئۆرگانی لە بابەتی دەقەکە نایەتە بەرهەم، چونکە تێکرای دەقەکە دەبێتە وێنەیەکی گەورە و فراوان، ئەمەش وەک خەسڵەتێک لە شیعری نوێ و ئازاد دا بوونی هەیە، نەک لە شیعری کلاسیکی)) (فەرهاد قادر کەریم، ٢٠١٢، ل٢٣٩)، بایەخدان بەم جۆرە وێنەیە بەتایبەت لای شاعیرانی پۆست مۆدێرنیزم گەیشتە لوتکە و وێنەی فرە ڕەهەندی، وەکو خاسیەتێکی جیاکەرەوەی شیعری کۆن ونوێ سەیردەکرێت.

**٢-٢-٢ جـۆرەکانی وێنەی شیـعریی لە شیعری کوردیدا:**

وێنەی شیعریی لە سەردەمی شیعریی نوێدا بووە جێی بایەخی شاعیران و ڕەخنەگران و لێکۆڵەران، بەتایبەت گرنگی پێدانی وێنەی شیعریی لای شاعیرە نوێخوازەکان (مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزم) گەشتە ئاستێک، کە شیعر بێتە پێکهاتەییەکی وێنەیی ڕووت. بەهۆی زمانی شیعرییەوە وێنە و وشە ئاوێتەی یەکتربوون و ناتوانین لێکیان جیابکەینەوە، جۆرەکانی وێنەی شیعریی لە چەند سۆنگەیەکەوە پۆلێن و دابەشکراوە، ((جۆر و لقەکانی وێنە ئەوەندە زۆربوون، کە پۆلێنی جۆراوجۆری بۆ دانرا، بەرادەیەک کۆنترۆڵکردنی ئاسان نییە لەوانەیە هۆکارەکانی زۆری ئەو دابەشکردنانەی وێنەش بە گەلێ شێوە و پۆلێنی جیاجیا

بۆ سروشتی وێنە خۆی بگەڕێتەوە، چونکە وێنە پێکهاتەیەکی ئێستاتیکی جوان وبێ وێنەیە دیاری کردنی وا سووک وئاسان نییە، لق و پۆپەکانی واچوونەتە ناویەک و تێکەڵاو بەیەک بوون جیاکردنەوەیان کارێکی گرانە)) (سەردار ئەحمەد گەردی،٢٠٠٤،ل ١٢٣).

لەم سالانەی دواییدا وێنەی شیعریی بووە هۆی سەرنج و بایەخی ئەدەیبان و لێکۆڵەران، چەندین نامەی ئەکادیمی و بابەتی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی تەنیووە، لە شیعری کوردیدا لە چەند سۆنگەیەکەوە وێنەی شیعری پۆلێنکراوە:

یەکەم ڕەگەزەکانی وێنەی شیعریی، کە (ئەندێشە، زمان، بیر، سۆز، واقیع، نەست) دەگرێتەوە. دووەم لە ڕووی پێکهاتەی سروشتیەوە (هەستی و ژیری) ئەمەش (وێنەی هەستی) و (وێنەی زەینی- مەعنەوی -واتایی) دەگرێتەوە، مەبەست لە (وێنەی هەستی) ئەو وێنانەن، کە بەر یەکێک لە هەستەکانی مرۆڤ دەکەون، مرۆڤ دەتوانێت بەهەستەکانی هەست بە وێنە شیعرییەکە بکات لەوانەش هەستی: (بینین، بیستن، بۆنکردن، چەشتن، بەرکەوتن). وێنەی واتاییش ئەو وێنانەن، کە بەر هیچ کام لە هەستەکانی مرۆڤ ناکەون.

سێیەم لە ڕووی پێکهاتەی شێوازناسییەوە، ئەمەش شێوازی وێنەی: (ڕوونبێژی، ڕەمزی، دەروونی، فەلسەفی، ئەفسانەیی) دەگرێتەوە، مەبەست لە ڕوونبێژیش وێنەی (لێکچواندن، خواستن، درکە)یيە.

چوارەم وێنە لە ڕووی بزاوتن و جووڵەوە، ئەم جۆرە وێنە شیعرییەش دوو جۆرە: (وەستاو، جولاو) مەبەست لە وێنەی (وەستاو) ئەو وێنانەن، کە شاعیر وەک پەیکەرێک دروستی دەکات، خوێنەر یان وەرگر ڕاستەوخۆ هەستی پێ دەکات و هیچ جووڵەیەک لە وێنەکەدا بەدی ناکرێت و وەکو تابلۆیەک دێتە پێش چاو. وێنەی (جووڵاو)یش زیاتر ئەو وێنانەن، کە بەهۆی وشەکانەوە دەسازێن و ((شاعیر پەنا بۆ ئەو جۆرە وشانە دەبات یان ئەو وشانە لە بەیتە شیعرەکەدا بەکاردێنێت، کە ئاماژە بەجووڵە دەدەن)) (هیتلەر ئەحمەد حەمە، ٢٠٠١،ل ١١) وەرگر هەست بە جووڵان و بەردەوامی و گەشە لە تێکستەکەدا دەکات.

پێنجەم لە ڕووی پێکهاتە و بنیاتەوە، وێنەی شیعریی لە ڕووی پێکهاتنەوە چەند جۆرێکە لەوانەش: (وێنەی تاک و وێنەی لێکدراو و وێنەی گشتی)، وێنەی تاک چەند شێوازێک لەخۆدەگرێت، شێوازی (هەست گۆڕکێ، وەسفی ڕاستەوخۆ، ئاڵوگۆڕکردنی درکپێکراو) ئەمەی کۆتاییش (بەکەسکردن، بەرجەستەکردن، بەتەنکردن ) دەگرێتەوە.

شەشەم لە ڕووی سەرچاوەکانی وێنەی شیعرییەوە، ئەم لایەنەش بۆتە جێی بایەخی لێکۆڵەران و نووسەران، چەندین سەرچاوەی جۆراوجۆری وێنەی شیعریی بەدیدەکرێت، کە دەبنە هۆکار و دروستبوونی وێنەی شیعریی لای شاعیران، خوێنەر و گوێگر بە ئاسانی

دەتوانێت دەستنیشانی بکات، لەوانەش سەرچاوەی (خودی، بابەتی)ن، سەرچاوەی بابەتیش چەندین بابەتی (خۆماڵی و مرۆڤایەتی و مێژویی و ئاینی و کەتوار و سروشت، ناوچەیی و جیهانی...هتد) دەگرێتەوە. هەریەک لەم سەرچاوانە هەستێک، یان هەڵچونێک، یان بیرۆکەیەک، یان بابەتێک لە هزر و ئەندێشە و خەیاڵی شاعیردا دروست دەکەن و دەبێتە هۆی ئەفراندنی وێنەی شیعریی و شیعرییەت بە دەقەکە دەبەخشێت.

**٣-٢-٢ جۆرەکانی وێنەی شیعریی لە شیعری ڕۆژهەڵاتدا:**

شاعیرانی ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی فراوان وێنەی شیعرییان بەکاربردووە، گرنگییەکی زۆریان بە پێکهاتەی شیعریی لە مەزراندنی شیعرییەتی تێکستەکانیاندا داوە، هەموو ئەو پۆلێنکردنانەی لەلایەن نووسەران و لێکۆڵەرانەوە لە دابەشکردنی جۆرەکانی وێنەی شیعریی کراون، لە شیعری ئەم قۆناغەدا دەبینرێت، ئێمەش لێرەدا بە پێی مەودای توێژینەوەکەمان هەوڵدەدەین زۆرێک لە جۆرەکانی وێنەی شیعریی لە شیعری شاعیراندا دەستنیشان بکەین.

یەکێک لە دەنگە دیار و ناوازەکانی شیعری ڕۆژهەڵات (یونس ڕەزایی)یە، لە کۆمەڵە شیعری (شین ترین بەتاڵ)دا دەڵێت:

**دۆزەخ هەی دایکە میهرەبانەکەم**

**(هەڵبەت تکایە هەرگیز من مەدرکێنە بۆ فێنکایی)** (یونس ڕەزایی،؟،ل ٨)

شاعیر لەم دێرە شیعرەدا لە ڕووی شێوازی ڕوونبێژییەوە، وێنەیەکی قەشەنگی لێکچواندمان لە چواندنی (دۆزەخ) بە (دایکی میهرەبان) بۆ دروست کردوین، لە ڕووی لۆژیک و واتاوە لێکچواندنێکی پێچەوانەیە، شاعیر بۆ زیاتر ڕامان و سەرنجدان و قوڵبوونەوە و تێکەڵبوون و ئاوێتەبوونی بەردەنگ و خوێنەران لەگەڵ شیعرەکانیدا، ئەم وێنە شیعرییەی ئەفراندووە، لەهەمان کاتدا وێنەیەکی تاکی بەکەسکردنە بەوەی سیفەتی میهرەبانی، کە سیفەتی مرۆڤە داویەتە پاڵ (دۆزەخ).

(ئەمین گەردیگلانی) لە شیعری (شەوەژان)دا دەڵێت:

**شاخ و شەوەزەنگ پێکەوە، زۆر دەستەملان بوون**

**زۆرجار پەڵەشی داوە لە دامێنی چیا، خوێن !**

**لەژێر تەوژمی ڕەشەبا و تەرزە و شەستەباران**

**گەڵایەکم کە لە ساواییەوە لەدار دراوم** (ئەمین گەردیگلانی، ١٣٨٠،ل ١٤-١٥)

لە نیوە دێڕی یەکەمدا وشەکانی (شاخ و شەوەزەنگ) بەمانای دروستی خۆیان بەکارنەهێناوە، بەڵکو بەواتایەکی خواستراو بەکارهاتوون، وێنەیەکی ڕوونبێژی

دروستکردووە، مەبەست لە (شاخ و شەوەزەنگ) خەباتی پێشمەرگە و چەکدارانی کوردە لە شاخ، کە چەندەها شەو و ڕۆژ ماونەتەوە، ئاماژەیە بە خەبات و بەرخوودانیان، وشەی (خوێن)، کە سیفەتی بارانی پێ بەخشیوە، مەبەستی لە ڕژاندنی خوێنی خەباتکەرانی کوردە لە شاخ، خوێنی بە (باران) چواندوە، وێنەیەکی خواستراوی دروستکردووە. لە دێڕی دووەمدا وشەکانی (ڕەشەبا و تەرزە و شەستەباران) وشەی خواستراون بە مانای دروستی خۆیان بەکارنەهاتوون، بەڵکو مەبەست لە زوڵم و زۆر و چەوساندنەوەی ڕژێمی شایە دەرهەق بە کورد لە ڕۆژهەڵاتدا، هەروەها لە وشەی (لەداردراوم)دا مەبەست لە (سێدارەیە)، کە ڕەمزی ستەم و زوڵمی دوژمنانی کوردی ڕۆژهەڵاتە، لە لەسێدارەدانی (پێشەوا قازی)یەوە زیاتر لە شیعری خەباتگێڕی شاعیراندا زەقبووەتەوە، بە ئاماژەدان بە ڕاناوی (م) لە وشەی (گەڵایەکم) شاعیر خۆی بە گەڵایەک چوواندووە، وەکو چۆن گەڵا هەر لە ساواییەوە خۆی دەبینێ بەدارەوە هەڵواسراوە، شاعیریش مەبەستی لە ستەم و زوڵم و زۆرداری چەند ساڵەی گەلی کوردە، کە چاوی بەدونیا هەڵهێناوە (لەساواییەوە) هەستی بە ستەم و زۆرداری دەسەڵات کردووە، ئەگەر لە ڕووی سەرچاوەی وێنەییەوە تەماشای بکەین، سەرچاوەی وێنە لەم دێڕە شیعرە سەرچاوەیەکی بابەتی نەتەوەیی واقیعی گەلی کوردە.

(سەعید ئەمانی) لە شیعری (تابلۆیەک)دا وێنەیەکی لێکچواندنی قەشەنگمان بۆ دەکێشێت:

**" تابلۆیەک "**

**وەرزی بەهار**

**وەک بووکێکە**

**بەرلەوەی بچێتە سەرجێ**

**بەرگە سپێکەی بووکێنی**

**دادەکەنێ.** (سەعید ئەمانی، ٢٠٠٣،ل ٢٣)

شاعیر (وەرزی بەهار)ی بە (بوک) چواندووە، وەزری بەهار (لێچووە)، وەک (ئامرازی لێکچواندنە)، بوک (لەوچووە) سیفەتی (داکەندن) (ڕووی لێکچوونە)، هەروەها (بەرگە سپێکەی بوکێنی) بە (وەرزی زستان) چواندووە، کە ئاماژەیە بە توانەوەی بەفر و هاتنی بەهار.

(نادر نیروومەند "بۆران") لە شیعری (هێشتا)دا، لە هونەری (خواستن) وێنەیەکی جوان و سەرنجڕاکێشمان لە وشەی (دەستی جەرگم) بۆ دەنەخشێنێت، (جەرگ)ی بە (مرۆڤ) چواندووە، کە شاعیر خۆیەتی (جەرگ) بۆخواستراوە و مرۆڤ لێخواستراوە و دەرنەکەوتووە، تەنها بۆخواستراو دەرکەوتووە خواستنێکی درکاوە:

**دەستی جەرگم هەر خوێنە بەکێی بنوێنم ؟**

**بێ درک نەبوو هەتاکو بووە گوڵ هێشتاکە**

**باڵی بەبرینە لەبەر بەردی جەفات کۆتری دڵ**

**چی یە ئەم جادووە وا لێت بووە سڵ هێشتاکە** (نادر نیروومەند "بۆران"، ١٣٧٨،ل١٤)

هەر لەم دوو دێڕەدا جۆرێکی دیکەی وێنە، کە پێکهاتەی سروشتی وێنەی شیعرییە، وێنەی هەستی بینین لە وشەکانی (خوێن، درک، گوڵ، بەرد)، لە وشەکانی (جەفا، جادوو، سڵ) وێنەی واتایی (مەعنەوی) دروستکردووە، ئەمەش دەست ڕەنگینی و گرنگیدانی شاعیر بە وێنەی شیعریی دەسەلمێنێ، کە لە بەهای شیعرییەت و ڕاکێشانی سەرنجی وەرگر و بەردەنگەکانی خۆی دەبینێتەوە:

(سۆران حوسێنی) لە شیعری (توێشوو)دا، بەهەمان شێوە لە وشەکانی (عەشق، خەنی، ترس) وێنەی واتایی (مەعنەوی) و لە وشەکانی (ڕژد و کێو و بەفر) وێنەیەکی هەستی (بینین) لە زەینی بەردەنگ و خوێنەرەکانیدا دروستکردووە:

**بە عەشقت وا خەنیم بێ ترس و بێ باک**

**لە ڕژد و کێو و بەفر و بارِنی چاک**

سەبارەت بە گرنگیدانی شاعیر بە جۆرەکانی دیکەی وێنەی شیعریی لە هەمان شیعردا و لە دێڕی دواتردا دەڵێت:

**دەپێوم ڕێ، دەپێوم ڕێ، دەپێوم**

**هەتا تێشوی ئەوینت کا بەخێوم**

**هەتا پڕشنگی شادی دێ لە ئاسۆ**

**دەپێوم ڕێ بەشم یا گڵ دێ یا تۆ** (سۆران حوسێنی، ١٣٨٤،ل ٧)

شاعیر بەهۆی بەکارهێنان و دووبارەکردنەوەی کاری (دەپێوم ڕێ) وێنەییەکی جووڵاوی بۆ نەخشاندووین، بەهۆی ئامرازی لێکدەری (هەتا) بەردەوامی داوەتە جووڵە و بزووتنەوەکە وێنەییەکی بازنەیی کراوەی گشتیمان بۆ دەکێشێت و بەردەوامی و جوڵەکە سنوردارکراوە لە گەیشتنی شاعیر بە ئاکام، شاعیر لێهاتوانە دێڕە شیعرەکانی پڕکردووە لە جووڵە و بزاوتن، لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی کاری (دێ) لە دێڕی دووەم و دووبارەکرنەوەی لە هەردوو نیوە دێڕەکەدا دیسانەوە بزاڤ و جووڵەیەکی بەردەوامی بە شیعرەکە بەخشیوە.

(بەهار حسێنی) لە کورتە شیعرێکدا چەند وێنەیەکی جیاوازی بەکاربردووە، دوو وێنەی جیاوازی هەستی و واتایی دروستکردووە:

**پاساری**

**لە خەونەکانیشمدا باڵ لێنادا**

**بڕوانە سێوەکەی دەستت**

**چ سەرلێشێواو**

**لە دڵم گرێ دراوە وەک درەختێکی پڕ لە پاییز**

**فریێ بدە**

**با بسووڕێ**

**تا دەگاتەوە باوەشم**

**لێگەڕێ لە دەورت گەڕێم.** **(بەهار حسێنی،٢٠١٥،ل١٠٠)**

(خەون) وشەیەکی واتاییە و (پاساری، سێو، درەخت) وشەی هەستین، وێنەیەکی لێکچواندنی لەناویەک لە (بڕوانە سێوەکەی دەستت) پێدانی سیفەتی سەرلێشێوان، کە سیفەتی (بەکەسکردن)ە و گرێدانی بە دڵی شاعیرەوە و پاشان ئەم لێکئاڵانەی چواندووە بە (درەختێکی پڕ لە پاییز) وێنەیەکی لێکچواندنی ئاڵوز و تێکچرژاوی دروست کردووە، هەروەها لە کاری (فریێ بدە، با بسوڕێ تادەگات، لە دەورت گەڕێم)دا، وێنەیەکی جووڵاوی وەسفی ڕاستەوخۆ دەکێشێت.

(گوڵباخ بهرامی) لە کۆپلە شیعرێکدا وێنەیەکی لیکچواندن لە وەسفی (ئەو)دا، کە بە (ماسی) چواندووە پیشان دەدات، لەهەمان کاتدا وێنەیەکی هەستی بینین و هەستکردن (دەست لێدان) لە نیوە دێری سێیەم دروست دەکات:

**دەرفەتێک هەتا دەریات بم**

**کە وەک ماسی**

**خەم لە سڵاوە بەفرینەکانت ئەنیشێت**

لە دێڕی دواتردا وێنەیەکی وەستاومانلە کاری (ڕائەوەستێ) بۆ دەنەخشێنێت:

**کات لە ئێوارەدا ڕائەوەستێ و**

**من ڕەنگەکانی هاتنت کۆدەکەمەوە** (گوڵباخ بهرامی، ٢٠١٢، ل٦٣)

(بارام موکریانی) لە شیعری (کورد و ئێران)دا پێکهاتە و بنیاتی چیرۆکی وێنەیەکی گشتیمان بۆ دەکێشێت، بە شێوازی گێڕانەوەی تاکەکەسی (شاعیر خۆی گێڕەرەوەیە) باس لە مێژووی پڕ لە کارەساتی کورد لە ئێراندا دەکات و ڕووداوەکان بە زنجیرەی مێژوویی لە سەردەمی شاکانی ئێرانەوە دەگێڕێتەوە، میللەتی کوردی بەگشتی بە بەردەنگ داناوە، شاعیر سەرەتا بە (هەبوو نەبوو)، کە سەرەتای گێڕانەوەی حیکایەتی کوردییە، چیرۆکەکە دەست پێ دەکات، وێنەی گشتی بنیاتی چیرۆکەکەمان بۆ دەکێشێت:

**هەبوو نەبوو زەمانی زوو**

**وڵاتێکی گەورە هەبوو**

لە دێڕێکی دیکەدا لە ناوەکانی (ڕەزاشا و مستەفا کەماڵ) و (گورگ و گەماڵ) شێوازی وێنەی لێکچواندنی لێکدراوی دروست کردووە:

**ڕەزا شا و مستەفا کەماڵ**

**لێمان بوون بە گورگ و گەماڵ**

لە دێڕی سێیەم و چوارەمدا، وێنەی وەستاو لەسەر بنچینەی وەسفی ڕاستەخۆی و واقیعی بارودۆخی کوردستانمان وەکو فۆتۆگرافێک پیشان دەدات:

**حمە ڕەزای شای شێرەکێش**

**زر برای سەدام گورگەمێش**

**هیوام هەیە بە ڕێبازم**

**بەڵێ ! بەڵێ ! دابەشخوازم**

لە دێڕێکی دیکەدا، شاعیر سودی لە سەرچاوەی بابەتی نەتەوەیی (فۆلکلۆر) بینیوە و پەندێکی پێشینانی تێهەڵکێش کردووە، ناوەڕۆکی شیعرەکە ناوەڕۆکێکی نیشتمانی هەیە، شاعیر ویستویەتی لە ڕێگەی گرنگیدان بە ئەدەبی نەتەوایەتییەوە، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی زیندووبکاتەوە و لە بەرگێکی نوێی هەڵکێشێت:

**((برا پیمان برایەتی بێ**

**کیسەمان جودایەتی بێ))** (بارام موکریانی، ٢٠١٣،ل٩-١٤)

(سووزەنی)ش لە شیعرێکدا بە دووبارەکردنەوەی دەنگی (ڕ) بە ئاراستەی خوارەوە ئاماژە بە داباڕینی باران دەکات، فۆرم و ناوەرۆکەکە یەک واتا دەبەخشن، لە هەمان کاتیشدا وێنەیەکی هەستی بینین و بیستنە:

**باران بە خوڕ**

**ڕ**

**ڕ**

**ئەبارێ**

**من و ئەو گوڵانە تۆ**

**تێکەڵ دەشتەکە ببووین**

**ئەتوت:**

**چاو! «تەپی ماڵان»**

**گوێی بۆ خەندەت تیژکردووە** (ساڵح سووزەنی، ١٩٩٥،ل١٣)

هەروەها لە شیعری (بیرهەڵکەن)دا دەڵێت:

**کانییەکانیان**

**دا پڵۆخان !**

**جوگە و هەسیل**

**ئاخنراون !**

**زەوی ئەسمم**

**بۆ ئەوەی**

**بگەم**

**بە**

**زە**

**ریا** (ساڵح سووزەنی،١٣٦٩،ل ١٥)

شاعیر وێنەیەکی تایپۆگرافی جوانمان پیشان دەدات، فۆرم و ناوەرۆکی شیعرەکە هەمان واتا دەبەخشێت، شێوەی بیرێک پیشان دەدات، شاعیر بیرهەڵکەنە و دەیەوێ بگات بە زەریا، دیارە، کە هەڵکەندنی بیر مەبەست گەیشتنە بە ئاو، شاعیر بە وشە هەنگاوەکانی ناوە بە وێنەی بیرهەڵکەنێک، شیعرەکە شیعرێکی وێنەییە.

(فەرەیدون ئەرشەدی) لە شیعری (خۆت)دا وێنەیەکی لێکدراومان بۆ دروست دەکات، بە شێوازی لێکچواندنی لێکدراو، بە چواندنی شتێک بە چەند شتێکی دیکە، دروستکردنی سیفەتێکی نوێ بۆ هەریەکەیان:

**چەند لە تۆ ئەچن ئەم شکۆفانە**

**دەبنە هەموو شتێک**

**سێو**

**هە نار**

**گێلاس.**

**تۆش دەبیتە دایک**

**خوشک**

**هاوسەر**

**دەبیتە نیوەی کۆمەڵ**

**بەڵام**

**نابیتە خۆت** (فەرەیدون ئەرشەدی، www.faryadshiri.blogfa.com)

شاعیر شێوازی وێنەی لێکدراوی دروست کردووە، وێنەی یەکەم بریتییە لە لێکچواندنێکی تاکی ئاڵوگۆڕکردن و درکپێکراوی بەکەسکردن لە وشەی (شکۆفە)، کە لێچووە و (تۆ) لەوچووە، وێنەی دووەم وێنەیەکی لێکدراوە لە وێنەی یەکەم و چواندنی بە سێ شت (سێو، هەنار، گێلاس) سیفەتی نوێی پێبەخشیوە، وێنەی سێیەم وێنەیەکی لێکدراوی واقعییە لە وشەی (تۆ) پێدانی سیفەتی (دایک، خوشک، هاوسەر، نیوەی کۆمەڵ) وێنەیەکی ئاڵۆز و جوانمان بۆ دەکێشێت.

(فاتمە فەرهادی) لە شیعرێکدا وێنەیەکی لێکدراوی لێکچواندنمان لە وێنەی هەستی چەشتن و بینین بۆ دەکێشێت، لەم دوو وێنەشەوە وێنەیەکی تێکەڵ دروستدەکات:

**پڕم کە لە پەنجەکانت**

**کاتێ لە شەمدانییەکاندا گەورە ئەبن**

**وە هەموو شتێک بۆ من**

**تامی گێلاسی زەرد ئەدات**

**هەنار گێلاسی زەرد**

**ماچەکانت گێلاسی زەرد**

**نەردە گێلاسی زەرد** (فاتمە فەرهادی، ٢٠٠٧،ل ٣٣)

شاعیر بەهۆی پێدانی سیفەتی (گێلاسی زەرد) بە (هەنار و ماچ و نەردە) وێنەیەکی لێکچواندنی تێکەڵ، کە وێنەیەکی هەستی چەشتن لە وشەی (تام) و هەستی بینین لە وشەی (زەرد) دروستدەکات.

(عەتا ساڵح پوور) لە کورتە شیعرێکدا، پەیکەری شیعرێکی وێنەییمان بۆ دەنەخشێنێت، بە شێوەیەکی ئەندازەیی لە سەرەوە بۆ خوارەوە نیوە دێڕەکان ڕیزدەکات، پێش خوێندنەوەی شیعرەکە خوێنەر سەرنجی بۆ سیمای وێنەکە دەچێت:

**نیگای بزۆز**

**ئەڵێن دەفر ئەگەر پڕبێ**

**سەر ئەکات و ئەرشێتەوە**

**کەچی دەفری ئەم دڵەی من**

**چوار وەرزی ئەرخەوان سوورە و**

**ساڵەهایە ڕووباری نیگای بزۆزت**

**لە تاسەیدا ئەتوێتەوە** (عەتا ساڵح پوور، kordisher.blogfa.com)

شاعیر سودی لە پەندیکی کوردی وەرگرتووە، کە دەڵێت ((جام کە پر بێت لێی دەرژێت)) لە نیوە دێری چوارەمدا بە چواندنی (دڵ) (لێچوو)بە (دەفر) (لەوچوو) کۆبوونەوەی خوێن لە نێو دڵەکەدا لە شێوەی دەفر (ڕووی لێکچونە) شیوازی وینەی لێکچواندنی دروستکردووە.

(نەجاڕی) لە شیعرێکدا واتای کاری (ئەچمەسەر) لەسەر لاپەرەکە پیشان داوە، بە شێوەی وێنەیەکی تایپۆگرافی کارەکەی لەیەک دابڕاندوە و ئاراستەی پیتە لێکدابڕاوەکان ئاماژەیە بە واتای کارەکە:

**ر**

**سە**

**چمە**

**ئە**

**لە مردن نزیکم چەند ساتێ !**

**ناتوانن بمکوژن، نە خەنجەر، نە تفەنگ** (جەماڵ نەجاڕی، ٢٠٠٥،ل ١٥)

**٢-٣ تەوەری سێیەم: ئاوازی شیعریی**

**٢-٣-١ سەرەتایەک لە بارەی ئاوازی شیعریی و جۆرەکانییەوە:**

ئاواز ڕەگەزێکی گرنگ و پێکهێنەری شیعرە، پێوەندییەکی پتەو لەنێوان ئاواز و ڕەگەزەکانی دیکەی شیعرییدا هەیە و تەواوکەری یەکترن، لەگەڵ شیعریشدا ئاوێتە بووە، شیعرییەت و ئاوازداری و ئێستاتیکای شیعریی و ئاهەنگ و مۆسیقاییەکی سەرنجڕاکێش و دڵڕفێن لای بەردەنگ و گوێگر دەسازێنێ و ((سیستەمێکی تایبەت بە شیعرەکە دەبەخشێت)) (فرمێسک موسلیم محەمەد،٢٠١٥،ل٧). هەست و سۆزی مرۆڤ دەهەژێنێ و بۆخۆی ڕایدەکێشێت.

هەروەها شیعر بەهۆی ئاوازەوە لە پەخشان جیا دەکرێتەوە و هەر ئەمەشە وا لە شیعر دەکات، زووتر لەبەربکرێت و پانتاییەکی فراوانی ئەدەب داگیربکات. کاریگەری ئاواز لە دەروون و هەستی مرۆڤدا وای کردووە مرۆڤ ((هەربە غەریزە حەز بە ڕیتم دەکات... بە فترە حەزی لە ئاواز و ڕیتمە)) (شكري عزيز الماضي،٢٠١٠، ل٣٧)، بەهۆی ئەو پێوەندییە بەهێز و تێکچڕاو و لەناویەکەی لە نێوان ئاواز و شیعردا هەیە، لێکۆڵەران ((زۆرجار چەمکی شیعریان بە چەمکی ئاوازەوە بەستووە)) (زانیار ساڵح عەلی، ٢٠١٥، ل٣٩)، شیعر بەبێ ئاواز شتێکی لاواز و بێبەهایە ناتوانێ سەرنجی خوێنەر یان وەرگر بۆخۆی ڕابکێشێت. (عبدولڕەزاق بیمار) بەم شێوەیە پێناسەی ئاوازی شیعری کردووە و دەڵێت: ((مۆسیقاش هەستکردنی خوێنەر یان گوێگرە بەو ئاوازانەی، کە دەنگەکان و وشەکان و جۆری هەست و سۆزی هەڵبەستەکەی دەدەن)) (عبدولڕەزاق بیمار،١٩٩٢،ل ١١). پێکهاتە و بنیاتی ئاوازی

شیعریی دەنگ و وشەکانن، شاعیر لە کاتی دەربڕینیاندا هەست و سۆزی خۆی تێکەڵ دەکات و شێوازی دەربڕینی بڕگە و وشەکان، ئاوازی شیعریی دەمەزرێنن.

ئاوازی شیعریی لە کۆنەوە جێگەی بایەخی شاعیران بووە، لە شیعری کۆندا بەهۆی سەنعەتکارییەوە ئاوازی شیعریی درووست بووە. بەڵام ئاوازی شیعریی لە شیعری نوێ و نوێخوازاندا جیاوازە لە شیعری کۆن، شاعیر بەهۆی ڕێکخستن و ڕیزکردنی دەنگ و وشەکانەوە ئەفراندنی خۆی لە ئاوازی شیعرییدا نیشان دەدات، هەندی جاریش ئاوازی شیعر بەهۆی ئاوازی سروشتی زمانی کوردییەوە دروست دەبێت، بەگشتی شیعر لە زمانی کوردیدا بەبێ ئاواز نییە، هەرچەندە هەندێ شاعیر بانگەشەی شیعری بێ کێش دەکەن، کە ئاوازی دەرەوەی شیعرە و بەناوی شیعری (ئازاد، سپی)، بەڵام ئاوازی ناوەوەی شیعر ئەو ڕۆڵە دەگێڕێت و ناهێڵێت شیعرێکی بێ ئاواز بەرهەم بێت، بۆیە لە زمانی کوردیدا شیعریی بێ ئاوازمان نییە، هەڵبەت مەبەستمان دەقە شیعرییە ئەدەبییەکانە، نەک شیعرە لاواز و بێ بەهاکان.

لە شیعری ئازاد دا شاعیر وانیشان دەدات لە ئاوازی شیعر (کێش و سەروا) خۆی دەربازکردووە، خۆی نابەستێتەوە بە هیچ یاسا و ڕێسایەکی کێش و سەروا وەک لە شیعری کۆندا هەبووە و پێڕەوکراوە. بەشێوەیەکی گشتی ئاوازی شیعریی بەهۆی زمانی شیعرییەوە دەسازێت، زمانی کوردیش بەهۆی باری جوگرافی و ژینگەییەوە، دەربڕینەکانی زمان بە ڕیتمێکی کورت دەردەبڕێت و خۆی لەخۆیدا جۆرە ئاوازێکی سروشتی لە دەنگ و بڕگە و وشە و ڕستەکانیدا هەن، ((چونکە لە زمانی کوردیدا لێکدانی تاک واژە و ڕستەبەندی بە شێوەیەکی سروشتی کێش و ڕیتمی ئاسایی خۆی هەیە و هەموو ئەو کێشانە (٣-٤-٥) تا دەبنە (٧-٨-١٠) بڕگە و لە بەیت و فۆلکلۆر و شیعری کۆندا نموونەکانی زۆرن، ئێستاش لە خودی وشەکانی زماندا هەن و خۆمان لە ئاخاوتنی ئاساییدا بەکاریان دێنیین)) (شەریف فەلاح، ٢٠١٣،ل ١٠١).

لە شیعری نوێدا شاعیران بەناوی شیعری (ئازاد، سپی، جیاواز، پێوەر، چرکانە...) شێواز و فۆرمی نوێی شیعرییان داهێناوە و بە شێوەیەک شیعر لە کێش و سەروا دادەبڕن و ناوی نوێیان پێبەخشیوە. گرنگی بە ڕیتم و ئیقاعی مۆسیقی لە جوانکاری و ئێستاتیکای ئاوازی شیعرەکەدا دەدەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بڕوانیینە بڕگە و کەرتکردنی وشەکان، هەمان کێشی شیعری فۆلکلۆری کوردی دەردەچێت ((ئەو ڕیتمانە هەڵقوڵاوی خودی زمانەکەیە و پێش ئەوەی بە کێشی شیعری نوێ یان داهێنانی کەسێک بناسرێ، لە فۆلکلۆر و ئەدەبی کۆندا بەکارهێنراون)) (شەریف فەلاح، ٢٠١٣،ل ١٠١). ئەمەش ئەوەمان بۆ

دەردەخات، خودی زمانی کوردی، کە زمانە گشتییەکەیە و زمانی شیعرییش وەکو زمانێکی تایبەت لەنێو زمانە گشتییەکەدا، وشە و ڕستەکان بەزۆری لەسەر کێشی (٣-٤-٥) بڕگەیین، سروشتی خودی زمانی کوردی ئەو ڕیتمانەی سازاندووە، تایبەت نییە بە شێوازێکی نوێی شیعریی، بەڵکو شیعری ئازاد و بڕگەیی خۆی لەخۆیدا گەڕانەوەیە بۆ سروشتی پێکهاتەکانی ڕیتم و کێشی زمانە ڕەسەنەکە.

**٢-٣-٢ جۆرەکانی ئاوازی شیعریی:**

ئاوازی شیعریی پایەیەکی گرنگی شیعرە بەهۆی (ئاوازی ناوەوە، ئاوازی دەرەوە، ئاوازی لایەکان)ەوە درووست دەبێ، لە کۆنەوە تا ئەمڕۆش گرنگییەکی زۆری پێدراوە لەلایەن شاعیران و نووسەرانەوە. لە شیعری کۆندا دووجۆر ئاوازی شیعر دیاریکراوە و بریتین لە:

**ا- ئاوازی دەرەوە، کە (کێش و سەروا) دەگرێتەوە.**

**ب- ئاوازی ناوەوە، کە (ڕیتم) دەگرێتەوە.**

بەڵام لە شیعری نوێدا (سەروا) وەکو پێکهێنەرێکی سەرەکی و سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، نەک ئەوەی، بەشێک یان تەواوکەری (کێش) بێت و پێکەوە ئاوازی دەرەوەی شیعری پێکبهێنن. سەروا کە (ئاوازی لایەکان) دەگرێتەوە، لەگەڵ ئاوازی ناوەوە (ڕیتم) و ئاوازی دەرەوە (کێش) دەبنە سێ کوچکەی پێکهێنەری شێوازی شیعری. لەم بارەیەشەوە (عوسمان دەشتی) باس لە هەر سێ جۆرەکەی ئاوازی شیعری دەکات و لێکیان جیادەکاتەوە:

١- کێش و پێوانەی دەنگ دەبنە بنەما بۆ بەرپابوونی جۆری یەکەمی ئاوازی شیعریی، کە بە «ئاوازی دەرەوە» (الموسيقي الخارجية) دەناسرێ، ئەم جۆرە ئاوازەش تایبەت دەبێ بە شیعری کێشراو، یاخوود کێشدار، جا چ عەرووزی بێ، یاخود بڕگەیی.

٢- جۆری دووەمی ئاوازی شیعریی، لە هەماهەنگی و جۆر و چۆنییەتی ڕیزبوونی کەرەستەکانی زمانەوە (دەنگ و بڕگە و وشە و پێکهاتەکان) بەرپا دەبێ و خۆی لە ڕادەی بەرزی، نزمی، جووڵە، شەپۆل و ئاوازی دەنگەکانەوە نیشان دەدا. ئەم جۆری دووەمەی ئاوازی شیعری بە «ڕیتم» یاخوود «ئاوازی ناوەوە» (الموسيقي الداخلية) دەناسرێت.

٣- سەروا گۆشەیەک لە ئاوازی شیعریی، لەتەک ئاوازی کێش و ئاوازی ناوخۆیی وشەکان پێکدەهێنێ، لە تیۆرییە ڕەخنەییە کۆنەکان وەکو یەکێک لە دەرکەوتەکانی کێش، یا تەواوکەری کێش حیسابی بۆ کراوە، بەڵام لە ڕەخنەی تازەدا و لە سۆنگەی ئەو ڕۆڵە ئاوازەییە گرنگەی، کە هونەرەکانی سەروا لە وێنەی (سەروا، پاش سەروا، هاوسەروا) لە هۆنراوەدا دەیگێڕن،

بۆیە وەکو بەرپاکەری جۆری سێیەمی ئاوازی شیعری «ئاوازی لایەکان» (الموسیقي الجانبية) دەناسرێت، کە لەسەر تەوەری هاونیشینی (ئاسۆیی) دێڕە شیعر کاردەکات (عوسمان دەشتی، ٢٠١١، ل١٤).

**٢-٣-٢-١ کێش:**

کێش بنەما و پێکهێنەری ئاوازی شیعرییە، لە شیعری کۆندا زیاتر بایەخیان بە کێش داوە، یەکێ بووە لە ئەدگار و مەرجەکانی شیعر، کێش تایبەت نییە بە شیعری نەتەوەیەکی دیاریکراو، بەڵکو هەر نەتەوەیەک بەپێی سروشتی زمانەکەی ئاواز و کێشی تایبەتی خۆی هەیە، ئەو بایەخدانەی شاعیرانی کۆن بە کێشی شیعریی، بۆ نێو شاعیرانی نوێ و هاوچەرخ و نوێخوازان شۆڕبووەتەوە، سەرەڕای بانگەشەی شاعیرانی نوێ و نوێخوازان بۆ لادان لە نۆرم و یاسا و ڕێساکانی شیعری کلاسیک، هەندێک لە شاعیران نەیانتوانیوە خۆیان لە کێشی شیعری ڕزگار بکەن، جاری واش هەیە شاعیر بە مەبەست ئەو جۆرە (کێش)انە بەکاردێنێت، لە شیعری شاعیرانی ڕۆژهەڵاتدا ئەو نموونانە زۆرن، کە تا ئێستاش شاعیران سەرەڕای گۆڕانی ناوەرۆکی شیعریی، لە هەمان قاڵبی شیعری کلاسیکدا (غەزەل، چوارینە)دا شیعر دەهۆننەوە.

لای شاعیرە گەورەکانی فارسیش، کە بە ڕابەر و باوکی شیعری نوێ و هاوچەرخی فارسی دادەنرێن، ئەو گرینگیدانە بە کێش دەبینرێت لەم بارەیەوە (نیما یوشج) دەڵێت: ((شیعری بێ کێش وەک مرۆڤی ڕوتەڵەیە ))...(فروغی فروخزاد)یش دەڵێت: ((کێش فەرامۆش مەکە، وردبەرەوە، ژیان بەسەربکەرەوە))...(ئەحمەدی شاملۆ)ش دەڵێت: ((شیعری سپی دەڵێی ئەشکەنجەدراوی سەرشۆڕە، کە بە ئەنقەست ئەیەوێت ڕووتەوە بێت، تا چاوی بینەران ئاسەواری ئەشکەنجە بە لاشەیەوە ببینن و لە سەرشۆڕییەکەی تێبگەن)) (ڕەوف محەمەد پوور،٢٠١١، ل١٩٨). (عبدولرزاق بیمار)یش سەبارەت بە کێش دەڵێت: ((بریتییە لە سەرجەمی ئەو پێیانەی دێڕە هەڵبەستێک دروستی دەکەن، کە لە عەرووزی عەرەبیدا تەفعیلەی پێ دەڵێن))، هەروەها لە شوێنێکی تردا دەڵێت: ((کێش لە کۆمەڵە ترپەیەک پێکدێت، کە دێڕە هەڵبەستێک پەیدای دەکات)) (عبدولرزاق بیمار، ١٩٩٢، ل٩-١٠). بە شێوەیەکی گشتی ((کێش: بریتییە لە سەرجەمی ئەو بڕگانەی کە دابەشی سەر پێیەک یان چەند پێیەکی جیاواز یان چونیەک دەبن و لە کۆتایی هەر پێیەکدا وەستانێکی کورت هەست پێدەکرێت)) (زانیار ساڵح عەلی، ٢٠١٥، ل٤٢).

سەبارەت بە جۆرەکانی کێش لە شیعری کوردیدا، کێشی چەندی (عەرووزی) و کێشی بڕگەیی (ژمارەیی) و کێشی تێکەڵ یان ڕەنگاوڕەنگ بە نموونە وەردەگرین:

**١-کێشی چەندی (عەرووزی):**

شیعری کلاسیکی کوردی بە شێوەیەکی گشتی (جگە لە شیعری زاری گۆران و فۆلکلۆر) بە کێشی عەرووزی و شیعری نوێ و نوێخوازی بە زۆری بە کێشی بڕگەیی نووسراون، لە شیعری نوێی ڕۆژهەڵاتدا کێشی عەرووزی شان بە شانی کێشی بڕگەیی ڕۆشتووە، لای هەندێ لە شاعیران لە قاڵبی (غەزەل)دا بەکاریان بردووە. وەک پێشتر باسمان کرد (غەزەلی نوێ) یەکێکە لە دیاردە باوەکانی شیعری نوێی ڕۆژهەڵات، شاعیران لە کێشە زۆر باوەکانی عەرووز (هەزەج، ڕەمەل، ڕەجەز) سودیان وەرگرتووە، (ڕەحیم لوقمانی) لە غەزەلی (تاراوگە)دا کێشی (هەزەجی شەشەشی مەحزووف)ی بەکارهێناوە:

**لە تاراوگەی    ژیانی بێ    بەهارم**
ᴗ – – –    ᴗ – – –    ᴗ – –
**مفاعیلن    مفاعیلن    مفاعی**
**لە ناو خورپەی    دەرونی پر    زگارم**
ᴗ – – –    ᴗ – – –    ᴗ – –
**مفاعیلن    مفاعیلن    مفاعی**
**بە یادی تۆ    دەژی کانی    دڵی من**
ᴗ – – –    ᴗ – – –    ᴗ – –
**مفاعیلن    مفاعیلن    مفاعی**
**ئەتۆی خوێنی    چەمانی نێو    دەمارم**
ᴗ – – –    ᴗ – – –    ᴗ – –
**مفاعیلن    مفاعیلن    مفاعی**

(ڕەحیم لوقمانی، www.nekeroz.blogfa.com/post/4)

(ڕەسوڵ سوڵتانی) لە غەزەل، ی (چاوەڕوانی)دا کێشی (ڕەمەڵی هەشتی مەحزووف)ی بەکارهێناوە:

**گەر بزانم    چاوەکەت بۆ    کوشتنم پێ    شەنگ ئەبێ**
– ᴗ – –    – ᴗ – –    – ᴗ – –    – ᴗ –
**فاعلاتن    فاعلاتن    فاعلاتن    فاعلن**

| | | | |
|---|---|---|---|
| **پێکەنینی** | **شم لەگەڵ نۆ** | **تەی ژیان هاو** | **دەنگ ئەبێ** |
| - - ᴗ- | - -ᴗ - | - - ᴗ - | -ᴗ - |
| **فاعلاتن** | **فاعلاتن** | **فاعلاتن** | **فاعلن** |
| **گرژو مۆنیش** | **بێ ئەگەر روخ** | **ساری ناڕێ** | **کی ژیان** |
| - - ᴗ- | - -ᴗ - | - - ᴗ - | -ᴗ - |
| **فاعلاتن** | **فاعلاتن** | **فاعلاتن** | **فاعلن** |
| **یەک شنەی ئەش** | **قی بە سەردا** | **بێنی شۆخ و** | **شەنگ ئەبێ** |
| - - ᴗ- | - -ᴗ - | - - ᴗ - | -ᴗ - |
| **فاعلاتن** | **فاعلاتن** | **فاعلاتن** | **فاعلن** |

(غەزەل، http//xezel.blogfa.com)

**٢-کێشی ژمارەیی (بڕگەیی):**

کێشی ژمارەیی (بڕگەیی) لە شیعری کوردیدا، ((کێشێکی ڕەسەنە و بنکەی پێکهێنانی ئاوازی هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردییە)) (دڵشاد عەلی، ١٩٩٨، ل١٣٥-١٣٦) بەرهەمی فۆلکلۆر و زاری گۆران و شیعری ئاینی و چیرۆک و داستانە کۆنەکانی کوردی بەو کێشە نووسراوە، بە وێنەی شیعرەکانی (مەولەوی، مەلا پەرێشان، بێسارانی... هتد).

بەکارهێنان و بایەخدانی شاعیران بە کێشی بڕگەیی، جگە لە ڕەسەنی کێشەکە، لایەنێکی دیکەی ئەوەیە، کە ((لە کێشی بڕگەییدا حساب تەنها بۆ بڕگەکانی دێڕە شیعر و دابەشبوونیان بەسەر پێدا دەکرێ، گوێ بەجۆری بڕگە (کورتی و درێژی) و چۆنییەتی و ڕیزبوونیان نادا)) (عەزیز گەردی،٢٠١٤،ل٢٣٩) ئەمەش ئازادییەکی فراوانتر لە دەربڕیندا بە شاعیر دەبەخشێت، هەست و سۆز و ئەندێشە و خەیاڵی شاعیر و سازدانی ئاوازی شیعریی لە گونجاندن و هارمۆنییەت و لێکدانی تاکواژ و وشە و ترپە و پێیەکان، لە بەرپابوونی شیعرییەتی شیعرەکەدا دەمەزرێنێت.

هەندێ جار ژمارەی بڕگەکان لە لەتێک، یان نیوە دێرێک بە یەکسانی لە دەقەکەدا دووبارە دەبنەوە، بەو جۆرە کێشە دەوترێت (کێشی بڕگەیی سادە)، (مارف ئاغایی) لە شیعرێکدا کێشی (٥) بڕگەیی بەکارهێناوە، کە لە دوو پێی (٢+٣ و ٣+٢) پێکهاتوون:

| | |
|---|---|
| **گەڵایەک وەری** | **(٥) بڕگەیی** |
| **خەستە بارانێک،** | **(٥) بڕگەیی** |
| **تەرمی شوشتەوە** | **(٥) بڕگەیی** |

**قەڵشێکی زەوی،** **(٥) بڕگەیی**

**مەرقەدێکی ون،** **(٥) بڕگەیی**

**شەهید دەنێژرێ** **(٥) بڕگەیی**

**بێ کفن و دفن.** **(٥) بڕگەیی** (هادی حەبیبی "هاوڕێ"، ٢٠٠٨، ل٦٤)

(سەعید ئەمانی) لە شیعری (گومان)دا کێشی (٥) بڕگەیی بەکارهێناوە، هەر لەتێک لە دوو پێی(٢+٣ و ٣+٢) پێکهاتووە:

**تەمی گومانم** **(٥) بڕگەیی**

**سریوەی وتەت** **(٥) بڕگەیی**

**هات و وەراندی** **(٥) بڕگەیی**

**چۆلەکەی بڕوام** **(٥) بڕگەیی**

**داوە دۆزەی بوو** **(٥) بڕگەیی**

**کاکڵی مەبەستت** **(٥) بڕگەیی**

**چاوت گەیاندی** **(٥) بڕگەیی** (سەعید ئەمانی،٢٠٠٣،ل ٢٣)

**٣- کێشی تێکەڵ یان هەمەڕەنگ:** مەبەست لەم جۆرەش تێکەڵکردنی دوو جۆرە کێش (بڕگەیی+عەرووزی)، یان دوو جۆرە کێشی (بڕگەیی) یان (عەرووزی)ە ، ئەوەی لێرەدا بەرچاومان کەوتووە وەکو شیعری نوێ، زیاتر تێکەڵکردنی دووجۆر کێشی بڕگەیی یان زیاترە، (عەبدولخالق یەعقوبی) لە شیعری (سەوز)دا سێ جۆر کێشی بڕگەیی (٨، ١٢، ١٦) بەکارهێناوە:

**پیرە هەڵۆیەکی برسی** **(٨) بڕگەیی**

**کە چاوەکانی بە کلەی خوێنی پەنجەیەک ڕشتووە** **(١٦) بڕگەیی**

**لەسەر جەستەی سڕی سەربازێکی جەوان هەڵنیشتووە** **(١٦) بڕگەیی**

**کە سەر نێزەی دوژمن هەڵی دڕاندوە تەختی پشتی و** **(١٦) بڕگەیی**

**چاوە کز و ماتەکانی دەرپەڕیوە** **(١٢) بڕگەیی**

(عەبدولخالق یەعقوبی، ١٣٧٤،ل ٣٢)

(ڕەسوڵ سۆفی سوڵتانی) ئاوازێکی ڕەنگاوڕەنگی لە چەند کێشێکی جیاواز و تێکەڵی (٢،٤ ، ٧، ١١، ١٢، ١٣) بڕگەیی دروستکردووە:

**سێو**

**هانێ بیخۆ..!**

**ئەمە حیکمەتی مانە**
**گوێ مەدە بەئەفسانەکانی بەرێ**
**ئەمە وروژمی تێپەرینە تا ئەوپەر**
**ئەمە تخیڵی ئۆخژنێکە هەتا کوفر** (ڕەسووڵ سۆفی سوڵتانی، ١٣٩٠، ل ٩٥)

**٢-٣-٢-٢ سەروا (ئاوازی لایەکان):**

سەروا ڕۆڵێکی گرنگ لە ڕووی ئێستاتیکی و ڕیتم و ئاواز و سیمای شیعرییدا دەگێڕێت، بەتایبەتی لە شیعری کلاسیکدا ((سەروا وەک ڕەگەزێکی بنچینەیی و وەک پێکهاتەیەکی گرنگی دەقی شیعریی ڕۆڵێکی یەکجار بەرفراوان و گرنگی هەیە و جێی خۆیەتی، کە بڵێن یەکێکە لەو بنەما سەرەکیانەی، کە بەبێ بوونی دەقی شیعریی لەنگ و ناڕێک دەبێت)) (عەزیز گەردی، ١٩٩٩، ل٣٨).

سەبارەت بە پێناسەی سەروا چەندین ڕای جیاواز هەیە، لێکۆڵینەوە لە سەروا و دەرخستنی لایەن و جۆرەکانی و پێناسەکردنی، لەگەڵ گۆڕانی ڕۆشنبیری و شارەزایی و تیۆری نوێدا گۆڕاوە، هەندێک پێیان وایە سەروا دەنگ یان کۆمەڵە دەنگێکە، هەندێکیش سەروا بە پیتێک یان کۆمەڵە پیتێک دادەنێن، لەبارەی شوێنی بەکارهێنانی سەروا لە دێڕە شیعردا دیسان ڕای جیاواز هەیە، لە کۆندا وایان بینیوە سەروا تەنها لە کۆتایی دێڕە شیعردا دێت، بەڵام نووسەران و ڕەخنەگرانی نوێ پێیان وایە، سەروا دەکرێ لە سەرەتا یان ناوەڕاستی دێڕە شیعرەکەدا بێت. لەم بارەیەوە (عەزیز گەردی) دەڵێت: ((سەروا بریتییە لە دووبارەبوونەوەی دەنگێک، یان چەند دەنگێک، یان چەند دەنگ و وشەیەک لە کۆتایی لەت یان دێڕە شیعردا، سەروا بە زۆری لە کۆتایی لەت یان دێڕە شیعر دێ، بەڵام واش دەبێ لە ناوەوە بێت (سەروای ناوەوە) یان لە سەرەتاوە بێ (سەروای سەرەتا))) (عەزیز گەردی، ٢٠١٤،ل ٢٦٩). (دڵشاد عەلی)یش بەم شێوەیە پێناسەی سەروا دەکات و دەڵێت: ((ئەو تیپەیە، کە هەڵبەستەکەی لەسەر بنیاتدەنرێ، بەم پێیە بناغەکەی تیپی (ڕەوی)یە، کە بۆ خۆی ئەو دانە دەنگییەیە، کە لە کۆتایی هەموو بەیتەکانی هەڵبەستەکەدا دووبارە دەبێتەوە و هەڵبەستەکەی پێ دەناسرێت)) (دڵشاد عەلی، ١٩٩٨ ،ل٦٩).

سەروا وێڕای گرنگی و بایەخی لە شیعری کۆندا، لە شیعری نوێشدا گرنگییەکی زیاتری هەیە، لە شیعری کۆندا سەروا تەنها بۆ مەبەستی جوانکاری و کۆتایی هاتنی دێڕە شیعر و سەرەتای دێڕێکی دیکە بەکارهاتووە، بەڵام لە شیعری نوێدا هاوبەشی لە پێکهاتن و دروستکردنی ئاوازی ناوەوە و ئاوازی دەرەوەشدا دەکات. جۆرەکانی سەروا، کە (سەروا،

پاش سەروا (ڕەدیف)، هاوسەروا دەگرێتەوە. (هاوسەروا) هاوبەشی لەگەڵ (ڕیتم) و (پاش سەروا و سەروا) هاوبەشی لەگەڵ کێش دەکەن و پێکەوە ئاوازێکی قەشەنگ و ئاهەنگدار بە شیعرەکە دەبەخشن. (عەزیز گەردی) سنوری سەروای لە هەردوو ئاستی (دەنگ، وشە)دا دیاری کردووە، بەم شێوەیە:

١ – لەئاستی دەنگ: سێ جۆر دەنگی دیاری کردووە کە بریتین لە:

أ – ڕەوی ب – پێش ڕەوی ج – پاش ڕەوی

٢ – لە ئاستی وشە: لە ئاستی وشەشدا سێ جۆر سەروای دیاری کردووە:

أ – سەروا ب – پاش سەروا (ڕەدیف) ج – پێش سەروا

(عەزیز گەردی،٢٠١٤ ، ل ٢٧١–٢٨٠)

لێرەشدا چەند جۆرێکی سەروا دەخەینە ڕوو:

**١–یەکێتی سەروا (یەکگرتوو):** ئەم جۆرە سەروایە لە شیعری کلاسیکدا بەکارهاتووە، سەروای نیوە دێڕی یەکەم و دووەم وەک یەکن و هەموو دێڕەکان یەک سەروایان هەیە، لە شیعری نوێشدا شاعیران لە قاڵبی غەزەلدا بەکاریان هێناوە، (زاهید حاجی زادە) لە شیعری (خوازەلۆک)دا یەکێتی سەروای بەکارهێناوە سەروای هەموو غەزەلەکە وەکو یەکە:

**لە جۆگەی پەنجەکانمدا قژی نەرمت وەکو ئاوە**
**لە ئاو هەڵدێری دەستمدا قەتیس بێ جووڵە وەستاوە**
**گوڵم من خوازەڵۆکێکم لە پێ تا سەر مەجووڵێنە**
**کە تامەزرۆم لە سەر تا پێ بەڵێنت تازە پێم داوە**
**ئەتۆ فەرمووت لە مارودووی ڕچەی ژیندا لە گەڵتا دێم**
**بەڵام ڕێ بۆتە مارێک و لە جەستەی ئێمە هاڵاوە** (غەزەل، www.xezel.blogfa.com)

وشەکانی سەروا بریتییە لە (ئاوە، وەستاوە، داوە، هاڵاوە) (و) ڕەوییە، (ا) پێش ڕەوییە، لە هەردوو نیوە دێڕی یەکەم و کۆتایی هەموو دێڕەکانی غەزەلەکەدا هاتووە. هەروەها (فاتمە نادری) لە چوارینەیەکدا ئەم جۆرە سەروایەی بەکارهێناوە:

**بەلامەوە سەیرە نیگات**
**داوای ئەسرینم لێدەکات**
**بۆ نازانیت لە دوای کۆچت**
**چاوانم بون بە شۆرەکات ؟!** (فاتمە نادری، ٢٠٠٧،ل ٤١)

وشەکانی سەروا بریتین لە(نیگات، لێدەکات، شۆرەکات) ئاوازێکی جوان و ئاهەنگداری بە شیعرەکە بەخشیوە.

**٢- سەرِوای تێکەڵ (گۆڕاو):** سەرِوای تێکەڵ لەپاش قۆناغی شیعری کلاسیک و لە شیعری نوێدا دەرکەوت، لەم جۆرە سەرِوایەشدا شاعیر چەند جۆرێکی سەرِوا بەکاردەبات، بەمەش وەرگر هەست بە مۆسیقایەکی ڕەنگاوڕەنگ دەکات، (خالید ئەشکەنەیی) لە شیعری (قیبلەی شیعر)دا چەند جۆرێکی سەرِوای جیاوازی بەکارهێناوە، کە مۆسیقایەکی ڕەنگاوڕەنگی بە شیعرەکە بەخشیووە:

**زوو زوو وەڵام دەنێری**

**دەڵێی شیعرم لێت دەوێ**

**کە تۆ نەیەی شیعر چون دێ**

**قەزات لە شیعرم کەوێ**

**شیعر نووسین لام ئاسانە**

**بەڵام شیعرێ بۆ تۆ بێ جیایە**

**لە ترسی ئەوەی بەدڵت نەبێ**

**پەنجەم دەلەرزێ هیچم بۆ نایە** (خالید ئەشکەنەیی، ٢٠٠٧، ل٣٢)

یەکێ لە شێوازە دیارەکانی سەرِوای تێکەڵ (جوت سەرِوا "مەسنەویی")یە، کە دوو نیوە دێڕی هەر دێڕێک وەکو یەکن و جیاوازە لە دێڕێکی تر، لە شیعری ڕۆژهەڵاتدا زۆر بایەخیان پێداوە زۆرێک لەو شیعرانەی کە دەکرێن بە گۆرانی، بەهۆی هارمۆنیەت و گونجانیان لەگەڵ ئاوازی دەربڕین و دەنگ و بڕگەی زمانی کوردیدا، پێڕەوی جووت سەرِوایان کردووە، بەمەش ئاوازی شیعرەکە بەهێزتر و بەچێژتر دەبێت، تەنانەت لای هەندێک شاعیر دەبینین لە قاڵبی چوارینەدا سەرِوای مەسنەویی بەکارهێناوە:

**چ سانا ڕۆیی لە دەستم نەوجەوانی**

**هەتا پیری نەهات قەدرم نەزانی**

**کە ئێستا باخی عومرم هەڵوەڕیوە**

**مەلی شادیم لە ژیندا هەڵفڕیوە** (عەلی گوڵی، ١٣٨٤،ل ١٨)

(شاهۆ)ش لە شیعری (داخەکەم)دا سەرِوای مەسنەویی بەکارهێناوە:

**داخەکەم شوێنێ نەماوە دڵ لە داخی ڕەش نەبێ**

**گۆڕ و گۆڕستانی خونچەی بێ بەهاری گەش نەبێ**

**شەختەیە سەرماوەرزە مەرگی بەژانی سەوزەیە**

**تۆف و تۆفان و ڕەهێڵەی پڕ تەوژمی تەرزەیە**

**سەوزە ڕەشپۆشی گوڵ و خونچە و بەرامەی سوێسنە**
**ڕۆژی درک و هەڵپەڕینی ترترە و دۆک و سنە** (سەید سمایل شاهۆیی "شاهۆ"، ١٣٨٥، ل٤٢)
شاعیر پێڕەوی جووت سەروای کردووە بەم شێوەیە (أأ،ب ب، ج ج،...)تا کۆتایی شیعرەکە ڕۆشتووە.

**٢-٣-٢-٣ ڕیتم:**

ڕیتم زاراوەیەکی نوێیە لە شیعری کۆندا بە ناوی (ترپە) بەکارهاتووە، شاعیرانی نوێ و نوێخواز گرنگییەکی زۆریان بە ڕیتم داوە. ئەو گۆڕان و نوێبوونەوەیەی بەسەر شیعردا هات، وایکرد شیعر وەکو کایەیەکی سەربەخۆ خۆی بنوێنێت و شاعیر پەنا بۆ ڕەگەزێکی تری شیعر، کە (ئاوازی ناوەوە)یە ببات و گرنگی بە کێش و سەروا نەدات، وەک لە شیعری کۆندا هەبووە، لە شیعری نوێ و نوێخوازاندا ڕیتم بوو بە ئەڵتەرناتیڤی کێش و سەروا، ((بە تایبەت لە ڕەخنەی نوێدا و دوای دەرکەوتنی قوتابخانە دەروونییەکان)) (فرمێسک موسلیم محەمەد،٢٠١٥،ل١١)، دەتوانین بڵێین دەکرێ شیعر بەبێ کێش و سەروا بێت، بەڵام هەرگیز ناتوانێت بەبێ ڕیتم بێت، چونکە دەربڕینەکان لە سیستەمی گشتی شیعرەک دەچنە دەرەوە، ((ڕیتم لە شیعردا ئەرکی بەهێزکردنی مۆسیقای شیعرە، جگەلەوە واتا بە شێوەیەکی ئاسانتر بۆ گوێگر دەگوازێتەوە)) (هیوا نورالدین عەزیز،٢٠٠٩،ل٧)، بۆیە شاعیرانی نوێ زۆر گرنگییان بە ڕیتمی شیعریی داوە.

ڕیتم بەهۆی گونجان و ڕێکەوتنی دەنگ و دەروونی شاعیرەوە درووست دەبێت و جۆرە ئاهەنگێک لە دەروونی مرۆڤ دەسازێنێت، لە شاعیرێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت و شێوازی شاعیر نیشان دەدات ((ڕیتم جوڵەی هەستان و نیشتنەوەی سۆز و خرۆشانی دەروون و هەست و عاتیفەی شاعیرە، کە داینەمۆی شیعرییە لە دەقە ئەدەبییەکاندا)) (عوسمان دەشتی،٢٠١٠، ل١٥٥) و هیچ یاسا و ڕێسایەکی شیعری لەخۆناگرێت. ڕیتم بەپێی یاسا و شێوازێکی ڕێکخراو لە شیعردا دەرناکەوێت، یان شتێکی ڕوون و ئاشکرا نییە، بە بینینی سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت، بەڵکو بە شێوازێکی شاراوە، واتا شاراوە و نادیارەکانی دەق دەردەخات، وەرگر یان خوێنەر لە ڕێگەی بیستنەوە (گوێیەکان) هەستی پێدەکات، واتە ڕیتم بەهۆی بیستنەوە ئاشکرا دەبێت و وەرگر هەست بە چێژ و جوانی و بەهای دەلالی و شیعرییەتی شیعرەکە دەکات، بە پێچەوانەی کێش، کە بەچەند یاسایەکی دیاریکراو و ڕوون، بە پێی دابەشبوونی پێیەکان لەنێو دێڕە شیعرییەکەدا دەردەکەوێت. هەروەها ((لێکۆڵینەوە ئەدەبی ڕەخنەییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە بنیاتی ڕیتم بنەمایەکی سەرەکی

پێکهاتەی شیعر و ئیستاتیکایە)) (نعمت الله حامد نهێلی،٢٠٠٧،ل١٩١)، لەگەڵ ئەوەشدا ((ڕیتمی شیعری (بنچینەکەی زمانی شیعرییە)، کە لەتەک ڕیتمی مۆسیقای هۆنراوەدا (کێش و سەروا) لە پەیوەندییەکی گونجان و هارمۆنیادا یەکانگیردەبن و یەکدەگرنەوە و ئاوێزانی یەکتردەبن)) (عوسمان دەشتی،٢٠١٠،ل ١٥٥) و تا زیاتر ئاوێتە و یەکانگیربن، جوانی و دەلالی شیعرەکە قووڵتر دەبێتەوە. ئاواز لەگەڵ هونەرەکانی دیکەی شیعریشدا پێوەندی هارمۆنی لە نێوانیاندا هەیە و دەبنە تەواوکەری یەکتر، لەم بارەشەوە (عەلائەدین سجادی) دەڵێت: ((هۆنراوە هونەرە، وێنە هونەرە، ساز و ئاواز هونەرە،... هەموویان بوون بە یەک و وەیان بڵێین یەکیان گرتووە)) (عەلائەدین سجادی، ١٩٧٠، ل ٦٧).

ڕۆڵێکی دیار و گرنگی دیکەی ڕیتم لەوەدایە دەبێتە هۆی ڕێکخستن و دروستکردنی ڕەگەزە شیعرییەکانی ئاوازی شیعری، وەکو (هێز و بڕگە و کێش و سەروا)، ((هەموو دیاردەکانی ژیان و هونەر لە ڕیتمدا دەردەکەون، چونکە ڕیتم ڕووی گشت گونجاندن و هاوکارییە (هاوبەشی کردن) و بە ڕێکخستن و ڕێکوپێککردنی زۆربەی ڕەگەزەکانی تێکستەکە، بە دابەشکردنی ڕەگەزەکان بۆ بڕگە و ڕاوەستانی کاتی هەڵدەسێت، هەروەها پێوەندی نێوان فۆرم و ناوەڕۆک ڕێکدەخات و لە ڕاڤە و شیکردنەوەشدا بە شێوازێکی زاڵ دەردەکەوت)) (نعمت الله حامد نهێلی، ٢٠٠٧،ل ١٩٢) و دەبێتە شێوازی شاعیر و شیعرەکە، بۆیە شاعیر ناتوانێت دەستبەرداری ڕیتم بێت و فەرامۆشی بکات.

بەگشتی ڕیتم بە هۆی کرداری دووبارەکردنەوەوە دروست دەبێت و ((بناغەی دروستبوونی ڕیتم دووبارەکردنەوەیە، مەبەست لە دووبارەکردنەوەی جووڵەی دەنگە لە ماوەیەکی زەمەنی هەست پێکراودا، بەهۆیەوە هەست بە چێژی شیعر و مۆسیقای شیعر دەکرێت)) (هیوا نورالدین عەزیز،٢٠٠٩،ل٧) ئەو بنەما و ڕەگەزە گرنگانەی دەبنە هۆی دروستبوون و خوڵقاندنی ڕیتمی شیعریی ئەمانەن: (ڕەگەزدۆزی، دژیەک، هاوسەروا، دووبارەکردنەوەی سەروا، کەرتکردن... هتد).

شاعیرانی نوێ و نوێخوازی ڕۆژهەڵات گرنگییەکی بەرچاویان بەم ڕەگەزە هونەرییەی ئاوازی شیعری داوە، بە شێوەیەکی فراوان لە بنیاتی شیعرەکاندا هەستی پێدەکرێت.

**١- دووبارەکردنەوە و گونجانی واتایی دەنگ و وشە (ڕەگەزدۆزی):**

هەندێک جار شاعیر وشەیەک بە دوو واتای جیاواز بەکاردێنێت، کە پێی دەوترێت (ڕەگەزدۆزی) واتا ((دوو وشە یان پتر لە ڕواڵەتدا وەک یەک بن یان بەیەک بچن، بەڵام هەریەکەیان واتای تایبەتی خۆی هەبێت جودابێت لە واتای وشەکانی تر)) (عەزیز گەردی،

١٩٧٥، ل١٢). واتا ئەگەر وشەكان وەكو یەک بن ئەوا ڕەگەزدۆزی تەواو و ئەگەر جیاوازیان هەبێت لە ژمارەی پیتەكان یان پێشوپاش بكەون ڕەگەزدۆزی ناتەواوە.

(ئەفسانە كازمی) بە شێوەیەكی فراوان ئەم هونەرەی بەكارهێناوە، لە شیعری (سەفەر)دا دەڵێت:

**بەڵای بێ سامان ژیانمی شێوان**

**بارم كردە غەم ڕوومكردە كێوان**

.... ... ... ... ... ... ...

**با كاكە ڕێبوار بزانێ دەردم**

**بەڵكو دەركی كات هەناسەی سەردم**

**كێ هاودڵ منە كێ خەوەری هەس**

**كێ ئەپرسێ لێم دەردی دڵت چەس** (ئەفسانە كازمی، ١٣٩١،ل٢٠)

وشەكانی (شێوان، كێوان) و (دەرد، سەرد) و (هەس، چەس)، كە سەروای شیعرەكەیان پێكهێناوە، لە هەمان كاتدا هونەری ڕەگەزدۆزی ناتەواویان دروست كردووە و مۆسیقایەكی جوانیان بەشیعرەكە بە خشیوە.

(ئیسماعیل توكلی) لە شیعری (شەهیدان نابن فەرامۆش)دا بە بەكارهێنانی وشەی (شین) بە دوو واتا ڕەگەزدۆزی تەواوی دروست كردووە، (شین)ی یەكەم بە واتای ئاسمان دێ و وشەیەكی خواستراوە لە شیعری كلاسیكیشدا بەكارهاتووە، (شین)ی دووەم بە واتای (ڕەنگی شین) دێ، كە واتا و ڕەمزی ڕەشپۆشی و ماتەمینی و پرسە و شین و زاری لە كۆمەڵی كوردەواریدا دەگەیەنێت، جگەلەوەش (هەرشین) لە لەتی دووەم دوبارەبۆتەوە، ئاوازێكی ناوەكی جوان و نەغمەیەكی ئێستاتیكی بە شیعرەكە بەخشیوە:

**بەشی كورد لە ژێر ئەم چادری شین**

**ئەی بەداخەوە هەر شین بوو، هەر شین** (ئیسماعیل توكلی، ١٣٩١،ل ٣٩)

هەروەها لە شیعرێكی دیكەدا، كە بەبۆنەی شۆڕشی خەڵكی ئێران لە ساڵی (١٣٥٧ هـ) وتراوە، بەناوی (ئاسۆی ڕووناک) لە وشەی (هەستین) ڕەگەزدۆزی تەواوی دروستكردووە، كە ئاواز و ئاهەنگێكی جوان بە دێڕە شیعرەكە بەخشیوە:

**ئاسۆی ڕووناک ئەبینم، لە خەو پێویستە هەستین**

**دەبێ هەستین بە یەكجار، ئەگەر خاوەنی هەستین** (ئیسماعیل توكلی، ١٣٩١،ل ٤٣ )

لەم بەیتەدا شاعیر وشەی (هەستین)ی بە سێ واتای و خواستراو و جیاواز بەكارهێناوە، واتای یەكەم واتای بێدار بوونەوە بەئاگاهاتنەوە دێ، (هەستین)ی دووەم بە واتای هەستان و

ڕاسان و ڕاپەڕین و شۆڕش دەگەیەنێت. واتای سێیەم بەواتای هەست دێت مەبەستی هەستی مرۆڤە و ڕەمزی بەرخودان و بەرگیریکردن و هەستکردنە بە بەرپرسیارەتی.

(شەڤگەش) لە کۆپلە شیعرێکدا وشەی (با)ی بە دوو واتا بەکارهێناوە، (با)ی یەکەم ئامرازە، (با)ی دووەم ناوە، ئەمەش هونەری ڕەگەزدۆزی تەواو و هاودەنگی و مۆسیقایەکی ناوەکی دروست کردووە:

**ئیتر**

**با "با" تێنەگا**

**لەم دەفتەرە و**

**و ڕاوەکان ڕاو نەکا.** (هەوار خزرزادە "شەڤگەش"، ١٣٨٩،ل ١٠٦)

**٢-دووبارەکردنەوەی دژیەکی واتایی:**

دژیەک هونەرێکی ڕەوانبێژییە، شاعیران بە مەبەستی دروستکردنی ئاوازی ناوەوەی شیعر دژیەکی زمانی یان فەرهەنگی بەکاردێنن، دژیەکی فەرهەنگی دوو جۆرە ئەو وشانەی، کە لە ڕووی چەمک و واتاوە دژیەکن، وەکو (جوان، ناشرین، چاک، خراپ...) یان دژیەکی دروستکراو (دارێژراو) ئەمەش بەهۆی ئامرازی (نەرێ)وە دروست دەبن، وەکو (پاک، ناپاک، خۆش، ناخۆش،...)، ئاواز و ڕیتمێکی ناوەکی و ئاهەنگدار بە شیعرەکە دەبەخشن. (ئەسمەر ئیبراهیمی) لە شیعری (چاوم کە بەدواتا دەشتێکە) هونەری دژیەکی بە شارەزاییەوە بەکارهێناوە و لە وشەی (تاڵ، شرین) دژیەکی فەرهەنگی دروستکردووە، ئاوازێکی ناوەکی جوان بە شیعرەکە بەخشیوە:

**نەهاتبای چەن تاڵ بوو !**

**چەنێ شرین بوو ڕۆیشتنت !**

**لە پردەکانی نامورادی پەریومەتەوە**

**شاژنی شەقامەکان خۆمم....** (ئەسمەر ئیبراهیمی، ١٣٩٢، ل٣٦)

(فاتمە فەرهادی) لە شیعری (کراسەکەم ببورە) لە وشەی (مەرد، نامەرد) دژیەکێکی دروستکراو (نەرێ-نافەرهەنگی)ی بەکارهێناوە و مۆسیقا و ڕیتمێکی ناوەکی سەرنجڕاکێشی دروستکردووە:

**کەمێکیش لە من بچۆ**

**تابزانی چەنێ مەرد و نامەرد**

**لەم پردەوە تێپەڕین ؟** (فاتمە فەرهادی، ٢٠١٢،ل ٧٦)

له (یاری باڵا)ی (ئەمیر خالیدی)دا کاری (هات) بەهۆی ئامرازی نەرێوە دژیەکی (نەرێ-نافەرهەنگی)ی دروستکردووە، ئاوازێکی ناوەکی بە دێڕە شیعرەکە بەخشیوە:

**جارزم لەو سەفەرەی هات و نەهاتی گوڵەکەم**

**چەمەری بێژە لە ڕووی کۆچەری لاساری باڵا** (ناوەندی بڵاوکردنەوەی...، ١٣٧٩،ل ١٠٨)

**٣- هاوسەروایی (سەروای ناوەوە):**

سەروای ناوەوە بەهۆی لەتکردن یان کەرتکردن و خاڵبەندی و دووبارەکردنەوەی دەنگ و پیت و وشە و فرێز لە لەتێکدا دەسازێت، ئاواز و ڕیتمێکی سەنگین و چێژبەخش بە شیعرەکە دەبەخشێت. (بارام موکریانی) لە شیعری (شیرین)دا سەرەڕای سەروای شیعرەکە، لە بەکارهێنانی دەنگە دووبارەکان لەم کۆپلەیەدا ئاوازێکی ناوەکی بەسۆز و هێمن و خۆشی سازاندووە:

**چەنێ جوان و چەنێ شیرینە شیرین**

**بەژن بەرزو سپی و چاو شینە شیرین**

**سەری گوڵبەرگی کوڵمەی سووری سوورە**

**بناری گەردنی بەفرینە شیرین** (بارام موکریانی، ٢٠١٣، ل٥٥)

لە لەتی یەکەمدا دووجار (چ، ش) لە وشەکانی (چەنێ، شیرینە، شیرین)دا دووبارەکردۆتەوە، لە لەتی دووەمدا (ش) لە وشەی (شین، شیرین) دووبارەبووەتەوە، لە لەتی سێیەمدا (س) سێ جار لە وشەکانی (سەر، سوور)دا دووبارەبووەتەوە، هەروەها (ی) لە کۆتایی وشەکانی (سەری، گوڵبەرگی، کوڵمەی، سووری) دووبارەبۆتەوە و هاوسەروایی شیعرەکەی مەزراندووە.

ئاوازی ناوەوە هەندێک جار بەهۆی دووبارەکردنەوەی دەنگێک، یان پیتێک، یان دەستەواژەیەک لە ئاستی ئاسۆیی، یان ستوونی، یان دووبارەبوونەوەی ڕستەیەک دروست دەبێت، (سۆران حسێنی) بەهۆی دووبارەکردنەوەی ئامرازی نەرێ (نە) لە سەرەتای نیوە دێڕەکاندا لە ئاستی ستوونیدا، کە دەتوانین بە سەروای ناوەوە (سەرەتای دێر) ناویبنێین، جگەلەوەش لە لەتی دووەمدا لە ئاستی ستوونیدا لە کاری (نەهات) ئامرازی (نە)ی دووبارەکردۆتەوە، ئاوازێکی ناوەکی و چێژبەخش و وروژێنەر بە گوێی وەرگردا دەدات:

**ڕێبوارێک پریەتی لە تاقەتی جادە و**

**نە برانەوەی سەفەری نەهات،**

**نه درەخت داڵدەیەتی و**

**نه تاقەتی جادە دەیگەیەنێت** (محەمەد سەعید و سۆران حوسێنی،٢٧٠٧،ل ١٣-١٤)

(ئازاد سەید ئیبراهیمی) لە غەزەلی (تۆ)دا لە دێڕی یەکەم و دووەمدا بەهۆی خاڵبەندییەوە (کۆما) دێڕە شیعرەکەی کەرتکردووە و وەستان و ئیقاعێکی ئاوازداری بە لەتەکە بەخشیوە، هەروەها لە دێڕی دووەمدا سێ جار وشەی (بڵێ)ی لە لەتی یەکەم و نیوەی لەتی دووەم بەکارهێناوە و دێڕە شیعرەکەی کەرتکردووە و ئاوازێکی بەسۆز و دەلالی و ئێستاتیکی بە شیعرەکە بەخشیوە:

**تۆ تکە ئاونگی بەیان، ئەو گوڵە دەمبازە منم**

**تۆ شەبەقی شەونمی و، مێرگی تەڕ و تازە منم**

**سێبەری کانیاوی بڵێ، تیشکی لە جێ ماوی بڵێ**

**بۆ دڵی من داوی بڵێ، هە ڵگری ئەو ڕازە منم**

لە دێڕی دواتردا شیعرییەت و ئێستاتیکی شیعرەکە بەرزتر و باڵاتر دەبێت، لە ئاستی ئاسۆیی و لە لەتی یەکەم سێ جار و لە لەتی دووەمدا جارێک وشەی (ئەتۆ)ی بەکارهێناوە، هەروەها لە وشەکانی (ژینی، هەستی، هەڵبەستی) هاوسەروای دروستکردووە، لە لەتی دووەمدا (بێ) لە وشەکانی (بێ خود، بێ حەد) هاوسەروایی لە ئاستی ئاسۆییدا سازاندووە، ئەم هەموو هونەرکاری و جوانکارییە، دەلالەت لە بایەخدان و گرینگیدان بە ڕیتمی شیعریی لە دروستکردن و سازاندنی ئاوازی ناوەوەی شیعر لای شاعیر دەردەخات:

**ژینی ئەتۆ هەستی ئەتۆ لاوک و هەڵبەستی ئەتۆ**

**بێ خود و سەرمەستی ئەتۆ بێ حەد و ئەندازە، منم**

(**ئەنجوومەنی ئەدەبی**...،www.edebi-meh.blogfa.com)

(سەیوان سەعیدیان) لە کۆپلە شیعری (لەچاوەڕوانی هیچدا) بە دووبارەکردناوەی وشەی (هیچ) لە ئاستی ستوونیدا و لە نیوە دێڕەکانی (هاتن لە هیچ) و( لەناخی هیچدا و) و (ڕێگاکانیش هەر بەرەو هیچ) ئاوازێکی چێژبەخشی سازاندووە:

**من چاوەروانی هیچم**

**لەوێستگەی زەمانێکی تەریک و**

**خۆڵ لێنیشتووی**

**خەونێکی ئاڵۆزە**

**هاتن لە هیچ**

**لەناخی هیچدا و**

**ڕێگاکانیش هەر بەرەو هیچ.** (سەیوان سەعیدیان، ٢٠١٢،ل ١٢)

# بەشی سێیەم:

## ناسنامەی نەتەوەیی لە شیعری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا

### تەوەری یەکەم : ئایدۆلۆژیا و شیعری سیاسی

### تەوەری دووەم : کێشەی ناسنامە و زمانی نەتەوایەتی

### تەوەری سێیەم : بزووتنەوەی شیعری فیمینیستی

## بەشی سێیەم: ناسنامەی نەتەوەیی لە شیعری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا

### ٣-١ تەوەری یەکەم: ئایدیۆلۆژیا و شیعری سیاسی

#### ٣-١-١ چەمک و زاراوەی ئایدۆلۆژیا:

زاراوەی ئایدیۆلۆژیا لە ئەدەب و ڕەخنەی نوێدا بوارگەلی ئەدەبی و سیاسی و فەلسەفی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئاینی و فەرهەنگی... داگیرکردووە و تێکەڵاو و ئاوێتەی زانستەکانی تر بووە، وەکو جۆرێک یان پاژێک لەو سوژانە دەبینرێت، بەوێنە ئایدیۆلۆژییەتی مارکسیزم، ناسیۆنالیزم... هتد.

زاراوەی ئایدیۆلۆژیا لە دیرۆکەوە واتا و پێناسە و ڕاڤەی جۆراوجۆر و هەمەڕەنگی لەخۆگرتووە، خودی زاراوەکە فرە ڕەهەند و ئاڵۆزە و چوارچێوەیەکی دیاریکراوی نییە، مێژووی زاراوەکە دەگەڕێتەوە بۆ (سەردەمی یۆنانییەکان لە وشەی (Idea) بە واتای (هزر) یان هەندێک واتای دیکە، بەوێنە (ڕووخسار، وێنە، هزری زانستی، پرۆگرامی زانستی یان هزری،... هتد) و وشەی (Logos)یش بە واتای (دواندن یان پەیڤین) بەکارهاتووە. ئایدیۆلۆژیا زاراوەیەکی فەلسەفییە و بۆ یەکەم جار لەلایەن فەیلەسوفی فەرەنسی (ئەنتوان لویس وی تراسی) (١٧٥٤- ١٨٣٦) لە پەرتوکێکدا بەکارهاتووە، وشەیەکی لێکدراوە لە هەردوو پەیڤی (Idea) (هزر) و (Logo) (زانست) بەواتایەکی نوێ، کە واتایی (زانستی هزری) دەگەیەنێت بەکاربراوە) (بڕوانە: نەوزاد عەبدوڵا بامەرنی، ٢٠٠٧،ل١٦). لە فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی کوردیشدا، زاراوەی ئایدیۆلۆژیا بەشێوەیەکی گشتی بەم چەشنە ناسێنراوە: ((کۆمەڵە بیروڕایەکە پێداویستی و خواستە کۆمەڵایەتییەکانی تاکەکەسی، تاقم، چین، یان کولتوورێک ئەنوێنێتەوە، ئایدیۆلۆژیا وەک زاراوەیەکی پیشەیی و تایبەت بەو کۆمەڵە بیروباوەڕ و بیرۆکە و دەرهەستانە ئەگوترێت، کە لە وتاری سیاسیدا بەتایبەت بەکارئەبردرێ، لە ڕەخنەی کولتووریدا زاراوەی ئایدیۆلۆژیا زۆرتر بۆ دەستنیشانکردنی ئەو سیستەمەی تێگەیشتن بەکارئەبرێ، کە کار لە تاکەکەس و تاقمەکان ئەکات، بۆئەوەی خۆیان لەگەڵ ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنراو لە واقیع و حەقیقەت ڕێکبخەن)) (بەختیار سەجادی و محەمەد مەحمودی، ٢٠٠٤، ل١٦).

ئایدیۆلۆژیا چەمکێکی هزرییە، لەگەڵ گۆڕانی سەردەم و پێشکەوتنی شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا گۆڕانی بەسەردا دێت و واتا و ڕامان و چەمکی نوێ هەڵدەگرێت. ئایدۆلۆژیەتی تایبەتی و گشتی کۆمەڵ، یان گروپێک، یان نەتەوەیەک لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیەتی تاکەکان بەرهەم دێت، ئایدیۆلۆژیەت شێوازی باوەڕ و فکری تاک، یان کۆمەڵی لەسەر بنیاتدەنرێت و دەبێتە ناسنامەی کەسەکە، یان کۆمەڵگەکە، بە ئەرێنی (پۆزەتیڤ) یان نەرێنی (نێگەتیڤ) بێت،

هەندێک جار ئەو جۆرە ئایدیۆلۆژیایە سنورەکانی دەوڵەت دەبڕێ و باڵ بەسەر هەموو جیهاندا دەکێشێ وەک مارکسییەت و بیری چەپگەرایی، کە تێڕوانینێکی نێگەتیڤی لە ڕۆژهەلاتدا هەیە.

(پۆل ریکۆر) فەیلەسوف و بیرمەندی فەرەنسی پێی وایە ئایدیۆلۆژیا ڕۆڵێکی پۆزەتیڤی هەیە، بەوەی کە کارکرد و ڕۆڵی کۆمەلایەتی و مێژوویی هەیە، لە ڕەوایەتی دان و ئیقناعکردندا، لای (ریکۆر) کاتێک وتاردان (شیعر) بچێتە خزمەتی ڕەوایەتیپێدانی دەسەلات، ئیتر ئەوکاتەیە کە دەبێت بە ئایدیۆلۆژیا، هەروەها کارکردێکی دیکەی ئایدیۆلۆژیا دەست نیشاندەکات ئەویش یەکێتی و یەکخستنی کۆمەڵگەیە، ئایدیۆلۆژیا لە ڕێگەی دروستکردنی بیرەوەری هاوبەشەوە لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵدا، لێکیان نزیکدەکاتەوە و پێوەندی دروستدەکات و هەموو ئەندامەکان خۆیان بەبەشێک و بەخێزانێک دەزانن (بڕوانە: بەفراو نوری، http:// www.basnews.com/index-php/so/opinion/2H0501).

ئایدیۆلۆژیا ڕۆڵێکی کۆمەلایەتی و جڤاکی لەنێو کۆمەڵدا دەبینێ، بە گرێدان و کۆکردنەوەی کۆمەڵێک کەس لە دەوری بیرێکی دیاریکراودا، وەکو ڕێبازێکی فکری ڕۆڵ لە بەرەوپێشچوونی گۆڕانە کۆمەلایەتی و مرۆڤایەتییەکاندا دەبینێت. بەشێوەیەکی گشتی ((ئایدیۆلۆژیا باسی ئەو شێوازە دەکات، کە لە سۆنگەیەوە مرۆڤەکان دەورەکانی خۆیان لە کۆمەڵگای چینایەتیدا دەگێڕن، ئایدیۆلۆژیا دەربڕی ئەو بەها و هزر و ئیماژانەیە، کە مرۆڤەکان بە ئەرکە کۆمەلایەتییەکانەوە گرێ دەداتەوە)) (تێری ئیگلتۆن، ٢٠٠٨، ل٤٠). ژیانی مرۆڤایەتی سنور و چوارچێوەیەکی دیاریکراو و وەستاوی نییە، ئایدیۆلۆژیا هەڵدەستێت بە سیستەمکردن و ڕێکخستنی هزر و بیروباوەڕە جووداکان و گونجان و ڕێکخستن لە شێوەی گروپ و کۆمەڵ و ڕێکخراو و پارتەکان، لە خزمەتکردنی کۆمەڵگەیەکی دروست و ڕێکخراودا، ((ئایدیۆلۆژیا کۆمەڵەکا هزرایە، ڕەنگڤەدانا بیروباوەڕ و بەرژەوەندیێن میللەتی و سیستەمێ سیاسییە)) (نەوزاد عەبدولا بامەرنی، ٢٠٠٧،ل٢١). ئامانجی ئایدیۆلۆژیا ڕێکخستنی هزر و بیروباوەڕەکانە و گونجاندنیان لەگەڵ سەردەمدا، هەموو پارت و گروپ و میللەت و دەوڵەتان لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیەتێکی تایبەتی دروستبوون.

ئایدیۆلۆژیای سیاسیی یەکێکە لە جۆرە دیارەکانی ئایدیۆلۆژیا لە سەردەمی نوێدا بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا کاریگەری بە سەر ئەدەبیاتەوە دەبینرێت و ئاراستەی دەکات. ئایدیۆلۆژیای سیاسی بریتییە لە بیروباوەڕێکی ڕێکخراوی تایبەتی پارتێک، یان هێزێکی سیاسی بە ئامانجی گەیشتن بە دەسەلات و حکومداری، یان بۆ فشارخستنە سەر حکومەت

و دەسەڵات بۆ گۆڕانی ئاڕاستەی سیاسەت و حکومداری بۆ بەدەست هێنانی ئازادی و دیموکراسی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و چینایەتی... هتد.

پێوەندی نێوان ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا پێوەندییەکی ئاوێتە و بەیەکداچوو و تێکچرژاوە، جیاواز لە پێوەندی ئایدیۆلۆژیا بە فەلسەفە و ئاین و سیاسەت...هتد، ناتوانرێت ڕاستەوخۆ دەستنیشان بکرێت، نە ڕوون و ئاشکرایە، نە دەشارێتەوە، بەڵکو تێکەڵاو ئاوێتەیە، بەوێنە سیاسەت ئایدیۆلۆژیایەکی ڕاستەوخۆ و ڕوونی هەیە، لە بەڕێوەبردنی سیستەمی کۆمەڵایەتی سیاسی کۆمەڵگەدا بەڕوونی دەردەکەوێ. شاعیران وەک تاکێکی هەستیار و هۆشیاری نێو کۆمەڵ، ئایدۆلۆژی کۆمەڵایەتی و سیاسی و جڤاکییەکان کاریگەری لە هەست و نەست و هزر و بیرکردنەوەیان دەکات و لە شیعرەکاندا ڕەنگدەداتەوە. ئەمەش لایەنگری شاعیر بۆ حزبێک، یان پارتێک، یان کۆمەڵێک پیشان دەدات، لە شیعری نوێی ڕۆژهەڵاتدا ئەم دیاردەیە لە شیعری چەندین شاعیردا بەدی دەکرێت، (سوهەیلا قادری) وەک ژنێکی خەباتگێڕ هەستی ژنانەی تێکەڵ بە ئایدۆلۆژیای خەباتی سیاسی حزبی (دیموکراتی کوردستانی ئێران) دەکات و بە ئاشکرا پابەندبوون و لایەنگری ئایدۆلۆژیای حزبەکەی باس دەکات، لە شیعری (لە کەژاوەی حەزەکانمدا) دەڵێت:

**لە دارگوێزی چیاکانەوە فێربووم**
**خۆڕاگر و بە غیرەت بم**
**سنەوبەریش فێری کردم کە هەمیشە**
**سەر سەوز بم**
**کانیاوەکانی کوردستان دەرسیان دادام**
**کە قەتاو قەت وشک نەبم**
**دیموکراتیش فێری کردم**
**وشەی کوردم**
**قەت و هەرگیز لەبیرنەکەم** (سوهەیلا قادری "گەزیزە"، ؟، ل١١٣)

(قادری) لە زۆرینەی شیعرەکانیدا وشەی بەتین و وروژێنەری هەستی ئیتنیکی و نیشتمانی و خەبات و ڕزگاری و سەربەخۆیی، کە دروشمی حزبەکەیەتی، تێکەڵ بەهەستەکانی خۆی دەکات، شیعر دەکاتە پردی پێوەندی نێوان خۆی و بەردەنگەکانی و بیرو باوەر و ئایدۆلۆژیەتی سیاسی و نەتەوەیی خۆی دەردەبڕێت، هەروەک لە شیعری (پردی بەهێزی دیموکراتم)دا دەڵێت:

**دیموکراتم، پردی بەهێز و لوتکەی بەرزی حەزەکانم**
**تا تۆم هەبێ لەسەر دوندی چیاش مابم**
**هەر بە پێوەم ئاڵا و ناوت دەپارێزم**
**لە دڵەوە لە گیانەوە دەتپەرەستم** (سوهەیلا قادری "گەزیزە"، ؟، ل١٤٥)

(ئەنوەری سوڵتانپەنا) دەیەوێ لە ڕێگەی ئایدۆلۆژیایەکی سیاسییەوە پەیامی خۆی بە نامەیەک بە هەڤاڵانی بگەیەنێت، ڕێبەرانی دیموکرات (شەرەفکەندی، قاسملۆ، پێشەوا) و شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری نیشتمانەکەی (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) دەکاتە ڕەمزی بەرخودان و بەردەوامی دان بە ڕێبازی سەروەرانیان، کە خۆیان بە ڕۆڵە و درێژەپێدەری خەباتی پێشەواکانیان دەزانێت:

**نامەم بەرەوە بۆ وڵات**
**بۆ نێو یارانی دیمۆکرات**
**ئەوانەی ڕۆڵەی پێشەوان**
**جووڵەی ڕەگی لەشی هیوان**
**دوکتۆر شەرەفکەندی زانا**
**کە ژینی بۆ گەلی دانا**
**یان پێشەوای ڕێبەری کورد**
**ژیرۆمەری بە دەست و برد**
**دەڵێ مێژوو بێ سێ و دوو**
**جێی شانازیمە قاسملوو**
**ئەو سێیە و باقی شەهیدان**
**سەربازانی ڕێی نیشتمان** (عوسمان ئیسماعیل- ئەنوەری سوڵتانپەنا، ٢٠٠٨، ل١٥-٢٠)

**٣-١-٢ شیعری سیاسی (نیشتمانی، نەتەوەیی) چەمک و زاراوە:**

ئەدەب و سیاسەت دوو کایەی زیندووی ئەفرێندراوی فەزای شارستانیەتن و دوو بواری تەواو جودان، ئەدەبیات لە سەردەمی ڕۆشنگەری بەدواوە گەشەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، لە سەردەمی هاوچەرخیشدا هێندە لق و پۆی هاویشتووە هەموو بوار و کایەکانی ژیانی مرۆڤایەتی تەنیووە، پێوەندی نێوان ئەدەب و سیاسەت پێوەندییەکی ئاڵۆز و قووڵە و بە ئامێتەبوونیان چەشنە ئەدەبێکی نوێ (ئەدەبی سیاسی و شیعری سیاسی) هاتۆتە ئاراوە، شیعری سیاسی وەکو چەشن و ناوەڕۆکێکی نوێی شیعریی لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا و

دواتر لە ڕۆژهەڵاتدا پەیدابووە، مەبەست لە (ئەدەبی سیاسی)یش ئەو ئەدەبەیە، کە ڕووخسارێکی ئەدەبی و ناوەرۆکێکی سیاسی لەخۆگرتووە.

سەبارەت بەم چەشنە شیعرەش لەلایەن لێکۆڵەرەوانەوە ڕاوبۆچوون و ڕاڤەی جیاوازی بۆکراوە، کە ئایا دەکرێ شاعیر سەر بە ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی بێت؟ ئایا شیعری سیاسی بوونی هەیە؟ ئەگەر شیعرێک ناوەرۆکێکی سیاسی هەبێت بەها و نرخی شیعرییەت لە دەست نادات؟ ئایا ئەو جۆرە شیعرانەی هەست بە ناوەڕۆکێکی سیاسی تێدا دەکرێ بەهەمان شێوەی شیعرێکی سیاسی ڕووت سەیردەکرێ؟ ئایا دەکرێ شاعیر بێبەری بکرێت لە سیاسەت ؟ ئەمانە و چەندین پرسیار و ڕامانی دیکە، کە نووسەران و ئەدەبیانی کردووە بە دوو بەشەوە، هەندێکیان پێیان وایە ناکرێ ئەدەب و بەتایبەت شیعر بێبەری بێت لە سیاسەت گەر پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤیش بێت، واتا ئەدەب دەبێت پابەندبێت (الالتزام)[1]، بێچەوانەشەوە هەندێکی دیکەشیان ئەدەب (شیعر) بێبەری دەکەن لە پابەندبوون.

سیاسەت لە خودی خۆیدا وەکو دیاردەیەکی سەردەم ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە پێشخستن و گەشەکردنی کۆمەڵگەدا، هەروەها کاریگەری لەسەر هزر و ئایدیا و ناوەرۆکی ئەدەبیاتدا دەبێت، بۆیە شاعیر ناتوانێت خۆی لەو گۆڕان و کاریگەرییانە دوورەپەرێز بگرێت، بەتایبەت ئەگەر بابەتەکە ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی بێت، ((هەرچی هونەرە لە تێڕوانینی ئایدۆلۆژیکییەوە بۆ جیهان ئاودەخواتەوە، بە وتەی "پێلیخانۆف" بەرهەمێکی هونەری بەدی ناکرێ، کە سەرلەبەری لە ناوەرۆکی ئایدیۆلۆژیکی بێ بەری بێت... گۆڕانکاری گرنگی لە فۆرمی ئەدەبیدا لە سەرچاوەی گۆڕانکاری گرنگ لە ئایدیۆلۆژیادا ئاودەخواتەوە)) (تێری ئیگلتۆن،٢٠٠٨،ل٤٠-٥٢). شاعیر تاکێکی زیندوو و هۆشیاری کۆمەڵە، بەڵام ناشبێت

---

[1] –پابەندبوون لە ئەدەبدا بەتایبەت لە شیعردا دیاردەیەکی سروشتی شیعر و شاعیرە، (ژان پۆل سارتەر) بۆ یەکەم جار لە کتێبەکەی خۆیدا (ئەدەب چیە؟) دیاردەی پابەندبوون دەوروژێنێ و دەڵێت: ((نیگارکێشان و داتاشین موزیک ناتوانن وەک ئەدەب پابەندبن)) (بڕوانە: ژان پۆل سارتەر،٢٠٠٩، ل ٤٧)، لێرەدا تەنها مەبەستی لە پەخشانە نەک شیعر، لەگەڵ ئەوەشدا، کە پەیامداری و پابەندی ئەرکێکی خۆنەویستانەی شاعیرە. (سارتەر) لە فەلسەفەی پابەندبوونەکەی خۆیدا شیعری لە پابەندبوون بەخشیوە (بێبەریکردووە). پێیوایە نابێت شیعر پابەند بکرێت، وەک چۆن سۆز و هەڵچوونەکان پاڵنەری شیعریین، دەکرێ تووڕەبوون وەرەسبوونە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان هەمان ڕۆڵیان هەبێت. ئامانجی شیعر خودی خۆیەتی لەدەرەوەی خودی خۆی هیچ ئامانجێکی نییە، شاعیر لە ڕێگەی وێنابینی خۆیەوە ئەو گرفتانە دەخاتە ڕوو، کە دووچاری دەبنەوە هەڵوێستەکانی لە قاوغی دەروونی خۆیدان، بەمەش پێگەی شاعیر لە دەرەوەی جیهانە لە گۆشەگیریدایە. بەڵام پابەندبوون لای مارکسییەکان پێچەوانەی فەلسەفەکەی (سارتەر) بوو، ئەوان پێیان وایە شیعر داهێنانە و پێویستە مولتەزیم بێت. (بڕوانە: رمضان صباغ ، ٢٠٠٨، ل ١٢،٢٠ ،٢١، ٥٧).

ئایدۆلۆژیای سیاسیی شاعیر بە چەشنێک بێت، وێنای سیاسەتێکی ڕووت بنەخشێنێت، بەڵکو دەبێت ئاڕاستەیەکی سیاسی پیشان بدات، کە لە خزمەتی کۆمەڵدا بێت.

چەمکی پابەندبوون "دەروەستی" (الالتزام) (commitment) وەکو زاراوەیەکی نوێ و بەتایبەت لە شیعری ڕۆژهەڵاتدا چەندین دەقی زیندوو و نەمری خوڵقاندووە، پابەندبوونی شاعیر بە گەلەکەیەوە پێویستییەکی سەردەم بووە، بەهۆی ئەو کەتوارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی هەموو کونج و کەلەبەرێکی ژیانی میللەتی کوردی گرتبووەوە، بۆئەوەی شاعیر ببێتە شاعیری گەل و نەتەوەکەی و دەنگی خۆی بخاتە پاڵ دەنگی ناڕەزایی و دەردە کۆمەڵایەتییەکان، پابەندبوون و هەڵویستەکردنیان لەگەڵ ئەو ژینگە نوێیەدا دروشمی یەکانگیریی پاپەندبوون و پەیامدارییان لە تێکستەکانیاندا ڕاگەیاند، ئەم پابەندبوون و پەیامدارییەی شاعیران وادەکات شیعرەکانیان بێتە وێناکردنی کەتواری سەردەم و تۆماری مێژووی خەباتی سیاسی و شۆڕشگێڕی، بەم جۆرەش پابەندبوون و پەیامداری لە شیعری هاوچەرخ و نوێی ڕۆژهەڵاتدا پێویستی و خواستی شاعیر بە پابەندبوون دەردەخات، کە دەتوانین بڵێین لە چاو شیعری نوێی باشوور پابەندبوون لای شاعیرانی ڕۆژهەڵات زیاتر بەدی دەکرێت.

سەبارەت بە سەرەتا و هاتنەکایەی ناوەرۆکی شیعری سیاسی لە ڕۆژهەڵاتدا، دەکرێ بڵێین کە ناوەرۆکی شیعری سیاسی لە شیعری کلاسیکی ڕۆژهەڵاتدا بەدی ناکرێت، بەڵکو سەرەتاکەی بۆ شاعیرانی قۆناغی گواستنەوە (نیوکلاسیک) بە دیاریکراویش بۆ (سەیفی قازی) دەگەڕێتەوە، دواتریش (هێمن)ی شاعیر توانی هۆنراوەی لیریکی کوردی لە شیعری ویژدانی ڕۆمانتیکی دەرباز بکات و ناوەرۆک و شێوازی سیاسی (نیشتمانی، نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی ڕیالیزمی)یانەی پێببەخشێت و بە تێکەڵاوکردنی هەستی نیشتمانپەروەری و جوانپەرەستی لە شیعردا، جۆرێک لە (غەزەلی سیاسی) دابهێنێت (عوسمان دەشتی،٢٠٠٩،ل٤٧،٥٠-ب). ئەم جۆرە شیعرە توانی بە درێژایی شیعری هاوچەرخ و نوێی ڕۆژهەڵات ناوەرۆکی شیعری شاعیران کێش بکات و تا ئێستاش بەردەوامە.

شاعیران وشیارییەکی سیاسی و هەستێکی زیندوویان بەرامبەر بە ڕووداوە سیاسییەکان هەیە، کە جگەلە وێرانی هیچی تر لەدوای خۆی بەجێ ناهێڵێت، (شەریف) لە شیعری (کۆچ)دا لە وێنەیەکی شیعرییدا مێژووی سەردەمەکەی خۆیمان بە وشەی پاراو و ڕەسەنی کوردی بۆ دەگێڕێتەوە:

**دەستی سیاسەت ئاوری دێنێ**

**یەک لە شوێن یەکا، ئەیانسوتێنێ**

**دێ ئەسوتێت و خەڵکی، کۆچ ئەدرێن**
**کۆچێ دڵتەزێن، بۆ دەشتی گەرمێن** (شەریف، ١٩٧٩، ل ٣٦)

(خاڵە قازی) لە شیعری (دوو دانە دوو نابێ بە چوار)دا تێکەڵ بە کێشەی سیاسی گەلەکەی بووە، وەک چۆن خەمی چوار پارچەکردنی کوردستان و نەتەوەی کورد بووە بە نمادی شیعریی بەرگری و سیاسی و شۆڕشگێری و نیشتمانی شاعیرانی ڕۆژهەڵات، هەوڵدان بۆ یەکگرتنەوە و یەکپارچەیی خاکی کوردستان، خەمی گەورەی (خاڵە قازی)یشە، بە داگیرکەران و دوژمنانی وڵات دەڵێت: زوڵم و ستەمی ئەوان هەرچەند بێت ناتوانن کوردستان بەش بەش بکەن، لە دڵی گەلەکەیدا کوردستان هەر یەک پارچەیە و نابێت بە چوار:

**ئەگەر لەشم سەد پارچەکەن**
**بمدەنە ژێر گوللە و ڕەگبار**
**بچمە سەر دار**
**قسەی دڵم دێتە سەرزار**
**کوردستان هەر وڵاتێکە و**
**نابێ بە چوار**
**نابێ بە چوار** (خاڵە قازی، ؟، ل ٩)

لە ڕووی بەکارهێنانی زاراوەی شیعری سیاسی، لە هەندێک لێکۆڵینەوە و نووسراوەکاندا تێکەڵاوییەک لە بەکارهێنانی زاراوەی شیعری (سیاسی و نیشتمانی و نەتەوەیی)دا بەدی دەکرێت، هەرچەندە هەریەک لەو زاراوانە تێکەڵاویی و هاوبەشییەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام هەریەکەیان چەمک و واتای جیاوازی خۆی لە ڕووی فەرهەنگ و بەکارهێنانەوە هەیە، (عوسمان دەشتی) پێی وایە شیعری سیاسی ئایدۆلۆژیای مەسەلەی نیشتمانی، یان نەتەوەیی، یان چینایەتی و هەڵویستی شۆرشگیری و بەرخودان...هتد، دەگرێتەوە و دەڵێت: ((لای ئێمە هەموو ئەو باوەر و فیکر و مەسەلانە دەگرێتەوە، کە بە شێوەیەکی گشتی لە چوارچێوەی (٣)مەسەلەی سەرەکیدا کۆدەبنەوە: ١–مەسەلەی نیشتمانی ٢–مەسەلەی نەتەوەیی٣–مەسەلەی چینایەتی، ئەنجا هەر فیکر و فەلسەفە و جیهانبینییەک، کە مرۆڤ هەیەتی و دەبێت بە سەرچاوە و (ئایدۆلۆجیا)، بە پەیوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلانەی سەرەوە دەبێت بە بەشێک لە سیاسەت)). (عوسمان دەشتی،٢٠٠٩،ل٤٥–ب) هەروەها پێی وایە، ((ئەو جۆرە هەڵوێستانەش، کە بە شۆرشگێری، ئازادیخوازی، پێشکەوتنخوازی....، بە پێچەوانەکانیان

دەناسرێن و لە کرۆک و ناوەرۆکدا هەر لە دەوری (٣) تەوەرەکەی پێشەوەدا دەخولێنەوە و دەبن بە ناواخنی هەڵوێست و بابەتێکی سیاسی، ئەمانە لە باری سیاسەت وەکو بابەت (الموضوع)ەوە، هەروەها هەڵوێست وەرگرتن بە سەلبی یا بە شێوەیەکی ئیجابی دەرحەق بە سیستەمی حوکمرانی و دەسەلات، وەکو: دیموکراتی، سۆشیالیستی، لیبڕاڵی...، کە پەیوەستن بە تیۆری سیاسییەوە، ئەمەش هەر دەچێتە قاڵب و چوارچێوەی هەڵوێستی سیاسییەوە)) (عوسمان دەشتی ،٢٠٠٩ ، ل ٤٥-ب).

بە پێچەوانەوە (عەبدوڵلا ئاگرین) (عەبدوڵلا ئاگرین، ١٩٩،ل٥٣-٥٤) چەند خاڵێکی جیاوازی نێوان شیعری سیاسی و شیعری نیشتمانی خستووتە ڕوو، بەوەی، کە شیعری نیشتمانی زیاتر هەست و سۆزی مرۆڤ دەوروژێنێت و خۆشەویستی مرۆڤ بۆ خاک و نیشتمان پیشان دەدات، ئەمەش بەو جۆرە لە شیعری سیاسیدا بەدی ناکرێت، بەڵکو شیعری سیاسی زیاتر فکر و عەقڵ و ئایدۆلۆژیا ڕۆڵی تیا دەگێڕێت، شیعری نیشتمانی هەمیشە لەگەڵ خواست و ئاواتی کۆمەڵگەیە لە بەرژەوەندی ئەواندایە، بەلام مەرج نییە هەمیشە شیعری سیاسی لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەدا بێت. هەروەها لە ڕووی مێژووی پەیدابوونەوە، شیعری سیاسی دیاردەیەکی نوێی شارستانییەتی سەردەمە لەچاو شیعری نیشتمانی. شیعری نیشتمانی لەگەڵ بوونی مرۆڤ و هەستکردن بە بوونی نیشتمان و خاکێکی تایبەتی دیاریکراودا پەیدا بووە، واتا شیعری نیشتمانی لە شیعری نەتەوایەتیش کۆنترە، شیعری نیشتمانی گوزارشت لە پەیوەستی و خۆشەویستی مرۆڤ بۆ خاک و نیشتمانەکەی دەکات، ((شیعری نیشتمانی بۆ خۆی خۆشەویستی ئەو نیشتمانە و هەست کردن بەو پێوەندییە دەروونییە دەگەیەنێت، کە هاولاتی دەبەستێت پێوە و وای لێ دەکات خۆشی بوێ، شانازی پێوە بکات و لە پێناوی قوربانی بدات)) (محەمەد فاضل مصطفی، ١٩٩٨، ل٧٠).

(سونبولی حەقیقی) لە شیعری (مەکۆی ئازایەتی)دا (کوردستان)ی بە دڵدار و دولبەری خۆی ناوزەد کردووە، خۆشەویستی خۆی بە هەست و سۆزێکی ڕۆمانتیکییانە بەرامبەر بە دولبەرەکەی (نیشتمان)ەکەی دەردەبڕێت:

**کوردستانی مەزن، ئەی نیشتمان، دڵدارەکەی من**

**ئەتۆ ئەی دڵبەرم، ئەی شۆخەکەم، نازدارەکەی من**

**وەتەن سۆمای چاوم، هێزی هەناوم، نووری هەتاوم**

**وەتەن ئەی مەڵحەمی زامی دڵم، خەمخوارەکەی من** (سونبولی حەقیقی، ٢٠١٠، ل ٩٥)

(حوسێن مام ڕۆستەمی) لە شیعری (ئامێزی موکریان)دا هەستی خۆشەویستی خۆی لە دووره وڵاتەوە بۆ موکریان دەردەبڕێت، هەرچەندە هەموو سەرزەوی بە خاکی موکریان دەزانێت، بەڵام هەر بە حەز و تاسەی موکریانەوەیە، تەنانەت ئەگەر لەکاتی مەرگیشدا بێت:

**پاییزە لەم وەختە بە تاسانەوە بمرم**

**بۆ دووره وڵاتەی بە هەنیسکانەوە بمرم**

..................................................

**هەر کویَ کە بڵێم گشتی زەوی موڵکتە ئەمما:**

**سەت خۆزگە بە ئامێزی موکریانەوە بمرم.** (حوسێن مام ڕۆستەمی، ١٣٨٩، ل٣١)

(گولباخ بهرامی)یش وەکو شاعیرێکی دووره نیشتمان، لە کۆپلە شیعرێکدا هەست و تاسە و سۆز و حەسرەتی گەرانەوە بۆ زێد و خاک و نیشتمانەکەی دەردەبڕێت، بە باوەر و هۆشیارییەکی سیاسی و ئومێدەوە دەڕوانێتە داهاتوو، گەر بە زیندوویەتی بیت، یان پاش مردن بە ڕۆژهەڵات (نیشتمانەکەی) شاد دەبێتەوە و یەکتر لە ئامێزدەگرن:

**ڕۆژهەڵات !**

**ئەزانم ڕۆژێک یان لە باوەشت دەگرم و دەژیم**

**یان لە باوەشم دەگری و دەمرم.** (لێژنەی ڕۆشنبیری...، ٢٠١٣، ل ٢٧٤)

شیعری نەتەوایەتی (nationalism)یش لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتیشدا مێژوویەکی کۆنی هەیە و سەرەتای سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی لە هەوڵ و هۆشیاری مرۆڤ بەرامبەر بە ماف و ئەرکەکانی و بوونی هەستی خۆیەتی و موڵکداری سەرچاوە دەگرێت، لە سەردەمی ڕۆشنگەریشدا فەلسەفە و تیۆر و یاسا کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکانی مافی مرۆڤ و مافی نەتەوە و سەروەری و سەربەخۆیی نەتەوەکان، فاکتەری سەرەکی سەرهەڵدان و دەسپێکی هزری نەتەوایەتی بوون لە دەروونی تاک و کۆمەڵدا بەگشتی، ئەم کاریگەرییە دەروونییە لەلای شاعیرانیش بووە زادگای شیعری نەتەوایەتی.

زاراوەی شیعری نەتەوایەتی (Nationalistic) لە نەتەوە (Nation) وەرگیراوە، ناسیۆنالیزم (Nationalism) زاراوەیەکی جیهانییە، واتای هەستی نەتەوایەتی دەگەیەنێت، پابەندی شاعیر بە نەتەوەکەی پیشان دەدات. لە شیعری کوردیدا چەند زاراوەیەک بەوێنە (کوردایەتی، نیشتمانپەروەری، بیری ئیتنیکی و نەتەوەیی، نەتەوەپەرستی، بیری کوردایەتی،...هتد) بەکاردەبرێت (بڕوانە: کاوە ئەمین، ٢٠٠٦، ل١٩). شیعری نەتەوایەتی لەگەڵ شیعری نیشتمانی زیاتر بەناویەکداچوون و هاوبەشییان زیاترە وەک لە شیعری سیاسی،

هەندێ جار زاراوەی (هاونیشتمانییەتی)یش بەکاردەبرێت، کە زیاتر مەبەست لە شیعری نیشتمانییە، نەک نەتەوایەتی، (شیعری هاونیشتمانییەتی سۆزێکە بەرامبەر بە زەوی، بەڵام نەتەوایەتی سۆزێکە بەرامبەر بە نەتەوە یان کۆمەڵ) (فەهمی شوکری عەبدوڵا، ٢٠٠٩، ل٢٦-٢٧) بێگومان شاعیری نەتەوەیی شاعیرێکی نیشتمانپەروەرە و بە پێچەوانەشەوە، واتە ئەگەر شاعیرێک نەتەوەی خۆی خۆش بوێت هەر دەبێ نیشتمانەکەی خۆشی خۆش بوێت. ئەمەش خاڵی هاوبەشی و تێکەڵاوی نێوان شیعری نەتەوایەتی و نیشتمانییە. ئەم دوو چەمکە زیاتر تێکەڵن بە بەراوردکرنیان لەگەڵ شیعری سیاسیدا.

ئەدەب یان شیعری نەتەوایەتی بەشداردەبێت لە دروستکرنی قەوارەیەکی سیاسی و نەتەوەیی بۆ نەتەوەکەی (("ئەندرسۆن" پێی وایە ناسیۆنالیزم خۆی نەتەوە درووست دەکات لەو شوێنەی، کە نەتەوەی تیانییە... ناسیۆنالیزم ئایدۆلۆژیایە و هەوڵ بۆ بەدەست هێنانی دەسەڵات دەدا...هەروەها پارێزگاری لە ناسنامەی نەتەوەش دەکات و ڕایەڵەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ بەهێز دەکات)) (فەهمی شوکری عەبدوڵا،٢٠٠٩،ل٢٨) ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی کوردی لەنێو دەقی شیعریشدا هەمان ئاراستە و ئامانجی هەیە، بۆیە شاعیری کوردیش لە ڕێگەی دەقە شیعرییەکانەوە دەنگی خۆی هەڵدەبڕێت و پەیامی نەتەوەکەی بە نەتەوەکانی جیهاندا دەگەیەنێت، هەندێ جار گوزارشت لە سوژەیەکی هاوبەش دەکات، کە ماکی چەند نەتەوەیەکە و بە جیهانیبوونی دەقەکە دەگەیەنێت. (شەریف) لە شیعری (فرمێسکێ بۆ فەلەستین) بە بیرێکی ئەنتەرناسیۆنالیزمییەوە نەتەوەکەی و نەتەوەی فەلەستین بەیەک دەچوێنێت، هاوخەمی و هاوسۆزی و پەیامی شاعیرانەی خۆی لە ڕزگاربوون لە ژێردەستەیی داگیرکەران و هاندانیان بۆ خەبات و سەربەخۆیی بە گەلانی جیهان دەگەیەنێت:

**ئەی فەلەستینی هەژار**

**وێڵی دەستی ئیستعمار**

.................................

**من هەژارێ وێنەی تۆم**

**کوردم، کوردی ڕەنجەڕۆم**

...........................

**ئەی ئاوارەی فەلەستین**

**خانوی هەردوکمان خوێنین**

**هەردوو پەشێو و خەمبار**

**هەردوو کز و بریندار**

**بریندارى چزى مار**

**چزى مارى ئێستعمار...**

**.............................**

**ڕۆژێ بە هیواى خەبات،**

**هەردوو دەگەینە ئاوات** (شەریف، ١٩٧٩، ل١١-١٤)

(ئەحمەد قادرى)یش بە هەستێکى ئەنتەرناسیۆنالیزمییەوە مژدەى ڕاسان و ڕاپەڕین بە گەلەکەى خۆى و گەلانى ژێردەستە دەدات:

**موژدە بێ گەلان وا هارووژاون**

**دڵسۆزەکانت لە خەو هەستاون** (ئەحمەد قادرى، ١٣٦٨، ل ٦٢)

دەربڕینى بیروباوەڕى ناسیۆنالیزمى کوردى لە شیعرە نەتەوەیى و سیاسییەکاندا بە تەوژمێکى زۆر بەرجەستەکراوە، ئایدۆلۆژیەتى ناسیۆنالیزمى کوردى واتە ((بیرى نەتەوەیى کورد (کوردایەتى) وەک زاراوەیەکى فکرى و ئایدۆلۆژیایەکى نوێى سەردەم بە واتاى: زانستى سیاسى و فەرهەنگى ڕۆشنبیرى، بە زۆرى لە ناوڕاستى چەرخى بیستەمدا لە ئەدەبیاتى سیاسى و حزبایەتیدا[1] بڵاوبووەوە)) (عەبدوڵا ئاگرین،١٩٩٩،ل٢٧). لەم ڕووەشەوە بیرى نەتەوەیى (ناسیۆنالیزمى کوردى) بۆ وشیارکردنەوە و فراوانکردن و پەرەپێدانى ئەدەبى نەتەوایەتى و شۆڕشگێڕى و بەرهەڵستکارانە و پێگەیاندنى نەوەیەکى نیشتمانپەروەر و خاوەن ئایدۆلۆژیەتى نەتەوەیى کارى کردووە و وەکو هزر و ئایدیا و فەلسەفەیەکى ئەکتیڤ و زیندوو و ڕەسەنى کورد ڕۆڵێکى گرنگى لە ئاڕاستە و گۆڕانى ئەدەب و ژیانى کۆمەڵایەتى و سیاسیدا هەبووە. هەروەها لە ڕووى مێژووەوە خۆنواندنى بیرى ئیتنیکى و نەتەوەیى لەنێو تێکستە ئەدەبییەکاندا، فاکتەرى کاراى پاراستن و مانەوە و تۆمارکردنى مێژووى ئێتنیک و نەتەوە و خاکى کوردستانە، شیعرى نەتەوەیى کاریگەرییەکى گەورەى لە هەژان و ورووژانى هەست و نەست و دەروونى تاکى کورد کردووە، هانى داون بۆ بەرگریکردن و خەباتى ڕزگارى نەتەوەیى و سەربەخۆیى.

---

[1] -هەندێک لە نووسەران و لێکۆڵەران سەرەتا و مێژووى پەیدابوونى هزر و ئیتنیکى نەتەوایەتى کوردى دەگەڕێننەوە بۆ سەرهەڵدانى بزاڤى سیاسى و چەکدارى، بەڵام (کامیران محەمەد نەبى) پێى وایە کە سەرهەڵدانى هزرى نەتەواییەتى کوردى بۆ یەکەم جار و لە باکورى کوردستان لە سەر دەستى شاعیران (جەزیرى و خانى و ویداعى) و لەپاشان بزووتنەوە چەکدارى و سیاسییەکان پەیدابووە. (بڕوانە: کامیران محەمەد نەبى، ٢٠٠٥، ل٨٢).

(مەلەکشا) لە شیعری (بێ وڵات)دا پەیام و ئایدۆلۆژیەتی سیاسی و ئیتنیکی خۆی بە بەردەنگەکانی ڕادەگەیەنێت. میژووی چڵ ساڵەی ستەم و نالەباری ژیانی ژێردەستەیی نەتەوەکەی بە چاوێکی ڕەشبینانەوە دەگێڕێتەوە، شاعیر دەیەوێت پێمان بڵێت: وەک چۆن بە زیندوویی بستێ خاکی نییە تێیدا بژی بستێ خاکیش شک نابات کە تێیدا بمرێت:

**چل ساڵە من**

**تەرمی خۆمم لە کۆڵ ناوە**

**دەیگێڕم و ئەشک ئەڕێژم**

**ڕێگەی دووری تەمەن ئەبڕم**

**بستێ خاکم دەست ناکەوێ**

**ئەم جەستە پڕ لە ئازارەی**

**تیا بنێژم !** (جەلال مەلەکشا، ١٣٩٣، ل ٦٥)

(خاڵە قازی) لە شیعری (باوەشم بۆ نیشتمان)دا هەست و خۆشەویستی و وەفا و گیان فیدایی بۆ نیشتمانەکەی دەردەبڕێت:

**ئەی وڵاتی لەت لەت و بێ بەش لەسەر نەخشەی جیهان**

**شەرتە ئاڵات، بەرمە ناو نەخشەی جیهانی خۆشەویست**

**ئەی گەلی چەوساوە ئەی کوردی لە چوارلا بەشکراو**

**خەم مەخۆن دایکی شەهیدان، بابەکانی خۆشەویست**

**باوەشـی من باوەشی ئازادی و سەربـەستییە**

**بۆتە عیشق و خۆشەویستی، عاشقانی خۆشەویست** (خاڵە قازی، ؟، ل ١٧٥)

خەمی دابەشکردن و لەت لەتکردنی نیشتمان لە سەر نەخشەی هەموو جیهاندا و کارتێکردنی ئەو کارەساتە لەسەر دەروونی شاعیر وەکو هەموو شاعیرانی دیکە، لە شیعری سیاسی و نەتەوەییدا بە ئاکام گەیشتوون، شاعیر بەڵێن دەدات ئاڵای وڵاتەکەی بە جیهان بناسێنێت، ئەو ئازادی و سەربەستییەی شاعیر لە ئامێزی گرتووە، دەبێتە هەوێنی خۆشەویستی و عەشقی هەموو عاشقانی نیشتمان و نەتەوەکەی.

هەموو ئەو تاقیکردنەوە و ئەزموونانەی بەسەر کوردا هاتوون، شاعیران بە ئەرکی خۆیان زانیوە پەیامدارانە بخزێنە ناو کارەسات و داستانە دڵتەزێنەکانی گەلەکەیان، (ساماڵ ئەحمەدی) لە شیعری (شەهید)دا پەیامی بەردەوامی و درێژەدان بە خەباتی شەهیدان و گیان فیداییان دەدات:

**شەهید**

**ڕووبارێک خوێن**

**بۆ ئاودێری زامەکانت**

**پڕ گوڵدانێک گەڵای شیعر**

**کفنی بەرت**

**هیچی ترت بەر ناکەوێ**

**هاوڕێیانی دیش بەڕێوەن !** (ساماڵ ئەحمەدی، ٢٠١٣،ل ٣١)

(ئەرسەلان چەلەبی) لە شیعری (سروودی سەرما)دا بە وشەی پڕتاوی (ئاگر و گڕ و ئازادی) پەیامی مرۆڤانەی خۆی بە گەلەکەی و جیهان دەگەیەنێت، شاعیر بوێرانە و وشیارانە مامەڵە لەگەڵ وشەکاندا دەکات، لە ڕێگەی وشەی بەجۆش و پڕ تینەوە شەماڵە و بڵێسەی ئاگری شۆڕش و بەرخودان هەڵئەگرسێنێت:

**"مرۆڤ ئاگرە**

**لە پێناو ئازادیدا**

**گڕ دەگرێ"**

**ئەمە وتەی هەتاوە لە کاتی تاریکیدا.** (ئەرسەلان چەلەبی، ١٣٩١، ل١٥)

**٣-١-٣ شیعری بەرگری لە ڕۆژهەڵاتدا:**

ئایدیای نەتەوەیی ئەفراندنێکی گەورە و بنچینەیی لە ناوەرۆکی شیعری کوردیدا کردووە، چەشنە ئەدەبێکی نەتەوایەتی و شۆڕشگێڕی و بەرهەڵستکارانەی هێناوەتەکایەوە، شیعری نەتەوەیی و بەرگری واتای زیندوویەتی و ڕەسەنایەتی بە شیعرەکە و ئەدەبیاتی نەتەوەکە بەگشتی دەبەخشێت، شیعری بەرگری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕووبەرێکی فراوانی لە ئەدەب و (شیعر)ی کوردیدا پێبڕاوە[١]و شێواز و سەوداکردنی لەگەڵ چەرخ و ڕۆژگاردا لە گۆڕان و گەشەکردندایە و بەهەمان ناوەرۆک نوێبووەتەوە و بوونی خۆیان لە زەمینەی ئەدەبی نەتەوایەتی و بەرخودان و شۆڕشگێڕی و...هتد دا سەلماندووە. شیعری بەرگری نەتەوایەتی و سیاسی و نیشتمانی ژیلەمۆ و بروسکی شیعری زۆرێک لە شاعیرانی نوێی ڕۆژهەڵاتە، بەدەگمەن شاعیرێک بەدی دەکرێت خۆی نەخزاندبێتە نێو فەزای

---

[١]-شیعری بەرگری بە هۆی فراوانی و فرەواتایی، کە ناوەرۆکی شیعری (نیشتمانی و نەتەوایەتی و ئایدۆلۆژی...هتد) دەگرێتەوە، بەوێنە دەکرێت ناوەرۆکی شیعرێک بەرگریکردن لە نەتەوە یان ئایدۆلۆژیایەک بێت، بۆیە بە زۆری ناوەرۆکی زاڵی شیعری لە شیعری هاوچەرخ و نوێی ڕۆژهەڵاتدا ناوەرۆکێکی بەرگرییە.

نەتەوەپەرەستی و بەرخودان و بەرگریکردنەوە[١]، ((شیعری شۆڕشگێڕی یان بەرخودان یان بەرگری، هەوڵی ئەوە دەدات کە بڵێت چۆن دەتوانێت لەسەر بنەمایەکی جیهانی دەقی و پەیڤی ناسنامەیەکی نەتەوەیی بۆ گەلی ژێردەستە دروست بکات)) (عەبدولخالق یەعقوبی، ٢٠١٦، ل٨٧). شیعری بەرگری هەوڵی پاراستن و پارێزگاریکردن و مانەوەی نەتەوە دەدات، گەل لە ژێردەستەیی و ستەم بێداردەکاتەوە، ناسنامەی نەتەوەکەی دەکاتە گوتار و ناوەرۆکی زاڵی شیعریی.

ئەدەبی بەرگری چەمکێکی نوێیە بۆ یەکەم جار لەلایەن نووسەر و شۆڕشگێڕی هاوچەرخی فەڵەستینی (غسان کنفانی) (١٩٧٢) ناوی کۆمەڵێک لە شاعیران بە شیعری (مقاومە) (بەرگری) ناوزەدکرد، ئەدەبی بەرگری وەکو ژانرێکی ئەدەبی نازناوی جیهانی وەرگرت، دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە ساڵی (١٩٤٦) کاریگەری زۆری هەبوو لە سەرهەڵدانی شیعری بەرگری و بەتەواویی قاڵبی گرت (بڕوانە: عەلی لەیلاخ، ٢٠١٥، ل١١). دواتریش پەلی بۆ ناوچەکانی دیکەی هاویشت، شیعری بەرگری تێڕوانێکی جیهانی و ڕونگەی خەڵکی خۆیەتی، شاعیرانی دەوری کۆمار و هەشتاکان (هەژار، هێمن، مارف ئاغایی، شەریف، مەلەکشا...) بە باوکی شیعری بەرگری دادەنرێن، بەهۆی کاریگەری شیعری بەرگری، کە هەڵقولاو و وێناکردنی کەتواری ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕۆژهەڵاتە، بووە بە ماک و نمادی شیعری ڕۆژهەڵات تا هەنووکەش بەرەوامە.

(جەعفەری شێخولیسلامی "ئاشتی") لە شیعری (هەتاو ناکوژرێ)دا وێنای ستەم و چەوسانەوە و ژێردەستەیی گەلەکەی لەلایەن دوژمنانەوە پیشان دەدات، لە کۆتایی شیعرەکەشدا ئومێد و بەرخودان و بەرگری گەلی کوردی ڕۆژهەڵات بە هەتاوێک دەچوێنێت، کە هەرگیز ئاوانابێت، (چیا)ش ڕەمزی خەباتی شاخە، کە هەمیشە چیاکانی کوردستان لانکەی شوڕش و ڕاپەرینەکان بوون:

**هەرچی توانی**

**کردی دوژمن...**

**هەرچی توانی**

**بردی دوژمن...**

---

[١]–لە بەرهەمی ئەو شاعیرانەی، کە لە توێژینەوەکەماندا بەدەست هاتوون، شاعیرێک بەدی ناکەیت، کە شیعری نەتەوایەتی یان سیاسی یان نیشتمانی یان بەرگری بەهەموو ماناکانەوە نەبوبێ. (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە شیعری ئەو شاعیرانە، کە لەسەرچاوەکاندا ئاماژەمان پێکردووە) نەک ئەوەندەش، بەڵکو زۆرینەی شاعیرەکان وەکو سوژەی سەرەکی و هەوێنی شیعری خۆیان پەنایان بۆ بردووە، لای هەندێکیان فاکتەر و سەرچاوەی ئیلهامی شیعرییە.

**بەڵام**
**هەرچەند کە هەوڵی دا**
**چی بۆ نەکرا**
**لەگەڵ تیشکی**
**ئەو هەتاوەی لە ڕۆژهەڵات دەرکەوتبوو،**
**ماوەیەک بوو**
**لوتکەی چیای ئەنگاوتبوو.** (جەعفەری شێخولیسلامی "ئاشتی"، ١٩٩١، ل ٥٨)

(خاڵە قازی) لە شیعری (هەستن)دا شارەزایانە مامەڵەی لەگەڵ وشەکاندا کردووە، دەسپێکی شیعرەکە بە کارێکی فرمانی (داخوازی) دەستی پێ کردووە، کە ئاماژە بە جووڵان و بزاوتن دەدات، لەگەڵ بەکارهێنانی ئامرازی بانگردنی (ئەی)، بانگی خاباتکەرانی نیشتمانەکەی، کە بە (شێر)ی چوواندوون بە هەردوو ڕەگەزەکە (نێر و مێ)وە دەکات:

**هەستن ئەی شێرانی مەیدانی خەبات**
**هەستن ئەی ڕێبوارەکانی ڕێی نەجات**
**هەستن ئەی کیژ و کوڕانی قارەمان**
**هەستن ئەی ئاڵا بەدەستانی وڵات**
**تا بەخوێن پەیمان بدەین هەر گشتمان**
**گیان فیداین و گیان فیدا بۆ نیشتمان** (خاڵە قازی، ٢٠١٣، ل ٢٠٦)

(ئەحمەد قادری) لە شیعری (کوردستانی خوێناوی)دا دەڵێت:

**ڕاپەڕن، ئەم سەردەمە کوردینە هەستانی دەوێ**
**بارمتەی دوژمن تەزێن و شەرت و پەیمانی دەوێ**
**ڕووکەنە مەیدان بەگشتی سەردەمی ڕزگاری یە**
**ڕۆژی هەڵمەت بردنە، لاوی بەئیمانی دەوێ**
**کوت و زنجیر و کەلەپچە و کۆیلەیی باوی نەما**
**لاوی ئازا، مستی ئاسن، سنگی قەڵغانی دەوێ** (ئەحمەد قادری، ١٣٦٨، ل٤٤)

(گوڵباخ بهرامی) لەکۆپلە شیعرێکدا دەڵێت:

**دەمێکە چاوەڕێی پارچە چوار لەت کراوەکانی**
**چوار دڵم لە بەژنێکا**
**غەریبیت ماڵی کاوڵی تەنیاییمە و**

**من بێ تۆ**

**نازانم سەر بە چ ڕەگەزێکم، نیشتمان !** (لیژنەی ڕۆشنبیری...، ٢٠١٣، ل٢٧٤)

(شەریف فەلاح) لە شیعری (نەورۆزی ڕاسان)دا دەیەوێت نەورۆز بکات بە سونبولی ڕاسان و هەستانەوە و ڕاپەڕین و خەبات و شۆڕشی بەردەوام و نەوەستان تا سەرکەوتن، کە ئەمەش پەیامی ڕاستەوخۆی شاعیرە بۆ دوژمنانی گەل و نیشتمانەکەی:

**دێتە گوێم دەنگێ بەهاری لەم چیا و کوێستانەوە**

**پڕ پەیامی ژینی کوردە لەم دەمی ڕاسانەوە**

**زایەڵەی دەنگی خەباتە و شۆڕشی ڕزگارییە**

**چۆکی دوژمن وا چەمیوە لەم هەیبەتی شاخانەوە** (شەریف فەلاح، ٢٠١٦،ل ؟)

هەروەها لە کۆپلە شیعرێکی دیکەدا بە دەرونێکی گڕگرتووی جۆشدار و هەستی ناسیۆنالیزمی کوردایەتییەوە بە گڕوتین و دەنگێکی شۆرشگێرییەوە هەست و نەستی دەروونی خۆی بۆ گەلەکەی بەیان دەکات، سوێند بە پیرۆزییەکانی نیشتمان و وڵاتەکەی دەخوات، کە هەمیشە بەردەوام بن لە خەبات و ڕێگای ڕزگاری، تا دەگەن بە هەموو مافەڕەواکانیان:

**سوێند بە خوێنی سەربرینت،**

**سوێند بە ڕێگا و وتەکانی پڕ لە تینت،**

**سوێند بە ئاگری سووری خەبات،**

**سوێند بە خاک و ئاڵا و وڵات،**

**قەت لە خەبات هەدا نادەین،**

**ڕێگا و ناوت قەت ون ناکەین،....** (شەریف فەلاح، ٢٠١٦،ل ؟)

**٣-١-٤ جەڤەنگ لە شیعری ڕۆژهەڵاتدا:**

زاراوەی جەڤەنگ (ڕەمز) نامۆ نییە بە ئەدەبیات و شیعر بەتایبەتی، وەکو هونەرێکی شیعری ڕۆڵی هەبووە لە جوانکاری و بەدەستەوەنەدانی واتای ڕاستەوخۆ و کورتکردنەوە و هەندێ لایەنی شیعرییەتی تێکستەکە، بۆیە شاعیران زۆرجار بۆ بەرزکردنەوەی بەهای شیعرییەتی دەق پەنا بۆ ئەم هونەرە دەبەن. شاعیرانی کلاسیک بە هۆکارە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان پەنایان بردۆتە بەر بەکارهێنانی جەڤەنگ، لە شیعری نوێشدا ڕۆڵ و کاریگەری و بەکارهێنانی جەڤەنگ گەر زیاتر نەبوبێ کەمتر نییە، بەڵام ئاراستە و بەرگێکی دیکەی پۆشیوە بەتایبەت لە (شیعری بەرگری)دا. شیعری نوێ و شیعری بەرگریش، بەهۆی

فشاری زۆری دەسەڵاتدارە یەک لە دواییەکەکانی حکومەتە داپڵۆسێنەرەکانی ئێران و دان نەنان بە مافە نەتەوایەتییەکان و نەبوونی ئازادی دەربڕین لە نووسین و زمان و بابەتە سیاسی و ئایدۆلۆژییەکان (مەزهەبی)، لە فەزایەکی ڕەمز ئامێزدا لەدایکبوون، شاعیران بۆ دەربرینی پەیامی شاعیرانەیان پەنا بۆ شیعری ڕەمزئاسا دەبەن. بە شێوەیەکی گشتی جەڤەنگ بریتییە ((لە دیاریکردنی بابەتێک بە ڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆ، شاعیر بیرەکەی بەهۆی چەندین ڕەمز یان ئاماژەیەکی زۆر لە ڕەمز دەخاتەڕوو، ئەمەش یارمەتی شاعیر دەدات، کە ئامانجەکان لە ماوەی ڕەمز و بەکارهێنانەکانی بهێنێتەدی، کە لە پەنای خۆیدا کۆمەڵێک مانای حەشارداوە و دەیان وروژێنێ، بەوێنە کورتکردنەوە، ئیجا بەخشین، کاریگەری خێرا، بەڵگە بەمەبەستی پتەوکردن، ئێستاتیکا، پەیامی دیاریکراو، چڕکردنەوە و ناڕاستەوخۆیی لە دەربڕیندا، پیشاندانی سیمایەک مەبەست لەو سیمایە نەبێ، لێڵی و تەم و مژی، گونجاندنی دژە واتاکان... هتد)) (بڕوانە: پەخشان سابیر حەمەد،٢٠١٢،ل١٨-١٩).

(عەلی لەیلاخ) لە کورتە شیعرێکدا (با)ی وەکو ڕەمزێک بەکارهێناوە، خۆی و هەر تاکێکی ڕۆژهەڵاتی بە (با) دەچوێنێت، کە هەردوو وەکو یەک بێ نیشتمانن (مەبەست شاعیرانی تاراوگە و لە نەبوونی نیشتمانێکی سەربەخۆیە)، شاعیر دەیەوێ بڵێ وەک چۆن (با) نیشتمانی نییە هەرجارە و لە شوێنێکە و ڕاناوەستێت و هەمیشە ئاوارەیە، پێویستی بە نیشتمانێک نییە، کە خۆی تێدا نەبێت، شاعیر بە گەمەکردن بە وشەکان و لە قاڵبێکی فەلسەفە ئامێز و قووڵدا پەیامی هەرمان و پەیوەستی نیشتمان باس دەکات، ئەو نیشتمانەی کە خۆی تیایدا نەژێت بە پوشێک نایەوێ، شاعیر بە ناچاری دور لە نیشتمانەکەی دەژیت:

**با...**

**گەمژە نییە، کە بێ نیشتمانە !**

**نیشتمانی بەتاڵ لە خۆی، بە پوشێک ناوێ** (عەلی لەیلاخ، ٢٠١٦، ؟)

(عەلی گوڵی) لە کۆپلە شیعرێکدا وەکو زۆرێک لە شاعیرانی کورد (هەڵۆ) وەکو نمادی ئازایەتی و قارەمانێتی چەکداران و پێشمەرگە و خەباتکارانی نەتەوەکەی لە شیعرەکانیاندا بەکارهێناوە، شاعیر باس لە زوڵم ستەمی دەسەڵاتدارانی ئێران دەکات، کە تەنانەت لە خەونیشدا ئازادییان پێڕەوا نابینن:

**هەڵۆییەک!**

**لەسەر دوندێک**

**خەونی بە مانگ و ئەستێرە و**

**بە ئاسمانەوە دەبینی**

**که ڕاچەنی**

**تەڵەداو بوو**

**هەر چوار دەوری** (عەلی گوڵی، ١٣٨٤، ل٣٠)

(ڕەسووڵ سۆفی سوڵتانی"ڕامان") لە شیعری (کۆترەکانی وڵاتی من)دا دەڵێت:

**کۆترەکانی وڵاتی من**

**ڕانەهاتوون**

**لە پەلکی گوڵە سیمانییەکان دا**

**ئاو بخۆنەوە**

لەدوا کۆپلەشدا شاعیر بە بیرێکی قووڵ و ڕەمزئاسا و مانا و مەبەستەکانی لەودیو وشەکانەوە حەشارداوە، خەباتگێڕان و قارەمانانی وڵاتەکەی بە کۆتر چواندووە، هەموو هێز و توانای خۆی لە بەخشینی مانایەکی بەهێز و کاریگەر لای بەردەنگ لەدوا نیوە دێڕی کۆتاییدا دەردەبڕێت، مەبەستی شاعیر بەردەوامی خەبات و بەرخودانە:

**کۆترەکانی وڵاتی من**

**هەر هیچ نەبێ**

**دەنووک لە زامی یەکتردا تەڕ دەکەن** (ڕەسووڵ سۆفی سوڵتانی"ڕامان"، ١٣٨٠،ل٣٩)

**٣-٢ تەوەری دووەم: کێشەی ناسنامە و زمانی نەتەوایەتی**

**٣-٢-١ چەمک و زاراوەی ناسنامە:**

ناسنامە وەکو چەمکێکی گرێدراوی زمان و نەتەوەی کورد بەهۆی نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ و چاوتێبڕینی داگیرکەرانی و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کورد هەمیشە کەوتۆتە بەر هەڕەشەی سڕینەوە و قەیرانی ناسنامە لەنێو نەتەوەکانی جیهاندا.

چەمکی ناسنامە (identity) لە زمانی کوردیدا بە چەند زاراوەیەک لە نووسین و ئاخاوتندا گوزارشتی لێدەکرێت. لەوانەش: (ناسنامە، ناسە، پێناس، هەویەت، شناسنامە، پێناسە، شوناس) بەکاردێن، بە بڕوای (هاشم ئەحمەد زادە) لە چەندین فەرهەنگی کوردیدا، هیچ کام لەو زاراوانە واتاکەی هاوواتا نییە لەگەڵ واتای (identity) زاراوە ئینگلیزییەکەدا، لەگەڵ ئەوەشدا (ئەحمەد زادە) زاراوەی (ناسنامە) بە باشتر دەزانێ و لەو نێوەندەدا ئەوەیان هەڵدەبژێرێت (بڕوانە: هاشم ئەحمەد زادە، ٢٠١٢،ل١٥-١٨).

پرسی ناسنامە و پێوەندی و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبیاتدا پرسێکی کارا و پێویستە، بەتایبەت بۆ گەلانی ژێردەستە، ناسنامەی نەتەوەیەک پێوەندیدارە بە هەموو ڕەهەندەکانی

(زمان و نەتەوە و کولتوور و خاک و کەلەپوور و دابونەریت)ەوە ((خودی ناسنامە پرۆسەیەکە لەناو کۆمەڵێ پرۆسەی تر ئەو کار لەوان دەکات و ئەوانیش کاریتێدەکەن)) (کارزان موحسین قادر، ٢٠١٣، ل١٨-١٩).

ناسنامە پرسێکی خودی و گشتیشە، هەر تاکێک یان هەر گروپ و کۆمەڵ و نەتەوەیەک خاوەنی ناسنامەیەکی تایبەت بەخۆیەتی واتا ناسنامە لە هەناوی جیاوازییەکانی خود لەگەڵ ئەوی تردا دێتە بوون، ((هیچ ناسنامەیەک بە شێوەیەکی سەربەخۆ هەبوونی نییە و ئەوە تەنها هەبوونی جیاوازی لە نێوان"خود" و "ئەوی تر"دایە کە ناسنامە دێتە ئاراوە... وەک "هال" بە دروستی دەڵێت: ناسنامە لە هەناوی جیاوازیدا سازدەکرێ نەک لە دەرەوەی جیاوازیدا)) (هاشم ئەحمەد زادە، ٢٠١٢، ل٢٤٧).

کورد وەکو گەلێکی ژێردەستە و خاوەن خاک و نیشتمان و شوناسێکی داگیرکراو هەمیشە کەوتۆتە بەر مەترسی و قەیرانی سڕینەوە و لەناوچوون، تاکی کورد خاوەن هەست و دیدگایەکی ترۆمایە، چەندین سەدە بە درێژایی مێژوو تووشی کارەسات و چەوسانەوە و داگیرکاری و ڕەشەکوژی هاتووە، بۆیە ناسنامە لای تاکی کورد وەکو پرسێکی گرنگ لەو کاتەوەی، کە هەست بە پرسیارگەلی من کێم؟ لە چ نەتەوەیەکم ؟ هەروەها گەڕان بە دوای بەرسیڤی ئەو پرسیارانە کە (کوردبوون)ە دەبێتە شوناس و ناسنامەیەک، کە بە درێژایی مێژوو تاکی کورد هەوڵی پاراستن و مانەوەی داوە. شاعیرانیش وەکو تاکێکی کۆمەڵ لە ڕێگەی شیعرەوە هەوڵی پاراستنی ناسنامەی خۆیان و نەتەوەکەیان دەدەن، چونکە ((بایەخدان بە شیعر، بایەخدانە بە گیانی نەتەوەیی، ڕووح بەخشینە بە ناسەی هاوبەش لەنێو تاکەکانی کۆمەڵ)) (ڕەوف مەحمود پوور،٢٠١١،ل٢٨) ناسنامەی کۆمەڵ و نەتەوە لە پێکهاتەی ناسنامەی تاکەوە دروست دەبێت، هەروەها ناسنامەی تاک لێکدراوی ناسنامەی گەل و نەتەوەکەیەتی.

شاعیرانی کورد لە ئاکامی هەستکردن بە شوناس و ناسنامەی نەتەوەیی، وەکو کوردێک یەکەمین هەنگاو لە ڕێگەی زمانەوە هەوڵیان بۆ پارێزگاریکردن لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان داوە. گەر بەوێنە کۆنترین دەقی نووسراوی کوردی وەربگرین، کە دەقی شیعری (هۆرمۆزگان)ە، باس لە چۆنییەتی ڕووخان و وێرانکاری و دیمەنی پاشماوەی شەڕی ئەو سەردەمەمان بۆ دەکات، هەروەها شاعیرێکی وەکو (خانای قوبادی) کە دەڵێ: ((ڕاستە مەواچان فارسی شەکەرەن-کوردی جە فارسی بەڵ شیرینتەرەن)) (بڕوانە: ڕەوف مەحمود پوور، ٢٠١١، ل٣٩-٤٤). واتا ڕاستە دەڵێن زمانی فارسی شیرینە، بەڵام زمانی کوردی شیرینترە. زمانی کوردی کە زمانی نەتەوەیی کوردە، هەروەها ((لەو سەردەمەدا کە جەزیری

سەر هەڵدەدا بۆ یەکەم جار شوناسی زمانی دادەمەزرێنێ. خودی قسەکردن لە شیعری کوردی دۆزینەوەی ئەو شوناسەیە... "درێیدا" پێی وایە زمانی نووسین سەلماندنی ئەوەیە کە تۆ ڕێزمانت هەیە، بوونی ڕێزمان واتا بوونی نەتەوەی جیاواز، بە گوتەی "فرانتس فانوون" پەیڤین بە واتای گەیاندنی بوونە بە دیتران)) (کاوەیس سوورە، ٢٠١٢، ل٢٣).

پرسی ناسنامە وەکو دیاردەیەک بوو بە هەوێنی شیعری زۆرێک لە شاعیرانی هاوچەرخ و نوێی ڕۆژهەڵات، شاعیرانی ڕۆژهەڵات وەکو هەریەک لە بەشە پارچەپارچەکراوەکانی دیکەی کوردستان هەمیشە لە خەمی سڕینەوەی شوناسی کوردا بوون، لە ڕێگەی زمانی کوردی و پەیامی شیعرییەوە دووبارە گیان بە نەتەوە و هەستی نەتەوایەتی بە ناسنامەی کورد دەبەخشن.

چەوساندنەوە و جینۆسایدکردنی نەتەوەیی وەک: (ئەنفال و کیمیابارانکردن و ڕاوەدونان و ئاوارەیی...) بوون بە ناسنامەی نەتەوەیی گەلی کورد و مۆرکێکی نەتەوەیی و جیهانی پێبەخشیوە، شاعیرانی ڕۆژهەڵات هونەروەریانە لە ڕێگەی پەیامی شیعرییەوە دەنگی خۆیان هەڵبڕیوە، (سووزەنی) (هەڵەبجە و هیرۆشیما) وەکو ناسنامەیەکی دوو گەلی چەوساوەی هاوشێوە بە جیهان دەناسێنێت:

**ئەوان گڕی کیمیایی..**

**ئێمە بەهەمان قالۆرە چەکی...**

**هیوا !!**

**جۆگڕەکەی « قەڵاتان » م تا....**

**........... ئاگری « هەڵبشیما » و**

**سی و سێ گوللە............** (ساڵح سووزەنی، ١٩٩٥،ل٩)

(سەیوان سەعیدیان) لە کۆمەڵە شیعری (چوار چرپە و چەند هەزار زام ؟) لە چرپەی چوارەمدا، باس لە ئەنفالی سەد و هەشتا و دوو هەزار کورد بە دەستی بیابانییەکی نەزان و دواکەوتوو دەکات، (ئەنفال) ناسنامەی نەتەوەیەکی چەوساوە و ژێردەستەیە، هەروەها شاعیر ناڕاستەوخۆ ناسنامەی ئەنفالچییەکان بە پەیڤەکانی (بیابان، شمشێر، دارەخورما)، کە ئاماژەن بە کولتوور و ناسنامەی نەتەوەی عەرەب دەستنیشان دەکات:

**بیابان**

**خوێندنەوەی نەزانی زمانی شمشێر**

**بە دەمی بۆگەنی**

**دوێنی**

**درۆی لاشەی**

**ئەرێ سەد هەشتا و چەند هەزار کەس بوون ؟**

**بۆ چەند دارەخورمای چڵکنی دەگێڕاوە**

**ئەنفالت باش**

**ئایەی پیرۆز.** (سەیوان سەعیدیان، ٢٠١٢، ل٣١)

(فەرەیدوون ئەرشەدی) لە نامە شیعرییەکدا، چیرۆکی پاشماوەیەکی ئەنفالمان پیشان دەدات:

**نامەی حەوتەم**

**ئاگام لێت بوو، لەو بەربەیانە تاریک و ڕوونەدا**

**کۆرپەی بایەکی ڕەشتاڵەت لە باوەش گرتبوو، پێت دەوت:**

**کە ڕۆیشتیەوە بە ئاستەم لە پەنجەرەی ماڵی ((پەریا)) بدە و پێی بڵێ:**

**یەسنا هەندێ دۆستی تازەی هەیە، نارنجۆک و مین یاری دەکەن.**

**بڵێ دۆستە تازەکانی یەسنا**

**هەتیوکەوتووی شتێکن پێی دەڵێن ئەنفال و**

**یەسنا ماناکەی نازانێ.** (فەرەیدوون ئەرشەدی، ٢٠١٥، ل٥٤)

(جەعفەر شێخولیسلامی) لە شیعری (تاسە)دا بە تاسەوەیە ناسنامەی خۆی بدۆزێتەوە، واتا شاعیر بە دوای ناسنامەی خۆیدا دەگەڕێت، دەیەوێ بتوێتەوە لەنێو خۆشەویستانیدا (نیشتمان و خاک و کەسە خۆشەویستەکانی)، بۆ ئەوەی خۆی بدۆزێتەوە:

**بە تاسەوەم بتوێمەوە**

**لەنێو هەموو ئەوانەدا**

**خۆشم دەوێن**

**بۆیان دەژیم،**

**بەڵکو ئاوا**

**خۆم تێبگەم**

**من کێم و چیم ؟** (جەعفەری شێخولیسلامی "ئاشتی"، ١٩٩١، ل٨٤-٨٥)

### ٣-٢-٢ پێوەندی ناسنامە و زمانی نەتەوایەتی:

پێوەندی زمان بە ناسنامەوە ئەوەیە، کە زمان دەبێتە ناسنامەی مرۆڤ، واتا دەکرێ لە ڕێگەی زمانەوە کەسایەتی و شوناس و دەروون و هزر و ئایدیای کەسەکان دەربکەوێت، هەروەکو (سارتەر) دەڵێت: ((مرۆڤ خۆی زمانە، مرۆڤ ئەوەیە کە دەیڵێت)) (بەهمەن تاهیر نەریمان، ٢٠١٣، ل٧). زۆرجار نەتەوەیەک یان میللەتێک لە ڕێی زمانەکەیەوە دەناسرێتەوە، ((زمان هەویەی کۆمەڵایەتی قسەکەر دیاریدەکات، هەر بەهۆی زمانەوە دەتوانین بڕیار بدەین قسەکەر خەڵکی کوێیە، لە چ بارێکی دەروونیدا دەژی؟ هەستی بەرامبەر بابەتی قسەکەر و گوێگر چییە؟ سەر بە چ چینێکە و ڕادەی خوێندەواری چەندە؟)) (بەهار زایر محەمەد، ٢٠٠٩، ل ٩). زمان هێمای بوونی نەتەوەیە، هەڵگری هەموو نمادی کولتووری و ناسەی هاوبەشی نەتەوەیە ((زمان هەوێنی نائامادەی زەینی تاکی مێژووییە و لە بەکارهێنانی دەتوانرێ ڕەهەندەکانی داهاتوو و هەروەها ئاست و پێگەی چییەتی کولتووری پەیوەست بە شوناسی نەتەوەیەکی پێ بدۆزێتەوە یان دیاریبکرێت)) (ئیسماعیل ئیسماعیل زادە[١]، ٢٠١٥، ل٢٢٢).

ناسنامەش لە سەدەی نوێدا وەکو پرسێکی گرنگ خۆی خزاندۆتە نێو کایە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئەدەبی و هزرییەکانەوە، پێوەندی ناسنامە بە زمانەوە بەتایبەت لە مەسەلەی پرسی نەتەوایەتیدا پێوەندییەکی جێگرتووی یەکانگیرە ((زۆربەی فەیلەسوفەکانی سەدەی نۆزدەهەم و بیستەم زمانیان وەک کۆڵەکەی ناسنامەی نەتەوەیی دادەنا، بۆ نموونە "هانس کۆهن" پێی وابوو زمان نە تەنیا هۆکاری پێناسەیەکی نەتەوەییە بگرە هێندێک جار سازکردنەوە و زیندووکردنەوەی زمانێک دەتوانێت ببێتە فاکتۆری ڕەوایی بەخشین بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی کە لە ئارادایە)) (هاشم ئەحمەد زادە، ٢٠١٢، ل٢٥٠). (ئازاد عەزیز) لە پێوەندی نێوان ناسنامە و زمانی نەتەوەییدا، زمانی نەتەوایەتی و سێ ئەرکی زمان پێکەوە گرێ دەدات و دەڵێت: ((زمانی نەتەوە یان زمانی نەتەوەیی بەوە دەناسرێت، ئەو زمانەیە کە لە سنوری وڵاتێکدا بەکاردێت بۆ ئەنجامدانی سێ ئەرکە گەورەکەی زمان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، وەکو:

١-بەڕێوەبردنی کاروباری کارگێڕی نەتەوەیی و تەندروستی و کۆمەڵایەتی.

٢- گەشەپێکردنی ڕۆشنبیری هاوبەش، کە خەڵکی کۆدەکاتەوە.

٣- پتەوکردنی گیانی نیشتمانی و نەتەوەیی و هەستی هاوڵاتییەتی بۆ گرێدانی خەڵک بە یەکترەوە)) (ئازاد عەزیز سلێمان، ٢٠١٤، ل٥).

---

[١]-نووسەر هەمان بابەتی لە گۆڤارێکی دیکەدا بڵاوکردۆتەوە، بڕوانە: (ئیسماعیل ئیسماعیل زادە: ٢٠١٤، ل ١٤٧-١٥٥).

یەکێ لە بنەما گرنگەکانی ناسنامەی نەتەوەیی هەر گەلێک زمانەکەیەتی، نەتەوە بەبێ بوونی زمان وەکو گیانێکی بێ ڕۆحە و بەپێچەوانەشەوە، لەم بارەشەوە "هیگڵ" دەڵێت: ((ڕوحی نەتەوە زمانە، زمان ڕۆحی نەتەوە ڕادەگرێ و ڕۆحی نەتەوەش بریتییە لە مێژووی نەتەوە))، هەروەها "کی زربۆ" زمان بە ناوکی منداڵ لە سکی دایکدا چواندوە، کە پەیوەندییەکی نەپچڕاوە دەڵێت: ((ئێمە ناتوانین لە زمانی خۆ چاوپۆشی بکەین، ئەم کارە نەلواوە، ناتوانین بە دەستی خۆمان ئەو ناوکەی، کە ئێمەی بە بنەچەمانەوە ئەبەستێتەوە ببڕین)) (بڕوانە: ڕەوف مەحمود پور، ٢٠١١، ل٣٦).

چەمکەکانی زمان و نەتەوە و ناسنامە تەواوکەر و لێکدراوی یەکترن ((زمان لە ڕوانگەی نەتەوەییەوە، وەک ئامرازێکی گرنگی بنیاتنانی نەتەوە و دەوڵەت سەیردەکرێت، هەروەها نەتەوەش لە ڕێی زمانەوە دەتوانێ پێناسە و ناسنامەی نەتەوەیی دیاری بکات، واتە زمان ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی ئاستی هۆشیاری و کەسێتی و شارستانییەتی نەتەوەییە، بوون و مانی نەتەوە بەندە بە زمانەکەیەوە)) (ئازاد عەزیز سلێمان، ٢٠١٤، ل٦).

زمانی دەربڕین هەست و هزری تاک و کۆمەڵە، زمان شناسی نەتەوەیە، ئاخاوتن کە کرداری زمانە لای هەندێ لە زانایان بووە بە هاوواتای نەتەوە لە جیاتی نەتەوە (کۆمەڵگەی ئاخاوتن بەکاردەبرێ) (لیۆنارد بلۆم فیڵد) یەکەم کەسە، کە پێناسەی کۆمەڵی ئاخاوتنی کردووە دەڵێت: ((کۆمەڵی ئاخاوتن کۆمەڵە خەڵکانێکن، کە لە ڕێگەی هۆزەکانی ئاخاوتن تێکەڵاوی یەک بوونە)) (بڕوانە: عەلی جوکل، -http://www.hevgirtiu.net\seminar\20 2008-10)، واتا زمان هۆیەکە لە هۆیەکانی پێکهاتنی نەتەوە.

**٣-٢-٣ کێشەی ناسنامە و زمانی نەتەوایەتی لە شیعری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا:**

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کورد وەک بەشێک لە نەتەوەکانی ئێرانی و زمانی کوردیش وەک زارێکی زمانی فارسی دادەنرێت، سیاسەتی شۆڤینی حکومەتی ئێرانی باش لەوە گەیشتوون، کە زمان دەبێتە هۆی یەکگرتن و یەک دەنگی و یەک نەتەوەیی، بۆیە سەرەتا لە ڕێی زمانەوە هەوڵی کۆیلەکردن و دەستەمۆبوون و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کوردی داوە، بە قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە هەموو دامودەزگاکانی بەڕێوەبردن و کارگێڕیدا، (ئیسماعیل بێشکجی) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((پێشگرتن لە زمان و کولتوور...سەرکەوتووترین شێوەی کۆیلەکردنی نەتەوەیە)) (ئیسماعیل ئیسماعیلزادە، ٢٠١٥، ل٢٢٥).

زمان بەشێکە لە کولتووری هەر نەتەوەیەک، بەهۆی زمانەوە کولتوور دەگوازرێتەوە لەنێو تاکەکانی کۆمەڵدا ((گواستنەوەی کولتوور لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر لە ڕێگای

زمانەوە دەبێت)) (بەهار زایر محەمەد، ٢٠٠٩، ل١٣)، کولتووری ڕەسەن دەبێتە بەشێک لە ناسنامەی نەتەوەیی ((ناسنامە و بوونی هەر گەلێک پابەندە بە بوونی زمان و کولتوور)) (گەشبیر ئەحمەد، ٢٠١٥،ل ٢٣٩).

کولتوور بە شێوەیەکی گشتی ((بە واتای شێوە ژیانی کۆمەڵی کەسە لەنێو کۆمەڵێکدا، وەک چۆنێتی جل پۆشین، ئادابی زەماوەند، شێوەکانی ئیش و کار و بەجێهێنانی فەریزەی ئاینی...)) (کاوەیس سوورە، ٢٠١٢، ل٢١). کولتووریش لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕانی سەردەمدا دەگۆڕێت و واتا و چەمکی نوێ لەخۆدەگرێت، کولتوور ((لای زانایەکی ئەنسرۆپۆلۆژی بەمانای هەموو بەرهەمی ماوەی داب و نەریت و ڕێوڕەسم و شێوازی ژیانی هەر گرۆیەکی کۆمەڵایەتی، زۆر پێشکەوتوو یان دواکەوتوو دەگەیەنێت...، بەڵام وشەی کولتوور لە مانا باوەکەیدا وابەستەیە بە پیادەکردنی پێشکەوتووانەی ژیارەوە، کە لە ڕێگەی زمانی نووسراوەوە گوزارشت لە خۆی دەکات، بابەتگەلێکی وەک: ئەدەب و شیعر و فەلسەفە و زانست و بەرهەمە هزرییەکان و خۆشگوزەرانی و پێوەندی کردن و پاراستنی تەندروستی دەگەیەنێت)) (بەهمەن تاهیر نەریمان، ٢٠١٣، ل١٠).

زمان و کولتوور ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە یەکخستن و یەکگرتنی چەندین نەتەوە، چ بە هۆکاری ئاینی چ نەتەوایەتی بێت، بەوێنە کولتووری ئیسلامی بووە هۆی باڵادەستبوونی کولتووری زمانی عەرەبی لە هەموو جیهانی عەرەبیدا و وڵاتە غەیرە عەرەبە ئیسلامییەکان وەکو تورک و فارس و کورد، لە پۆشینی جل و بەرگ و ڕەوشت و ئاکار و دابونەریت و... هتد. بۆیە زورجار بۆ لەناوبردنی نەتەوەیەک هەوڵی لەناوبردنی زمانەکەی دەدرێت، زمانی کوردیش بە هۆکاری ئاینی لە ڕێگەی کولتووری ئیسلامییەوە هەوڵی سرینەوەی دراوە و لەژێر سێبەری ئاینێکدا قەتیس کراوە، ((زمان بەشێکە لە کولتووری نەتەوەیی نەتەوە، زمانی کوردی پێش ئەوەی بێتە بەشێک لە کولتووری ئیسلامی، بەشێک بووە لە کولتوور و دینی کوردی، چونکە هەموو دینەکانی پێش ئیسلام دینی نەتەوەیی بوونە، بە واتای زمانی کوردیش ناسنامە و شوناسی کۆمەڵگەی کوردی و ڕەگەزی کوردی بووە)) (سەلام ناوخۆش، ٢٠١٢، ل١٤٤).

هەر نەتەوەیەک کۆمەڵێک دەستەواژەی تایبەت بە خۆی هەیە و بووە بە نەریتێکی باو لەناو کۆمەڵگەکەدا، شاعیرانی ڕۆژهەڵاتیش زۆرجار کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەو داب و نەریتانە، بۆ زیندووکردنەوە و پارێزگاری لێکردن، یان پیشاندانی کولتووری کوردی بە مەبەستی دەرخستنی کولتووری نەتەوەیی و تایبەتمەندی زمانی نەتەوایەتی. لەنێو شاعیرانی

ڕۆژهەڵاتدا ئەم دیاردەیە بە زۆری دەبینرێت، بەو هۆکارانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، شاعیران دەیانەوێت لە ڕێگای شیعر و زمانی شیعرییەوە پارێزگاری لە کولتوور و نەریتە باوەکانی نێو کۆمەڵگە بکەن، هەروەها تەوزیفکردن و ئاوردانەوە لە کولتوور و داب و نەریتە باوەکان، گەرانەوەی شاعیرە بۆ نێو خەڵک و نزیک بوونەوەیە لە زمانی ڕۆژانە و ئاسایی خەڵک، کە زۆرتر ئەو دەستەواژە و نەریتانە لەنێو چینی نەخوێندەواردا بەکاردێن، جگەلەوەی هەندێک لەو دەستەواژانە وەکو پەندێک لە باو باپیرانەوە ماوەتەوە و بووە بە بەشێک لە فۆلکلۆری کوردی، بەوێنە (نارین) لە شیعری (کۆتاییەکە ئەوەیە)دا، وێنای کولتوورێکی باوی کوردەواریمان پیشان دەدات، کە (ناشتنی پیاز و ڕواندنی لەنێو حەوشەدا شوومە) بەکارهێنانێکی تایبەت بە شێوازی بیرکردنەوەی خەڵکی سادەی لادێ نیشینە و لە باوباپیرانەوە ئەم دەستەواژەیە بەکاردەهێنرێت، شاعیر دەیەوێ لە ڕێگەی زمانی نەتەوەییەوە پارێزگاری لە مانەوە و گوێزانەوەی ئەم کولتوورە کوردەوارییە بۆ نەوەی نوێ بکات:

**کەس نازانێ !**

**ڕۆژ تیشکە دڵدارییەکانی بۆ ئەستێرەی ونبوو دەنێرێ**

**هێشتا پیاز لە حەوشەمان دەڕوێت**

**قاوە گرەوە دەڵێت: / ئەمە شوومییەکی ترە/ !**

**منداڵەکان بە میکانۆ دەمانچە دروست دەکەن و**

**دەیگرنە دەفتەرەکانیان...**

**کۆتاییەکە ئەوەیە** (نارین، ٢٠١٣، ل٧٨)

(عەلی محەمەد زادە) لە شیعرێکی بێ ناونیشاندا، بە شێوازێکی ڕەخنەئامێز باس لە کولتوورێکی باوی نێو کۆمەڵی کوردی دەکات، وەک دەوترێت (کورد مردوو پەرەستە)، هەرچەندە کولتوورێکی ناچیزەی نێو کۆمەڵە، شاعیر ئەم کولتوورە دەکاتە هەوێنی شیعرەکەی:

**(....)**

**هاتم بڵێم**

**مەڕۆ قوربان**

**بۆ کوێ دەڕۆی؟**

**گۆڕیچەی تەنگ**

**لووتکەی وەک تۆ ناگرێتە خۆی**

**بەڵام کاتێ**

**هاتە بیرم**

**گەل و هۆزم**

**هەمووی هەر مردوو پەرەستە،**

**لە دڵی خۆما**

**گوتم نەخێر**

**برۆ فەرموو ڕامەوەستە** (عەلی محەمەد زادە، ١٣٨٩، ل٣١)

لەدوای دابەشکردن و چوارپارچەکردنی کوردستان، لە هەر چوارپارچەکەیدا وتاری زاڵی شیعری بوو بە وتاری ناسیۆنالیزمی کوردی و زمانی کوردیش بوو بە سونبول و ناسنامەی نەتەوەیی بە هەموو زار و شێوەزارەکانەوە، هەموو لەیەک دروشمدا یەکدەگرنەوە و یەک ئامانجیان هەیە، ئەویش کوردبوون و کوردایەتییە. زمانی نەتەوایەتی کوردی فاکتەری زاڵی گوتاری شیعرییە (بەتایبەت شیعری نەتەوەیی و شۆڕشگێڕی) پرسی مانەوە یاخود لەناوچوون و نەمانی گەلێک پیشان دەدات، واتە ناسنامە پێوەندییەکی بەتینی بە نەتەوە و هەستی ناسیۆنالیستییەوە هەیە، هەروەها مانەوە و بەردەوامی و گەشەسەندنی هزری نەتەوایەتی پارێزگاریکردنە لە ناسنامەی نەتەوایەتی کورد ((کاکڵی مەبەستی ئەزموونی شیعری شۆڕشگێڕی دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەییە... واتە ئەوشتەی کە لەسەر عەرزی واقیع لە جیهانی سیاسیدا هەوڵی هەڕەشەکردن بۆ سڕینەوەی دەدرێ، لە جیهانی ئەدەبیات و شیعردا جێ بکرێتەوە)) (عەبدولخالق یەعقوبی،٢٠١١، ل٨٧). (ساماڵ) لە کۆپلە شیعرێکدا بە هەستێکی ناسیۆنالیزمی کوردییەوە ناسنامەی خۆیمان بۆ دیاری دەکات، ناسنامەی شاعیر دەبێتە ناسنامەی نەتەوەکەی:

**ئاسمانم چاوە و**

**جوانییە، مەودای ڕوانینم**

**جۆغرافیام سووتانە و**

**سنوورم گڕ**

**وڵات پشکۆ.** (محەمەد ئەحمەدی "ساماڵ"،١٣٨٠، ل ١٧)

(جەمال نەجاری) لە کۆپلە شیعرێکدا ناوی چەند شوێنێک (دیاربەکر، هەڵەبجە، مەهاباد، ناڵە شکێنە) دێنێت وەکو ناسنامەیەکی نەتەوەیی و هەریەکەیان لە بەرگێکی ڕەمز ئاسادا بە زمانێکی کوردی پاراو دەردەبڕێت، هەروەها ناوی کەسایەتی دەنگخۆش (حەسەن زیرەک)

لەگەڵ (ناڵە شكێنە)دا دێنێت، کە ئاماژەیە بە شاری (بۆکان) و زادگای (حەسەن زیرەک)، ئەمانەش بەشێک لە کولتوور و کەلەپوور و شوناسی نەتەوەیی کوردی پێکدێنن:

**ئازارێکی چەندین ساڵەم !!**
**لە ئاسمانی چاوی لێڵی (( دیاربەکر )) دا دەبارێم،**
**دەبمە فرمێسک.**
**لە گرمەی خەوی مناڵێکی (( هەڵبجە )) دا ڕادەچەنم**
**دەبمە هەنسک.**
**لە ناو گەرووی پڕ زوخاوی ((مەهاباد)) دا ڕادەپەڕم**
**دەبمە هاوار؛**
**لە سەر شاخی ((ناڵە شکێنە)) دادەنیشم و**
**دەبمە ((حەسەن ))**، (جەماڵ نەجاری،٢٠٠٥، ل٢٠).

(ک. د. ئازاد) لە شیعری (پێناسە)دا ڕاشکاوانە پێمان دەڵێت شاعیر و نووسەران ناسنامە و شناسی نەتەوەی کوردن:

**بۆ ناسینی پیاوی غەریب**
**پێناسەکەی چاو لێدەکەن،**
**نەک چاوانی!**
**بۆناسینی میللەتێکیش،**
**چاو دەگێڕن**
**بۆ شاعیر و**
**هونەرمەند و**
**نووسەرانی !** (محەمەد کەریم و سۆران حوسێنی، ٢٧٠٧، ل ٣٩)

(جەعفەر شێخولیسلامی) لە شیعری (من و شیعر)دا دەیەوێ لە ڕێی شیعرەوە ناسنامە و پێناسی خۆی بدۆزێتەوە، پەیامی شیعریی شاعیر بۆ بەناوبانگ بوون نییە، بەڵکو دەیەوێ تەنها جارێک شیعرێک ببێتە پێناسەی وخۆی تێدا بدۆزێتەوە ئامانجی شاعیر نووسینی شیعر نییە، بەڵکو دەیەوێ شیعرێک ئەو بنووسێت:

**شیعرم نووسی نەک بۆ ئەوە کە ناوبەدەرەوە بم،**
**بەڵکوو بۆ ئەوە کە ناوی خۆم لە بیر نەچێ.**

لە کۆپلەی دواتردا دەڵێت:

**شیعرم نووسی**

**نەک بۆ ئەوە کە شیعرەکان بنووسم،**

**بەڵکوو بەو هیوایە کە بۆ جارێک،**

**تەنیا جارێک**

**شیعرێک**

**من / بنووسێ.** (جەعفەر شێخولیسلامی، ٢٠١٣، ل٢١-٢٢)

(ساماڵ) لە شیعری (زمانی خاک)دا بە شێوەی دیالۆگێک لە نێوان خۆی و خاکدا، وەکو کاردانەوەیەک بەرامبەر بە قەیرانی زمان و شوناسی کوردی، پەیامی شاعیرانەی خۆی بە دوژمنانی نەتەوەکەی دەگەیەنێت، جاری مانەوە و زیندوویەتی زمانی کوردی دەدات:

**بە خاکم گوت: بە چ زمانێک دەدوێی ؟**

**جوابی داوە: بە زمانی ئەو کەسەی، کە تێمدا دەژی** (ساماڵ ئەحمەدی، ٢٠١٣، ل٣٤)

**٣-٣ تەوەری سێیەم: بزووتنەوەی فیمینیزم لە ڕۆژهەڵاتدا:**

**٣-٣-١ فیمینیزم چەمک و پێناسە و سەرهەڵدان:**

بزووتنەوەی فیمینیزم وەکو زاراوەیەک سەرەتا لە ڕۆژئاوادا لەنێو زانست و فەلسەفە و ئایدۆلۆژیا و زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا دەرکەوت، دواتر وەکو چەمکێکی زیندوو خزایە نێو ئەدەبیات و لەگەڵ بزاڤە ڕۆشنبیری و ئایدیالیستییەکاندا، چەندین جۆر و لقی لێ جیابوویەوە و بووبە دیاردەیەکی جیهانی. ((فیمینیزم چ وەک بزاڤێکی کۆمەڵایەتی، چ وەک کۆمەڵە بیر و هزرێک، کە شەرعییەت بەو بزاڤە دەبەخشێ، نموونەی کردەیەکی بەکۆمەڵە)) (حومەیرا موشیر زادە، ٢٠٠٥، ل١١).

زاراوەی فیمینیزم (Feminism) وەکو زۆرێک لە چەمکەکانی دیکە ((وشەیەکی لاتینییە لە وشەی فیمینیا (Feminia)ەوە هاتووە، کە بە واتای ئافرەتە، کەواتە (Female)یش هەر لەو وشەیەوە هاتووە، کە ماناکەی (مێ) دەکات و واتا لە بنەمادا دەکرێ وشەکە (Female) لە فیمینیزم (Femalesm) هاتبێت... سەرجەم واتاکان خربوونەوە لەدەوری مێ لەخۆدەگرن)) (کازیوە ساڵح، ٢٠٠٥، ل٢٢). وەکو بەکارهێنانی وشەکەش بۆ ((یەکەم جار لە ساڵی (١٨٧١) لە نووسراوێکی پزیشکیدا بۆ ڕاڤەی ڕاوەستان لە گەشەی ئەندامەکان و لێهاتووی سێکسی پیاوانێکی نەخۆشدا بەکارهێنرا)) (جیەن فریدمەن، ؟، ل٧). واتە یەکەم جار لە زانسنی پزیشکیدا بەکارهاتووە، لە پاشان وەکو بزووتنەوە و قوتابخانەیەکی نوێ لە

فەرەنسادا دەرکەوت و ((لە ساڵی ١٨٧٣ز دا هاتە ناو فەرهەنگی وشەی فەڕەنسییەوە، بە مانای ئەو قوتابخانە و مەکتەبەی، کە بۆ سەندنەوەی ماف و ئازادی ژنان خەبات دەکات)) (عەباس ساڵح عەبدوڵلا، ٢٠٠٩، ل٤٦)، بەڵام وەکو بزووتنەوە و شۆرشێکی فیمینیستی و چەمکێکی سیاسی ((سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی کۆتایی سەدەی هەژدە، زاراوەی خەباتی فیمینیستی یەکەمین جار لە ساڵی ١٨٩٠ دا لە ژمارە ١١ ی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بەناوی (Lafrondo) دەردەچوو لەلایەن (MargueriteDuranda) بەکاربراوە[١]، لە ئینگلستان و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشتر فیمینیزم مانای ژنانە، یان سیفەتی ژنانەی دەدا، هاوکات خەبات بۆ وەدەسهێنانی مافەکانی ژن بە مەنیزم ناوبرا، ڕێکخراوەکان، کە کاریان بۆ ئەو مەبەستەش دەکرد پێیان دەگوترا (بزووتنەوەی مافی ژنان)، جەختیان لە بەدەستهێنانی مافە مەدەنییەکان دەکرد)) (مهاباد قەرەداغی، ٢٠١٣، ل٩).

بزاڤی فیمینیزم لە ئێستادا و لە دونیای گلۆباڵیزەیشندا بزاڤێکی جیهانییە، هەڵگری واتا و ئامانج و هەرمانی شوناسی ژنێتی و کێشە و گرفتەکانی ژنانە لە سەرانسەری جیهاندا، ((لە هەموو شوێن و کاتێکدا بزووتنەوەی ژنان کاردانەوەی کێشەی ژنان بووە)) (سالار حمەعەلی مستەفا، ٢٠١١، ل٢٩) ئەم دیاردەیەش یەک دەنگی و یەک هەڵوێستی ژنان دووپاتدەکاتەوە لە هەر کوێیەکی جیهاندا بن و هەوڵی بەردەوامییان لە نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی و جێندەری و یەکسانی لە کایە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییەکاندا، هەروەها گەڕانەوەی پێگە و شوناس و ماهییەتی ژن بوون وەکو تاکێکی کۆمەڵ بۆ نێو کۆمەڵگە، چونکە ((فیمینیستەکان باوەڕیان وابوو، کە پێگەی نزمی ژنان نە سروشتییە و نە کۆنترۆڵکراوە، بەڵکو بەرهەمێکی کۆمەڵە)) (سۆزان ئالیس واتکینز، ٢٠١٠، ل١١٦).

فیمینیزم دەلاقەیەک بوو بۆ ڕوانین و دنیابینی و دۆزینەوەی ناسنامە و پێوەندییەکانی خود بەوی دیکەوە لە ڕوانگەی خەبات و چالاکی و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی ژنان. ((بزووتنەوەی فیمینیستی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی گۆڕانکارییە و ئامانجی لەناوبردنی هەموو ئەو شتە هەڵە و باوانەیە، کە لە کۆمەڵگەدا هەن و بە هۆیانەوە ژنی پەراوێز خستووە و لەم ڕێگەیەوە دەتوانێت ژن و بارەکەی بکاتە بارێکی کارا لە کۆمەڵگەدا)) (بزوتنەوەی فیمینیزم، ٢٠١٥،ل٩).لە ئەنجامی جیاوازییە کۆمەڵایەتی و چینایەتیانەی، کە کۆمەڵ و کولتوور بە پێگەی ژنیان بەخشیوە، جگە لە هەوڵدان و

[١]-لە هەمان کاتدا نووسەر لە دوو وتاری دیکەدا ئەو مێژووە بە سەرەتا و سەرهەڵدانی فیمینیزم، وەکو چەمکێکی سیاسی یان وەک تێڕوانینێکی سیاسی دادەنێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (مهاباد قەرەداغی، ٢٠١٠، ل٢٤) (مهاباد قەرەداغی ، ٢٠٠٣ ، ل١٧).

کارکردن بۆ نەهێشتنی جیاوازییە جێندەرییەکان، فیمینیست ((ئەڵتەرناتیڤی یەکسانی و هاوسەنگی نێوان نێر و مێ دەخاتەڕوو)) (مهاباد قەرەداغی، ٢٠١٠، ل٢٦).

چەمکی فیمینیزم لە سەدەی بیستەم و لە ڕۆژئاوادا زیاتر لە چەمکە باوەکانی تر بووە جێی مشتومڕ و گفتوگۆی نووسەران و لێکۆڵەران، زۆرێک لە نووسەران بیریاران لە دید و ڕوانینی خۆیانەوە پێناسەی تایبەتیان بۆ بزووتنەوەی فیمینیستی لە سەردەم و قۆناغە جیاوازەکاندا هەبووە و چەندین جۆر و لقی لێ بووەتەوە و ئایدیای جیاوازی لەخۆگرتووە ((فیمینیزم وەک ڕەوتە فیکرییەکە بناغەی بۆچوونەکانی لە زۆربەی زانستەکانی تر وەرگرتووە... زۆرجار وا پێویست دەکات لە ڕەوتەکانی فیمینیزمەوە بۆ پێناسەکردنی بزووتنەوەکە بگەڕێین)) (ئەڤین ئاسۆس حەمەعەبدوڵلا،٢٠١٣، ل٧)، بەڵام ئامانجی هەموویان ((ئەوەیە ئەم بۆچوونە بگۆڕێ، کە نزم و ژێردەستە لە ژن دەڕوانێ. جووڵانەوەی فیمینیزم بە دوای ئەوەدا دەگەڕێ، کە بوارێک بڕەخسێنێ بۆ ئەوەی ژنان پێناسەی خۆیان بکەن، بەها تایبەتییەکانی خۆیان فۆرمەڵە بکەن و لە مەیدانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستی ڕۆشنبیرییەکاندا دەنگی خۆیان بەگوێی کەسانی دیدا بگەیەنن)) (نوشین ساهندە،٢٠٠٦،ل١٧).

بەشێوەیەکی گشتی نووسەران سەرەتای بزووتنەوەکە بە سێ شەپۆل و قۆناغی جیاواز ناو دەبەن[١] لەوانەش: ((شەپۆلی یەکەم یان نەوەی یەکەم لە ساڵی (١٨٤٥-١٩٤٥) بەردەوام بووە، شەپۆلی دووەم یان نەوەی دووەم لە (١٩٤٥-١٩٩٠)، شەپۆلی سێیەم یان نەوەی سێیەم لە (١٩٩٠)ەوە دەست پێدەکات تا ئێستاش بەردەوامە)) (بڕوانە: نوشین ساهندە، ٢٠٠٦، ل١٦-١٧).

هەروەها چەند جۆر و ڕەوتێکی فیمینیزمی دەرکەوتن، وەکو فیمینیزمی (مارکسی، سۆشیالیستی، ڕادیکاڵی، وجوودی (بونگەرایی)، پۆست مۆدێرن (پاش نوێگەری)، سایکۆلۆژی، ئەنارشیست (هەڵوەشێنەر)، تیۆری فیمینیزمی ڕەش، تیۆری فیمینیزمی هونەری، ئیسلامی و کریستیانی، فیمۆکراتی (فیمینیست و دیموکراتی)، تاکڕەوی، ماتریاڵی، سایکۆلۆژی، جوداخواز، سیکسی پۆزەتیڤ)[٢]. کە هەریەکەیان لە ڕوانگە و ئایدۆلۆژی

[١]- دابەشکردنی دیکە بۆ شەپۆلە فیمینیستەکان کراوە بەم شێوەیە، شەپۆلی یەکەم (١٨٤٨) یەکەم بزووتنەوەی ژنان بە ناوی (مافەکانی ئافرەت) لە ئەمریکا ڕاگەینرا. شەپۆلی دووەم لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم دەست پێدەکات، و شەپۆلی سێیەم لە ساڵی (١٩٨٠)وە وەک شەپۆلێکی جیاوازتر دەرکەوتووە (بڕوانە: ئەڤین ئاسۆس حەمە عەبدوڵا ، ٢٠١٣ ، ١٩-٢٧)

[٢]-زۆرێک لە نووسەران بە جۆری جیاواز جۆرەکانی فیمینیزمیان پۆلێن کردووە و بە قوتابخانەی فیمینیستی (بڕوانە: مهاباد قەرەداغی، ٢٠١٣،ل١١-١٧) و(عەباس ساڵح عەبدوڵا،٢٠٠٩،ل٥٨-٦٧)، یان تیۆرەکانی فیمینیزم (لاولاو عەبدول عەزیز ئەحمەد، ٢٠١٠ ،ل٢١-٢٥) ناویان بردووە، کە ئەمەش پێویستی بە بەرسیڤی ئەو برسیارەیە ئایا فیمینیزم بووە بە تیۆرێک؟ یان تیۆرێکی تایبەت بە خۆی هەیە ؟ ئەمەش یەکێکە لەو

قوتابخانە و ڕەوت و ڕێبازەکەی خۆیەوە لە فیمینیزمیان ڕوانیوە و پێناسە و واتا و چەمکی نوێ و جیاوازیان پێ بەخشیوە.

فیمینیزم لەپاش گەشەسەندن و جێگرتن لەنێو زانست و کایە کۆمەڵایەتییەکاندا بە شێوەیەکی کاریگەر و ڕاستەوخۆ لەنێو ئەدەبیاتدا دەرکەوت، سەرهەڵدان و پەیدابوونی قەڵەمی ژن لە بواری ئەدەبیاتدا هاوکاتە لەگەڵ سەرهەڵدانی چەمکی فیمینیزم لە ئەدەبدا، جیاواز لە ناوەرۆکە ئەدەبییەکانی تر، فیمینیزم لە ئەدەبیاتدا سەرەتا لە پەخشان (وتار و کتێب)دا، پاشان لە ژانرەکانی شیعر و چیرۆک و ڕەخنەی ئەدەبییدا دەرکەوت، ((دەسپێکی ئەو ڕەوتەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم، دیارترین دەرکەوتووی ئەو بوارە "سیمۆن دی بو ڤوار"ە)) (کازیوە ساڵح، ٢٠٠٥، ل٧)، کە فەیلەسوفێکی بە ناوبانگی فەڕەنسییە، بەتایبەت لە دوای دەرچونی کتێبی (ڕەگەزی دووەم) لە ساڵی (١٩٤٩)دا، دەنگدانەوەیەکی جیهانی هەبوو، بەناوبانگترین ڕستەش، کە بووبە دروشمی فیمینستەکان ئەوەیە، کە دەڵێت: ((مرۆڤ بە ژنی نایەتە دنیاوە، بەڵکە دەبێت بە ژن))[١] فیمینیست وەکو چالاکی و بزووتنەوەیەکی ژنانە لە فەڕەنسا سەری هەڵدا، ئەویش بەهۆی زەمینەسازی و ئەو بەستێنەی لەدوای شۆڕشی فرەنسییەوە هاتبووە ئاراوە، ژنانیش توانییان دەنگی ناڕەزایی خۆیان هەڵبڕن و بانگەشەی یەکسانی و دادپەروەری بکەن، هەروەها بەشداری کایە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانیان دەکرد.

### ٢-٣-٢ بزووتنەوەی فیمینیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا:

بزووتنەوەی فیمینیستی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا، سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم. هەرچەندە فیمینیزم دیاردەیەکی جیهانییە و سەدا و دەنگی ژنانی ژێردەستە و ماف خوراوە، بەڵام ((فیمینیزم ڕەوتێک نییە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر وەک خۆی بگوازرێتەوە)) (عەباس ساڵح عەبدوڵلا، ٢٠٠٩،ل٥٠)، بۆیە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا، بەهۆی باری ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئاینی و کولتووری و دواکەوتووی کۆمەڵەوە، درەنگتر بزووتنەوە و ڕێکخراوە فیمینیستییەکان چالاکییەکانیان دەرکەوتووە. هەروەها ((فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژنان لەنێوان کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا جیاوازی هەیە و

---

کێشانەی، کە تا ئێستا ڕووبەرووی ڕەخنەی فیمینیستی بوەتەوە (بڕوانە: بەسام قطوس، ٢٠١١، ل٢٨٥)، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر جۆر و مێژووی سەرهەڵدان و ڕابەری ڕەوتە فیمینیستەکان بڕوانە: (نورە فرج المساعد، ٢٠٠٦، ل٧-٦٩)، (ئەڤین ئاسۆس حەمە عەبدوڵا، ٢٠١٣ ، ل٢٧-٣٨)، (سابیر حوسێن ڕەسول، ٢٠١٠، ل٤٣-٥١) ، (عەباس ساڵح عەبدوڵا ، ٢٠٠٩ ، ٥٨-٧٨).

[١]- بڕوانە: (ئاشنا بوون بە سیمون دی بو ڤوار ، ٢٠٠٥، ل٢٦-٢٨).

ناکرێ بەیەک پێودانگ بپێورێن)) (ئارام سدیق، ٢٠٠٧، ل٢٤). لە وڵاتانی عەرەبیشدا بەگشتی بەهۆی زاڵبوونی کولتووری ئاینی ئیسلامی، فەزاییەکی ئاڵۆز و نەگونجاو بووە و دەرفەت بۆ ژنان نەڕەخساوە دەنگی خۆیان هەڵبڕن و گوزارشت لە هەست و هزر و ئایدیای خۆیان بکەن. تەنانەت باس لەوە دەکرێت، کە ((زاراوەی مێینەگەری بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە وڵاتانی عەرەبیدا ساڵی (١٩٠٩) دەرکەوتووە، وەختێک (ملک حنفی ناصف)بە ناوێکی خوازراوەوە (باحثة البادية) لە کتێبێکدا کۆمەڵێک گوتاری بە ناونیشانی (ئافرەتانە) بڵاوکردۆتەوە)) (نوره فرج المساعد، ٢٠٠٦، ل٧٣).

لە ئێرانیش ((ئەگەر بەشێوەیەکی واقعی بمانەوێ باس لە بزاڤی فیمینیستی بکەین، ڕەنگە ڕەگ و ڕیشەی بگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی مەشروتە، بەڵام بە شێوەی کارا و پراگماتیزم، ژنان لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران (١٩٧٩) بەولاوە هاتنە مەیدانەوە)) (پروین کابلی، http://www.mobarez-k.com/arshiv).

دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران، ژنان دیسانەوە کەوتنەوە ژێرباری یاسا ئیسلامی و پان ئیسلامیزمییەکان، بەتایبەت لەدوای دەرچوونی یاسای پێڕەوکردنی پۆشینی (حیجاب)ی زۆرە ملێ و بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکان و سەپاندنی یاسای دژە ژن، قورساییەکی زۆری خستە سەرشانی ژنان و ڕێگربوون لە هەوڵ و خەباتی ژنان، بۆیە لەو ماوەیەدا سست و لاواز دەرکەوتن، ((لە ساڵی (١٩٧٩) بەولاوە بە دەسپێکی شۆڕشێکی هۆشیاری و کاریگەر ناوزەد دەکرێت، بەتایبەت هاتنە سەر شەقامی بە کۆمەڵی ژنان لە ڕۆژی (٨)ی مارسی هەمان ساڵدا لە تاران، دروشمی یەکسانی بەرامبەرییان ڕاگەیاند)) (پروین کابلی،http://www.mobarez-k.com/arshiv)، بەڵام بزووتنەوەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا وەکو مێژوو (دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دامەزراندنی کۆماری کوردستان (١٩٤٦)، جیاوازبوو لە بزووتنەوە پۆست مۆدێرنەکانی تر، کە بەڕابەری (پێشەوا قازی محەمەد) دامەزرا. لەماوەی ئەو ساڵەدا توانی بە بەشداری پێکردنی ژنان لە چالاکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری و سیاسییەکاندا، ژنان لە ماڵەوە بێنێتە دەرەوە، هەرچەندە حکومەت حکومەتێکی پیاوانە بوو، بەڵام ژنان لە پێوەندی هاویار و هاوکاریدا بوون و هەر لەو کاتەشدا (مینا خانم) هاوسەری پێشەوا (یەکێتی ژنانی کوردستان)ی دامەزراند) (بڕوانە: هیمداد حوسێن، ٢٠٠٨، ل٣٧) ئەم حزبە هەرچەندە دەنگدانەوە و چالاکی باشی هەبوو لە پەروەردەکردن و بە دیارخستنی ژنان، بەڵام دوور و نزیک هیچ ئاگاداری فیمینیزم وەک بزاڤێکی جیهانی نەبوون.

دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان هەرچەشنە جموجۆڵێکی سیاسی و مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتدا بەتەواوی ڕوو لە کزی دەکەن، تا سەروبەندی شۆڕشی گەلانی ئێران هاوشێوەی ژنانی گەلانی ئێران، ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیوەست دەبن بە حیزبەکان (حیزبە چەپ و ڕادیکاڵەکان، یان نەتەوەییەکان)، لەو کاتەوە ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، وەکو کارەکتەرێکی مەیدانی چ لە باری سیاسی و چ لە باری چەکداری خەباتیان شانبەشانی پیاوان بەردەوام بووە، هەرچەندە بەهۆی داخراوی فەزای سیاسی ئێران، ڕێکخراوە فیمینیستییەکان لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە شێوەی پێویست بوونیان نییە، بەڵام جموجۆڵە فیمینیزمییەکان لە ناوخۆ چ وەکو تاک چ وەکو گرووپ دەبینرێن و لە کەمترین دەرفەتدا، کە بۆیان برەخسێ بە دیاردەکەون، بەوێنە چالاکی بەرچاوی ژنان و کچانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئەنجومەنە ئەدەبی و فەرهەنگی و هونەرییەکاندا، سەرەڕای ڕێگرییەکانی حکومەت ڕۆڵێکی چالاکیان هەیە. بە شێوەیەکی گشتی (کۆتایی دەیەی (١٩٩٠) و دەسپێکی دەیەی (٢٠٠٠) بە سەرهەڵدانی جووڵانەوەی فیمینیزمی ژنان لە ئێران و سەرهەڵدانی فیمینیزمی ژنانی کورد لە ناوخۆی ئێراندا دادەنرێت. چەمکی فیمینیزمی کوردی بەرەبەرە هاتە نێو ئەدەبیاتی فەرهەنگی و سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان) (بڕوانە: رؤیا طلوعی، http://www.feministschool.com/spip.php?article7582).

هەروەها بەهۆی پەرەسەندنی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و دیالۆگ و گفتوگۆ، بزاڤی ژنان لە ناوخۆی ئێراندا گەشەیان سەند، بزووتنەوەی ژنان بەهۆی سەرکوتکردنەوە نەیانتوانی ببنە دەنگێکی دیار و پەرەبسێنن. زۆرێک لە کارەکتەرە بەرچاو و چالاکەکانی ئەو بزاڤە بە کۆچی زۆرەملێی ڕوویان لە دەرەوەی وڵات کرد، کە ئەمەش لێدانێکی بەهێزبوو لە جەستەی ئەو جووڵانەوەیە و ناچاربوون دروشمی خەبات و چالاکییەکانیان لە ناوخۆی ئێراندا بەشێوەی چالاکی مەدەنی بەردەوامی پێبدەن، ژنە فیمینیستە ئێرانییەکان و ژنە چالاکەکانی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوامیان بە خەباتی فیمینیستی داوە و چەندین ڕێکخراوی تایبەت بە ژنانیان دروستکرد، ژنانی ڕۆژهەڵاتیش لەڕێی سایتە ئەلیکترۆنییەکانەوە زیاتر چالاکی خۆیان بەدەردەخەن بە وێنە گۆڤارێکی ئەلیکترۆنی مانگانەیان بەناوی (ژن) هەیە (بڕوانە: گ jingovar.blogfa.com)، لە دەرەوەش چەندین پارت و ڕێکخراوی ژنان خەریکی خەبات و تێکۆشانن.

خەباتی ژنانی ڕۆژهەڵات جیاواز لە خەباتی ژنانی فیمینیزمی لە جیهاندا دوو ئامانجی سەرەکییان هەیە: یەکەم خەبات لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی وڵاتدا، دووەم خەبات لە پێناو دەستەبەرکردنی مافەکانی ژن، چونکە ژنانی ڕۆژهەڵات دوو جار چەوساونەتەوە،

جارێک وەکو کوردێکی ڕۆژهەڵاتی جارێکیش وەکو ژن، بۆیە خەباتی ژنانی ڕۆژهەڵات خەباتێکی دوالیزمیە.

**٣-٣-٣ فیمینیزم لە شیعریی ژنانی ڕۆژهەڵاتدا:**

شیعر زادەی سۆز و بیر و هەستەکانی مرۆڤە، ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیمان بە جۆرێک ئەدەبیاتێکی پیاوانەیە دەنگی ژن نابیسرێت، یەکەم ژنە شاعیری ڕۆژهەڵات (مەستوورەی ئەردەڵان) بووە، پێشەنگی شیعری نوێش (ژیلای حوسێنی)یە، کە بەدەنگێکی ژنانەوە شیعری نوێی کوردی باڵاپۆش کرد. دوا بەدوای ئەویش چەندین شاعیری دیکە، وەکو (سیمین چایچی، کولسوم عوسمان پوور، مریەمی قازی...) بوون بە دەنگێکی دیاری شیعری ژنانی ڕۆژهەڵات، بە شێوەیەکی گشتی پێوەندی نێوان ژن و شیعر عەشقە، عەشقی (نیشتمان، یار، منداڵ، دایکایەتی، ژن) ((ئەوەی ژن و شیعر بەیەک دەگەیەنێت عەشقە، عەشق لە ناو زماندا ئامادەبوونی هەیە، ئەو ئامادەبوونە ساتی بەریەککەوتنی زەمەنی شیعری و سەبجێکتی ژنێتییە)) (نیهاد جامی، ٢٠١١، ل ٣٤).

(ژیلای حوسێنی) لە شیعری (من و زەریا)دا گەمە ئیرۆتیکیەکانی بە شێوەی هێما (ڕەمز) دەردەبڕێت، بەڵام خوێنەر هەست بە مانا شاراوەکان دەکات و تێدەگات، کە چەند شاعیرانە چیرۆکێکی خۆشەویستیمان بۆ دەگێڕێتەوە:

**مانگ و زەریا**

**با شەو بڵێ: لەگەڵ ئەستێرە پێک هاتووین**

**هەتا بەیان لەگەڵ شاژنی بەیان دەستە ملانم !**

**من جارێکیان بەو دووچاوەی خۆم مانگم دی**

**لەگەڵ زەریا پەیمانی بەست**

**لەسەر سنگی شەپۆلێکا خەوی لێکەوت** (ژیلای حوسێنی، ١٣٧٤، ل٥٢)

(سیمین چایچی) لە شیعری (شەو)دا بەرگێکی ژنانە بە بەری یەک بەیەکی وشەکاندا دەکات و بە زمانێکی تایبەتی ژنانەوە شوناسی ژنێتی بەرجەستە دەکات، ئەو زمانەش دەبێتە پردی نێوان ژن و شیعر، لەم ڕێیەوە خوێنەر بە ڕوونی ناسنامەی شاعیر دەخوێنێتەوە:

**ئێستا شەوە**

**خەیاتی تەڕ دەسی خەیاڵ**

**کراسی ڕەشی پووڵەکەی**

**بۆ بیرەکانم دووریوە**

**منیش لەبەر چراتۆڕی تاسەی نیگات**

**کراسە شڕەی ڕۆژانم**

**بە یادی تۆ پینە دەکەم** (سیمین چایچی، ١٣٧٧، ل٤٣)

شاعیر هێندە ژنانە دەدوێت گەر ناوی شاعیریش لاببرێت خوێنەر تێدەگا شاعیرێکی ژنە. ئەمەش جیاوازی نێوان شیعری ژنان و پیاوانە، کە دەبێت شوناسی ژنێتی لە شیعری ژناندا بەرجەستە ببێت.

لەپاش ئەم قۆناغەش کۆمەڵێک دەنگی بوێری ژنان بەدەرکەوتن، کە دەتوانین بە قۆناغی گەشەسەندنی بیری فیمینیستی لە ڕۆژهەڵاتدا دابنێن، ژنان لەم قۆناغەدا بوێرانە باس لە خۆشەویستی و عەشق و چێژی جەستەیان دەکەن، کە پێشتر تابۆ و ڕێگەپێنەدراو بووە، هەروەکو (ژیلای حوسێنی) بە ئاشکرا دەڵێت:

**قەد ئەم ڕازە نادرکێنم**

**پێت ناڵێم چەند خۆشم دەوێی**

**ناتوانم... نا**

**هەرچەند دڵم**

**هێندەی نەماوە شەق ببا** (ژیلای حوسێنی، ١٣٧٧، ل٩-١٠)

(شوعلە بەگیزادە) لە شیعرێکدا ئاماژە بەوە دەکات، کە چاوی کراوەتەوە وشیار بۆتەوە دەتوانێ دنیا ببینێ و دەیەوێ بە قەڵەمێکی باریکەڵەوە یاخی بوونی خۆی ڕابگەیەنێت لە ئەتڵەسی جیهان و نیشتمانێکی تازە بۆخۆی دروست بکات، کە شیعرە وەک خۆی دەڵێت: (شیعر بووە بە نیشتمان)، دەیەوێ لەو نیشتمانە نوێیەی خۆیدا، شۆڕشێک بەرپابکات:

**"لەو ساتەوە بینین دەستی بە چاوم**

**کردووە**

**گلێنەم ئاوپرژێنی دنیا ئەکا**

**بە قەڵەمێکی باریکەڵەوە**

**یاخی لە ئەتڵەسی جیهان**

**وەک دەڵێن**

**ئێستا شیعر بووە بە نیشتمان"** (لەیلا عنایەت زادە، ٢٠١٥، ل١٥١)

(هەڵاڵە سوهرابی) لە کۆپلە شیعرێکدا (خاتوون)ێک وەک ڕەمزی ژنانی وڵات بانگ دەکات و وشیاریان دەکاتەوە، هەموو تێروانیینە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان، کە بۆ کۆیلەکردن و پاوانکردنی ژنان لە کۆمەڵگەدا باون ڕەتدەکاتەوە:

**ئێرە سەرەتای مێژوو نییە و**

**تۆش.... ژنی ئەم سەردەمە نیت...**

**بەهەشت لە ژێر پێتا نییە**

لە کۆتایی شیعرەکەشدا دەڵێت:

**ئەم جادەیە وێستگەی نییە**

**تا هەڵفری هەر ئاسمانە.. و**

**ئاسمانیش بەشی هەڵفڕینت ناکا** (هەلالە سوهرابی،http://rojhankok.blogfa.com)

لێرەشدا شۆرشی فیمینیستی مەودایەکی فراوانی لە بیر و هزر و جیهانبینی شاعیردا هەیە، کە دەڵێت ((ئەم جادەیە وێستگەی نییە)) دواتر فەلسەفە و دنیابینی شاعیر لیرەدا ڕاناوەستێ و زیاتر باڵا دەکات تا دەگاتە ئەدیوی بوون، کە دەڵێت: (( ئاسمانیش بەشی فرینت ناکات)).

(تیشکە محەمەدپوور) یەکێکە لە دەنگە بوێرەکانی دیکە، پەردە لە سەر ڕەفتارە ناشرینەکانی پیاو بەرامبەر بە ژنان هەڵدەماڵێ، تەنها دەسپێکی شیعرەکە (عەجولانە دەبینم بەسە بۆ پەرپاکردنی شۆرشێکی هزری و فیمینیستی:

**عەجولانە دەبینم**

**دەبینم**

**چۆن لە قولایی نوێندا وشیاریتان**

**دەمرێ**

لە کۆتایی شیعرەکەشدا هەموو ئەو تێروانینە هەڵە و ناشایستەیەی کۆمەڵ بۆ ژن و نزمی پێگەی ژن هەڵدەوەشێنێتەوە، کە دەڵێت:

**من جاویدانە دەبینم**

**من بێ سنوور دەڕوانم** (تیشکە محەمەد پوور، ٢٠١٦،ل ؟)

(ژیلا سەفایی) لە شیعری (کچ)دا، کچ بە ڕۆمانێک دەچوێنێ، کە پڕاوپڕە لە ڕووداو، ڕووداوێک کە هیچ کەس نایبینێ کاتێکیش بەڵگەیەک هەبێ بۆ پیشاندانی ڕوداوەکانی ژیانی، لەژێر هەر ناو بیانویەکدا بێت، دەشارێتەوە و دادەپۆشرێت:

**کچ ڕۆمانێکە پڕ لە ڕووداو و**

**لە دواترین بەڵگەی تەمەنی**

**ئەنووسرێت**

**ببوورن هەڵەی چاپی بوو...** (ژیلا سەفایی، ١٣٩١، ل٣٥)

(شەڤگەش) لە کورتە شیعرێکدا بە دوای ناسنامەی نەتەوەیی و شوناسی ژنێتی خۆی و هاونیشتمانانیدا دەگەڕێت، وەکو کوردێکی ڕۆژهەڵاتی و وەکو ژنێک تەنها یەک تاوانی هەیە کە ئەویش بێناوییە، مەبەستی شاعیر نەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی و ناسنامەی ژنێتییە:

**وشەیەکی بێ تاقەت و بێ ناز**
**هەردەم**
**لە سیلەی چاو ڕاژگە دەکات**
**تا سەر**
**تاکوو سەر**
**تاوانی بێتاوانیمان بێ ناوییە**
**بێ ناوی.** (هەوار خزرزادە"شەڤگەش"، ١٣٨٩، ل٨)

(لەیلا سۆفی سوڵتانی) وەکو فیمینیستێک دەبێتە ڕابەر و پێشەنگی بزووتنەوەیەکی ژنانە، بانگی کچانی وڵاتەکەی دەکات و ئاگادار و وشیاریان دەکاتەوە لەوەی، کە ئەو وڵاتەی تێدا دەژین وڵاتی پیاوانە و پیاوسالاری باڵی بەسەردا کێشاون، ژن لای ئەوان وەکو کائینێک تەنها بۆ پێداویستییە سێکسییەکان و خزمەتکردنی ئەوان خوڵقاون، مێژویی پیاوسالاری و چەوساندنەوەی ژن لەلایەن پیاوانەوە پیشان دەدات:

**بۆ کچانی نیشتمانەکەم**
**ئەی کچانی نیشتمانی هەمیشە پیاو !**
**ئەوان، ئەوان !**
**هەموو لە وەسفی ئێمەدا**
**دەبنەوە پەپولە و**
**لە ناو خوێنیشماندا..**
**دەبنەوە جەلادەکانی مێژوو،**

لە کۆتا دێریشدا دەڵێت:

**هەموو دەیانەوێن بۆ ژوورەکانی نووستن و ئاشپەزخانە**
**چەند بێرەحمن ئەو پیاوانە.** (لەیلا سۆفی سوڵتانی، ٢٠١٤، ل٢٤)

هەروەها لە شیعری (نیشتمانی ژن)دا، کە دەتوانین بە تەنها ئەم شیعرە بڕوانامەی شاعیرێکی فیمینیستی بوێری پێببەخشرێت، کاتیک لە چاوی خۆیەوە وێنای کەتواری ژیانی ژنانی وڵاتمان بۆ دەگوازێتەوە:

**ئەمە وڵاتی منە**

**ئەمە دۆزەخە،**

**وڵاتی من بۆ ژن !**

**لە وێنەی بڵێسەی ئاگردا.**

لە کۆپلەیەکی دیکەدا وێنەی دەروونی ژنان و تێروانین و دیدی پیاو بۆ ژن و هەموو ئەو کارەساتانە کە ژنان پێیدا تێپەریون، وەکو نایەکسانی و ستەم و باوکسالاری و بێدەنگکردن و بەکارهێنانی ژن وەکو ئامێرێک بۆ حەز و ئارەزووەکانیان و کویلەکردنی ژنان... پیشان دەدات:

**ئێمە خورافەیەکی ڕەشین،**

**وەک بەختی خۆمان،**

**فانتازیایەکین**

**ئەوانی دی چێژمان لێوەردەگرن.**

**برینێکی وەهمیین ئێمە،**

**پیاو وەک خۆمان نایبینێت و باسی دەکا،**

**کەس نازانێ چەندە تاڵە**

**ڕۆیشتن بەناو کارەساتدا....** (لەیلا سۆفی سوڵتانی، ٢٠١٤، ل١٤-١٥)

(نیان فاتمی)ش بوێرانە لە کورتە شیعرێکدا بەدەنگێکی فیمینستانە و ڕەخنەئامێز ڕەخنە لە داب ونەریت دەگریت، کە ناهێڵێت دەنگە دژەباوەکان و بابەتە تابۆ و ئیرۆتیکییەکان تەنانەت لە شیعریشدا گوزارشتی لێبکەن:

**قەسیدەکان مردوون**

**دڵ**

**بۆ نیشتمانی جەستە**

**شۆڕش ناکا**

**تەنانەت**

**ڕووت بوونەوە**

**لە شیعریشا قەدەغەیە** (نیان فاتمی، www.niyann.blogfa.com )

شاعیر تێکستەکان بە مردوو دادەنێت، چونکە ناتوانن گوزارشت لە جەستەی خۆی بکات، (نیشتمانی جەستە) خوازەیە و مەبەست لە کەرەستەکانی ئیرۆتیکە، ناتوانێت تەنانەت لە شیعریشدا ڕووتبێتەوە بەو واتایەی، کە ناتوانن گوزارشت لە جەستەی خۆیان بکەن.

وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا خەباتی ژنانی ڕۆژهەلات خەباتێکی دوالیزمییە، ئەمەش لە شیعرەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە و چەندین شاعیرمان هەیە، کە پێشمەرگەن و لە پاڵ خەباتی سیاسیدا خەبات لە پێناو مافەکانی ژنان و هەوڵی بەدیارخستنی کێشەکانی ژنان و چارەسەرکردنیان دەدەن، بۆیە زۆرجار شاعیر لە ڕێی خۆشەویستی نیشتمانەوە بۆ خۆشەویستی یار دەڕوانی، یان بە پێچەوانەوە، یانیش تێکەلاوییان دەکات. (سوهەیلا قادری) بە سۆزێکی دایکانەوە لایەلایە بۆ کۆرپەکەی دەکات، وەکو پێشمەرگەیەک سۆزی دایکایەتی تیکەڵ بە سۆزی نیشتمانەکەی دەکات:

**لای لای بینایی چاوەکەی دایە**

**ڕۆڵەی شیرینم ئاواتی دایە**

**کوردستان ئازاد، تۆش بەختەوەربی**

**ئارمانت حەقە پێی بگەی ڕەبی** (سوهەیلا قادری، ١٣٨٣، ل١٣٨)

(لەیلا ساڵحی) لە شیعری (کیژی سوور خاوەن مانگە)دا لە دەسپێکەوە شناسی خۆی وەک ژنە شاعیرێک لە وشەی (تەوار)دا، کە وشەیەکی خوازراوە دیاریکردوە:

**تەوارەکان**

**دڵیان سوورتر لە باران و**

**شوێنی دەنگیان**

**ئارشیوی سەردوولکەیە**

**ڕاهاتوون بە ترپەی دۆزەخ و**

**لە زگیانەوە**

**گڕکانێک دەبێتە خودا و ئەوانیش**

**میحرابی دەبەن** (لەیلا ساڵحی، ١٣٨٦، ل٢٦)

شاعیر دەیەوێ واقیعی ژنانی کۆمەڵگەکەی پیشان بدات، بە دەنگێکی کۆ دەدوێت، کە گوزارشتە لە دەنگی هەموو ژنانی وڵاتەکەی، ئەو دۆزەخەی بۆیان سازدراوە، گرکانێک لە ناخی هەریەکەیاندا دروست دەکات، دەنگی شاعیر دەنگێکی فیمینیستییە، دەیەوێ بڵێ ژنان خۆیان مەشخەڵی هەستانەوەی خۆیانن، نەک ڕەگەزەکەی تر.

**٣-٣-٤ چەمکی ئیرۆتیک و ڕەنگدانەوەی لە شیعری ژنانی ڕۆژهەڵاتدا:**

ئەدەبیاتی ئیرۆتیکی بەگشتی و شیعری ئیرۆتیکی بەتایبەتی، هەموو ئەو دەقانە دەگرێتەوە، کە لەو دیو ماناکانەوە باکگراوەندێکی ئیرۆتیکیان هەیە، شاعیر بەبێ پەردە و بە شێوەی ڕەمز، وشە و دەستەواژە وروژێنەرەکان بە شێوازێکی ئێستاتیکیانە و چێژبەخش دەردەبڕێت.

وشەی ئیرۆتیکا لە وشەی (ئیرۆتیک Erotic)ی ئینگلیزییەوە هاتووە، بە واتای حەز و ئارەزوی سێکسی، وشەی ئیرۆتیزم (Eroticim ) لە زمانی ئینگلیزیدا بە واتای سەرنجدان و ورووژاندنی ئارەزوو و حەزی سێکسی دێت، وشەی ئیرۆتیزم (Eroticim)یش لە وشەی (Eros)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە، کە بە واتای خوای خۆشەویستی لای یۆنانییەکان دێت (بڕوانە: محمود القاعود، www.odabasham.net).

ئیرۆتیک لە شیعردا گوزارشت لە خۆشەویستی و سێکس و حەز و ورووژان و ئارەزووی ڕۆحی و جەستەیی لە نێوان هەردوو ڕەگەزەکە دەکات، ئیرۆتک تەنها تێکەڵاوی جەستە و چێژوەرگرتن نییە، بەڵکو ئاوێتەبوونی ڕۆحە لە چاوگەی عەشق وخۆشەویستییەوە سەرچاوە دەگرێت و لە تێکەڵبوونی دوو جەستەدا بەرجەستە دەبێت. واتە ((جەستە تەنها ئامرازێک نییە بۆ جۆشدانی خەیاڵ و سۆز، بەڵکە جەستە دەبێتە پردێک بۆ بەیەکگەیشتن)) (ڕێزان ساڵح مەولود، ٢٠١١، ل١٢٠). هەروەها ئیرۆتیک یان ئیرۆتیزم لە شیعردا نە پرۆسەیەکی سیکسی ڕووتە، نە پۆرنۆگرافییە (Pornograph)[١]و نە خۆشەویستییە، بەڵکو پێکهاتەیەکە لە هەموویان، حەز و ئارەزووە سێکسی و پۆرنۆیی و خۆشەویستییەکان تێکەڵ بەیەک دەبن بە شێوەیەکی وا کە ئیرۆتیک دێتە بەرهەم. ((زاراوەی ئیرۆتیکا (Erotica)، کە پەیوەستە بە ئەدەب و هونەر. هەموو کارێکی ئەدەبی یان هونەریی سیما و توخمی ورووژاندنی ئیرۆتیکی تێدا بێت، یان ببێتە مایەی خولْقاندنی ئەو حەز و هەوەسە، پێی دەوترێت (بەرهەمی ئیرۆتیکا) )) (فازیل شەورۆ، ٢٠١٦، ل٦٦).

ئیرۆتیکا مامەڵە لەگەڵ ئەدەبدا دەکات بە شێوەیەکی ڕەفتاری و دەرخستنی ئیستاتیکای پێداویستییە سێکسییەکان خەیاڵی، یان واقیعی بێت، بە ئامانجی وروژاندنی ئارەزوو و حەز و هەستی خوێنەر یان وەرگر. ئامانج لەمەشدا تەنها وروژاندنی جەستە نییە، بەڵکو

---

[١]-زاراوەی پۆرنۆ(porno) وشەیەکی یۆنانییە بە واتای (وێنەی ناکۆک لەگەڵ داوێنپاکی) دێت، وێنەیەکی ڕووتی کرداری سێکس نیشان دەدات، لە شیعردا کرداری سێکسکردن ئامادەیی تەواوی هەیە، ئەمەش لە ڕووی چەمک و بەکارهێنانەوە جیاوازە لە ئیرۆتیک، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (حەمە مەنتک، ٢٠١٣ ، ل ١٨-٢٠).

وورووژاندنی ئەدەبییە، بە دەربڕینێکی نیمچە ڕوون و خوازراو و هێمایی، بۆ گەیشتن بە ئێستاتیکا و شیعرییەتی هونەری دەق و چێژبەخشین.

شیعری ژنانی ڕۆژهەڵات کەمتر ئاوریان لەم لایەنە ئێستاتیکییەی دەق داوەتەوە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە دەقی ئیرۆتیکیمان نەبێت، بەڵکو هەن بە ڕێژەیەکی کەم و بە شێوەی خوازە و هێما ئاماژەیان بۆ کردووە، یان بۆ مەبەستی وشیارکردنەوەی فیمینیستی شیعری ئیرۆتیکی دژە باویان وتووە، بە زۆریش لای ئەو شاعیرانە دەبینرێت، کە لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەژین. دەتوانین بڵێین (لەیلا سۆفی سوڵتانی) لە کۆمەڵە شیعری (ناسینەوەی پەنجەکانی با)دا کۆمەڵە دەقێکی تەژی لە دەنگی ژنانە و هاواری فیمینیستی لەهەمان کاتدا لە بەرگێکی ئیرۆتیکی بزوێنەردا بە هونەروەرییەوە دارشتووە، جگە لە ڕیتم و مۆسیقایەکی ناوەکی بەتایبەت لە وشەکانی (هەمس و لەمس) لە شیعری (تەنیا شەوێک پڕ بێت لە خۆت)دا:

**شەوێکم پێببەخشە پڕبێ لە خۆت**

**ئارامی شەوەزەنگ و سروەی بەیانم هەر خۆت بی**

**..............................................**

**یەکەم هەمس و**

**یەکەم لەمس**

**یەکەمین کەس کە ئەیبینم... با هەر خۆت بی!**

**وەک شەتاو برژێ بە ناو قژما**

**بخزێ بە سەر بلووری جەستەما...**

**بە سۆزی دەنگت نا ئارامییم بلاوێنە،**

**جەستەم بکە پیانۆ و سەمفۆنیایەک بژەنە**

**هەموو وشەکانی دڵم بخاتە گۆ.**

شاعیر بوێرانە بە دەنگێکی ژنانە و ئیرۆتیکییەوە لە تیکەڵاوبوونی جەستەی لەگەڵ ئەودا لە یەکەم بەریەککەوتنەوە دەگێڕێتەوە، لە هیچ شتێ باکی نییە، لە کۆتاییدا دەڵێت:

**ئەوسا با سیستەمی گەردوون گشت بشێوێ،**

**دار و بەردی بەسەر یەکەوە نەمێنێ.** (لەیلا سۆفی سوڵتانی،٢٠١٤،ل ٢٢-٢٣)

(کەژاڵ گوڵ محەمەدی) لە کورتە شیعرێکدا بەبێ پەردە هەستەکانی خۆی دەردەبڕێت، وەکو ئەندازیارێکی لێهاتوو وشەکان هەڵدەبژێرێت و ڕیزیان دەکات، کە پڕن لە هەست و

حەز و گەمەی ئیرۆتیکی و کەرەستەی ئیرۆتیکی چێژبەخش، خوێنەر یان وەرگر دەوروژێنێت و چێژی پێدەبەخشێت:

**چەندە تینووم**

**کە لێوم ئەگاتە لێوی**

**بە حەسرەت تەزیووی لێوان**

**کە فێنکایی ناگاتە دڵ**

**زرم دەشکی**

**چاوەڕوانی و شکۆی شێوان** ( محەمەد سدیق و سۆران حوسێنی، ۲۷۰۷، ل۹۱)

(سارا "بەهار" قوبادی) لە شیعری (سووراو)دا، ئیرۆتیکانە هەستەکانی دەردەبڕێت، (سووراو) جگەلەوەی کەرەستەیەکی ژنانەیە و ناسنامەی ژنێتی بە دەقەکە دەبەخشێت، کەرەستەیەکی ئیرۆتیکیشە، لە ناونیشانی شیعرەکەوە خوێنەر ناچار بە خوێندنەوەی شیعرەکە دەکات و سەرنجی ڕادەکێشێت:

**ماچە دوورەکانت پۆلە هەنگی وروژاوە**

**هەنگوێنێ ژەهراوی دەرژێنێتە سووراوی لێوم** (سارا "بەهار"قوبادی، ۱۳۹۱، ل۳۵)

(بەهار حوسێنی) بە دەنگ و ڕەنگێکی ئیرۆتیکیانەوە، دیمەنێکی پڕاوپڕ لە خۆشەویستی و عەشق و کردەی سێکسی ئاوێزان دەکات و چێژ بە وەرگر دەبەخشێت، بە شێوەیەک ئاراستەی جووڵە و هەنگاوە ئیرۆتیکییەکان سەرەنجی خوێنەر یان وەرگر ڕادەکێشێت و بە بزوان و دروستکردنی وێنای کردارەکە وەرگر ناچار بە خوێندنەوەی وشە بە وشەی شیعرەکە دەکات:

**نینۆکەکانم سوور کرد و**

**عەترەکەم لێ دا**

**تۆ لە نێوان من و ئاوێنەدا وەستا بوویت**

**پێکێکت تێکرد**

**من بەرامبەرت دانیشتبووم**

**دەنگی گۆرانییەکەم بەرزکرد و**

**خزامە باوەشت** (بەهار حوسێنی، ۲۰۱۵، ل۱۷)

شاعیر لە ڕێی خەیاڵێکی ڕۆمانسییانە چێژ لەو ساتە خەیاڵییانە وەردەگرێت، کە حەز و خولیای گەیشتنە بە جەستەی پیاوێک، ئەو پیاوە لە خەیاڵی ئەو بوونی هەیە، وێستگەی یەکەم خۆئامادەکردن و خۆرازاندنەوەیە بۆ ئەنجامدانی کردارەکە، سوورکردنی نینۆکەکان و

لێدانی بۆن و ڕاوەستان لەبەر ئاوێنە، هەموو ئەمانە کەرەستەی ئیرۆتیکین، ڕەنگی (سوور) ڕەنگی خۆشەویستی و عەشقە لە سایکۆلۆژییەتی ڕەنگەکاندا، بۆن لێدان ساتی خۆئامادەکردنە، هەروەها ڕاوەستان لە بەردەمی ئاوێنەدا بینینی جوانییەکان و سەرنجدانە لە جوانی. وێستگەی دووەم دوای خۆڕازاندنەوە و خۆجوانکردن و گوێگرتن لە گۆرانییەکی خۆش، ئینجا قۆناغی خۆخزاندنە نێو باوەش دەست پێدەکات.

(سروە لەحمی) لە شیعری (خۆزگە)دا، خۆزگە و تاسە و حەزەکانی بۆ گەیشتن و تێکەڵاوبوونی ڕۆح وجەستەی لەگەڵ یار تەژی لە کەرەستەی ئیرۆتیکی دەردەبڕێت، وێنەی پیاو لای شاعیر پێویستییەکی ڕۆحی و جەستەییە، لە کۆپلەی یەکەمدا پێویستییە ڕۆحییەکان بەیان دەکات، وێنەیەکی خەیاڵی میتافیزیکی لە چواندنی (بەهەشت) بە (پیاو) و تەژی لە هەست و سۆزی ئیرۆتیکی دەکێشێت:

**بەهەشتێکی ئەفسووناویت**

**پڕ لە ئاوازی فریشتە**

**دڵگەشترین حەسانەوە**

**سەرخەوێکی نێو باوەشتە**

لە کۆپلەی دووەمدا باس لە پێویستییە جەستەییەکانی دەکات، بە جووڵەیەکی ئەفسوناوی وێنەکە دەگوازێتەوە نێو سروشت و شاسواری خەونەکانی بە (دەریا) دەچوێنێت، ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە کەرەستە ئیرۆتیکییەکان دەکات، لە دێڕی کۆتاییدا وەرگر لە واتا شاراوەکان دەگات، کە باس لە پێوەندی و تێکەڵابوونی جەستە و گەیشتن بە چێژی جەستە دەکات:

**هیچ دەریایەک وەک تۆ نییە**

**بەخشندە و پڕ لە مرواری**

**ئۆقرە بدا بە دڵ، بە لەش**

**هەم شەپۆل و هەم کەناری** (سروە لەحمی، ١٣٨٨، ل١٨)

## ئەنجام

١.بەشێوەیەکی گشتی شیعری کلاسیکی ڕۆژهەڵات هاوچەشن و هاوشێوەی شیعری پارچەکانی دیکەی کوردستانە، لەگەڵ هەندێ تایبەتمەندی مێژوویی و جوگرافی و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا.

٢.شیعری هاوچەرخ و نوێی ڕۆژهەڵات لەژێر کاریگەری ڕاستەوخۆی شیعری هاوچەرخ و نوێی فارسیدا بوون، شاعیران (سوارەی ئێلخانی زادە، هەڵۆ، چاوە، وەفا،...) پیشەنگ و ئاڵاهەڵگری شیعری نوێ و هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتن.

٣.شەپۆل و ڕەوتە شیعرییە نوێیەکان لەپاش ساڵی(١٩٨٠) بە لێشاو هاتوونەتە نێو شیعری ڕۆژهەڵات، لەژێر کاریگەری ڕەوت و ڕێبازە نوێیەکانی ڕۆژئاوا و ئەدەبیاتی پۆست مۆدێرنیزم و سوریالی و دادابیەکان فۆرمی نوێی شیعری بە وێنەی (ئانارشیزمی زمانی) (ساڵح سووزەنی) و شیعری (شێت)ی (یونس ڕەزایی)دا دەبینرێت.

٤.ئەدەبی فۆلکلۆر و میللی و کولتووری نەتەوایەتی ڕووبەرێکی فراوانی ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵات پێک دێنن، شاعیرانی هاوچەرخ و نوێی ڕۆژهەڵات بە گرنگییەوە لەم سامانە نەتەوەییەیان ڕوانیوە و زیندوویان کردۆتەوە.

٥.ئەدەبی ژنان شان بە شانی ئەدەبی پیاوان ڕۆشتووە و چ وەکو تاک چ وەکو گروپ و ڕێکخراو لە دەرەوەو ناوەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەت لە ناوخۆ لە ڕێگەی ئینتەرنێت و سایتە ئەلیکترۆنییەکان، ئەنجومەنە ئەدەبییەکانی شارە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵات، فستیفاڵ و کۆڕ و کۆڕبەندی ئەدەبی و شیعرییەکان، وێبلاگە تایبەتییەکانی نووسەران و شاعیرانەوە چالاکی ئەدەبییان هەبووە.

٦.سەرهەڵدان و هاتنە ئارای شیعری نووسراوی کوردی و گرنگیدان بە زمانی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتدا، لە چاوگەی هەستی ناسیۆنالیستی و ترسی سرینەوەی شوناس و ناسنامەی نەتەوەیی و پارێزگاریکردن لەو شوناسە لە ڕێی زمانی شیعرەوە (بە کوردی نووسین)، هەروەها عەشق و خۆشەویستی نیشتمان و نەتەوە و خاک لە شیعری نیشتمانی و نەتەوایەتی و بەرگرییدا و ئایدۆلۆژیا و بیری سیاسی لە شیعری سیاسیدا سەرچاوە دەگرێت.

٧.شاعیرانی هاوچەرخ و نوێی ڕۆژهەڵات خۆیان بە شاگرد و درێژەپێدەری شاعیرانی پێش خۆیان (کلاسیک، نیوکلاسیک) دەزانن، نەیان هێشتوە ڕۆحی ئەوان بە تەواوی لە شیعردا بمرێت، لە زیندوو ڕاگرتنی قاڵبی غەزەل و چوارینەدا، بەتایبەت بەخشینی فۆرمی نوێ بە

غەزەل (غەزەلی نویّ)، کە تایبەتمەندییەکی جیاواز و ناوازەی بە فۆرمی شیعریی هاوچەرخ و نوێی ڕۆژهەڵات بەخشیوە.

٨.شاعیرانی ڕۆژهەڵات شارەزاییانە هونەرە شیعرییەکانیان لە ڕووی ڕووخسار و ناوەرۆکەوە لە مەزراندنی (وێنەی شیعریی و کارکردەکانی زمانی شیعریی و سازانی ئاوازی شیعریی)، لە ناوەرۆکیشدا (زمان و ناسنامە و شوناسی نەتەوەیی ئایدۆلۆژیا و هزری نەتەوەیی و نیشتمانی و بەرگری)، کە ماک و نمادی شیعری ڕۆژهەڵات لەخۆ دەگرێت، بەکارهێناوە.

٩-بە شێوەیەکی گشتی شاعیرانی ئەم قۆناغە هەوڵیان داوە زمانێکی پاراو و کوردی پەتی بەکاربهێنن، جگە لە ڕەنگدانەوەی هەندێ زاراوەی ناوچەیی، لە ڕووی وێنەی شیعرییەوە هەموو جۆرەکانی وێنەی شیعری لە شیعری شاعیراندا  بە تایبەت وێنەی فرە ڕەهەندی لای شاعیرانی نوێخواز زیاتر دەبینرێت، هەروەها گرنگییەکی زۆریان بە ئاوازی شبعریی لە قاڵبی غەزەلدا هەولی مانەوەی کێشی (عەرووز)ییان بە ناوەرۆکی نوێوە داوە، لە رووی ریتم و سەرواوە زۆر جار پەنایان بردۆتە بەر ئاوازی ناوە و سەروای ناوەوە بە دووبارەکردنەوە و کەرتکردن و لێکردنەوە و خاڵبەندی...لە سازانی ئاوازی شیعرییدا.

١٠-بزاڤی فیمینیستی و خەباتی ژنانی رۆژهەڵات خەباتێکی دوالیزمییە، چونکە ژنان دوو جار چەوساونەتەوە، جارێک وەکو کوردێکی رۆژهەڵاتی، جارێک وەکو ژن. فشاری دەسەڵاتدارانی ڕژێمی ئێران نەیتوانیوە شکست بە خەباتی فیمینیستی بهێنێت و کپی بکاتەوە، بە هۆی کۆچی ئەو دەنگە نارازییەکانی ژنان و کۆچکردنیان بۆ دەرەوەی وڵات، ئەمەش زیاتر لە شیعردا بە تایبەت لە شیعری ئیرۆتیکیدا، کە دەنگێکی ڕاستەقینەی ژنانە  ئازادی  دەربڕین و گوزارشت کردن لە کەرەستە ئیرۆتیکییەکاندا دەبینرێت.

## سەرچاوەکان

- **سەرچاوە کوردییەکان:**

- **کتێب:**


١. ئارام سدیق، (٢٠٠٧)، دۆزی ژن و هەزارەی نوێ، چ٢، چاپخانە ؟، سلێمانی.

٢. ئازاد ئەحمەد مەحمود(د.)، (٢٠١٢)، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چ٢، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٣. ئازاد عبدولواحید کەریم،(٢٠١٠)، نوێگەری لە شیعری کوردیدا، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٤. ئاسۆ عومەر مستەفا، (٢٠٠٦)، باها ئێستاتیکەکانی شیعر لای (پیرەمێرد و شێخ نووری شێخ سالح و گۆران)، چ ١، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٥. ئامر تاهر، (٢٠٠٦)، نیما یوشج و عەبدوڵڵا گۆران ( نوێکردنەوە و دابران)، چ١، چاپخانەیا حەجی هاشم، هەولێر.

٦. ئەبوعوبەید عەبدوڵڵا زیاب،(٢٠٠٥)، هوزانا نویخازی ل دەڤەرا بادینان، چ١، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ، هەولێر.

٧. ئەحمەد قادری،(١٣٦٨)، ناڵەی بێبەشی، تایپ و تەکسیر کۆمسیۆنی تەبلیغاتی حزبی دیموکراتی کوردستان ئێران.

٨. ئەرسەلان چەلەبی،(١٣٩١)، ترین تەنیا، چ١ ،چاپخانە ؟،شوین؟.

٩. ئەسمەر ئیبراهیمی،(١٣٩٢)، چاوم کە بەدواتا دەشتێکە، چ١، چاپخانەی ژیار، سنە.

١٠.ئەفسان کازمی، (١٣٩١)، ئاوات، چ١، پەخشانگای زانستی کالێج، سنە.

١١.ئەمین عەلی موتاپچی (د.)، (١٩٨٥) ، زمانی نالی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بغدا.

١٢.ئەمین عبدولقادر عومەر،(٢٠٠٨)، شیعرییەت د رۆمانێن (سدقی هرۆری)دا چاپا ئێکێ، چاپخانا حاجی هاشم، هەولێر.

١٣.ئەمین گەردیگلانی،(١٣٨٠)، شەوە ژانی ئەستێرەیەک، چ١، چاپخانەی ئەندێشە، بۆکان.

١٤.ئەنوەر سوڵتانی-حەسەن قازی،(٢٠٠٨)، ژیان و شیعرە کوردییەکانی سەیفولقوزاتی قازی (١٨٧٦-١٩٤٥)، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

١٥.ا.ب. هەوری، (١٩٧٤)، شیعری کۆن و نوێ، چاپخانە ؟،شوین؟.

١٦.ئیبراهیم ئەحمەد شوان(د.)،(٢٠١٢)، ئەدەبی کۆنی کوردی،چ١، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

١٧.ئیسماعیل توکلی، (١٣٩١)، فرمێسک و گوڵ دیوانی کرمانج، چ١، چاپەمەنی تەوەکولی، تهران.
١٨.ئومێد ئاشنا، (٢٠٠٨ )، دیوانی بێکەس ، چ١، چاپخانە ؟، شوین؟.
١٩.________ (٢٠٠١)، پیرەمێرد پێداچونەوەیەکی نوێی ژیان و بەرهەمی، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
٢٠.بارام موکریانی،(٢٠١٣)، لانکەی کوردستان و سکالای دڵ،چ١، چاپخانەی کوردوس، سوئید.
٢١.بەدران ئەحمەد-عوسمان دەشتی،(٢٠٠٣-ا)، هەواری خاڵی (سەرجەمی نووسینی هێمن)، ب٢، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
٢٢.____________________،(٢٠٠٣-ب)، بارگەی یاران (سەرجەمی شیعری هێمن)، ب١، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
٢٣.بەسام قطوس(د.)،(٢٠١١)، دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، و.محەمەد تاتانی، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
٢٤.بەشیر موشیر،(١٩٣٩)،دیوانی شاعیری بەناوبانگ مصباح الدیوان، چاپخانەی معارف، بغداد.
٢٥.بەهار حسێنی،(٢٠١٥)، پشیلەیەک لە جانتادا، چ١،بڵاوکەرەوەی سەنتەری ڕۆشنبیری ڕێژیار.
٢٦.بەهمەن حەبیبی، (٢٠١٣)، زەمینی بیمار، چ١، چاپخانەی کارۆ..
٢٧.__________ (؟)، پشیلەکان، چاپ و شوێن (؟).
٢٨.تێری ئیلگتۆن، (٢٠٠٨) مارکسیزم و ڕەخنەی ئەدەبی و. عەبدولخالق یەعقوبی، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.
٢٩.پەخشان سابیر حەمەد(د.)،(٢٠١٢)، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستان (١٩٧٠-١٩٩١)، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٣٠.پەخشان عەلی حەمد،(٢٠٠٩)، شێوازی شیعری گۆران، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
٣١.جەعفەری شێخولیسلامی"ئاشتی"، (١٩٩١)، چیا و کۆچ و چەمەر، چاپخانە ؟ شوێن ؟.
٣٢.______________ (٢٠١٣)، ڕاسپاردە، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٣٣.جەلال مەلەکشا،(١٣٩٣)، کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی مەلەکشا،چ ١ ،چاپخانە ؟،شوین؟.
٣٤.جەماڵ نەجاری، (٢٠٠٥)، بەفرانباری ٢٣ساڵ (شێعر)، چ١ ،چاپخانە ؟،شوین؟.
٣٥.جیەن فریدمەن (؟)، فیمینیزم، و. فەرشید شەریفی، چاپخانەی کارۆ،شوین؟.
٣٦.حوسێن عارف،(٢٠٠٥)، ڕوانگە یاران و نەیارانی، چ١، دەزگای سەردەم.

٣٧.حوسێن غازی کاک ئەمین گەلاڵەیی(د.)، (٢٠١٠)، ڕەوتی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە باشوری کوردستان لە سالانی (١٩٨٠-١٩٩١ )دا، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٣٨.حومەیرا موشیر زادە، (٢٠٠٥)، لە بزاڤەوە تا تویری کۆمەڵایەتی دووسەدە فیمینیزم، و. مراد حەکیم، ب١، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
٣٩.خالید ئەشکەنەیی،(٢٠٠٧)، خۆشەویستیت کۆتایی نایە، چ١، چاپەمەنی بابان، شوێن?.
٤٠.خالید حیسامی" هێدی"،(١٩٩٧)،کاروانی خەیاڵ،بەشێک لەشیعرەکانی"هێدی"،چ٢، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٤١.______________،(٢٠٠٨)، ئاوێنەی شکاو یان بیرەوەری هێدی،چ٢، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.
٤٢.خالید فاتیحی،(٢٠١١)، داستانی حەزێکی شێت، (شیعر)، چ١، شوێن ؟.
٤٣.خاڵە قازی،(٢٠١٣)، نیشتمانی شێعر (شیعر)،چ ١، شوێن ؟، چاپخانە ؟.
٤٤.خورشید ڕەشید،(١٩٨٩)، ڕێبازی ڕۆمانتیک لە ئەدەبی کوردیدا، چاپخانە ؟، بەغدا.
٤٥.دەریا جمال حەوێزی،(٢٠٠٩)، وێنەی ڕوونبێژی لە شیعری (شەهید بە تەنیا پیاسەدەکات)ی قوبادی جەلی زادە، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
٤٦.دڵشاد عەلی محەمەد،(١٩٩٨)، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
٤٧.______________،(٢٠٠٧)، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعریی، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٤٨.ڕەسووڵ سوڵتانی،(٢٠١١)، زیارەتی ماچ، چ١، چاپخانەی کارۆ، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد لقی کەرکوک.
٤٩.ڕەسووڵ سۆفی سوڵتانی "ڕامان"، (١٣٨٠)، کۆچەریانە (شێعر)، چ١، انتشارات عابد، تاران.
٥٠.ڕەوف مەحمود پوور،(٢٠١١)، بنەماکانی بزاڤی نەتەوەیی و ڕەهەندی ڕۆشنبیری، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
٥١.ڕزگار عومەر فەتاح، (٢٠١٣)، ڕۆمانسیزم لە شیعری هێمن و محەمەد نوریدا، چ١، چاپخانەی موکریان، هەولێر.
٥٢.رمضان الصباغ،(٢٠٠٨)، پابەندبوون لە ئەدەب و هونەردا، و.ئاری عوسمان خەیات، چ ١، چاپخانەی یاد، سلێمانی.
٥٣.زانا خەلیل،(٢٠١٣)، فەرهنگی زمانی شیعر و چەند خوێندنەوەیەکی دیکە، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

٥٤.ژان پۆڵ سارتەر،(٢٠٠٩)، ئەدەب چییە؟، و.مستەفا غەفور، چ،١ چاپخانەی خانی، دهۆک.
٥٥.ژیلای حوسێنی،(١٣٧٤)، گەشەی ئەوین، چ ١، چاپ و صحافی ارمان، نشر ژیار، سنندج.
٥٦.___________،(١٣٧٧)، قەڵای ڕاز، چ ١، بڵاوکەرەوەی ڕێکخراوەی بۆرەکەیی، تاران.
٥٧.سارا"بەهار" قوبادی،(١٣٩١)، گەشتێک لە نێوان وشە و ژمارەدا، چ١، ناشر انتشارات علمی کالج، سنندج.
٥٨.ساڵح سووزەنی، (١٩٩٥)، هەزار دیوانی کەڵەگەت لە پرسەدا، چ١ ،چاپخانە ؟،شوین؟.
٥٩.___________،(١٣٦٩)، سامفۆنیا (شیعر) ،چاپخانە ؟،شوین؟.
٦٠.___________، ( ١٣٧٨ )، شیعرە سات (شیعر) ،چاپخانە ؟، شوین؟.
٦١.___________، (١٩٩٨)، درۆ موقەدیسەکان (شیعر)، چاپی ڕۆژانۆ، چاپخانە ؟، شوین؟.
٦٢.___________، (١٣٨١ )، تابۆکانی دەمامک (شیعر)، چاپخانە ؟، شوین؟.
٦٣.سالار حمەعەلی مستەفا، (٢٠١١)، دیالۆگ لەسەر پرسی ژن، چ١، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
٦٤.ساماڵ (ئەحمەدی محەمەدی)، (١٣٨٠)، هەر هیچ تەنیا (شیعر)، چ١، انتشارات عابید تاران.
٦٥.______________(٢٠١٣)، سەرپەڕەکانی هیچ، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٦٦.سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی،(٢٠٠٤)، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠- ١٩٩١)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٦٧.سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا،(٢٧٠٧) دیوانی حاجی قادری کۆیی، پێداچوونەوەی مەسعود محەمەد، سنە.
٦٨.سەعید ئەمانی (٢٠٠٣)، باران و دڵۆپە، چ١، ئینتشاراتی ناوەندی کۆمەڵە.
٦٩.سەلام ناوخۆش، (٢٠١٢)، مێژوویەکی تر بۆ مێژووی زمانی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٧٠.سەلیم ڕەشید ساڵح،(٢٠٠٥)، شێواز لە کورتە چیرۆکی کوریدا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی.
٧١.سەیوان سعیدیان، (٢٠١٢)، لە چاوەڕوانی هیچدا، چ١، چاپحانەی کارۆ، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد لقی کەرکوک.
٧٢.سروە شەریف زادە،(٢٠٠٦)، مەجنونێک بۆ بێتاقەتیت (شێعر)، چ١،چاپخانە ؟، شوین؟.
٧٣.سۆران حوسێنی،(١٣٨٤)، هەساو (شیعر)، ناشر جوانبەخت، بانە.
٧٤.سۆزان ئالیس واتیکینز، (٢٠١٠)، فێمینیزم، و.ڕەسوڵ سوڵتانی- کارزان کاوسین، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی. ن. ک)، سلێمانی.
٧٥.سوارەی ئیلخانی زادە، خەوەبەردینە، (١٣٧٢)، چ١، ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەییوبی.

٧٦. سونبولی حەقیقی،(٢٠١٠)، لە هەرباخچەیەک گوڵێک، چ١، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.
٧٧. سوهەیلا قادری"گەزیزە"،(١٣٨٣)، تاسەکانم بۆ دایکم، چاپخانەی یەکێتی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سوئید.
٧٨. صافیە محەمەد ئەحمەد،(٢٠١٤)، شێوازی شیعرە کوردیەکانی پیربال مەحمود، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
٧٩. شەرمین ئیبراهیم عەزیز،(٢٠٠٦)، پەشێو و تازەکردنەوە لە شیعری کوردیدا، چ١، بەڕێوبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
٨٠. شەریف،(١٩٧٩)، ملوانکەی شین (کۆمەڵە شیعر)، چ٢، چاپخانەی پەیام.
٨١. شەریف فەلاح،(٢٠١٣)، ڕۆچنەیەک بۆ ئەدەبی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
٨٢. شكري عزيز الماظي، (٢٠١٠)، تیۆری ئەدەب، و. سەردار گەردی، چ١، چاپخانەی ماردین، هەولێر.
٨٣. شنۆ جەوانرو‌ودی، (١٣٩١)، زیندووبوونێکم پێویستە، چ١، چاپخانەی زانستی کالێج، سنە.
٨٤. شنۆ محەمەد مەحمود،(٢٠٠٧)، ڕۆڵی سوارەی ئیلخانی زادە لە نوێگەری شیعری کوردیدا، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
٨٥. عادل محەمەد پوور،(٢٠١٠)، سۆزی لیریکا لە ئەزمونی شیعری کوردیدا، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
٨٦. عەباس ساڵح عەبدوڵلا، (٢٠٠٩)، فیمینیزم لە شیعری کوردیدا-کرمانجی خواروو، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
٨٧. عەبدولخالق یەعقوبی،(٢٠٠٨)، لە کولتوورەوە بۆ ئەدەبیات، کۆمەڵە وتار، چ١، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.
٨٨. عەبدولڕزاق بیمار،(١٩٩٢)، کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، چ١، چاپخانەی (دارالحريە)، بەغداد.
٨٩. عەزیز گەردی (د.)، (١٩٩٩)، سەروا، چ١، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر
٩٠. ____________ (٢٠١١)، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، ب٢، (جوانکاری- البديع) چاپخانەی شارەوانی، هەولێر.
٩١. ____________ (٢٠١٤)، کێشناسی، چ١، نارین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
٩٢. عەزیز محەمەد پور(داشبەندێ)، (١٣٧٨)، دیوان و شەرحی حاڵی شێخ ئەحمەدی کۆر (موکریانی)، چ١، چاپخانەی پەیام، تاران.

٩٣.عەلی تاهیر بەرزنجی(د.)، (٢٠٠٨)، کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا، چ١، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.
٩٤.عەلی گولی (؟)، بزەی خاک، (pdf)، چاپخانە؟ ، شوێن؟.
٩٥.عەلائەدین سجادی (١٩٧٠)، نرخ شناسی، چاپخانەی مەعارف، بەغداد.
٩٦.____________، (١٩٨٧)، دەقەکانی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
٩٧.عوسمان ئیسماعیل (ئاشق)- ئەنوەر سوڵتان پەنا، (٢٠٠٨)، کەڵێنی پەنجەکان (شێعر)،؟.
٩٨.عوسمان دەشتی(د.)، (٢٠٠٩ -أ)، شیعری ناوچەی موکریان، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
٩٩.____________(٢٠٠٩-ب) هێمن دەربارەی ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی شیعرەکانی، چ٢، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
١٠٠.____________،(٢٠١٢)،دیوانی وەفایی(میرزا عەبدولڕەحیمي وەفایی سابڵاغی)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
١٠١.____________، (٢٠١٣)، ئەزمونی شیعری موکریان و شوێنی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
١٠٢.فاتح مستەفایی، (١٣٩٥)، کاروانی پێنووس،چ١، بڵاوکردنەوەی ئاراس، سنە.
١٠٣.فاتمە فەرهادی، (٢٠٠٧)، لە ماسی بوون پەشیمانم، چ١، چاپ بەرێوبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
١٠٤.____________ (٢٠١٢)، کراسەکەم ببوورە، چ١،چاپخانەی یاد، سلێمانی.
١٠٥.فازڵ شەوڕۆ، (٢٠١٣) ، ٢ لێکۆڵینەوەی ئەدەب، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
١٠٦.فەرەیدون ئەرشەدی،(٢٠١٥)،نامەکانی غوربەت، بڵاوکراوەی چاپەمەنی مانگ،چ ١، کرج.
١٠٧.فەرهاد پیربال(د.)، (٢٠٠٢)، عەبدول ڕەحیمی ڕەحمی هەکاری، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
١٠٨.____________ (٢٠٠٥)، ڕەگ و ڕیشەکانی تازەبوونەوەی شیعری کوردی، چاپخانەی کوردستان، هەولێر.
١٠٩.____________ (٢٠٠٩)، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چ٣، چاپخانەی ئەندێشە.
١١٠.فەرهاد قادر کەریم(د.)،(٢٠١٢)، بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی (حەمدی)دا، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
١١١.فەوزییە سوڵتانبەگی، (١٣٨٢)، ئێوارە عاشقەکانی تەمەن، چ١، چاپخانەی ئەمینی، ناشر پەیام امروز، تاران.

١١٢. فيليپ كرينبروك-كريستييەن ئالیسۆن،(٢٠٠٨)، کولتوورو ناسنامەی کورد، و.وریا ڕەحمانی، چاپخانەی خانی، دهۆک.
١١٣. گوڵباخ بهرامی،(٢٠١٢)، نیوەی پڕی من نیوەی بەتاڵی ئاوێنە، چ١، چاپخانەی کارۆ، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد-کەرکوک.
١١٤. کاروان عوسمان،(٢٠٠٩)، عومەر سوڵتانی وەفا (وەفا)،چ١، شوێن?.
١١٥. کازیوه ساڵح،(٢٠٠٥)، فیمینیسناسی و جڤاکی کوردی، چ١، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.
١١٦. کاوه ئەمین،(٢٠٠٦)، ناسیۆنالیزمی کوردی-خەبات بۆ دەوڵەتێکی نەتەوەیی بەراوردێک لە نێوان سێ پارتی کوردیدا، چ ١، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.
١١٧. کەمال مەعروف(د.)،(٢٠٠٧)، ڕەخنەی نوێی کوردی، چاپ ؟، سلێمانی.
١١٨. کرێس کۆچێرا،(٢٠٠٦)، کورد لە سەدەی نۆزدەهەم و بیستەمدا. و.حەمەکەریم عارف، چ٣، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
١١٩. لەیلا سۆفی سولڵتانی،(٢٠١٤)، ناسینەوەی پەنجەکانی با،چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
١٢٠. لێژنەی ڕۆشنبیری یەکێتی نووسەرانی کورد،(٢٠١٣)، فیستیڤاڵی نەتەوەیی شیعری کوردی، ب٢، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
١٢١. مارف خەزنەدار(د.)،(٢٠١٠)،مێژووی ئەدەبی کوردی، ب٣، ب٤، ب٥، چ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
١٢٢. مەحمود زامدار،(١٩٨٩)، شیعر و بەرهەڵستی و ڕاچەنین لە کوردستانی ئێراندا، چاپخانەی جاحظ، بغداد
١٢٣. محەمەد بەهرەوەر، (٢٠١١)، شیعر و پەخشانی سوارە، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
١٢٤. ____________ (٢٠٠٥)، سوارەو پەخشانی کوردی، چاپ ه، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
١٢٥. محەمەد سدیق کەریم پوور- سۆران حوسێنی (٢٧٠٧)، ساباتی شیعر، چاپ دانش، کوردستان -بانه.
١٢٦. محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم، (٢٠١٢)، پێکهاتەی زمانی شیعریی لەڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبیی نوێوە، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
١٢٧. محەمەد عەلی قەرەداغی،(١٩٧٥)، مهدی نامه، دانانی مامۆستا مەلا محەمەدی حاجی حەسەن (ابن الحاج) چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.
١٢٨. محەمەدی مەلا کەریم،( ؟ ) ، دوو بەیت لە بارەی بیرو شیعری حاجی قادری کۆییەوە، چابخانەی ئاراس، هەولێر.

١٢٩. مستەفا پۆڵا دەرک "رامیار"،( ؟ )، کانیاوی غەزەل، ئنتشاراتی هیوا، تاران.
١٣٠. مستەفای سەید مینا،(٢٠٠٧)، پایەی وەفایی لەناو شاعیرانی سەدەی نۆزدەهەمی کرمانجی خواروودا، نووسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن، هەولێر.
١٣١. مهاباد قەرەداغی (٢٠٠٣)، ئازادکردنی مێژوو لێکۆڵینەوە لەسەر کێشەی ژن، چ١، کتێبی هەرزان- سوید.
١٣٢. ___________، (٢٠١٠)، لە فیمینیزمەوە تا هیومانیزم، ئا.خالید عەبدولکەریم حەمەلاو، چ١، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.
١٣٣. مومتاز حەیدەری، (١٩٨٥)، مستەفا شەوقی و پەیژە، هەولێر.
١٣٤. نادر نیرومەند "بۆران"، (١٣٧٨)، ناشر پژوهندە، تهران.
١٣٥. نارین، (٢٠١٣)، پاڵەوانە کارتۆنییەکە، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەلات، بڵاوکراوەی سەنتەری ڕۆشنبیری خەون، هەولێر.
١٣٦. ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی،(١٣٧٩)، گوڵچینی شیعری شاعیرانی کورد، ب١، چ١، انتشارات صلاح الدین ایوبی – ارومیه.
١٣٧. نەوزاد عەبدوڵڵا بامەرنی،(٢٠٠٧)، ئایدۆلۆژیا د هۆزانێن (جگەرخوێن)ی دا، چ١، چاپخانا خانی، دهوک.
١٣٨. نەوشیروان مستەفا ئەمین، (٢٠٠٧)، کورد و عەجەم، مێژووی سیاسی کوردانی ئێران، چ٣، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.
١٣٩. نعمت الله حامد نهێلی،(٢٠٠٧)، شێوازگەری (تیۆری و پراکتیک)، چ١، چاپخانا حەجی هاشم، هەولێر.
١٤٠. نوره فرج المساعد، (٢٠٠٦)، فیمینیزم فکر و ڕەوتەکانی، و. عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، چ١، چاپخانەی یاد، سلێمانی
١٤١. نوشین ساهندە، (٢٠٠٦)، نیتشە و فیمینیزمی هاوچەرخ، و. محەمەد کەریم، چ١، دەزگای چاپ و بەخشینی سەردەم، سلێمانی.
١٤٢. هادی حەبیبی"هاوڕێ"، (٢٠٠٨)، رازی مانەوەی خاک (شیعر و ژیانی مارف ئاغایی)، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆک.
١٤٣. هاشم ئەحمەد زادە(د.) ،(٢٠١٢)، زمان ئەدەب و ناسنامە، چاپخانەی ئارام، هەولێر.
١٤٤. هاوژین سڵێوە عیسا، (٢٠٠٩)، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٤٥. هەڵمەت بایز(د.) ، (٢٠١٠)، دەقاوێزان لە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)ی بەختیار عەلی دا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
١٤٦. هەژان بابا میری،(١٣٧٩)، گوڵباران، چ١، لە چاپکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری گۆران.
١٤٧. هەوار خزرزادە"شەڤگەش"،(١٣٨٩) ،غەمە چەتراوییەکانی باخچەیەک هەنار و کچێنی، چ١، چاپخانەی ناسێخ.
١٤٨. هێمن عومەر خۆشناو،(٢٠١٠)، شعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، چ١، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
١٤٩. هیمداد حوسێن(د.)،(٢٠٠٨)، ڕۆژنامەوانی کوردی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان (١٩٤٣-١٩٤٧)، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
١٥٠. ___________ (٢٠١١)، بزوتنەوەی ڕوانگە و شاعیرانی حەفتا و هەشتاکانی هەولێر، چ١، چاپخانەی کارۆ.
١٥١. ___________ (٢٠١٤) ، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چ٣، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
١٥٢. یونس ڕەزایی ( ? )، شین ترین بەتاڵ، (pdf) ، چاپخانە؟ ، شوێن؟.
١٥٣. ___________ (٢٠٠٧)، منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

- **فەرهەنگ:**

١٥٤. بەختیار سەجادی-محەمەد مەحمود، (٢٠٠٤)، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی، بەرگی یەکەم،چ١، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

- **گۆڤار و ڕۆژنامەکان:**

١٥٥. ئاشنابوون بە سیمون دی بو ڤوار،(٢٠١٥)، لە بڵاوکراوەکانی گ ئایدیا، سلێمانی.
١٥٦. ئیسماعیل ئیسماعیل زادە، (٢٠١٤)، زمانماڵی هەمیشەیی نەتەوە، گ. شیکار، ژ٤.
١٥٧. ___________ (٢٠١٥)، زمان ماڵی هەمیشەیی نەتەوە، گ. زمانناسی،ژ١٧.
١٥٨. بزوتنەوەی فیمینیزم، (٢٠١٥)، لە بڵاوکراوەکانی گ ئایدیا، سلێمانی.
١٥٩. حەفتەنامەی سیروان،(١٣٧٧)، بەیاننامەی پرۆژەی شیعری پێشڕەوی کوردی «داکار»، پێش ژمارەی چوارەم، سنە.
١٦٠. حەمە مەنتک، (٢٠١٣)، شیعری پۆرنۆیی شێخ ڕەزای تاڵەبانی بە نموونە، ڕ. کوردستانی نوێ، ژ٦٢٠٠.
١٦١. حوسێن مام ڕۆستەمی،(١٣٨٩)، ئامێزی موکریان (شیعر)، گ مهاباد، ژ١١٦.

١٦٢. جوان بۆکانی، (١٩٩٦)، پێشڕەوانی شیعری نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەواڵنامەی مەڵبەند، ژ٧٧ .
١٦٣. ________ (١٩٩٧)، پێشڕەوانی شیعری نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕ.پەیام (لەندەن)، ژ ٢-٣.
١٦٤. ڕەسووڵ سۆفی سوڵتانی،(١٣٩٠)، سێو(شیعر)، وەرزنامەی نامەی ئەدەب، ژ٢-٣.
١٦٥. ڕەهبەر مەحمود زادە، (٢٠١٣)، بەراییەک بۆ ناسینی بنەمای توێرێکی پۆلێنکردنی شێوازە شیعرییەکان، گ.مهاباد، ژ ١٤٥.
١٦٦. ___________ (١٣٨٤)، بەراییەک بۆ ناسینی قوتابخانەی شیعری موکریان، گ مهاباد، ژ٨٤.
١٦٧. ژیلا سەفایی،(١٣٩١)، کچ (شیعر)، گ. مهاباد، ژ ١٤٠.
١٦٨. ژیلای حوسێنی،(٢٠١٣)، یادێک لە ژیلای حوسێنی، گ مەهاباد، ژ١٤٦.
١٦٩. سەید سمایل شاهۆیی "شاهۆ"، (١٣٨٥)، داخەکەم (شیعر)، گ مهاباد، ژ ٧١.
١٧٠. س.چ.هێرش،(١٩٩٦-١٩٩٧)، ڕەوتی سەرهەڵدانی شیعری نیشتمانی و سیاسی لە موکریان، گ. گزنگ (www.gzeng.org ، ژ١٣, (https//derdekurd.word press.com).
١٧١. سروە لەحمی،(١٣٨٨)، خۆزگە (شیعر)، گ. مهاباد، ژ٩٨.
١٧٢. سمین چاپچی،(١٣٧٧)، شەو (شیعر)، گ. سروە، ژ ١٥٠.
١٧٣. شاخەوان فەرهاد محەمەد، (٢٠١٥)، شعرییەت و وێنەی شیعریی، گ ڕامان، ژ٢١.
١٧٤. شەویار گولابی ئازەر،(٢٠١٣)، هایکۆ (شیعر)، گ گزنگ، ژ ١٠٢.
١٧٥. عەلی ئیسماعیل زادە، (٢٠١٣)، قوتابخانەی (سەیف) بە شێکە لە قوتابخانەی موکریان، گ.مهاباد، ژ١٤٨ .
١٧٦. ___________ (١٣٩١)، پێشەنگەکانی شیعری موکریان (ئەحمەدی کور)، گ مهاباد، ژ ١٤٣.
١٧٧. ___________ (٢٠١١، ٢٠١١، ٢٠١٢، ٢٠١٢)، شەوقی گۆر غەریب، گ مهاباد، ژ. (١٢٨، ١٢٩، ١٣٠،١٣١ -١٣٢).
١٧٨. عەلی ڕوخزادی(د.)،(١٣٧٦)، لێکۆڵینەوەی سەبکی شیعری ناری، گ سروە، ژ ١٣٧.
١٧٩. عەلی لەیلاخ، (٢٠١٥)، ئەدەبی بەرگری و چەند سەرنجێک لەم بارەیەوە، ڕ. کوردستان (ئۆرگانی حزبی دیموکراتی کوردستان) ، ژ ٦٧٠.
١٨٠. عەلی محەمەد زادە، (١٣٨٩)، شیعر، گ. مهاباد، ژ١١٦.
١٨١. عەبدولخالق یەعقوبی، (١٣٧٤)، سەوز (شیعر)، گ ئاوێنە، ژ (١٩ و٢٠( .

١٨٢. ____________ (٢٠١٦)، ئەزموونی شیعری شۆرشگێری کوردی، گ ڕامان، ژ٢٢٥.
١٨٣. عەبدولڕەزاق بیمار،(١٩٧٠)، دانشتنێک لە گەڵ گۆران، گ. بەیان، ژ٢.
١٨٤. عەبدولستار تاهر شەریف،(١٩٨٨)، کۆمەڵە و ڕێکخراو و حزبە کوردییەکان لە نیو سەدەدا (١٩٠٨– ١٩٥٨)، گ کۆڕی زانیاری عێراق (دەستەی کورد)، ب ١٩،١٨، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.
١٨٥. عەزیز ناسری،(١٣٨١)، چرکانە (شیعر)، گ سروە، ژ ١٨٩.
١٨٦. عوسمان دەشتی(د.)،(٢٠١٠)، بنەماکانی شعرییەت لە تێکستی (یادگار و هیوا)ی (ئیبراهیم ئەحمەد)دا، گ ئەکادیمی کوردی، ژ١٦.
١٨٧. ____________ (٢٠١١)، بنیاتی ئاواز و شێواز لە (ناڵەی جودایی)دا، گ مهاباد، ژ١٢٠.
١٨٨. فاتمە نادری،(٢٠٠٧)، دووکورتە شیعر، گ مهاباد، ژ ٧١ .
١٨٩. فازیل شەورۆ،(٢٠١٦)، زمانی ئیرۆتیکا و شیعرییەتی خەیاڵی ئیرۆتیکا، گ.ڕامان، ژ٢٢٨.
١٩٠. فەرشید شەریفی،(١٣٧٧)، شیعر، کێش، تایبەتمەندییەکانی، گ سروە، ژ ١٤٢.
١٩١. کەریم مستەفا شارەزا، (١٩٨٩) ، وێنەی شیعریی لە دیوانی (کە گڵ ئەبێتە هیمۆگلۆبین)دا، گ کاروان، ژ ١٨.
١٩٢. کاوەیس سوورە،(٢٠١٢)، کاریگەری ئەدەبیات لەسەر کۆمەڵگا و کولتوور، گ. مهاباد، ژ١٣٣.
١٩٣. گەشبیر ئەحمەد،(٢٠١٥)، زمان و ناسنامە، گ. زمانناسی، ژ١٧.
١٩٤. گۆران کاوانی،(٢٠١١)، ڕیالیزم و فیکری ئایدیالیستانە، گ. کەرکوکی ئەمرۆ، ژ ١٨٧.
١٩٥. لەیلا ساڵحی، (١٣٨٦)، کیژی سوور خاوەن مانگە (شیعر)، گ. مهاباد، ژ٧٤.
١٩٦. لەیلا عەنایەت زادە،(٢٠١٥)، خوێندنەوەیەکی ژنانەی کۆمەڵە شیعری (چریکەیەک لە دۆزەخەوە)، گ. ڕامان، ژ ٢١٨.
١٩٧. گ ڕوانگە، (١٩٧٠)، ژ١، چاپخانەی النعمان، نجف.
١٩٨. گ وێران، (١٩٩٤)، ژ١.
١٩٩. مەلا مارفی کۆکەیی،(١٩٤٢)، شیعر، گ نیشتمان، ژ ١.
٢٠٠. محمد گلۆلانی عەتری،(١٩٤٦)، یاوەتەن یامردنم، گ. کوردستان، ژ٣.
٢٠١. مهاباد قەرەداغی، (٢٠١٣)، فێمینیزم، گ. شیکار، ژ٢.
٢٠٢. نیهاد جامی، (٢٠١١)، زمانی شیعری و شوناسی ژنێتی، گ. نەوشەفەق، ژ٨٣.
٢٠٣. هادی حەبیبی، (٢٠٠٩)، مارف و ڕێئالیسم، گ. مەهاباد، ژ٩٩.

٢٠٤. هەڤاڵ ئەبو بەکر حسەین،(٢٠١٢)، غەزەل لە ئەدەبیاتی نوێی کوردیدا، گ زانکۆی سلێمانی، بەشی B، ژ٣٤.
٢٠٥. هەوار خزرزادە، (٢٠١٣)، گرژی هایکۆ لە تەوێڵی هەست، گ کزنگ، ژ ١٠٢.

- **تێزی ئەکادیمی:**
- **تێزی ماستەر:**

٢٠٦. ئاهەنگ شەفیق محەمەد،(٢٠٠٧)، شێخ سەلام و ئەزموونی شیعری، (ماستەر)، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٢٠٧. ئازاد عەزیز سلێمان،(٢٠١٤)، ململانێی زمان (زمانی کوردی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم)، (ماستەر)، کۆلێژی پەروەردە،زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٢٠٨. ئەڤین ئاسۆس حەمە عەبدوڵڵا،(٢٠١٣)، فیمینیزم لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا، (ماستەر)، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان-سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٢٠٩. بەهار زایر محەمەد،(٢٠٠٩)، زمان و یاسا کۆمەڵایەتییەکان، (ماستەر)، کۆلێژی زمان، زا
٢١٠. نکۆی سەلاحەدین.
٢١١. بەهمەن تاهیر نەریمان، (٢٠١٣)، کاریگەری قورئان لەسەر زمانی کوردی، (ماستەر)، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٢١٢. جەبار ئەحمەد حسێن، (٢٠٠٥)، ئێستاتیکای دەقی شیعری کوردی-کوردستانی عێراق(١٩٥٠-١٩٧٠) (ماستەر) کۆلێژی پەروەردە، زانستە مرۆڤایەتیەکان زانکۆی سەلاحەدین.
٢١٣. زانیار ساڵح عەلی(٢٠١٥)، بنیاتی ئاوازەیی لە شیعری نوێی کوردی دا ١٩١٨-١٩٥٧ (بەنموونەی شیعری کرمانجی ناوەڕاست)، (ماجستێر)، زانستە مرۆڤاییەتییەکانی زانکۆی سلێمانی.
٢١٤. زاهیر ئیسماعیل سەعید، (٢٠١٤)، ڕۆڵی گروپی نوێخوازی وێران لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، (ماستەر)، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.
٢١٥. سەنگەر ناظم حوسێن، (٢٠١٥)، وێنەی پیاو لە شیعری کەژاڵ ئەحمەد و فرووغی فروخزاد دا، (ماستەر)، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٢١٦. سابیر حوسێن ڕەسول، (٢٠١٠)، دیاردەی فیمینیزم لە ئەدەبی مێینەی چەند نووسەرێکی کورد، (ماستەر)، کۆلێژی پەروەردە- زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٢١٧. عەبدولسەلام نەجمەدین عبدوڵلا، (٢٠٠٧)، شیکردنەوەی دەقی شیعری لەڕووی زمانیەوە، (ماستەر)، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٢١٨. عەبدوڵڵا عەزیز خالد، (١٩٩٤)، شیعری سیاسی کوردی لە خوارووی کوردستان لە یەکەم جەنگی گشتییەوە تا ڕاپەرینی شەشی ئەیلولی سلێمانی ١٩١٨-١٩٣٠، (ماستەر)، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.
٢١٩. عسمەت مەحمود محەمەد"خاپوور"،(٢٠٠٩)، ئەدەبییەت و ڕەنگڤەدانا وێ و حەفتیناما (پەیمان)دا، (ماستەر)، کۆلێژا ئاداب، زانکۆیا دهۆکێ.
٢٢٠. فرمێسک موسلیح محەمەد،(٢٠١٥)، مۆسیقای شیعری لە شیعرەکانی "وەفایی" دا، (ماستەر)، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٢٢١. لاولاو عەبدولعەزیز ئەحمەد،(٢٠١٠)، جێندەر و کەڵەکەبوونی نایەکسانی سەرمایە لە کۆمەڵگای کوردیدا، (ماستەر)، کۆلێژی ئەدەبییات، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.
٢٢٢. محەمەد فاضل مستەفا،(١٩٨٩)، زێوەر ژیان و بەرهەمی، (ماجستێر)، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین.
٢٢٣. ناز ئەحمەد سەعید، (١٩٧٥)، لادان لەشیعری (لەتیف هەڵمەت )دا، (ماستەر)، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٢٢٤. هیتلەر ئەحمەد حەمە، (٢٠٠١)، وێنەی شیعری لای نالی، (ماستەر)، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.
٢٢٥. هیوا نورالدین عەزیز، (٢٠٠٩)، بنیاتی ڕیتم لە شیعرە کوردییەکانی عەبدوڵلابەگی مصباح الدیوان (ئەدەب)دا، (ماستەر)، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

- **تێزی دکتۆرا:**

٢٢٦. پەرێز صابر محەمەد، (١٩٩٨)، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، (دکتۆرا)، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.
٢٢٧. ڕێزان سالح مەولود،(٢٠١١)، پێگەی ژن لە دیدی قوبادی جەلیزادە و نەزار قەبانیدا، (دکتۆرا)، کۆلێژی پەروەردە-زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.
٢٢٨. عەبدوڵڵا عەزیز خالد "ئاگرین"، (١٩٩٩)، کاریگەری بیری نەتەوەیی لە گەشەسەندنی کورتە چیرۆکی کوردی کوردستانی عێراقدا ١٩٦١-١٩٧٠، (دکتۆرا)، کۆلێژی ئەداب، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

٢٢٩. فەهمی شوکری عەبدوڵڵا،(٢٠٠٩)، نەتەوە و دەوڵەت و ئاین لە هزری ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٧)دا، (دکتۆرا)، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.
٢٣٠. کارزان موحسین قادر، (٢٠١٣)، بنیات و ناسنامەی نەتەوەیی لە ڕۆمانەکانی یەشار کەمال دا، (دکتۆرا)، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.
٢٣١. کامیران محەمەد نەبی،(٢٠٠٥)، قۆناغەکانی گەشەکردنی بیری نەتەوایەتی لە شیعری کوردیدا لە سەرەتاوە تا کۆتایی سەدەی بیستەم، (دکتۆرا)، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.
٢٣٢. هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین،(٢٠١٠)، پێگەی ڕێبازی ڕۆمانتیک لە شیعری کوردیدا،(دکتۆرا)، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- **گۆڤارە ئیلکترۆنییەکان**

٢٣٣. عەتا ساڵح پوور, شیعر, گ. کورتە شیعر(www.kurdsher.blogfa.com).
٢٣٤. فەردین ڕەشیدی, گ. (http://chwarina.blogfa.com).
٢٣٥. گ. ژن(Jingovar.blogfa.com).

- **سەرچاوە عەرەبییەکان:**
- **الكتاب:**

٢٣٦. حسين على شانوف،( ١٩٧٥)، شعر الشاعر الكردى المعاصر عبداالله گوران، ترجمة شكور مصطفى، مطبعة دار الجاحظ، بغداد.
٢٣٧. رشيد فندى، (٢٠٠٨)، الفكر القومي الكوردي بين خانى و حاجى قادر الكويي، دراسة نقدية، مطبعة حجى هاشم، اربيل.
٢٣٨. محمد غنيمى هيلال (؟)، النقد الادبى الحديث، دارنهظ للطباعة والنشر، القاهرة.

- **المجلة**

٢٣٩. شاهو سعيد(د.)،(٢٠١١)، رحله الشعر الكوردى من بابا طاهر الى شيركو بيكس، گ زيپان، ژ١٠.

- **سەرچاوە فارسییەکان (کتاب):**

٢٤٠. اعضم السادات حسين، (١٣٨٥)، زندگى نامه مشهورترين شاعيران و نويسندگان جهان، چ٥، چاپخانه غدير.

٢٤١. پروین شکیبا،(١٣٧٣)، شعر فارسی از اغاز تا امروز، انتشارات هیرمند، تهران.
٢٤٢. سیدحسین امین،(١٣٨٤)، ادبیات معاصر ایران، چ١، انتشارات دایره معارف ایرانشناسی، تهران.
٢٤٣. محمد جعفر یاحقی(د.)، (١٣٨٢)،جویبار لحضەها (ادبیات معاصرفارسی(نضم ونثر)، چ ٥، چاپ نیل، انتشارات جامی، تهران.
٢٤٤. محمد رضا شفیعی کدکنی،(١٣٨٠)، ادوار شعر فارسی،چ١، چاپخانە مهارت، تهران.

• **سایتە ئەلیکترۆرنییەکان:**

٢٤٥. ئەنجوومەنی ئەدەبی مهاباد, (www.edebi-meh.blogfa.com).
٢٤٦. بەفراو نووری، پۆل ڕیکۆر و ئایدۆلۆژیا (http://www.basnews.com/index.php/so/opinion/240504).
٢٤٧. پەروین کابلی، تاریخ سازی برای فمینیسم در کردستان یا لاک زدن مبارزات کمونستها (http://www.mobarez-k.com/arshiv/%D9%BE%D8%B1%D9%88%D9%8A%D9%86-%DA%A9%D8%A7%D8%A8%D9%84%D9%89-%D8%A7%D8%B1%D9%8A%D8%AE-%D8%B3%D8%A7%D8%B2%D9%89-%D8%A8%D8%B1%D8%A7%D9%89-%D9%81%D9%85%D9%8A%D9%86%DB%8C%D8%B3%D9%85-%D8%AF%D8%B1/).
٢٤٨. ڕەهبەر مەحموود زادە، بەراییەک بۆ ناسینی بنەمای تیۆریکی شێوازە شیعرییەکان (http://xewat.blogfa.com/post-59.aspx)
٢٤٩. ڕەهبەر محمود زادە(وێبلاگی نووسەر) (http://www.xewat.blogfa.com).
٢٥٠. ڕەحیم لوقمانی، شیعر،(وێبلاگی نووسەر) (www.nekaroz.blogfa.com/post/4).
٢٥١. ڕۆیا طلوعی، فمنیسم کوردی و راز آن اسلحەی مقدس! (http://www.feministschool.com/spip.php?particle7582).
٢٥٢. زانکۆ خەلیفە (وێبلاگی نووسەر) (http://zanko.blogfa.com ).
٢٥٣. ستانلی بێن، ناسیۆنالیزم، و.ئاشنا عەزیز (http:/larchives.rwanin.net/r2002/nationalism.htm).
٢٥٤. عەلی جوکل(د.)، ڕۆڵی زمان لە نوێکردنەوەی هزری نەتەوەیی (http\www-hevgirtin.netseminar20.10.2008)-.
٢٥٥. غەزەل (http// www.xezel.blogfa.com) .
٢٥٦. فەرەیدون ئەرشەدی (وێبلاگی نووسەر)( www.farydshiri.blogfa.com).
٢٥٧. کەریم دانشیار،هۆنراوە، (هاوار-أ) ، (چاوە-ب) ، (هەڵۆ-ت) ، بە (pdf) لە

(www.aveenebook.blogfa.com) وەرگیراوە.
٢٥٨. مريم امامى بيانيەى شعر حجم (حجمگرايى Espacementalisme)
(http://www.tebyan.net/newindex.aspx?pid=81970 ).
٢٥٩. محمود القاعود، الكتاب المقدس والإيروتيكية،
(نقد-الادبى ٥٩٩٠٣-/-الكتاب-المقدس-والايروتيكيه (www.odabasham.ne)).
٢٦٠. نيان فاتمى (ویبلاگی نووسەر) (www.niyann.blogfa.co).
٢٦١. هەڵاڵە سوهرابی(ویبلاگی نووسەر) (http://rojhankok.blogfa.com).
٢٦٢. یونس ڕەزایی، نوێکردنەوەی غەزەل و کێشەی بەردەوامی تازەکردنەوەی فۆرم (http://eebokan.com/2016/.4/%9).

- **نامەی ئیلیکترۆنی:**

٢٦٣. ئیبراهیم ئەحمەدی نیا، (٢٠١٦) ، خوێندنەوەیەک بۆ بەیاننامەی شیعری پێشڕەوی کوردی (داکار) ، ٢٠١٦/٧/٢.
٢٦٤. تیشکە محەمەد پوور، (٢٠١٦) ، شیعر، ٢٠١٦/٥/١٠.

- **چاوپێکەوتن:**

٢٦٥. شەریف فەلاح، (٢٠١٦)، چاوپێکەوتن، هەولێر ٢٠١٦/١/٢٨.
٢٦٦. عەبدولخالق یەعقوبی،(٢٠١٦)، چاوپێکەوتن، هەولێر ٢٠١٦/٣/٢.
٢٦٧. عەلی لەیلاخ، (٢٠١٦)، چاوپێکەوتن، کۆیە ٢٠١٦/٣/١٥.

# Abstract

This research” The experience of Kurdish Poetry of Eastern Kurdistan Mid Kirmanji 1980-2014” is a historical analytical descriptive study where it surveys the history of Kurdish Poetry of Eastern Kurdistan , identifies its historical stages and shows its characteristics comparing them with those of modern poetry regarding form and content. Moreover, the study shows the poems’ esthetic and critical aspects and poets’ perspectives for life and real society. The reason for choosing this topic is that there is no academic study in this area especially in the area of modern poetry of Eastern Kurdistan.

The study consists of an introduction and three chapters. Each chapter is divided into three sections. Chapter one is devoted to Stages of Eastern Kurdistan Poetry according to the history of starting poetry there. The first section of this chapter shows Classical poetry; the second section deals with the Transferring Period of Poetry in general and Poetry of Eastern Kurdistan in particular. It presents the reasons, the beginning of this stage, characteristics and samples of poems. The third section presents the Modern Poetry. It is said that the renaissance of Eastern Kurdistan Poetry started here. The section also clarifies history of starting this stage in Kurdish poetry in general and Eastern Kurdistan poetry as well as modern Persian poetry for having a direct effect on Eastern poetry.

Chapters two and three are more practical. In chapter two, the Characteristics of Eastern Kurdistan Poetry are presented. The first section deals with the Language of Poetry focusing on language deviation. The second section deals with Poetic Images, concepts, terms, and types in Kurdish poetry

and then in Eastern Kurdistan poetry. The third section mentions the Musicality of Eastern Kurdistan poetry practically.

Chapter three is devoted to ApplyingnNational Identity in modern poetry of Eastern Kurdistan. The first section mentions the Ideology and Political Poetry as national identity reflecting political, national, defending poetry. Section two presents the problem of identity and national language like poetic speech which covers most of the area. Section three is devoted to Feminist Movement in Eastern Kurdistan where it mentions feminist movement in the World, Iran and Eastern Kurdistan.

The research ends with some conclusions.

زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# The Experience of Kurdish Poetry of Eastern Kurdistan-Mid Kurmanji (1980-2014)

**A Thesis**

Submitted to the Council of the College of Education-Salahaddin University-Erbil in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master of Arts in Kurdish Literature


**By**

**Gulabakh HussenAhmed**

B.A. Kurdish Language - Slemani University – **2010**
Kurdish Language and Literature

**Supervised By**

**Prof.Dr.Hemdad Hussen Bakir**

Erbil,Kurdistan.


**October 2016**